# ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

# ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار

ئەحمەد سالار



ناوی کتێب: ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار
نووسینی: ئەحمەد سالار
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٧٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری کاری چاپخانە چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٨٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# هونەرمەند ئەحمەد سالار

حەمید ڕێبوار – سلێمانی

کەس نکۆڵی لەوەدا نییە کە هونەرمەندی گەورە مامۆستا ئەحمەد سالار یەکێکە لە پێشەنگانی شانۆی کوردی و لە ڕیزی هەرە پێشەوەیە و خاوەنی بەهرەی کەلتوورییە و لەهەر هەموویاندا دەستی کارامەیی دیارە. وەکو نووسەر، نووسینەکانی چ تۆژینەوە بێت یاخود دەقی شانۆیی چالاکانە کاریگەری خۆی لەمەڕ چەسپاندنی چەمکە نوێکانی شانۆی کوردی جێهێشتووە، وەکو شاعیریش، چامە و هەڵبەستەکانی گەرچی بەکەمی دەیانخاتە ڕوو هیچی لە شاعیرانی دیکە کەمتر نییە. خۆ ئەوە لە بوارە هونەرییەکانی شانۆدا زۆر لەوە گەورەترە پێناسە بکرێت و وەکو پێشتریش گوتم ڕابەرە، بۆ نموونە لە دەرهێنانی چەندین شاکاری وەکو (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) و (کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفرێ) و (جزیری وانەی ئەوین دەڵێتەوە) و... زۆری دیکەی خستووەتە سەرکردەی داهێنانەکانی دیکە و بەبزاوتێکی هونەرییانەی پێشکەوتوو مەرجەکانی شانۆی تیایاندا دابین کردووە و دۆخێکی نوێی بۆ ئەکتەر و جەماوەری بینەران هێناوەتە گۆڕێ، کە لەوەوپێش کاری وایان بەخۆیانەوە نەبینیوە. شانۆی ئاهەنگسازی بەشێوەیەکی فراوان هێنایە ناو نمایشەکانی شانۆی کوردییەوە. مامۆستا ئەحمەد بەعەشقێکی کەم وێنەوە شەیدای کەلەپوورە، بەتایبەتی ئەدەب و مێژووی نەتەوەییمان و بەپێی بەهاکانی نوێخوازی لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمدا دەیان سازێنێت. سیفەتی ئەنانیەت لەودا ونە، خود تێدەپەڕێنێت و دەچێتە ناو پەی بردنەکانی هەست و هزرەوە، کە یەکێکە لە بنەماکانی بەکارهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

مامۆستا ئەحمەد وەکو ئەکتەریش دەزانێت چۆن بجوڵێت... هەنگاو بەهەنگاو گەشە دەکات، تا دەگاتە وادەی داهێنان، کەس نییە نمایشە بەتام و بەپێزەکانی لە (پاڵتۆ) و (پیسکەی تەرپیر) و (جەنابی موفەتیش) و (پێنج کەس لە ئوتێلێکدا) و (چرا) و... ئەوانی دیکەدا لە یاد بچێت، دەچێتە ناخی کەسایەتییەکانەوە و... خۆی لەبیر دەچێت. لە بەرهەمەکانیدا بەچەند ئامرازێکی سادە و ساکاری سینۆگرافیاوە خۆی دادەمەزرێنێت و زۆر ڕاشکاوانە چەمکەکانی دەخاتە ڕوو، دەیەوێت هەر بەو سادە و ساکارییەوە بچێتە ناو بابەتەوە و بەو سادەییەش وەرگر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، هەر لەبەرئەوەشە دەبینی هەنگاوەکانی زۆر هێمنانەیە و لەهەمان کاتدا ژیرانەیە. کەرەسەکانی چەندە سادە و



ساکارن ئەوەندەش چوست و چالاکن وشیارانە ململانێکان دەگەیەنێتە شوێنی شیاو و گونجاوی خۆی. ئەمەش یەکێکە لە کارلێکە هەرە دیارەکانی هونەری ڕاستەقینە و ڕەسەنی هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵ.

ئەگەر مامۆستا ئەحمەد قۆناخەکانی شانۆی ئاسایی تەقلیدی دیبێت، ئەوا لە سایەی ئەو ئەزموون وەرگرتنەدا خۆی لە کردەیەکی درامی نوێدا دۆزیوەوە، ئەویش شانۆی ئاهەنگێڕە و پێکهاتەی فەلسەفی خۆی لە پێکهاتەی کەلتووری (هزری – هونەری)دا لەم شوێنەدا لەم ڕێبازەدا دەبینێت، ئەوجا دەیکاتە دیارییەکی جوان و قەشەنگ پێشکەش بەبینەرانی دەکات. سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەزموونەکانی کەلەپوور و زمانە... ڕووداوەکانی سەردەمە، ئەمانەش لەلای ئەو لەگەڵ پرۆڤە و تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانەدا گەشە دەکەن، بۆیە دەبێ داڕشتەکانیشی لەتەک دەستکەوتەکانی گیانی سەردەمدا بگونجێنێت و ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و هزرییەکانی تیایدا ڕەچاو بکات.

ئەگەر جاران مەوداکانی سەرد لە گێڕانەوەی (شیرین و فەرهاد و یوسف و زولەیخا و هەمیشە بەهار و مەمی ئالان... تد) لە حوجرە و بەردەم مزگەوتەکان و لە قاوەخانەکاندا تێپەڕی نەدەکرد، ئەوا ئەم لە فەزایەکی هونەریانەی بەرفراوانی هاوچەرخدا ئەمانەی بەرجەستە کرد و ڕەهەندێکی درامیانەی پێبەخشی، ئەویش وەکو دەستپێشکەرییەک بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی شانۆی کوردی.

مامۆستا ئەحمەد هەمیشە لەناو کرۆکی ڕووداوەکاندایە، کارەساتە مێژووییەکان و نووشستییە نەتەوەییەکانی لەبیرە... وێرانکردن... گرتن... دەربەدەری... ئاوارەیی... ڕاگوازتن... گۆڕینی ئارای نەتەوەیی... ئەنفال... جینۆساید، تا دەگاتە کێشەکانی ناو کۆمەڵ، ئەمانە هەردەم لە زەینیدایە و لە ناخیدا دەژین و ڕادەمێنێ چۆن گوزارشتیان لێ بکات، هەر بەوەوە ناوەستێ بەبینەر بڵێ کاکە تێبگە ئەمەیە واقیعی ڕووداوەکان... نەخێر هەر ئەمە نییە... وەرە بەشداری بکە لە چەشنی موعاناتەکان و بڕیاری ڕاستەقینەی خۆت بدە بۆ هەڵوێست وەرگرتن... ئەم ئارایە ڕەت بکەرەوە... قایل مەبە.

بەم شێوەیە مامۆستا ئەحمەد کارلێکردنەکانی لەگەڵ بارە مرۆییەکان و ژینگە و دەوروبەری ئادەمیزادی کورد دەبێتە ئەرکێکی گرنگ لەلای بۆ ئەوەی لە بۆتەیەکی (تیۆری – پراکتیکی) هونەریانەدا جێبەجێیان بکات، ئەمەیە تەقەڵلای هونەرمەندێکی بەئەمەک، کاتێک بیەوێ بەئامراز و چەمکەکان و ئەفراندنەکانی خۆی و ناسنامەی خۆی و میللەتەکەی لەلایەکەوە و هونەرەکەی لەلایەکی دیبەوە بدۆزێتەوە.

# بەشی یەکەم

**شانۆییەکان:**

- ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ
- کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف.
- ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ.



## ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ

هاوینی ١٩٩٩ دهۆک

- لە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە (٤٣) ٥ی کانوونی دووەم ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.
- لە گۆڤاری (گولان العربی) ژمارە (٥٨)ی ساڵی (٥) - ٣١ی ئازاری ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن جەلال زەنگابادییەوە کراوە بەعەرەبی و بڵاوکراوەتەوە.
- لە ڕۆژانی ١٠-١١-٢٠٠٠/٥/١٢ لەسەر شانۆی هۆڵی ڕۆشنبیری هەولێر، لەلایەن بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێرەوە لە دەرهێنانی هونەرمەند ژیلوان تاهیر پێشکەش کراوە.
- لەلایەن هونەرمەند یونس حەمە کاکەوە سیناریۆی بۆ نووسراوە، بەئومێدی پێشکەشکردنی لە تەلەفزیۆن و بەشێوەی زنجیرە درامی.

# ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ

کەسانی دراماکە

هەباس: وەستا باشییە
زینۆ: هاوسەری (هەباس)ە
ڕەنجۆ: باپیرەیە – ڕەنجۆی گەنج – ڕەنجۆی کوڕەزا
سەردار: میری زاخۆیە
نازەنین: هاوسەری سەرداری زاخۆیە
میری سامانا: میرە
ئەحمەد: هاووڵاتی و پاسەوان بووە
هەیاس: هاووڵاتییە
مەمۆ: سەرەک پاسەوانانی پردە
حەسەنی تارژەن: تارژەنە
عەبدی شێرەڤان: هاووڵاتییە
ڕەمەزان: چایچییە
بابی ڕەنجۆ: بابی باپیرە ڕەنجۆیە
خازێ: دڵخوازی ڕەنجۆیە
یاوەر: یاوەری میری سامانایە
شەریف: هاووڵاتییە
محۆ: هاووڵاتییە
نەنە مینا: (نەنکی وەستا باشی)یە
منداڵ: هەباس بەمنداڵی
حەپسە: دایکی (هەباس)ە
عەبداڵ: گزیرە
غەریب: نەناسە
لەگەڵ: دەستودایەرەی سەردار و میر. جەنگاوەران.
هاووڵاتیان: هەمەجۆر
چەند منداڵێک، چەند کەسێک



**ستراني سەرەتا**

لە کەزیەی لوولی داستاندا
گوڵی بەرۆکی ستراندا
چرای ئەڤینێ هەڵکرا
ڕۆشن، ڕۆشن
هەتاو لە تاویا داگیرسا
خۆزگە و حەزێکی وای ڕوان:
بڵند، باڵا، هەور ئاسا
مزگێنیی وەرزی باران بوو
نەورۆزی پڕ نوقڵانە بوو
هەبوو نەبوو...
دەروو تەنگ بوو، ژیان لەنگ بوو
ئاس، تەماوی و تاریک بوو
ناحەز نیازی بەدی وابوو
سپێدەیان تاڵان بکا
بزەی خەونی جوانیان زڕاند
ئاواتی گوڵ ڕەنگیان ژاکاند
حەزیان تۆراند
ڕۆژانی تووش
لەشی گرانی دەکشاند
ئارەزوو بۆ خنکاندن بوو
لە گۆمی لێڵ و مەنگدابوو
ژێر قورسایی سەنگ و بەرد بوو
نان، لە قوڕگی نەهەنگدا بوو

هەرچوار دەور
لە گشت لایە
دەمی گورگی هاری برسی
چاوی واشەی ئاگری سوور
بینراوی دوور و نزیک بوو
لەناو جەرگەی شەوی تاردا
لەوپەڕی تاڵێتیی تاڵدا
ڕووناکی چاوی هەڵهێنا
شیلەی شیرینی داچۆڕا
هەورازی سەختی هەڵکشاند
هەنگاوی شوێن شوێنی دەنا
پەڕینەوە پردی دەویست
بیری پرد چاوی هەڵێنا
پرد بەخولیایەکی وابوو
هەمووانی لە سنگی خۆی نابوو
پرد سترانی گەرمتر کرد
پرد داستانی شیرینتر کرد
هەبوو نەبوو
ڕۆژگارێ بوو
ژیان جوان بوو...
باڵابەرز و کەڵەگەت بوو
هێندەی باڵا خۆزگەکان بوو
هەبوو نەبوو...



## بینراوی ١

**(نیوەشـەوە)**

**(قوللەی پاسـەوانانی پردی شارە)**

مەمۆ: پەنا بەخوا، چ شەوێکی تاریکە و چ زریانێکی ترسناکە، خوایە ئەمشەو شەوێکە لە شەوە هەرە تووش و ناخۆشەکان، دەڵێی ئێستا نا تاوێکی تر دنیا ژێرە و زەبەر دەبێ، وا بڕوا دار بەسەر بەرد و پەردووەوە نامێنێ، کاولکەرەیە... چاکترە پاسەوانەکان لە یەکەوە نزیک بن و دەنگیان بەیەکتردا بگات... (بانگ دەکات) بابۆ، هۆو بابۆ براکەی بابم کوێوە چوویت؟... گڤەگڤی ڕەشەبا و لوورە لووری گورگ تێکەڵ بوون... (دەسڵەمێتەوە)

ها... تۆیت... پاسەوانی؟... قسە بکە... کەس نییە... وا ڕیشم سپی کرد و شەوی وا سامناکم نەدیوە بابۆ... بۆ دەنگت نییە؟ مەمۆم، لێرەوەم لەلای قوللەی چەپی پردەکەوەم... بۆ دەنگیان نییە!... حەمۆ... مستۆ... بابۆ... برایمۆک... تۆ بڵێی ئەو بێ غیرەتانە لە ترسان هەڵهاتبن و منیان بەتەنیا جێ هێشتبێ؟!

هەر ئەمشەو بەسەلامەتی ڕۆژم لێ بێتەوە، ئیتر تۆبە، هەزار و یەک تۆبە... پیاو شێت و شبر دەبێ،... هەر ترپەیەک دێ. دڵم بەردەبێتەوە، هەر ئەوەیە خوا نامکوژێ... ئەمە کێیە! زەلام قسە بکە بیللا دەتکوژم، قسە بکە، کێی؟ وەک سەگ دەتتۆپێنم دەتکەم بەقوربانی گوللەیەک... زەلام گوللەم سوارکردووە... نەبزوێی... هەڵهات... نەما... ئەمە چییە!؟ لوورە لوورەکە زیادی کرد... کوڕە بەخوا بەرەو ئێرە دێ... ئەها ئەوە تارمایی، یەک و دوو... لە هەموو لایەکەوە... ئێوە... وە... دەر... دێون... درنجن... خێون... دەعبایینە... گەلۆ هاوار... هاوار... هۆو فریام کەون...

(تاریکبوون)

# بینراوی ٢

(ڕۆژە)

(دیوانی سەرداری زاخۆیە)

هەباس: بەڵێ گەورەم، ئەوە بەسەرهاتی ئەو پردەیە کە بەندە وەستایەتی، قوربان ئەوەی من لەوادەی بەیانەوە تا خۆرئاوابوون دەیکەم، شەو دەڕووخێ، تێیدا ماوم، سەر دەهێنم و سەر دەبەم سەر لە نهێنیی ئەم کارە دەرناکەم... چی لە سەرداری ئازیزمان نهێنی بێ، بەڕێزتان تاوێ لەمەوبەر بەگوێی خۆتان لە زاری مەمۆی سەرەک پاسەوانانەوە بیستتان... پاسەوانەکان بەمەرەی خراپ، گەلێک خراپ چوون، بەڕۆژی ڕوون وڕێنە دەکەن و قسە دەبزرکێنن. گەورەم. باسی شتی تۆقێنەر و سەرسوڕهێنەر دەکەن... شتی...

سەردار: شتی! شتی وەک چی؟ وەک ئەوەی کە کەوتۆتە سەرزاری خەڵکی، گوایە لوورە لووری گەلە گورگان دێ و تاریک دەبێ و چاو چاو نابینێ... هەروەها دەڵێن لەپڕ دەستێکی گەورەی زەبەلاح، ڕەش وەک قیر، لە پایەی پرد دەنەوێ و هەرەسی پێ دێنێ... بەلای پاسەوانەکانەوە دەستی ئەجندە و دێو و درنجە... تەواو نیگەرانی کردووم، خۆم دەچم، شەوێک لەو دۆزەخە دەبەمەسەر، بەڵکە پەی بەنهێنی ئەم تەلیسم و جادووە بەرم...

هەباس: سەردارم، تەنیا، مەبەستی بەندە ئەوەبوو... خوانەخواستە نەک وابزانێ کەمتەرخەمی لەمنەوەیە... قوربان فەرمانتان، چۆن بفەرموون ئاوا دەکەم، سوورم لەسەر بڕیاری بەردەوامبوون.

سەردار: ئافەرین هەباسی وەستا باشی، ئێمەش هەروا لە ئێوەی کارامە ڕادەپەرمووین.

ئەوەی پێشتر لە وڵاتی (سامانا) ئەنجامت داوە و ئەو گشت شاکارانەی کردووتن گەواهی لێهاتوویی و سەر ڕاستیتن... دڵنیام کارێکی جوان دەکەیت، ئەمە دواکاریشت نابێ، وەستای ئازیز ئازایەتیی ڕاستەقینە لە بەردەوامبووندایە. خوا پشتیوان بێ.

هەباس: تا ئێوە سەردارمان بن، خوا یاربێ، بەسەر گشت تەنگانەیەکدا ڕەت دەبین...

سەردار: هەمیشەش تەنگانە بەری کورتە، گەلێک بەقسەکانت گەشبینم، خوا نیگادارت



بێ، ئێستاش بڕۆ سەردانی دارۆغا بکە، تا چ پێویستییەکت هەیە جێبەجێی بکات، ئاگادارم کردووە... ها وەستا دەڵێم سبەینێ هەرکە دەستت لە کار هەڵگرت سەردانم بکە، دەمەو ئێوارە با زۆر درەنگ نەبێ، چونکە پاشان کارێکی گرنگم هەیە...

هەباس: گەورەم پاش زەردەپەڕ... تاقی ئێوارێ. گەورەم چ فەرمانێکی ترتان نییە؟

سەردار: خوا ئاگادارتان بێ. (وەستا دەڕوا)

هەر شتێ بێ، بەڵایە، کوێرەوەرییە، هەر نەهاتی و وەیشوومەیەک بێ، تازە هاتۆتە پێش و دەبێ شانی بدەینەبەر... هەرچۆنێ بێ دەبێ ئەم تەلیسمە بەتاڵ و پووچەڵ بکرێتەوە.

واچاکە بەزووترین کات ئەنجوومەنی ڕیش چەرمووان بانگێشت بکەم، ئەمە بۆتە درم و پەتا و تەشەنەی کردووە، بەربەستی دەوێ، بەرەنگاربوونەوەی دەوێ، تا بەزوویی هەمووان بەدەنگییەوە نەچین، فریا ناکەوین و ئەوسا خراپ گرفتار دەبین، کابرا واتەنی دەستێکمان دەکەوێتە ئەولا... باپیرانی دنیادیدە دەم لە باسەوە بدەن و چارەسەرێک بدۆزنەوە، باپیرانمان گەلێک چەرمەسەری و دەردوبەڵایان دیوە، ئەو ئەزموونانە گەنجینەی گرانبەهای ئێمەن... ئەمڕۆ پێویست مان پێیانە، ڕاوتەگبیری ئەنجوومەن پێویستە، بەڵکو بێ ئەنجوومەن هەر مەحاڵە، جاران دەیان وت، کار بەڕاوتەگبیر، ئێمەش هەر دەڵێین، دوو عەقڵ لە عەقڵێ گەورەترە. (خانم دێ)

نازەنین خانم: سەردارەکەم بۆ بەتەنیای؟ خوانەخواستە هیچ شتێک نیگەرانی نەکردووی؟ کەمێک بێ تاقەت دێیتە بەرچاوم.

سەردار: ئەو کارەساتەی ڕۆژ بەڕۆژ سەختتر دەبێ.

نازەنین خانم: کار نییە خوا چاکی نەکات، هێندە بیری لێ مەکەرەوە.

سەردار: ناتوانم، چۆن بیری لێ نەکەمەوە. ئەمە لەوە دەچێ ئاگر بەربێتە خەرمانی جووتیارێک و لە بڕی کوژاندنەوە سەرخەوێکی بۆ بشکێنێ... وەک ئەوە وایە، هەر بەتەواوەتی، ئاگر لە کۆشک و سەرام بەربێ و جگەرگۆشەکانم لەناو شاڵاودابن و ئارام بگرم... نا، نا، خانمە شیرینەکەم، نازەنینم، هێندەی خەمی هەمووان خەم لە سینەمدا پەنگی خواردۆتەوە، دەبێ هەرواش بێ.

نازەنین خانم: سەردارەکەم، وەنەبێ ئەو خەمە منیشی نەگرتبێتەوە، هەمان هەستی تۆم

هەیە، بەڵام دەمەوێ هێندە ئازاری پێوە نەخۆی، کەمێک باری شانت سووک کە، بەخۆڕایی نەیان وتووە «دڵ ئاوێنەیە بۆ دڵ».

سەردار: هەموو کاتێ؟

## بینراوی ٣

**(ئێوارەیە تاریکی کردووە)**

**(قاوەخانەیە)**

ئەحمەد: ئەرێ کاک ڕەمەزان بۆچی چراکە پێناکەیت؟ تاریکی کردووە...

هەیاس: دیارە دەیەوێ بێزاربین و قاوەخانەکەی بۆ چۆڵ کەین بڕواتەوە ماڵێ.

ئەحمەد: باشە بۆ ئەم ئێوارەیە! ڕەمەزان ڕاست بڵێ پەلەتە.

هەیاس: شەوی چەند شەممەیە؟ (پێدەکەنن)

ڕەمەزان: باوکم مەیکەن بەهەرا، ئەوا چراکەتان بۆ دادەگیرسێنم، مەمەدەنە بەر تانەوتەشەر... بەڵام بابزانن، سبەینێ شەو هەینییە...

ئەحمەد: هەیاس هەواڵ چییە؟

هەیاس: ئەوەندە دەڵێم حەسەنی تارژەنیش مەیلی تارژەندنی نەماوە.

ڕەمەزان: باسی حەسەنی تارژەن دەکەن... ئەوە ئەگەر مردبێ و لە حەوت ساڵانیش ڕاست بووبێتەوە، پەڕۆیەکی سووری بەلادا بەرن، بەخۆی و تارەکەیەوە قیت دەبێتەوە... ئای کە چاوباشقاڵە و دڵی تەڕە!

ئەحمەد: بۆ ئەو خەم ناخوا!.

هەیاس: دەوەڵڵا لەم ئاقارەدا کەس هێندەی ئەم خەمخۆر و مامەخەمە نییە.

ڕەمەزان: خەم مەخۆن هاکا پەیدابوو ئاهەنگ گەرم بکات، ئەگەر زۆر مەراقتانە ئەوا بەدوایدا دەچم...

ئەحمەد: نا بابە لێی گەڕێ... تۆ... ئەگەر چای تازەت لێناوە ڕیزێ چای عەنابییمان بۆ بێنە...

هەیاس: بۆمن مەهێنە، ماڵت بەقوڕ نەگیرێ خۆ مەشکە تاونادەین.

ئەحمەد: هەیاس، ئەرێ ئەوە کێ بوو بەپەلە لێرەوە ڕابورد؟



هەیاس: کەس نەبوو... دیارە چاوت ڕەشکەوپێشکە دەکات، چاوەکانیشت کزبوون، پیری و هەزارویەک عەیب.

ڕەمەزان: (چایان بۆ دادەنێ) فەرموون.

هەیاس: من نەم وت ناخۆمەوە، لای بەرە.

ڕەمەزان: باوکم بەخوا کەسمان هۆشمان لای خۆمان نەماوە. ئەوە من وا ئەوەش مام ئەحمەد و وادەزانێ شەوانی لای پردەکەیە، چاوی ڕەشکەوپێشکە دەکات و تارمایی بەبەرچاویدا دێت و دەڕوا...

ئەحمەد: جا باوکم ئەگەر قسەی ڕاستتان دەوێ، وایە، بیللاهی لە تاقی نێوەڕۆدا لە ئاسمان بڕوانم هەر گەواڵە هەورێکم لێ دەبێتە گەلەگورگێ، ئەوەی ڕووی داوە گاڵتەی پێناکرێ... هەر خۆزگەمان بەجاری جاران، ڕۆیی و نایەتەوە... نەبەخوا، ئەو عەیامە کامە دز و جەردەی چاوقایمی جەربەزە بوو نەیدەوێرا ڕوو لەم شار و هەوارە بکات...

ڕەمەزان: ئەوە گوزەشت... بەحاڵ هاوارێ لە یەکێکەوە هەستایە هەمووان ڕاست دەبوونەوە و بەهانایەوە دەچوون... شار شامی شەریف بوو، بەنیوەشەوی ئەنگوستەچاو بارە لیرەی زێڕت بەمنداڵاندا گەڕەکا و گەڕەک بناردایە، بێ خەم بووی، کێ حەدی هەبوو چاوی تێ بڕیایە، خوانەخواستە دەستی بۆ ببردایە.

ئەحمەد: گورگ بەگورگایەتیی خۆی لەم دەڤەرە دەسڵەمییەوە.

هەیاس: باشە گوناحی کێیە؟

ئەحمەد: لە من دەپرسی؟...

هەمیشە بەڵای ئێمە بەدەرەوە بۆمان هاتووە و لەناو خۆماندا تەشەنەی کردووە.

هەیاس: خاڵە ئەحمەد، باشە تۆ لە باپیرە ڕەنجۆوە زۆر نزیکی، وابزانم تۆشی لە هەمووان لە لا باشتر و خۆشەویستترە... ئەرێ سەبارەت بەم نەگبەتییە هیچ دەمت پێکردۆتەوە؟

ئەحمەد: لەم ڕۆژانەدا سەردانێکم کرد... بەستەزمانە لە وەتەی خازێ خانی هاوسەری بەشوێنی حەق گەییوە، تەواو پێوەی دیارە، زۆر بێ نازە... هەر لە دوورەوە بەکۆکەکەمدا ناسیمیەوە هاواری لێکردم.

## بینراوی ٤

**(پاش نیوەڕۆیە)**

**(هەیوانی ماڵی باپیرە ڕەنجۆیە)**

ڕەنجۆ: ئای ئەحمەدی برام چەندم پێ وتی لەم جگەرەکێشانە بکەوە، کەوتوویتە ساڵەوە، تۆ هەر بەحسابی گەنجێتی لێدەخوری... فەرموو ئەو کۆکە کۆکەیە خۆشە؟... وابڕوا ئەوە شتی تریش... ئێ، بە...

ئەحمەد: خاڵەگیان جارێ سەلامو عەلەیکم، ئەوسا چیم پێ دەڵێی بیڵێ.

ڕەنجۆ: وەعەلەیکەلسەلام، یاخوا بەخێر بێن، ئەحمەد گیان ئەوە چوار ڕۆژە دیار نیت، بەخوا لە دڵی خۆمدا گلەییم لێکردی. وتم، خوایە وەرە بەناشوکری نەبێ، ئەحمەدم هەبوو دڵم پێی دەکرایەوە ئەویش خەریکە لێم تەریک دەبێ.

ئەحمەد: خاڵەگیان بەقوربانت بم، ئەی من کێم لە تۆ ئازیزتر هەیە.

ڕەنجۆ: ئەرێ ئەحمەد هەواڵی پردەکەی شار لەچیدایە؟ ڕۆژ بەڕۆژ شتی سەیرم بەرگوێ دەکەوێ... نازانم تا چەندی ڕاستە چەندەی هەڵبەستراوە... نازانی بڕوا بەکێ و بەکامە بکەی... بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، دەڵێم ئەم کارە لە خۆڕا نەبووە، ئەم ماستە موویەکی تێدایە، ئەما موو، قەدیمە دەیانوت، هەموو دەردێ دەردەدار کەنەفت ناکا و دەردیش هۆکاری خۆی هەیە، چارەسەریش هەر لە هۆکارەوە دەبینرێتەوە... ئەمە پێشینیان ڕەحمەت لە گۆڕیان؛ تۆ چی دەڵێی؟

ئەحمەد: جەنابت باش دەزانی ماوەیەکە کارەکەم گوێزراوەتەوە، شێرۆی کوڕم لەو پاسەوانانەی پردەکەیە سەرەتا بڕوام پێ نەدەکرد... لەگەڵ حەسەنی تارژەندا گرەومان لەسەر ڕاستی و ناڕاستیی ئەو شتە کرد، ئەوەبوو لە سەرەتاوە هیچ دیار نەبوو، وتم، ئادەی کاکە حەسەن بەقوربانی تار و تارژەندنت بم، حەسەنیش دڵی نەشکاندم، تار سەمای بەڕۆحی هەمووان دەکرد، ئەوەندەمان خۆشبوو تا تار لە ژەندندا بوو، لەوەودوا ڕەشەبا هەڵی کرد، چرا خامۆش بوو، شەو بووە شەوی تاریکی حەقایەت، کوڕ ئەو کوڕە بوو سەری دەرکات و دەربازبێ... کە دوورکەوتینەوە حەسەن وتی ئەحمەد لە تارەکەم بڕوانە. کە ڕوانیم ژێیەکانی نەمابوو... دزرابوو!



ڕەنجۆ: ئەحمەد ئەوە بێ مەبەست نەبووە... دەڵێن تارمایی ڕقی لە مۆسیقا دەبێتەوە... لێی دەترسێ...

ئەحمەد: جا خوانەکا حەسەن ئەوە ببیسێ، ئەگینا دەبێتە پاشای جنۆکەکان. (پێدەکەنن)... باشە خاڵە ڕەنجۆ کاتی خۆی شتی لەم جۆرە ڕووی داوە؟

ڕەنجۆ: بەڵێ گەلێک شت، بەڵام بەم تەرحە نەبووە، لە بیرمە وەک ئەمڕۆبێ... هەرەتی لاوێتیم بوو، هێشتا بەتەواوی سمێڵم بۆر نەکردبوو... لە نیوەشەوێکی پایزدا، بابی خوالێخۆشبووم، وەک دڵی خەبەری دابێ، بانگی لێکردم و لە خەو ڕای پەڕاندم...

## بینراوی ٥

**(نیوەشەوە)**

**(سەربانە، چیغ گێڕراوە)**

بابی ڕەنجۆ: ڕەنجۆ... بابەکەی بابم ڕەنجۆکە... هەستە کوڕم، خێرا ماینەکە بەرەو سەیرێکی مەرەزەکەی خوار چەمە خوڕبکە.

ڕەنجۆ: خێرە بابەگیان... بەم نیوەشەوە... چی بووە؟

بابی ڕەنجۆ: کوڕەکەم دڵم ختوورەیەکی کردووە... نەبادا ڕەوە بەراز بەشفرە مەرەزەکەمان بۆ بکێڵن و ڕەنج بەخەسار بێن.

ڕەنجۆ: ئەوا دەچم...

بابی ڕەنجۆ: تفەنگە شینکەکە هەڵگرە و بزانە چی فیشەکیش لە تاقەکەدایە لە ڕەختەکەی کە... کوڕم وریابە... نەڵێی شەوە، شەو قەڵای مێردە...

ڕەنجۆ: ئەمشەو هەر لەوێ دەمێنمەوە، سپێدە ئاوی مەرەزەکەش دەدەم.

بابی ڕەنجۆ: ناکوڕەکەم کە دڵنیابوویت بگەڕێرەوە... دڵم لەلات دەبێ... ئاودانی مەرەزە و مەزراش ئەوە هەر وەک هەموو ڕۆژێ کە بانگی بەیانی فەرموو پێکەوە دەچین... دەبڕۆ لە ئەمانی خوادابی...

ڕەنجۆ: ئەگەر خواکردی و شتێک بوو، ئەوا بۆ ئاگاداری دوو فیشەک دەتەقێنم...

بابی ڕەنجۆ: گەلێک چاکە، ئافەرین... مادام وای لێهات، ئەگەر خوانەخواستە بارەکە ئالۆزبوو دەرەقەت نەهاتی ئەوە دوو فیشەک بەدوای یەکتریدا بەحەواوە بنێ.

ڕەنجۆ: بەسەر چاو... خواحافیز.

بابی ڕەنجۆ: خوا ئاگادارت بێ.

## بینراوی ٦

(سەرەتای شەوە)

(بانێژەیەکی کۆشکە)

سەردار: چییە، نازەنینەکەم لە ئەستێرە و مانگ دەڕوانی؟

نازەنین: لەوە جوانتر هەیە... کە منداڵ بووم شەوانی هاوین، تاچاوم دەچووە خەو سەرنجی ئەستێرەکانم دەدا، ئەوا ئەگەر هەور بەری بگرتنایە، هەورەکانیش وێنەی سەیر سەیریان لێ دەردەچوو... ئینجا تا هەور ئەستێرەکانی بەجێ دەهێشت، ئەوا من لە دڵی خۆمدا دەمبژارد... بزانم کەی دەڕوا... شەوێکیان توومەز ئەمەندەم بژاردووە بەدەم خەویشەوە هەریەک و دووم بوو...

سەردار: بۆ نایەی هەریەکەمان لەلایەکەوە دەست بەبژاردن بکەین... کەمێک مێشکمان بەوەوە خەریک دەبێ، تاوێ دڵتەنگیمان نامێنێ...

نازەنین: لە کامەوە دەست پێ بکەین؟

سەردار: لە تۆوە... لە کەژاڵترینەوە، لە گەلاوێژەوە، ئەستێرەگەشە.

نازەنین: شکور خەریکە پەستییەکە بەرت دەدا.

سەردار: خانمەکەم، بڕوا بکە لێت ناشارمەوە، باسی ئەم دێو و ئەژدیها و تارماییە... نازانم چی ناوبنێم... کارێکی ئەوتۆی پێکردووم، هەرچەندە نەم ویستووە دەری خەم، بەڵام بڕوات بێ، کە گوێم لە شنەبا دەبێ پەردەکان دەهێنێ و دەبات، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم دەسڵەمێمەوە، هەست بەلەپێکی هێندەی بنمیچی ئەم کۆشکە دەکەم کە دەیەوێ بەسەرمدا بیتەپێنێ... لە دڵی خۆمدا دەڵێم، کەی من زانیومە ترس چییە و بەری بەکوێوەیە... با لەوانە گەڕێین. ئادەی نازەنین خان، بزانم بەبێ ئەوەی لە ئاسمان بڕوانی شوێنی حەوتەوانە و کاکێشان و کاروانکوژەم بۆ دەستنیشان بکەی.

نازەنین: حەوتەوانە؟ ئەوەی ڕێکی دەستم بەلای شانی ڕاستمدا ئەوەیە کلکەی کێشاوە، ئەوەش کاکێشان ئەوە کاروان...



سەردار: ئەی ئەستێرەی تارماییەکان؟

نازەنین: تاریکە و کوێربۆتەوە... هەر زوو بۆ بنی زەریا کشاوە... ئارامت بێ، ئەوەش نامێنێ و بەتاڵ دەبێتەوە.

سەردار: بەقوربانتم کەی کە جومگەی شکا و هەڵبەستن و لە ئەستۆگرتنیش بەفریای نەگەیشت، باشە دەبێ ئەنجومگەران چی بڵێن؟!

نازەنین: دەبێ ئەنجومگەران بڵێن... ئەو ئەستێرەگەشە ورشەدارەی لە کەنارەوە چاو بۆ بەیان دەگێڕێ، ئەوە بەختی نگینتە و ئەو ئەستێرەیەی قوچکەی ئاسمانیش ئەوە بەلای ڕۆژهەڵاتدا گۆشەی کێشاوە ئەو نیشانەی فەڕ و هاتە... باشە بۆ نانێری ئەنجومگەران ئامادەبن.

سەردار: دروستە، ئادەی با ئەنجومگەران ئامادەبن.

## بینراوی ٧

(بەیانییە)

(بەر هەیوانی ماڵی بابی ڕەنجۆ)

بابی ڕەنجۆ: سوپاس بۆ خوا... سوپاس بۆ خوا... ئەی باشە کوڕەکەم چیمان بڕیاردا؟ بۆ وات کرد، بەڵام مادامەکی خوا بەسەلامەتی تۆی دایەوە دەستم، قەیناکە. خوا ڕەحمی کردووە. باشە کوڕم، تا نەگەیشتیتە کن مەرەزە هەستت پێنەکرد؟

ڕەنجۆ: هەر لە ژوور دوو ئاوانەکەی چەمە بەخوڕەوە، گوێم لە دەنگی بەراز بوو... فیشەکم سوارکرد، لە قەرەواڵەی شینکەوە چاوم بەهەزار چاو کردبوو، جارێ بەپەلە ماینە بۆرم بەلاوەنا، پەرێزم لێ گرت، یەکەم فیشەکم گردا، ڕەوە بەراز هێرشی بۆ هێنام. کار لە دە و دوازدەدا نەبوو، نەخێر فریای سوارکردنی فیشەکی دووەم نەکەوتم، گەیشتنە ئاستم، هەر ئەوەندەم پێکرا خۆم گەیاندە سەر لقی شاتووەکە، ماینە بۆرەشم دەنگ دا، نەخێر شەڕیان لەبنی دارشاتوو گیرد کردبوو، پاش ئەوەی بەفیشەک وەلاوە کەوتنەوە، دیاربوو خەڵکی گەڕەکی خواروو گوێیان لە تەقە و هەراکە بوو بوو... کاتێکم زانی بەسەرما داباڕین ئەشهەد و برای تەنگانە بوون.

بابی ڕەنجۆ: کوڕم هەر ئەقڵە و لە خەسارێ، ئەوە بۆ جاری تر هەر لە دوورەوە گوێ قوڵاغ و وریابە، لە شەوێکی وادا بۆ سەرچۆپی گرتنم نەناردبووی، تفەنگ و میانت پێ بوو

باشە خەسارەیان دابوو؟

ڕەنجۆ: نەگوڵ و نەشکارتە، بستیان بەقەرز نەدابوو، لەم سەرەوە بۆ ئەو سەریان کێڵابوو.

بابی ڕەنجۆ: کوڕم خوا کەریمە، خوا کلاوی بۆ بەڕوو کردووە.

ڕەنجۆ: ماینە بۆر زوو هاتەوە؟ هاتەوە؟

بابی ڕەنجۆ: ئەوەتا لە تەویلەکە دایە و تاوێ لەمەوبەر ئالیکم لەبەر دانا.

ڕەنجۆ: ماندووم، دەمەوێ سەرخەوێ بشکێنم.

بابی ڕەنجۆ: هەر کاتێ لەخەو هەستای، وەرە بۆلام، دەچمە سەر مەزراکە، جارێ خەوی خێرت بێ... بەدوعا...

## بینراوی ٨

**(ڕۆژە)**

**(هەیوانی ماڵی باپیرە ڕەنجۆیە)**

ئەحمەد: یاخوا بەخێربێیتەوە بەس نەبوو ڕەوە بەراز نەیکوشتی، شفرەی یەکانەیەک ورگی نەدڕیت، خوا بەو ڕۆژەی نەکردایە، ئەوسا ئێمە خاڵۆ ڕەنجۆیەکی ترمان لە کوێ بێنایە... چییە خاڵە دەنگت نایە... بۆ ئەوق بووی؟! خوانەخواستە نیگەرانم نەکردووی؟

ڕەنجۆ: ئەحمەدی وێرانە ماڵ، ورووژاندتم، زامی کۆنم هاتەوە سوێ... ڕۆژانی جوانیم وەبیر هاتەوە،... ئای لەودەمەی ڕەنجۆیەکی قیتوقۆزبووم!... تەمەن سەر بۆ پیری دادەنوێنێ و بەڵام ئارەزووەکانی گەنجێتی هەر هەڵدەکشێن... پەنا بەخوا خامۆش نابێ...

ئەحمەد: خاڵەگیان، ئا لەم قسانەت بۆ خاڵۆژنە خازێی ڕەحمەتی دەکرد.

ڕەنجۆ: یەک حەسرەت لە دڵمدایە، ئەویش ئەوەبوو، دەبوو مەرگی کەوێ... تا ئەم دڵەی ڕەنجۆ لێ بدات ئەوە خازێ لەگەڵ هەر لێدانێکیدا بانگێکم دەکات منیش دەڵێم گیان، کاتێکیش لە لێدان کەوت، ئەوا خازێ خانم بەدەستێ و مەلانێی ڕۆحیانەتەکەوە بۆ لای خواکەمان هەڵدەکشێ... ئەوا ڕۆژێکیان دەمەو زەردەپەڕ بوو...



## بینراوی ٩

**(زەردەپەڕە)**

**(سەرە ڕێگای کانییە)**

ڕەنجۆ: دەڕۆی... بەجێم دێڵی؟ کات بەبەریەوە ماوە... هێشتا زووە... ئارامت بێ.

خازێ: لاوۆ، تا سبەینێ لەلات بم، هەر دەڵێی زووە... دەڵێی وەختەکە دەچەقێ... (پێدەکەنێ)... تاوێکی تر کیژان لە کانی دەگەڕێنەوە...

ڕەنجۆ: باشە گوناهی ئێمە چییە؟

خازێ: دڵخوازی یەکترین... دەڕۆم... خواحافیز.

ڕەنجۆ: خازێ گوڵە... سبەی چاوەڕوانتم...

خازێ: ئەگەر... ئە...

ڕەنجۆ: ئەگەر و مەگەری پێ ناوێ... چاوەڕوانم... ئێ...

خازێ: باشە کێ دەڵێ...

ڕەنجۆ: کەس ناڵێ... ئیتر ناتوانم زمانم گیرە و گۆناکا... (خازێ دەڕوات)

ئای خازێی خانومان... خازێی نوقلانەی شادی... خازێی خەرمانی ڕەنج و ئاواتی من... خوا ئاگادارت بێ... لە چاوی بەد بەدووربی... نازانم هەرکە ناوی خازێ دەبەم، ئەم دنیایە گەورە و گرانە ناکاتە نەک تاقە پرشنگێکی چاوە ڕەنجۆ کوژەکانی، بگرە برژانگێکی؛ تا سبەینێ ئەم کاتە، کوڕە نەوەڵڵا تا دەمرم، بۆنی گوڵ بۆی هەناسەی ناڕوا هەر لە کەللەمدایە... دەماغی کەیل کردووم... کچێ خازێ کەی بێ سەر لەسەر سەرینێ کەین... بەچرپە لە سبەینێوە بدوێین، ئای چی لە سینەمدایە!... بەقەدەر دوو دنیای تر لە خۆزگە و لە خۆزگە... های بەختت نەسووتێ.

# بینراوی ١٠

(ڕۆژە)

(بەر هەیوانی ماڵی ڕەنجۆ)

ڕەنجۆ: چ ئەڤینێ بوو... ئاگر لە پیرەدار بەرنەبێ...

ئەحمەد: ئای لەو خەیاڵ و خەیاڵ بردنەوەیە... خاڵە کوێوە چووی... خۆ تۆ باسی ڕەوە بەرازت دەکرد...

ڕەنجۆ: کە باسی خازێ هاتە ناو باسانەوە، چ باسێ لە ئارادا نامێنێ... هەر ئەو باسە.

ئەحمەد: باشە خاڵۆ گیان، گریمان بۆ ئەو تەمەنە گەڕایتەوە، نازانم تۆ تەمەنی چی و چی پێ دەڵێی؟ ئەشق، گەنجێتی، هێزوگوڕ...؟

ڕەنجۆ: ساڵانی خازێ... ساڵانی فێربوونی ئەشق... ئیتر.

ئەحمەد: ئەوە وتمان ساڵانی خازێ و نەوجەوانی...

ڕەنجۆ: ئێ فەرموو...

ئەحمەد: بەڵام لەم ڕۆژەدان... ئێستاکە گەنجن؟

ڕەنجۆ: خۆزگە بەخۆزگەی ئەو خوایە... ئەڵڵا... ئێ... ئێ چیم دەکرد؟

ئەحمەد: ئەوە کارەساتی پرد ڕووخانە و ڕۆژ ڕۆژی جەربەزەیە...

ڕەنجۆ: لەگەڵ خازێدا؟

# بینراوی ١١

(زەردەپەڕە)

(سەر مەزرایە، ژێر ساباتە)

ڕەنجۆ: خازێ! ئەوە تۆی؟ مەلوول دێیتە بەرچاوم... کچێ بلێ... ئارامم نەما دڵم تەقی.

خازێ: لاوۆ، گەلێک چاو قایمیم کردووە پێم بەجەرگی خۆمدا ناوە و هاتووم... تەنیا لەبەرئەوەی بەڵێنم پێ دابووی... ڕەنجۆ بەڵێن گەورە و گرانە.

ڕەنجۆ: ئەگەر لەسەر منە، ئەوا خۆم بەقوربانی ساتێکی خۆشی تۆ دەکەم. ئەگەر کەسێ، کارێ، هەریەکێ بێ، دڵگران و دڵتەنگی کردووی، ئەوا بەو خوایەی لەو بەرزایی



ئاسمانەوە ئاگای لێمانە، دنیای لێ دەکەمە چەرمە چۆڵەکە... قوڕ بەسەری، کچێ بەگژ قووڵلەی قافا دەچم... خازێ گیان، ڕەنجۆم.

خازێ: ئەوە تۆ چی دەڵێی... دیارە بێ ئاگای.

ڕەنجۆ: کچی وا خەریکە مێشکم دەتەقێ و خوێن لە تەوقی سەرمەوە فیچقە دەکات... لە چی بێ ئاگام؟

خازێ: ئەو پرد ڕووخانە... سەرەڕای ئەم هەموو کلۆڵی و برسێتییەی کە لەو گەمارۆ و ئابلۆقە نەفرەتییەی دوژمنانەوە کەوتۆتەوە.

# بینراوی ١٢

(دەمە و نیوەڕۆیە)

(کۆشکی سەرداری زاخۆیە)

نازەنین: ئەمشەویش هەر بێدار بووی؟

سەردار: وا بڕوا گەلێکی بەبەرەوە ماوە، ئافرەت چۆن بێدار نابم، لە وەتەی دوژمنانمان ئەم ئابلۆقە شوومەیان داوین، چی نەهاتییە سەری کردۆتە سەرمان، برسێتی، نەبوونی، دەردوبەلا... هیوامان بەو پردەیە کە دەروویەکی ئابلۆقە شکێنمان بۆ بکاتەوە، بەبراکانمان و بەکێڵگە و مەزرا و پاوانەکانمان بگەیەنێ... ئەوەش ئەو ئەفسوون و هەزارویەک جادووە.

نازەنین: گوایە لە کۆنیشدا، هەر لە هەمان شوێندا، پرد کراوە و بەهەمان مەرەچووە.

سەردار: دەبێ، ڕاستە، دوژمن هەر دوژمنە و ناگۆڕێ و نەگۆڕاوە تەنیا سەردەمەکە گۆڕاوە... گریمان ئەوە لەوێدا نەیکەین لەکوێدا بیکەین؟ ئەوە تەنیا دەرووەکە کە بۆمان مابێتەوە، ڕووبارەکە واوە دەڕوا... تۆی؟ عەبدالی گزیر وەرە چیت پێیە؟

گزیر: گەورەم ڕێز و سڵاوم لە خزمەتتاندایە... هەباسی وەستا باشی، وەستا پردەکە، بەڕێزتان فەرمانتان دابوو بێتە دیارتان، چاوەڕوانی فەرمانتانە.

سەردار: ئێی هەباسی بەدبەخت... گەلێکم لەسەر بیستووە، ئەمە لە شەڕەکەی زەمانی بابی ڕەحمەتیمدا بەیەخسیر گیرا و پاشان کە دەست ڕەنگینییەکەی دەرکەوت و ناوبانگی مەملەکەت و مەملەکەت چوو، ئای کۆشک و تەلاری قەشەنگی دروست

کـردووه!!. گزیر بەڕێزەوە بیـهـێننە دەرباز... ئێـمە یـەک هەباس وەسـتـا باشـیـمـان هەیە...

نازەنین: ڕێگە بفەرموون، منیش بچم بەلای کارمەوە. (دەڕوا)

سەردار: (هەباس دێتە ژوورێ) فەرموو... بەخێربێی سەرچاو.

هەباس: سلاو لە سەرداری سەروەرمان. فەرمانتان دابوو بەخزمەتتان شادبم، بەشەرەفێکی گەورەم داناوە.

سەردار: بەڕێزتان شایستەی ڕێز و گشت شانازییەکن، پرسیارێکم هەیە، بەمەزندەتان و بەپێی شارەزاییتان، چ کەموکوڕییەک لە خۆمانەوە، لە کەرەسەوە لەوانەی کارت لەگەڵدا دەکەن نییە؟ بەڵام بەردەوام بەو دەست بەکاربە، هەباس. هەباس-ی جەزیری ئەوەی ئێستا دەیکەی گەلێک جودایە لەوەی بۆ ئەو میرەت کرد و پاداشتی چاکەی بەخراپە دایتەوە...

هەباس: گەورەم، سەرگوزشتەی تاڵ، گەلێک تاڵم لەگەڵیدا هەیە، یەکەم جار کە ناردی بەدوامدا.

## بینراوی ١٣

**(ڕۆژە)**

**(دیوانی میری سامانا)**

میر: هەباس، دەست بەکاربە، هەر لەم ڕۆژە... ئاو بوەستێ تۆ نەوەستی، گەلێک مەبەستە، من وەک میری سامانا، دەمەوێ یادگارێکی جوان، یادگارێک کارێکی گرنگم پێیەتی، بەزووترین کات ئەنجامی بدەی... باش لێم دەگەی...

هەباس: بەڵێ میری گەورەم، لە خزمەتدام، فەرمانتە.

میر: پردێکم لێت دەوێ دەگمەن و دانسقە... لە هیچ قوڕنەیەکی ئەم دنیایە گەورەیە لە شێوەی نەبێ و نەبینرابێ.

هەباس: خوا یاربێ، بەدڵی جەنابتان دەبێ.

میر: کاری خۆت ئەنجام بدە و لە ئێستاوە خەلاتی خۆت حەلاڵ کردووە... پاداشتێ کە پێشتر بەکەس نەدرابێ.



هەباس: گەورەم فەرمووبووتان حەوت تاقی بێ؟

میر: بەڵێ حەوت، حەوت تاقی بلند، هێندە بلند گشت شارەکە چاویان لێوەی بێ. دەزانی بۆ؟

هەباس: بۆ ئەوەی چاویان لە جوانی بێ...

میر: نا، بۆ ئەوەی کە سەرپێچیکەرێکم سزای خنکاندن دا، هەموو خەڵکی چاویان لێوەی بێ و چاوترسێن بن. (قاقا لێ دەدات)

## بینراوی ١٤

**(عەسر)**

**(کۆشکی سەرداری زاخۆیە)**

نازەنین: پرد بۆ چاوترساندن... بەڵام وتتان، پردی حەوت تاقیی لە وەستا دەویست، بۆچی حەوت؟

سەردار: ئەوە من بۆت لێک دەدەمەوە... هەمیشە، هەروا بووە، داگیرکەر بیروبۆچوونی داگیرکراوەکەی هەروەک گشت سامانێک، تالان کردووە ئەوە بیرۆکەی پێشینانمان بووە، ئەو حەوتە واتای خۆی هەیە، بۆ نموونە، حەفتە، حەوت ڕۆژە، حەوتەوانەی ئاسمان، یەزدانی مەزن بەحەوت ڕۆژ دنیای دروست کرد، حەوت هات و کامڵبوونە، ئاکام و نگینە...

نازەنین: ئەمەشت بیرچوو، حەوتەی پاش منداڵبوون، حەوت کورتە بالا، حەوت شیرینی سپی ڕەنگی شەوی خەنەبەندان...

سەردار: ئافەرین... لەگەڵ ئەوانەشدا ئەژدیهای حەوت سەر و حەوت چاو... ئیتر تا خوا حەزبکا... ئینجا بەئازیزی خۆم بڵێم، ئەوە بوو میری وڵاتی سامانا، چرکە بە چرکە کاتی دەبژارد... تا ئەو ڕۆژەی پرد تەواوبوو...

## بینراوی ١٥

(ڕۆژە)

(ئاهەنگی پرد کردنەوە)

میر: تەحا تەحا، هەڵڵا، هەڵڵا... تەواو بەدڵمە، ئەوەیە من گەرەکم بوو...

یاوەر: سەد ماشەڵڵا... کارێکی نایابە، ئافەرین هەباس، وەستا باشی...

میر: هەباس، دەستخۆش، خەڵاتی خۆت حەڵاڵ کرد...

یاوەر: بەڵام دەبێ هەر بەبێ وێنەیی بمێنێتەوە... ئەوە گرنگە...

میر: مەبەستت لە چییە؟

یاوەر: بۆ کەسی تری دروست نەکات...

میر: ڕاستە، دەبێ وابێ... وەستا وەرە پێشەوە...

هەباس: گەورەم لێتان پیرۆز... پیرۆزبێ، بەخۆشی و بەختیاریتان... لە خوام داوایە مایەی پیت و فەڕ و ئاسوودەیی بێ، قوربان چەندەم لە توانادا بووە و بگرە زیاتر لە وزەی خۆم کردووە و نواندوومە.

میر: وەستای کارامە... لەمەودوا دەروازەی کۆشک بۆ ئێوەی هونەرمەند لەسەر پشتە و کراوەیە، هەر کاتێ بتەوێ... پاشان خۆشم دەنێرم بەدواتدا... ئەمە لەو کارانەیە وەچە بەوەچەت دەتوانێ شانازی پێوە بکەن.

هەباس: گەورەیی جەنابتانە... هەمووی بۆ بەرزێتیی جەنابتان دەگەڕێتەوە. گەورەم هەر وەستایەک لەو ڕۆژەوەی مەچەکی خۆشەی کار دەبێ بەئاواتی شاکارێکەوەیە، خەڵکی پەنجەی شانازی بۆ ڕابکێشن و بڵێن ئەمە کاری فلانە وەستایە... ئەوا بەندەش هەباسی جەزیری لە سایەی نەوا و شکۆداریتانەوە، ئەو دەرفەتە زێڕینەی بەرکەوت... ئیدی تا مردن بەگوشادییەوە ڕۆژانم بەسەر دەبەم.

میر: پیرۆزبێ، لە خۆمان و لە دۆستان... یاوەر با بکرێتە شایی و لۆغان...



## بینراوی ١٦

(ئێوارەیە)

(جێگا ژوانە)

ڕەنجۆ: شەوێکی تارونووتەک بوو، دەیجوور، ئەما دەیجوور، چاو چاوی نەدەبینی... لەلایەکەوە تاریکییەکەم پێ پەسەند بوو، چونکە سایەم دیار نەبوو، لەلایەکی ترەوە خراپ، گەلێک خراپ، چونکە هەرهیچم نەدەبینی... ئای سڵەمیمەوە! وای ڕاچڵەکیم! کاتێ ڕۆژ بووەوە، گاڵتەم بەخۆم دەهات.

خازێ: وا نەڵێی، بۆ گاڵتەت بەخۆت دەهات؟

ڕەنجۆ: کچێ هەرشتێ دەهاتە بەردەمم و دەستم بەری دەکەوت، خێرا دەمدایە بەر شیپەی خەنجەر... ئای چڵ و لقی دارودرەختم داپاچیبوو!... ئەوەندە باسی تارماییان کردبوو لە من بووبوو بەڕاست.

خازێ: لاوۆ بەقسەکانتدا دیارە ترساوی... چاکیش ترساوی... دەڵێی چی قورقوشمت بەسەردا بتوێنمەوە... دەزانی ڕەسمی چی دەردەچێ؟

ڕەنجۆ: مەگەر چاوەکانی تۆ دەرچێ... کە هەرگیز پەی بەناخیان نابەم... کچێ شت هەیە من لێی بترسم... ڕەنجۆو ترسان! هەیە لێی بترسم.

خازێ: بەڵێ هەیە و خۆشت باش دەزانی.

ڕەنجۆ: دەبێ کێ بێ!

خازێ: عەبدی شێرەوان، عەبدی بابم، دەنا بۆ ناوێری بێیتە خوازبێنیم؟ ها، دەی، وانییە، ئەگەر وانییە قسە بکە.

ڕەنجۆ: چاوەڕوانی ساغکردنەوەی حاسلاتم... دەشمەوێ بەدەستی بەتاڵ نەچمە خزمەتی بابت... خراپەم نەکردووە، تۆ بڵێی بابی تۆشمان لێ ببێتە میری سامانا و بەمەرەی هەباسی جەزیریی وەستا باشیمان بەرێ... (پێدەکەنێ) بەڵێن بێ، وەک وتم، ئەوسا بەدڵێکی پڕ لە هیواوە بێمە خزمەتی... هەر ئەوەندە نییە؟ مەرج.

## بینراوی ١٧

**(نیوەڕۆیە)**

**(ماڵی «هەباس»ە)**

هەباس: زۆرم لا سەیرە ئەوا دوو هەفتە ڕابورد و کەچی میری سامانا نەینارد بەدوامدا! تۆ بڵێی میرێکی گەورە و گران چاوی لە پاداشتی هەژارێکی ماندووی وەک من بڕیبێ! چار چییە؟ تاکەی چاوەڕوانی، کێ دەڵێ هەر بیریشی ناچێتەوە، سەربەخۆ، خۆم بەکۆشکدا بکەم؟ ئا، ئەوە نەبوو لە ئاهەنگی تەواوبوونی پرددا فەرمووی... ئەوەش نابێ... کێ دەڵێ، سەرەڕای چاکەم تووشی جورتم و گۆڵمەزی نابم، خۆ پاسەوانانی کۆشک، لە هەموو شتێ بچن لە مرۆڤ ناچن... وەک سەگی هار وانە...

زینۆ: پیاوەکە هێندە مەیکەرە غایلە و مەراق... تۆ کاری خۆت کردووە، کارەکەت لەبەرچاوە، هی ئەوە نییە لە بیر میر بچێتەوە، ئەوە خەڵکی دەڵێن، بەم ڕۆژگارە خەڵکی لەملاو لەولاوە دێن و دەچنە تەماشای پرد... دەنگی داوەتەوە... میر خۆی پێوە بادەدا، یاوەر دەست و دائیرەی خۆیانی پێوە هەڵدەکێش، هەر میر کە دەنگوباسی پرد دەبیستێتەوە خەریکە شامەرگ بێ و گەز گەز باڵا دەکا. هەباسی مەیکەرە مەراق...

هەباس: لەبەر قسەکەی تۆ وا ئەمڕۆش چاوەڕوان دەبم، نەخێر تا دووسبەی، بزانم بانگم دەکا، ئەگەر نەبوو ئەوا هەرچۆنێ بێ، پێ بەجەرگی خۆمدا دەنێم و دەچم، کورد دەڵێ سیروان لێشت نەدەم هەر دەمبەی، دەوەڵڵا بردنەکە چاکترە... چاوەڕوانی لە هەموو شتێ ناخۆشترە... شیرپەنجەیەکی لەسەرخۆیە... زینۆ، ئاخر چۆن لە پێستی خۆم نەیەمەدەرێ لە لەپی هەردوو دەستم بڕوانە ڕەنگی بەردی گرتووە... هەرخۆم دەزانم چەندە ماندووبووم و چیم کردووە. کچێ لێم مەگرە... ناهەقم نییە...

زینۆ: من ناڵێم لە حەقی خۆت گەڕێ، بەڵام دەڵێم ئارامت بێ، چی دەکەی دەسەڵات چییە، ئەوە وای لێهات!

هەباس: کچێ زینۆ، کاتێ لە گوزەرانی خۆم دەڕوانم و سەیری دەست و مەچەکم دەکەم، هەست بەبەش خوراویی خۆم دەکەم، هەست دەکەم بە زۆر چەشنە بیانوو، زۆر جۆر پەلپ، سەدان تەگەرە... ژیانم لێ تاڵ دەکات... ئەم مەچەکانەی تۆ دەیانبینی سەدان کۆشک و تەلاری پێ بنیادنرا و، تاق و گومەزی باڵا باڵای سەرسوڕهێنەر، زۆر



چەشنە بنمیچی ڕازاوە بەنەخش و نیگار. دیواری ئاوێنەبەند، پەنجەرەی بلوورین... دیوەخان و کەڵەگی و عرووسی، دالان... ئەگەر نیمە خشتێکم لە جێگای خۆیدا دانەنابێ، ئەگەر هەڵەی تەرازووم کردبێ، ئەوا هەر دە پەنجەم ببڕنەوە... ئای لەژێر ئارەقەی ڕەش و شینی لەم ناوچەوانەوە، چەندە خواپێداوان شەوانەیان گوڵ ڕەنگی ئارەزووی ڕابواردن کردووە!!. ئەمە منیشم هەقی کاری خۆمە، خەریکە لە بیریان بچێتەوە، بەڵام من چۆنم بیر دەچێتەوە، لەو دنیاش سەربەرزکەمەوە، هەر دەڵێم هەقەکەم.

زینۆ: پیاوەکە خراپ بیر دەکەیتەوە... ئەوەی تۆ دەیڵێیی وادەی نەهاتووە هەستە دەست و دەموچاوێکی بۆ بشۆ... وەرە خوا دوو پارووناني داوە، دەیخۆین و شوکرانەی خوا دەکەین.

هەباس: چیمان هەیە؟

زینۆ: لەپە ساوەر.

هەباس: ڕەحمەت لە بابت. زینۆ گیان دڵ لە دڵ نەدەیت میر هەر بانگ دەکات.

## بینراوی ١٨

**(شەو)**

**(کۆشکی سەرداری زاخۆیە)**

سەردار: سبەینێ هەباسی وەستا باشی بانگ دەکەم... یان خۆم دەچم سەردانی دەکەم.

نازەنین: کارێکی چاکە، ئەمشەو نیازی چیت هەیە... لەوە دەچێ سەردانی شوێنێک بکەی؟

سەردار: بەڵێ نیازی چوونە دەرەوەیەکم هەیە، بەدڵی خۆم، ئازاد، ئازاد.

نازەنین: بەتەنیا بەبێ من؟

سەردار: دەبێ بەتەنیا بم، ئەمجارەیان ناکرێ.

نازەنین: بەتەنیا! شتی وا چۆن دەبێ، دوژمنت کەمە، ئەوە لە چوار دەورەوە پیلان لە دوای پیلانت لێ دەکەن، نەء، بەخوا نارۆی.

سەردار: خانمە خاسەکەم، ئەم کارە وا پێویست دەکات.

نازەنین: بۆ وا پێویست دەکات؟

سەردار: وەک ئاگادارم دوژمنان بەئابلۆقەوە نەوەستاون و سەرگەرمی لەشکرکێشین... ئەمشەو خۆم دەگۆڕم وەک ڕەزەوانێکی کەژنشین، گوایە بۆ سۆراغی دۆشاو بەگەنم هاتوومەتە شار.

نازەنین: ئەی ئەگەر ناسیانیتەوە؟

سەردار: ئەوەیان گرفت نییە، ئاسانە خۆ نامخۆن... ئیتر کاتی هاتووە دەچم خۆم دەگۆڕم...

نازەنین: ئێ پاشان، کوێوە دەچی؟ یەکەم جار دەچیتە کوێ؟

سەردار: بچمە کوێ؟... خانی گەورە... نا... ئەوی پتر خەڵکی دەرەوەی لێیە... باشترین شوێن قاوەخانەکەی ڕەمەزانە شەلە، ئەوەی بەخەیاڵیشتدا نایە لەوێ باس دەکرێ... ئەوانەی مشتەریی ئەم قاوەخانەیەن، ئەوانەن دەم لە هەموو باسێکەوە دەدەن... قاوەخانەکە هێند رووناک نییە و جگە لەوەی بەهۆی ئەوەوەی سێ چوار کۆڵەگەی ئەستووری تێدایە ئەگەر یەکێ بیەوێ نەبینرێ نابینرێ... پەنایەک دەگرم و وەنەوز دەدەم وەک ماندووی ڕێگا بم، کزۆڵە لێی دادەنیشم، باشترین شوێنە، کانگەی دەنگوباسە.

نازەنین: ئەی ئەگەر قسەی ناشیرینیان بەسەرداری زاخۆ وت.

سەردار: من بۆ ئەوە دەچم با گوێم لە ناتەواوی بێ، گوێم لە هەست و ڕادەی ورەی ئەو خەڵکە بێ، دەنا بۆچی دەچم... نازەنین، سەیری من کە، باش بیهێنەرە بەرچاوت... ئەوا لە گۆشە تاریکەکەوە گوێم هەڵخستووە.

## بینراوی ١٩

**(شەوە)**

**(قاوەخانەی ڕەمەزانە)**

**(حەسەنی تارژەن گەرمی کردووە)**

حەسەن: (لەپڕ دەست لە تارژەن هەڵدەگرێ) وەنەبێ دڵم خۆشبێ، بەڵام داخی دڵم بەتارژەندنەکە بەبا دەدەم، کوڕینە من و ئەم تارە بووینەتە هاوخەم، باشترین هاوڕێمە... ڕەمەزان چایەکی کەم ڕەنگ و بزانم دوا هەواڵ چییە؟



ڕەمەزان: چایەکە بەسەرچاو... منی بەستەزمان و هەواڵ کوجا مەرحەبا!

حەسەن: نا... نا... وانییە دەی قسە بکە خۆمانین.

ڕەمەزان: دەڵێن سەردارمان جێ بەخۆی ناگرێ.

شەریف: بوختانی بۆ مەکە، شوێنی گەرم و نەرمی هەیە... شەو و ڕۆژ خزاوەتە...

ئەحمەد: لە خوا بترسن... لەو قسانە گەڕێن، ئەو لەو میرانە نییە.

شەریف: ئەم سەردارەی ئێمە دەسەڵاتی بەسەر خانمەکەیدا نییە، ئیتر شەڕی حەوت مەملەکەتانی چۆن پێ دەکرێ...

ئەحمەد: تارەکە بۆ دەنگی نەما، کاکە حەسەن زرنگەی بێ... بەقوربانە لێدە.

شەریف: ماڵت بەقوڕ نەگیرێ... کەی کاتی تارە... بەزاتی خوا یەکێ نەزانێ، دەڵێ نەبایان دیوە و نەباران... ئەوا دوژمنان خۆیان تەیار دەکەن و لەشکر و چەک ئامادەکەن و جبەخانە دەخەن، ئێمەش لەلایەکەوە برسێتی چاومان دەردێنێ و لەلایەکی ترەوە بەدەنگی تار خەم دەڕەوێنین... لە هەمووشی ناخۆشتر، ئەو گۆبەند و گوڵمەزەی ئەم پردە شوومە، کە هەر نابێ بەپرد، بۆ ئەم عالەمەی ناوەتەوە.

حەسەن: دەزانی زۆرت پێیە و کەمی دەردەخەی... باشە براڵە، بۆ نابێ بەپرد؟ باشە جەنابت دەزانی، ئەو پردە بۆ دروست دەکرێ؟ پرد مانای چی؟... دەزانی بۆ نابێ بەپرد، واتا دوژمنمان زۆرە و دەبێ هەموومان بەرەنگاریان بین، دەزانی بۆ برسێتییە؟ چونکە زۆری وەک تۆ عیبرەتی لە نەهاتییەکان وەرنەگرت و تا نەهامەتیی گەورەی بەدوادا هات... کە تۆ سەردارمان باش ناناسی، تفەنگ بەتاریکییەوە مەنێ.

ئەحمەد: حەسەن لێی گەڕێ، هێندە سەری خۆتی پێوە مەیەشێنە.

حەسەن: ئەگەر بمانەوێ کارەکە هێندە قورس و گران نییە، بەڵام لە پاڵەوە بەقسەی زل شانی بدەینەبەر، ئەوا پشت و ئەژنۆ پێکەوە دەشکێن...

ئەحمەد: من ئەوەندە دەڵێم، لەکاتی وادا تا زوو بکەویتە خۆ کەمە... تا بمێنیتەوە هەزار کون و کەلەبەری لەو تەرحەی تێدەکەوی... ئابلۆقە بەهێزتر دەبێ و خۆڕاگری ڕاڕا و لاواز دەبێ.

محۆ: ئەوەش بڵێ سەرکردەی چاکی دەوێ.

ئەحمەد: سەری باش زامنکەری سەرکەوتنە، سەرداری ئێمە بێ خەوشە، بەڵام ناڵێم هەموو

دەستودایەرە باشن، نەوەڵڵا ئەو بوختانەیان بۆ ناکەم (پێدەکەنێ) ، تێیدایە هەرکە بارەکە ئاڵۆز بوو، کەوتە دەربازکردنی زێرۆپارە، هەندێکیان، هەوڵی شوێن خۆشکردنیانە بۆ کاتی هەڵهاتن.

محۆ: ئەوە مایەی نەگبەتی و بەڵاکەیە برا خاسەکەم، پێویست ناکا کەس گێل کات، بەسەری تۆ هەمموویان گۆڕاون، ئەمە دەردی غەڕابوونە، دەردی بڕوا پێنەبوونە دەشبینی لەسەر کێ دەکەوێ و چ کلۆڵانی باجەکەی دەدەن و ئازار و سزای بەدەمەوە دەچێژن، براکەم هەر بەردێکی لەسەردانێین چاکترە، ئێمەومانانی دەستکورت و هەژاریش باجەکەی بەسەر و گیان و شەرەف و کەرامەتمان دەدەین.

ئەحمەد: بیرت نەچێ، هەروابووە، هەیە زیخە و هەیە لەگەڵ ئاوەکەدا ڕادەبوورێ... مانەوە بۆ زیخەکەیە... ئەوە منم، تۆی ئەوە ئەوانەی بێ شیو سەر دەنێنەوە... ئەوانەی ژیانیان نەفرەتی لە ماڵی دنیا کردووە... بەڵام حەز دەکەم گەشبێن بن... حەسەن گیان بژەنە. (حەسەن دەست بەتار ژەندن دەکات)

## بینراوی ٢٠

**(ڕۆژە)**

**(دیوانی میری سامانایە)**

یاوەر: بەڵێ گەورەم، هەر ئەوەیە کە جەنابتان بۆی چوون، گەلێک ڕاستە، ئەوەی دەیان وت، زۆر لە ڕاستییەوە دووربوو، گەلێک دوور... قوربان ئەوە تەنیا بۆ شوێنە ونی بوو، سەیروسەمەرەکەش لەوەدایە، بەهەموو عەقڵیانەوە، دەیانەوێ ئەو یارییە لەگەڵ ئێمەدا بکەن!

میر: گوایە دەستیان بەکێڵگە و پاوان و لەوەڕگاکانیاندا ناکەوێ! گوایە (پرد) دەرووە! پرد ئابلۆقەشکێنە (پێدەکەنێ) دەمێکە ئەو باوکەیان مرد و کۆتایی پێ هات، ساردوسڕ وەک مار و مێرووی ژێر شەختەی کەوتووی چلەی زستان.

یاوەر: دەیانەوێ گرەو لە کێ بەرنەوە...

میر: لە شەیتان...

یاوەر: ئەستەغفرەڵڵا گەورەم.

میر: نەء، ئەوەی نیازی یاری بردنەوە، بێ، دەبێ وریابێ، زرنگ بێ، ئەژدیهای حەوت



سەر و هەزارویەک چاوبێ، دەبێ شەیتانی کوڕی شەیتان بێ. ئەمە زۆرانە و پاشقول و فرسەت لێ هێنانە، ئەی هەش بەسەرینە، هەزار فاکیان بەفیکێکمان، یاوەر.

یاوەر: بەڵێ میرم.

میر: ئەو حساباتەی ئاگادارم کردی، کردت؟ دۆستانمان کاری خۆیان کردووە؟

یاوەر: گەورەم زۆر بەچاکی، بڕیارە ئەو ڕێگایەشیان لێ بگرنەوە.

میر: زۆر چاکە... پردێ بۆ یەکگرتنەوەی کوردان بێ هەر شایستەی ڕمانە بەسەر سەری خۆیاندا.

یاوەر: هەرواش دەبێ. گەورەم دۆستە هەرە دوورە دەستەکانیشمان هەر پێیان وایە، دڵنیابە قوربان داشمان سوارە و تیرمان نێچیر ئەنگێوە.

میر: کە وای لێهات کەوان شاردنەوەی پێ ناوێ، یاوەری ئازیز، با ڕاوێژکاران ڕێکەون، تا زووبێ کەمە، بەوردی، درشت و وردیان بۆ ڕوون کەنەوە، ئەم جۆرە کارانە دەستوبردی دەوێ... دەزانی چی دەڵێم.

یاوەر: گەورەم چاک حاڵیم، هەرچیەکیشمان لەو بارەیەوە پێ گەییوە، یان مەزندەمان کردووە، ئامادەیە و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن.

میر: تۆش لەگەڵیاندا بچۆ، بچۆ، وام پێ باشە.

یاوەر: فەرمانتانە.

میر: هەی لە حاڵی پرد و بابی پرد! دەیانەوێ ئیمپراتۆریەت پێکەوە بنێن، نەهەنگ تا گچکە بێ دەرهەقی دێیت، کە گەورەبوو، دەمی هەڵلووشینی گەورە دەبێ، ئەوسا ئارامی لە گەرووی نەهەنگی هەڵلوشین دەبێ... خوا بەورۆژ و سەعاتە نەکات.

## بینراوی ٢١

**(عەسر)**

**(ماڵی عەبدی شێرەڤان سەرسەکۆیە)**

عەبدی: بەڵێ مەرج... من بڕیارم داوە کچی خۆم بەکەسێک دەدەم بتوانێ مەرجەکەم ئەنجام بدات.

ڕەنجۆ: قوربان جەنابتان من چاک دەناسن، باوباپیریشم، بەئێوە نەناس نین، ئەگەر نەنگییەک، ناتەواوییەک، ئەگەر کەسێک ڕۆژێ لە ڕۆژان، وتبێتی، بەری چاوت کلی پێوەیە...

عەبدی: کوڕم چاکت دەناسم و چاکیش دەزانم چەندە بێ خەوش و لێهاتووی، لەوانەی لەسەر بەردی ڕەق ژیانیان دابین دەکەن... بەڵام وابزانم قسەکەی منیش خراپ نییە.

ڕەنجۆ: مەرجێک لە توانای کوڕی خۆتدا بێ، مەرجێک بەڕێزتان پێمدا ڕاپبەرموون، قوربان ئامادەم و بەسەرچاو.

عەبدی: خازێ وەرە کچەکەم، با ئەویش ئاگاداربێ، نەبادا وا دەرنەچێ... کچەکەم وەرە شەرم مەکە... وەرە ژووریێ، تۆش ئاگاداری مەرجەکە بە، ئەمە مەرجەکەمە.

## بینراوی ٢٢

**(پاش نیوەڕۆیە)**

**(کۆشکی میری سامانایە)**

میر: ئا ئەوەیە، ئافەرین یاوەر، لە کاتی ئاهەنگی تەواوبوونی پردەکەدا، لە واتای پشت وشەکانت گەیشتم، چاکم خوێندەوە... هەر ئەو مەبەستە بوو.

یاوەر: بەڵێ میرم،، مادام پردەکە پردێکی ئەوەندە گرنگە، با هەر بەبێ وێنەیی بمێنێتەوە، هەباس وەستایە، هەر کەسێ کارێکی پێ بسپێرێ ئەو جێبەجێی دەکات، ئەوە ئیش و پیشەکەیەتی... بۆیە دڵنیام هەر نەبێ ئەوە زاخۆ لە پەنامانەوە، ئەوە جەزیرەی بۆتان... ئەوە... جگە لەوەی ئەو پردە لە کاتی تەنگانە و لێقەوماندا کاری خۆی دەنوێنی... زۆر گرنگە، ئەوە بەستنەوە و توندوتۆڵکردنی کوردانە.

میر: باشە بۆ نەیکوژین، کێ پێی دەزانی، یەکێکی لێ ڕادەسپێرین لە پەنایەکەوە ساردی بکاتەوە... ئاسانە... ئا با سەرەک پاسەوانانی کۆشک ئامادەبێ.

یاوەر: قوربان، شتێکی ترم بەخەیاڵدا هات، ڕەنگە گونجاوتر بێت.

میر: ئادەی بزانم؟ چیت بەخەیاڵدا هاتووە؟

یاوەر: بیخەرە بەندیخانەوە، بەتۆمەتی ئەوەی گوایە خۆی درکاندوویەتی و دانی پێداناوە کە نهێنیی ڕووخانی پرد دەزانێ، گوایە، زۆر شت.



میر: چۆن، وەک چی!؟

یاوەر: بلێین چوارەم بەردی ناوەندی پایەی ناوەندی پردەکەی بەو نیازە دایناوە کە هەر کاتێ بیەوێ بەلەقانی فلانە بەردی دەڕووخێ.

میر: پاشان خۆمان بەباشی چارەسەرمان کردووە لەو داڕووخاندنە ڕزگارکراوە... ئەوسا بەسزای خۆی دەگات.

یاوەر: قوربان، میرم، ئەودەمە فەرمان بدە قۆڵی ڕاستی لەبندا ببڕنەوە.

میر: چاکە، بەڵام بۆ هەردوو دەستی نەبێ.

یاوەر: بەتاکە قۆڵێکەوە و قۆڵەکەشی، قۆڵی چەپ بێ ئەوا قوڕ بەسەریدا دەکرێ، جارێکی تر نابینێ بەردێ لەسەر بەردێ دانێ، ئیدی بەکەڵکی هیچ نایە، وەک پەککەوتە، مەگەر بەسواڵ و سەدەقە بژی، ئەوکاتەش هەر چاوی لە دەستی میری گەورەمانەوە دەبێ.

میر: هەر ئێستا ئەم فەرمانەم بەسەرەک پاسەوانان بگەیەنە و بەزووترین کات، هەر بەپەلە، جێبەجێی بکات.

## بینراوی ٢٣

**(شەوە)**

**(ژوورەکەی ماڵی «هەباس»ە)**

هەباس: تاقی یەکەم تەواو، دووەم بلندتر سێیەم بلندتر، چوارەم تاقی ناوەڕاستە لە هەموان بەهێزتر، بەرزتر... حەوت تاق... حەوت جار مردن حەوت جار زیندووبوونەوە... گیانم دەرچوو... پاداشتەکەم... بڕینەوەی قۆڵی ڕاستم بوو... کاشکی بەر لە دروستکردنی ئەو پردە ببڕایەتەوە... هەردوو قۆڵم... سەرم لە لاشەم جیا کرایەتەوە و ئەو کارەم ئەنجام نەدایە... (چاو لە بنمیچەکە دەبڕێ) یەکێک، دووان، سیان، چوار... ئەی لەو سەرەوە، دوو، دوو، چوار چوار نەخێر نابژێررێ... ئای کە بنمیچێکی پەڕپووتە... هەر دارێکی ئەگەر تاقێک بێ، هەر نێوانی تاق و تاقێ پێنج هەنگاوبێ، حەوت جاران سێ، دەکاتە بیست و یەک، کەواتە پردەکە چەند درێژ دەبێ؟... لێرەوە... تا... بەسە... بەسە نامەوێ... میرم، هاتوومەتە بەردەمت یان بمکوژە، یان قۆڵەکەم، یان پردەکە دەڕووخێنم... ڕەنجی ڕۆژانی تەمەنم

بزر کردووە، تالآنتان کردووە، تۆ پردەکە، بۆ زەق زەق سەیرم دەکەیت و نوتقت لێوە نایە بلێ ئا... یان، نا، تۆ بۆ لێم زیزبووی؟... ناهەقت ناگرم... وا دەڕۆم بەرێگای خۆمەوە، ڕێگام دوورە، دوورە، هەر نابڕێتەوە! میر، قوڵەکەم، هەی ماڵی بابت وێران بێ،... میر، گاڵتەم لەگەڵدا کردی... ئەوە قوڵەکەمە... ئەها، دەتوانم، نەک پردی حەوت تاقان، پردی حەفتا تاقان بکەم...

بڕوانە و شێت مەبە... ئەها لە پەنجەکانمەوە گزنگی خۆر پەخشان دەبێ... شیلەی جوانی و جاویدانی لێوە دەچۆڕێ... من هەباسەکەی جاری جارانم... کەمێک دڵم پڕە، دڵم تەنگە... نا... نا... هەستەوە، هێشتا بەبەربەوە ماوە، دەچم و پردەکە لە بان شانم دەنێم دەیفڕێنم، هەڵی دەگرم، وەک کیژۆڵەی حەز و بەختی جەوانیم... شارەوشار، چیا بەچیا مەملەکەتانی دنیا تەی دەکەم... نایەڵم ژێرپای ئەوانە بکەوێ... لەگەڵیدا دەچمەوە جەزیرەی بۆتان... ئەوسا بەدڵ بۆ ڕۆژانی تاڵیم دەگریم... (وردە وردە گۆرانی دەڵێ):

«لۆوەی لۆلۆوەی لۆلۆوەی لۆ
مامۆ هەورا دیاربن ئەورۆ ڕۆژی میرانە
خۆرینی گا و نەجارانە
تەقینی سۆل و بسمارانە
برقینی کۆسە میسرییانە
ویلەویلی دلو نژادیانە و عەوی شانە
دەنکی شنگینی داری دارەمانە
لۆوەی لۆلۆوەی لۆلۆوەی لۆلۆوەی لۆلۆوەی لۆ»

## بینراوی ٢٤

**(بەیانییە)**

**(ناو مەزرایە، ژوانە)**

خازێ: ئەرێ ڕەنجۆ، خۆ تۆ بەو مەرجەی بابم بۆی دانای، لە دڵەوە قایل بووی، ناشێ بیرت گۆڕیبێ، ناشێ پاشگەز و پەشیمان بووبیتەوە؟ خۆ من دەزانم تۆ لەوانە نیت...



ڕەنجۆ: ڕەنجۆ و پاشگەزبوونەوە، ڕەنجۆ و پەشیمان بوونەوە، هەرگیز ئەوەم لە تۆ ڕانەدەپەرموو، کچێ گوناهت نەکرد، ئەو چیای جودییە پیرۆزە لە چیایەتیی خۆی بکەوێ، ئەمن هەرگیز لە گفتی خۆم ناکەوم... دەبوو لە هەمووان باشتر دڵخوازی خۆت بناسیایە، گوڵێ، خازێ خان، وا نییە؟

خازێ: ئەوەی منی خستۆتە گومان و دڵەڕاوکێوە ساردیی بێ دەنگییەکەتە... دەڵێم، باشە خوایە لەمە ناخۆشتر و ئاڵۆزتر دەبێ؟ دەڵێم، لەم بارە خراپتر دەبێ، لەمە زیاتر برسێتی و دەرد و بەڵا و کوێرەوەری!؟

ڕەنجۆ: بەقوربان، بڕوا ناکەم کەسێ هەبێ هێندەی من بەدڵ و گیان خەمخۆری ئەم ڕۆژە بووبێ، بۆتە تەنیا خەم و خولیام... حەز دەکەم بزانی و نیگەران مەبە، کارێکی ئەوتۆی لەسەر بیر و هۆشم کردووە، خەریکە تۆشم لەبیر دەباتەوە... شەو نییە تا سپێدە، بەدوای ئەو مەسەلەیەوە نەبم، لەو ناوە خول دەخۆم و خۆم لە بۆسەدا دەنێمەوە، لە سەنگەردا، لەسەر ڕێگادا... بەڵام وا خەریکە سەری گلۆڵە ئاڵۆزەکەم چنگ دەکەوێ... هەستم بەشتی سەیر سەیر کردووە. لەکاتی خۆیدا، کە ئەوەندەی نەماوە، ڕاستیت بۆ دەردەکەوێ... خازێ، سات بەسات مەبەستەکەم لە لا شیرینتر و مەزنتر دەبێ... لە بڕی هەست بەمەترسی و ماندووبوون... وام لێ هاتووە هەست بەخۆشی دەکەم... چێژی لێ وەردەگرم، ئولفەتێکی سەیرم پێوە گرتووە.

خازێ: خوابکا وابێ، ئەی من چیم دەوێ، دەڵێ کوێرە چیت دەوێ، دەڵێ دوو چاوی ساغ... جا ئەمە ئینشەڵڵا کەی دەبێ؟

ڕەنجۆ: هاکا خاڵە عەبدی شێرەڤانی بابت ناوچەوانی ماچ کردم.

## بینراوی ٢٩

**(بەیانییە)**

**(ماڵی «هەباس»ە)**

زینۆ: خێرە ئینشاڵڵا... خێرە ئینشاڵڵا خێرە! ئەوە چۆنە ئەم بەیانییە وا زوو هەستاوی... تۆ ماوەیەکە تا چێشتەنگاویش هەر لەسەر گازەرەی پشت لێی کەوتووی... پیاوەکە، چی رووی داوە؟ شکور ڕەنگ و رووشت خۆش دیارە، بەتەواوی کراویتەوە.

هەباس: ئەمشەو هەر بەو مەراقەوە سەرم کردە سەر سەرین... لە بەیانییەوە ژانێکی خراپ

گرتبوومی... ژان، ئەمما ژان، ئەمسەریم دەکرد و ئەوسەریم دەکرد گەلێک پەند و هەمەجۆر سەرگوزەشتەیە، حەقایەتە چیاییەکان... هەر بەتەواوەتی خۆم و ئەشکەنجە و ئازاری خۆم بیرچووبووەوە... پەیتا پەیتا، ئەوەم بیر دەکەوتەوە کە پێشینان، باوباپیرانمان، وتبوویان هەر شتە و لە قەوارەی خۆی، لە ڕەنگی خۆی، لە دەنگی خۆی، بەوادەی خۆی... نهێنی پرد، هونەری پرد، وەک ئەوان دەیانوت تەنیا لە بنیادی پرد دایە. هەر شتەش مان و نەمانی لەگەڵ دروستبوونی خۆی دایە...

زینۆ: بسمیللا، ئەوە پیاوەکە ئەم جۆرە قسانە چییە، دەیانبزرکێنی؟! با کەس گوێی لێ نەبێ، قوربەسەرم ئەوسا بەشێتیش ناوت دەبەن، تۆ کەی لەم قسانەت کردووە!؟ کەس گوێی لێ نەبێ.

هەباس: نەمدەزانی، بەزۆر، هەر بەزۆری زۆرەملێ ملی ڕۆژگارەکەم، بەدبەختییەکەم گرت و ڕۆژگارەکەش فێری کردم... کچێ ئەوانەی پێشینان وتوویانە... من ئەمڕۆ وردیان دەکەمەوە... کچێ زینۆ... ئەمشەو لە خەوێکی قورسدا، خەست خەستدا بووم.

زینۆ: خەونت نەدیبێ؟ خۆ باوە تۆ شەو نییە خەون نەبینی، بەتایبەتی بەقۆڵە براوەکەتەوە کە چاک بۆتەوە.

هەباس: زینۆ، ئەوەی مرۆڤ بێ، دەبێ خەون ببینێ.

زینۆ: هەموو شەوێ؟ بەڕۆژ و بەشەو...

هەباس: زینۆ، من خەون نەبینم، کێ دەبێ خەون ببینێ؟ خەونی گوڵ گوڵی...

زینۆ: باشە، باوابێ، ئێ خەونەکەی ئەمشەوت چی بوو؟

هەباس: تاوێکی تر دەچمە کۆشک و بەمیری میرانم دەڵێم.

زینۆ: تۆ... تۆ بۆ کۆشک! تۆ بۆ لای میر!

هەباس: بەڵێ من، ئەی بۆ نا؟

زینۆ: پیاوەکە بۆ خاتری خوا، تۆ جارێ باش بیری لێ بکەرەوە.

هەباس: زۆرچاک بیرم لێ کردۆتەوە، زۆر دڵنیام، لەوپەڕی هۆشمەندیدام، هەر چۆن دەزانم ئەمە قۆڵە براوەکەمە و، ئەمەی چەپیش نەبڕاوە... زینۆ، دەچم، پێی دەڵێم، ئەی میری میران...



## بینراوی ٢٦

**(ڕۆژە)**

**(دیوانی میرە)**

میر: ئادەی هەباس، دیمانەت بەخێر، باشی باش...

هەباس: لە سایەی خوا و سەری ئێوەوە، تابڵێی باشم.

میر: دەبێ چیت لە هەگبە نابێ، چ نهێنییەکە! بۆ دەبێ تەنیا خۆم بزانم.

هەباس: گەورەم وا پێویست دەکات.

میر: چی واپێویست دەکات، ئادەی قسە بکە، بابزانم... کەس نایەتە ژوورەوە.

هەباس: گەورەم نهێنییەکی، تابڵێی نهێنی، ناهەقمان نییە ئەگەر سڵ بکەینەوە و خۆمان بپارێزین، بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا کە نهێنی گرێی بەهرەیە و بەختە.

میر: چاکە، هەباس پێویست بەدرێژەپێدان ناکات... وەرە ناو مەبەستەکەوە... بەبێ شێرەوبێرە و لێرە و لەوێ، ڕاستەوخۆ بدوێ. حەزم لە پێچەبەدەورە نییە... ئێستا تێگەیشتم دەتەوێ شتێکم پێ بڵێی جگە لە خۆم کەس گوێی لێ نەبێ... دەی...

هەباس: گەورەم میری میران نهێنی تا نهێنی کەوتووە، نهێنی هەیە بەتاڵبوونەوەی لە ئاشکرابوونی دایە و کوێرەوەریی گەورەی لە دوایە.

میر: ئێ دیارە، هەر شتێ ئاشکرابوو لە نهێنێتی دەردەچێ، ئەوسا پێی ناوترێ نهێنی.

هەباس: ئەو بنەماڵەیەی ئێمە بڕوامان بەدڵ خەبەردان هەیە، قوربان بەسەرم هاتووە و ڕاست دەرچووە، نەک جارێ دەیان جار، هەر کەسە و جۆرە شتێکی بەمیراتی بۆ ماوەتەوە، لە دەوڵەت لە سەروەت و سامان، لە زیرەکی، لە دەبەنگی... ئێمەش پێشبینی...

میر: ئێ... پاشان.

هەباس: میران، کەس لەو خوایە زیاتر دەیزانی ئەم هەوارە بەمەنزڵگەم دەبێ؟ منێک لە جەزیرە و چارەنووس لێرە، بەڵام لە خەوندا پێیان وتم... ئەو ڕۆژەش کە ئەم قۆڵەم لە دەست دا، دەمەو بەیان بوو بەئاگا هاتم و ڕووم لە زینۆ کرد، وتم لە سبەینێوە هەباسی یەک قۆڵم... زانیم کام قۆڵمە... کەمێک مات بووم پاشان وتم ئەگەر واش

دەرچوو ئەوە گوناهی کەسی تێدا نییە، قەدەر وای نووسیوە... وای ویستووە.

میر: ئەی ئەم دواپێزانینەت چییە؟

هەباس: سەبارەت بەپردەکەیە... گەورەم ئێستا یەک ڕۆشنی دەمژیێنێ، ئەویش پردە... پرد بەخۆم، بەگیانی خۆم دەزانم... ئەوەی بەشەو چەند جارێ لە خەون بەئاگای هێنامەوە هەر دووبارەبوونەوەی ئەمەبوو: حەوت کاسە شیری حەوت بزنەڕەش، کە تاریکی کرد و کەس بەدەرەوە نەما، ئەوجا بەسەر سەری پرددا بپرژێنرێ و ئەو شەوەش تا سپێدە، نەپاسەوان، نەهیچ کەسێ بەدیارییەوە نەبێ، تەنیا ئەوەندەیە و سەروەری و شکۆداری بۆ میری میرانی مەزن.

میر: ئەدی ئەگەر وا دەرنەچوو... ئەدی ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بەپێچەوانەوە کەوتەوە؟

هەباس: ئەوە قۆڵەکەی ترم... ئەوە سەرم... خوێنم حەلاڵی جەللادتان بێ... گەورەم ناحەز زۆرن... گەورەم بۆ خۆتان نازانی چەندن و لەملاو لەولا چۆن شیروتیرتان لێ دەسوون...

خوا پشتیوانتان بێ... خوا بیانگرێ خراپ چاویان تێبڕی بوون.

میر: باشە، تۆ فەرموو... هەباس ڕۆژێک دێ بەبێ ئەوەی پێی بزانی هەقی هەموویت بۆ دەکەمەوە... جارێ کەمێک پێویستم بەتاوتۆکردنی ئەو شتە هەیە... بڕۆ بەخێربچی... بڵێن ئیتر کەس نەیەت... تەنیا ڕەیحانی پیرێژنم بۆ بانگ بکەن... حەوت کاسە شیری حەوت بزنە ڕەشی... حەوت سپی حەوتی ڕەش... تەنیا مەگەر بەڕەیحان پیرێژنی تەلیسم شکێن هەڵبێ. ئەمە ماندووبوونی زۆری دەوێ... ئەمە هەروا، بەئاسانی هەڵنایەت و لێک نادرێتەوە... نابێ کەسیش پێ بزانێ، ئەمە گرفتە ئاڵۆزەکەیە، ڕەیحانی پیرێژن کە هات، باسی هەباس و مەباس ناکەم، هەمووشی پێ ناڵێم، دەڵێم دوێنێ شەو، دەمەو بەیان خەوێکی سەیرم دیوە، حەوت کاسەی لێوان لێو شیریان دایە دەستم... زۆرچاکە... ئەوسا ڕەیحانی پیرێژنیش دەکەوێتە ڕمڵ هەڵدان و شەش و بێش کردن و لێکدانەوەی... هاڕەیحانی پیرێژن چیمان پێی دەڵێی؟! ئەمەیان گرنگە.



# بینراوی ٢٧

**(دەمەو ئیوارەیە)**

**(ماڵی «هەباس»ە)**

زینۆ: پێت دەڵێم، هەی ماڵوێران، هەی هەش بەسەرم، تۆ ئەمەت چۆن پێ دەکرێ؟ کوڕە پیاوەکە چیت بەخۆت کرد... کارێکی وات نەکردووە چارەبکرێ... بڵێ نەگبەت. تۆ بەتەنیا قۆڵێکەوە چیت پێ دەکرێ!

هەباس: کاتی چەند و چۆن و زۆر وتن نییە، ئەوەی بەدووقۆڵ دروست دەکرێ، بەیەک قۆڵ دەڕووخێنرێ. ئافرەت لەنێوانی دروستکردن و ڕووخاندندا، تەنیا کاتە، کات و ئەوەی بەساڵێک بنیادی دەنێی بەڕۆژێ وێرانی دەکەی... تۆ جارێ تەنیا ئەو شتانەی زۆر پێویستە... ئا لەو خورجەی بنێ. خێراکە ئەوەندە کاتمان بەدەستەوە نییە... ئەو پیک و تیشە و قولنگانەم بۆ لەو خورجەی تر بکە... یەک سەعاتی تر، هاوارە قووچی زۆزانی، دێت بەدواتدا و دەربازت دەکات، لە ئێستاوە، تا دەگەینە شوێنی خۆمان، تۆ ناوت سارایە، نەک زینۆ، بەناوی خێزانەکەی هاوارە قووچەوە، تۆ ناساغی بۆ سەر حەکیمی زۆزانت دەبەن... ئەو بەرماڵەش لە کۆڵت نێ...

زینۆ: ئەی تۆ؟ چۆن بەجێت بێڵم؟ ماڵ خەراب!

هەباس: لەمن مەترسە، هیچ دڵت لەلام نەبێ، هەر کۆشکی میرم بەجێهێشت، خەمی ئەسپێکم خواردووە بۆ ئەوکاتەی کارەکەم مەیسەر کرد، ئەسپە دێزە، هەر ئەوە نییە باڵی نەبێ... کوڕە کوێرەش ئەسپی وای بەژێر خۆیەوە نەبینیوە، دڵ لەدڵ نەدەیت... لە چاو تروکانێکدا داروبەردی بەسەریەکدا دەڕووخێنم... هەر ئەوەندە چوارەم پایەم لەق کرد، ئیتر هیچی بەسەر هیچەوە نامێنێ... ئەوا دەڕۆم... هەر چەند هاوار تێشووی پێ دەبێ... ئەو ئەمە کاروپیشەیەتی، ڕیشی لە هەڵبەزودابەزدا سپی کردووە... بەڵام تۆ هەر پریاسکەیەک نان و پەنیر، ئەو باسووقەی کە ماومانە... ئیتر پشت بەو خوایە... زینۆخان، نا ببەخشە ساراخان خواحافیز...

زینۆ: ئەو خوایەی بەهانای لێقەوماوانەوەیە بەهاناتەوەبێ و چاوی خۆشەویستی و نەوا و بەزەیی لێتەوە بێ (دڵی پڕ دەبێ و فرمێسک دەڕێژێ).

هەباس: ئەوە دەگریت! کچێ ئەمشەو گریی بەختمان دەکرێتەوە، شەوی بەیەک شەوەبوونە.

زینۆ: هەباس نازانم تابڵێی دڵم تەنگە...

هەباس: هەر تاوێکە، هەر ئەوەندەی سەرپشتی ئێسترەکە کەوتی ئەو دڵتەنگییە بەبای ڕێگاوە نامێنێ، نامێنێ... ئادەی سەیری هەباسی جوانبووەوەی خۆت بکە... هەر بەیادی ڕۆژانی جوانی (پێدەکەنێ) بەڵاگەردانی باڵات بم...

زینۆ: (بزە دەیگرێ) خوانەکات.

## بینراوی ٢٨

**(شەوە)**

**(شوێن پردەکەی زاخۆیە)**

ڕەنجۆ: خاڵە هەباس لەو شەوەوەی هاتوویتە ئەم هەوارە پشوویەکت نەداوە، بۆ خاتری خوا، تۆ ماندووی لە سبای صاڵحانەوە تا ئێوارە شان و قۆڵت کوتاوە... بچۆرەوە ماڵێ و پشوویەک بدە...

هەباس: کاکە برا ماندوونیم، بۆ لە ئێوە زیاترم، ئەوکاتەم پشوودان و حەوانەوەیە، کە لە نزیکەوە چاوم لە پردەکەیە.

مەمۆ: بابە ماندووی چی، ماشەڵڵای لێ بێ بەو قوڵنگەوە هەر دەڵێی خانی لەپ زێڕینە... ئەرێ کوڕینە، با بەنۆرە وچانی بوو بدەین و سەرخەوێ بشکێنین... ماوەیەکە بۆ نەگبەتی، زۆربەشمان تووشی شەوکوێری هاتووین.

بابۆ: ئەوە بوویە چی دەوەن و دارە لێت دەبێتە تارمایی... (دەنگی ڕەشەبا)

ڕەنجۆ: ئەوا دووبارە ڕەشەبایە شوومەکە هەڵی کردەوە... کوڕینە هەریەکە شوێنی خۆی بگرێ، ئەوا منیش دەچمە شوێنی خۆم، با ئاگامان لە یەکتربێ... کوڕینە ئەو شەو شەوی کوڕی ئازا و جەربەزەیە... دەست مەپارێزن، شەوێکە و ئەمشەو.

هەباس: ڕەنجۆ، تۆ لە کوێ دەبی.

ڕەنجۆ: لە پاڵ گاشەبەردی داوێنی پردەکە

هەباس: منیش سەرپردەکەیان لێ دەگرم.

ڕەنجۆ: مەمۆ، بابۆ، قوتکەی پشت یاڵەکە چۆڵ نەکەن.

بابۆ: ئەی قوڵلەکە؟



ڕەنجۆ: سەرەک پاسەوانانی پرد، خەڵکی بۆ داناوە... ئێوە هەقتان بەسەریەوە نەبێ. هەر کەسە و ئەوەی پێی سپێرراوە.

بابۆ: ڕەنجۆ، تۆ لەبن پردەکە گەڕێ بۆ من، تۆ سەر قوللە کەوە، تا بەباشی ئاگاداری هەمووان بی... تکات لێ دەکەم... تابزانم بۆ، بۆتە کونەخێو... من دەچم.

ڕەنجۆ: مادام هێندە لەسەری سووری... باشە...

مەمۆ: هۆو... هۆو... ئەرێ ئەوە چییە؟

هەباس: ئەوە، منم... (پێدەکەنێ)... ... نەمردم بووم بەئەجندەش... (ماوەیەک بێدەنگی)، (لوورەی گورگ و دەنگەدەنگ و هەرا لەگەڵ ڕەشەبا و تاریکبووندا)

## بینراوی ٢٩

**(پاش نیوەڕۆیە)**

**(باخچەی کۆشکی سەردارە)**

نازەنین: نەت وت ئەو نامەیە چی تێدابوو؟

سەردار: دەیانەوێ ئەو بەری پردیش ناو ئابڵوقە نێن، بەڵام هەروا بەئاسانی بۆیان ناچێتە سەر.

نازەنین: لە خزمانی ئەو بەرەوە بوو؟

سەردار: بەڵێ لەوانەوە بوو... ئای ئەم پردە بۆتە تانەی سەرچاوی گەلێک. دەبێ دەرفەتێک، هەلێکی لەبار ببینینەوە، ئێمەش دەبێ کەلێنی گەورەتر، لێکترازانی زیاتر، شپرزە بوون، شەکەتکردن، دەبێ کاری خۆمان بکەین، دەبێ وایان لێ بکەین نەپەرژێنە سەر ئێمە، ئەوەی سووژنێکت پێدا بکات، دەبێ تەورێکی لێ بدەی، ئەمە سوننەتی شەڕە، یاسا بەیاسا، گورزێ بەسەد گورز...

نازەنین: بەڵام ئەوان گەلێک لە ئێمە زۆرتر و بەتواناترن، ناکرێ...

سەردار: هەر بەهێزیی ئەوانە دەبێتە مایەی بەهێزیمان... ئەوبەریش کەوتوونەتە خۆ... ئەوەدەمەی ئاگر خۆش دەبێ، ئەوەدەمە وادەی سووتانی داری گەورەیە... ئەوەدەمە لابەلادا دەکەوێ... تا ئاگری کوورەش باش جۆش و تاو نەسێنێ، ناگاتە تینی ئاسن نەرمکردن...

نازەنین: پشت بەخوا.

سەردار: شتێک هەیە لە هەمووی گرنگتر، ئەوە لە نامەکەی ئەو ئازیزانەدا، بەچاکی ئاماژەی بۆ کراوە... دەزانی ئەو شتە چییە؟... ئەو شتە، ئەوەیە، خوانەکردە شکستی بێنین، تەفروتوونا دەبین. زۆر درەنگ خۆمان دەگرینەوە، یان هەر خۆمان ناگرینەوە. ئێمە ئەو شەڕە دەکەین، بەڵام ئەوان بەدڵ و گیانێکی جیاواز، هەر زۆر دوور لەو بۆچوونەی ئێمە، ئەوان وادێنە پێشەوە، ئەمە... (ئاماژە دەکات) بابێت، فەرموو، دڵمان لە ئاستی یەکتری پاکە، ئەم بەیانییە وتم دەنێرم بەدوای باپیرە ڕەنجۆی خۆماندا، یاخوا بەخێربێی کارێکی یەکجار گرنگم پێتە، بەخێربێی.

## بینراوی ٣٠

**(ڕۆژە)**

**(کۆشکی میری سامانا)**

میر: ئەمە کوێرا پێیان زانی! خۆ هێشتا هیچ بەهیچ نەبووە! چۆن پێی زانرا؟! هەی هیچ و پووچینە، هەی بوودەڵەینە، هەی هیچ لەباردانەبووینە، هەی... باشە من چی بەو گەورە گەورانە بڵێم! ئەو پاشایانە هی پۆزش هێنانەوە و پاساودانەوە نین. باشە، باشە، ئەوا زانیمان، ئەوەی چاندمان هەر بەساوایی و سەوزەیی هەڵپرووسکا و لەوسەرەوە مایەپووچ دەرچووین، ئەرێ وەڵڵا قازانج سەری مایەی خوارد... شەرم مەکەن، لە شەرما نەماوە، بڵێین چووین بۆ سمێڵ ڕیشمان دانا، هەر ڕیش! بڵێین پرچ، برۆ، برژانگ... کار لە سەرزەنشتدا نەماوە، هەر دەبێ هەندێ بەپەندکەم، بەڵام کێن ئەو هەندانە، ئەوانەی بەدوور و نزیک گرتوونیەتەوە، ئیتر ئەم پریشکە بەزۆر کەسدا پرژاوە... ئای لە شار بەدەرکراوان! وای لەو خۆڵ و دۆبەسەردا کردنە و بەسواری کەرە شەلێکەوە و بەپشتاوپشت!... ئەی بەزموڕەزمەمان بۆ مندالە ورتکە سازکرد!... ئەوە چاوەڕوانی چین؟ ئادەی وەرن بەشەق بیانکەنە دەرەوە (دەستودایەرەکەی شپرزە دەبن).



## بینراوی ٣١

**(زەردەپەڕە)**

**(دەری شارە، سەردار و یاوەرانی)**

سەردار: یاخوا بەخێربێیتەوە، هەر زار بە مژدەبی، برایان ئەمەی براکانمان بۆیان کردووین، گاڵتە نییە، گەلێک مەزنە، ئەوەبوو من دەمویست و خولیام بوو. جەنگ پەرشوبڵاوکردنەوەیە ڕێگا لێگرتنەوەیە، پەنابردنە بۆ گشت کارێ کە نوشوستی بەرامبەرەکەی تێدا بێ. گرفت و گێچەڵ نانەوە، شپرزەکردن و سەرلێشێواندن.

باپیرە ڕەنجۆ: وەک جەنابتان فەرمووتان، ئەو دوو سنوور لێگرتنە، بەتایبەتی لەو قولانەوە، ئەوە مایەی هێز لێ بڕینیانە، قوربان بەوە پشتیان نەشکێ، بەهیچ شتێ ناشکێ، جەرگبڕە.

ئەحمەد: بەڕاستی برای تەنگانە بوون، چاک هاتوونەتە دەست و بەوپەڕی زیرەکانەش کاریان کردووە.

سەردار: خاڵە ئەحمەد، ئەمە وەک ئەوەیە، دوو دەستی پۆڵایینی خنکێنەریان لە بین نرابێ. باش بوو بەسەر نوقلانەدا هاتن. باپیرە ڕەنجۆ براکانم، مەبەستم بوو، لەم شوێنە بەدیدارتان بگەم، بۆ ئەوەی هەندێ مشتومڕ هەیە، لەمەڕ بەرەنگاربوونەوەکە، تا لەگەڵتاندا بیکەم، ئێوە نوێنەرانی لەشکری گەورەی گەلن، هەر بەتوانای ئێوەش سەرکەوتن بەدەست دێنین. برایان، تەواوی نەخشەکانمان وەک چۆن دانراوە، ئاوا ئەنجام دەدرێن، بێ کەم و زیاد و شوێنی خۆیدا، تەنیا ئەوەندە هەیە، هۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە، ئەو دەستانە کە بڕیاربوو هەفتەی ئاینده بپەڕنەوە، دەبێ، وەک لە نامەکەدا هاتووە هەر ئەمشەو، پەنا بەخوا بپەڕنەوە، سبەینێ ئەوانیش دەپەڕنەوە هەر بەگەیشتنتان ئاگادارمان بکەنەوە.

باپیرە ڕەنجۆ: ئەی ئێمە، ئەمشەو بەڕێ ناکەوین؟

سەردار: باپیرە گیان، وا بەچاک زانرا دوای خەین، دەبوو، شوێن و کاتەکە بگۆڕین.

ئەحمەد: جەنابتان هەر لەسەر ڕایەکەی خۆتانن، ئەوەی سەبارەت بەپیر و منداڵ و پەککەوتووان؟

سەردار: بەهیمەتی برایان کەرەسە و گشت پێداویستییەکیان بۆ دابین کراوە، شوێن لە

ئەشکەوتە گەورەی ئەودیو چیا ئامادەیە. باشترە با کەس لە خەمی ماڵ و منداڵ و ئەواندا نەبێ و تەنیا بیری لەلای بەرەنگاربوونەوەکە بێ. هەمووانیش سەرپشک و ئازادن، ئەوەتا دەیان کیژمان هەریەکە، خانزادێکە و شێر و پڵنگ سڵیان لێ دەکەنەوە.

پیرەکانیشمان سەد ماشەڵڵا، ئەو باپیرە ڕەنجۆ ئاسایانە خوا تەمەنیان درێژکا و بمێنن بۆمان، هەر یەکەیان سەرمەشقی سەدان کاوەی ئاسنگەرە.

## بینراوی ٣٢

**(پاش نیوەڕۆیە)**

**(دیوانی میری سامانا)**

میر: ئەو تەلیسمە، لەو تەلیسمانە نییە کە هەروا بەئاسانی بەتاڵ بێتەوە، مەگەر ئەستێرە و خۆر و مانگ ڕێگا بزر بکەن... ئەوەدەمەی خۆر لە ڕۆژئاواوە لێمان هەڵبێ، ئەی ئافەرین ژیر و بلیمەتان، سەدجار ئافەرین ئەی جادووگەرانی چل مەملەکەتان، ئەمەتان لەکوێوە هێنا، چۆن دەرکتان بەم گەنجینە بەم گەنجینە گرانبەهایە کرد، بەهەق گەنجینەیە، ئەوانە گرانترین و بەورشەترین دوڕ و گەوهەری تاجی نگینی مەزنترین شاهانی سەر تەختی بەخت و هات و دەسەڵاتن... تۆش ئافەرین میرزای یاوەر وەک دانی مار، وریا... ئەو نەخشەکێشانە... تۆ سەیرکە بەو هەمووە نەیانتوانی ڕێگا چارەیەکی ماقووڵ و مسۆگەر ببیننەوە... ها؟ یاوەر، لەوەدەچێ، شتێکت لە دڵدا بێ و بتەوێ بیڵێی؟ چییە بیڵێ، هیچ ڕووی داوە؟ هیچ بووە؟

یاوەر: هەرچەند هەرگیز حەزم نەکردووە جگە لە نوقڵانە و مزگێنی، چ هەواڵێکی تر بهێنمە خزمەتی میری میران... بەڵام، دەڵێی چی! هێندێ جار چارت ناچار دەبێ.

میر: زوو بیڵێ، ئەم هەواڵە جەرگبڕە چییە!

یاوەر: تاوێ لەمەوبەر هەواڵێکی ناو زاخۆیان پێگەیاندم.

میر: دەڵێ چی؟

یاوەر: پێرێ شەو کاتێ (بابۆ)ی محەتەور، دەست بەکار دەبێ، (هەباس)ی قۆڵبڕاو پێدەزانێ و ئەوسا (ڕەنجۆ)ی سەرەڕۆ ئاگادار دەکا دەگەنە سەری. لەوەدا دەبێ هەرەس بەپایەی پرد بێنێ و خێرا دەستگیری دەکەن، گوایە، وەک ئەوان دەڵێن،



سەری گڵۆڵەیەکی تەواو ئاڵۆزی ئێمەی داوەتە دەستیان... وەک دەڵێن، دانی بەهەموو شتێکدا ناوە... کەو لە تارمایی و شوێن حەشارگە و ئەوانەی تریشمان.

میر: خوا ئەوانەی ترمان بگرێ، دەبوو هەر ئەوانە دەستبەجێ بیانکوشتایە بەدانپێدانانەدا نەکەوتایە، ئەوا ئەو کاتە بەو ئاشکراکردنە نەدەگەیشت... ترسم لەوانی تریشە.

یاوەر: هیچ گومانی تێدا نییە.

## بینراوی ٣٣

**(بەیانییە)**

**(ماڵی هەباس – زاخۆیە)**

زینۆ: پیاوەکە شکور ڕووت خۆشە! هەر هی ئەوەی بەسر پێرێ شەوە؟

هەباس: ئەی ئەوە کەم بوو؟ ئەوە تەلیسمێکی بەتاڵ کردەوە، بەڵام چۆن تەلیسمێ... مەگەر ئەمە، هەقەوەسێنان بێ، جەرگی میری بڕی بێ...

زینۆ: جا تۆ بڵێی بەوە پشتی بشکێ و ببڕێتەوە، ئەم شەڕە لە بەرۆکی ئەم خەڵکە بێتەوە.

هەباس: بەوە شەڕ نابڕێتەوە، بەڵام شەڕەکە ڕاستە ڕێگات دەگرێ... زینۆ، ئەمە هەروەک ئەوە وایە، کاتێ بنیادنانی تەلارێکی گەورەم لە دەست دەگرت، هەر ئەوەندەم ناخۆش بوو، تا ئەم گەیاندە سەر ڕیزی لە ئاستی تەختی بەرزبوونەوە، ئیتر ڕیز بەدوای ڕیزدا جێگای خۆی دەگرت...

زینۆ: پاک و پیس دەرکەوت... بەڵام جنۆکەکان...

هەباس: زینۆ، باسی جنۆکەت کرد... ئەوە دوایی بۆت دەگێڕمەوە... باسی گورگەکان. ئەرێ چایەکە دەم نەبوو... ئەگەر بووبوو، ئەوا لەتە کولێرەیەکیشم لەگەڵدا بۆ بێنە... ئەوە منداڵ بووم شەوانە نەنە مینام... ڕەحمەت لە گۆڕی.

زینۆ: بووە... ئەوا دەیهێنم... بەڵام تۆش قسەکەت لە بیربێ...

هەباس: جنۆکە؟ یان...

## بینراوی ٣٤

**(شـەوە)**

**(بەر ئاگردانی شـەوانەی هـەباسـە بچكۆلـەیە)**

منداڵ: جنۆكە... نەنە مینا... وتت جنۆكە چووبووە سەر هەورە بانەكەیان؟

نەنە مینا: كامە... كوا جنۆكە؟... جنۆكەی چی! هەباسە گیان كەی باسی جنۆكە و هەورە بانم كردووە... كوڕەكەم، بابی بابەكەم، هەباس، جنۆكە نییە، ئەوانە جنۆكەی حەقایەتن.

منداڵ: ئەی نەبوو هاوین كە لەسەربان دەخەوتین، شەوی ڕەشەباكە، دەنگی فیكە و زیكە زیک لە چیغەكەوە دەهات... وتم نەنە، ئەوە دەنگی چییە! كەچی تۆ وتت (لاسایی نەنەی دەكاتەوە) بەشاقە هەباشە بخەوە ئەوە دەنگی جنۆكەیە.

نەنە مینا: هەی پێنەگەی، ئەوە لاساییشم دەكەیتەوە... كوڕەكەم بۆیە وتم جنۆكەیە بۆ ئەوەی بخەوی...

منداڵ: ئەمجارەش كە باسی ڕێگرە زلە ئازاكەت كرد، هەر وتت.

نەنە مینا: بابە گیان، ئەوە وتم كە ڕەشۆ چوار پەل قەوییان لە چوخمەكەی خوار ماڵی شێرۆ بەگەوە دایەبەر شیپەی خەنجەر و كوشتیان، خەڵكی تا ماوەیەک نەیاندەوێرا بەو چوخمەدا ڕابوورن، سام گرتبوونی... وەک ژێر چوخمەكە بووبێتە ماڵی جنۆكە، كوڕەكەم ئاوام وت.

منداڵ: باوكیشم دەیوت كە منداڵ بووم، ڕۆژێک پوورە عەواش چی پێ دەڵێن ئەوەی دەڵێن منداڵ دەخنكێنێ؟

نەنە مینا: شەوە، شەوە، وتیان بەدەرزی گرتبووی.

منداڵ: چۆن بەدەرزی؟

نەنە مینا: یەعنی نییە، ئەگینا ئەجندە بەدەرزییەک بگیرێ دەبێ چی لە باردابێ، ئەوەش دەرودراوسێ بۆیان هەڵبەستبوو، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی عەواشی خێر نەدیو.

منداڵ: ئەی باشە، نەنە گیان.

حەپسە: (دەنگ لە هەیوانەوە دێ) ئەرێ هەباس، ئاگری قودرەت نەبڕایەوە، مێشكی



سەری ئەو نەنكە بەستەزمانەت برد، ئەرێ نەبڕایەوە... دەخوا بكا هەبێ، بازەندەقت بچێ.

نەنە مینا: حەپسە كچەكەم لێی گەڕێ، منداڵە و پرسیار دەكات.

حەپسە: ئەوە منداڵە یا مەلابەزێن، ئەوە ئەگەر بەدەمیدا نەدەیت نایبڕێتەوە.

نەنەمینا: كوڕەكەم حەقایەت جیایە و ئەوەی هەیە جیایە، ئەوە بۆ خۆشی دەڵێن، گوایە...

حەپسە: دایە گیان لێی گەڕێ، خۆت بەچییەوە ماندوو دەكەی.

منداڵ: بەجنۆكەوە، ئەی بۆ، بەحەمە شێتیان دەوت، جنۆكە دەستی لێ وەشاندووە؟

حەپسە: دەڵێم سەر شووتی نەیبڕیتەوە، سەری زمانت داغ دەكەم. لەم نێرە بیدۆشییە گەڕێ ئاخر بڵێ تۆبەک هێشتا وەک سەرت لە هێلكە نەجووقاوە هەقی ئەم شتانەت چییە؟ نەسەلكە پیازی نەقنجكی سیر.

نەنە مینا: بابۆ هەباس گیان، ئەوە هەر بۆ حەقایەتە، بۆ خۆشییە؟

منداڵ: نەنە گیان بێدەنگ دەبم، حەقایەتی پردەكە بەچی گەیشت نەنەگیان بەساقەت بم.

نەنە مینا: كوڕە هەزار جار من بەساقەت بم، پردەكە، ئەو پردەی هەر دەیانكرد و دەڕووخا... ئینجا منداڵە عاقڵەكان دڵتان لەلای داپیرەی خۆتان بێ.. هەبوو نەبوو كەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە پێغەمبەر خۆشەویستتر نەبوو لە وەستا باشی وەستاتر نەبوو... لەم حەقایەتەش شیرینتر نەبوو... دەڵێن: شەوانە وەستا بەمەراقی پردەوە سەری دەنایەوە، شەوێ خەونێكی ئەوتۆی بینی لە خەو ڕای پەڕاند، ئازای ئەندامی وەک شۆڕەبی دەلەرزی.

حەپسە: دایەگیان، لە دەورت گەڕێم تەواوی مەكە منیش حەزدەكەم گوێم لێ بێ، ئەوا لە حاجەت شتن بوومەوە.

## بینراوی ٣٥

**(تاریک و ڕوونە)**

**(سـەر پردە)**

هەباس: دەبێ ئەو خەونە بە چ ئەنجامێ بگات... من نەزرم كردووە... تازە پاشگەز نابمەوە... پاشگەزبوونەوە، واتە سڕینەوەی بوونم، هەموو ئەوانەی بنیادم ناون... نەک هەر

خۆم... قیروسیا لە خۆم... ئەو بنیادە هی هەموانە هەموانی پێوە پابەندە... تازە لەوە دەرچووە... ئەوا لە دوورەوە یەکێک... وا بەیاڵەکەدا سەرکەوت... سەگێکی لە پێشەوەیە... ئەرێ وەڵڵا بۆرەیە، ئەوا دەرکەوت، دەلالییە... خوایە سەگەکە پێش دەکەوێ، بۆ ئەوەی ئەو ببێتە قوربانی... ئەوە دەلال کەوتە پێشی... نەکەی... نا... خوا هاوار، خوا هاوار ئەو زوو دەگات... هەنگاوەکانی گورج کردەوە... ئەی ئەو نانەم بەژەهری ماربێ... ئای لەم گیرۆدەبوونە... دژوارە... دژوارە... سەختە سەختە،... خوایە زۆر ئاساییە و گەلێک لام ئاسانە، ئەگەر گیانی خۆم ببەخشم، بەڵام ئەو نەوبووکە نازدارەم!؟ قوڕ بەسەر خێزانەکەماندا دەکەم... ئەی ئەگەر وانەبوو... ئەوا قوڕ بەسەری خۆمان و هەمواندا... دەلال بۆ پێش کەوتی؟... خوا هاوار... بۆ؟ ... بۆ؟ کچەکەم گەلێک سەختە ئای لە کلۆڵی و بەدبەختی.

## بینراوی ٣٦

**(شەوە)**

**(بەر ئاگردانەکەی ماڵی هەباسی بچکۆڵەیە)**

حەپسە: دایەگیان وا نەڵێی... (دەلال)یان لە دووتۆی پایە بڵندەکەدا هەڵبەست... توخوا دایە گیان؟

نەنە مینا: کچەکەم حەپسە، خۆ بەدەست من نییە، ئەوە حەقایەتەکە وا دەڵێ، ئەم حەقایەتە هی عەیامی ئێمە نییە، عەیامی کۆن، هەر کۆن سەدان ساڵ، بگرە چەند هەزار ساڵی لەمەوبەر... ئادەی حەپسە با ئاهێکت پێدابێتەوە، بچۆرە هەیوانەکە هەوایەکت لێ بدا و لەو سەریشەوە کاسەیە ئاوی گۆزە سوورەکەم بۆ بێنە... کچەکەم دەمم وشکە.

هەباس: نەنە جنۆکە کوشتی؟

نەنە مینا: نا ڕۆڵە گیان جنۆکە نەبوو... بەڕۆژی ڕووناک.

هەباس: باشە توخوا نەنە بۆ جنۆکە لە شەودا پەیدا دەبێ؟

نەنە مینا: ئەی باشە بۆ لە ڕۆژدا پەیدا نابێ؟

هەباس: بۆ؟



نەنە مینا: چونکە... نییە... نییە... نییە...، ئەو جنۆکانە نییە، نین.

حەپسە: دایە گیان خۆ تەواوت نەکردووە... فەرموو ئەو کاسەیەم لێ وەربگرە ئاوەکەت بخۆرەوە.

نەنە مینا: خۆش بی کچەکەم... دانیشە... لە دووتوێی پایەکەدا چاوی لێک نا و مرد، قۆڵی ڕاستی بەبازنی، شۆڕە شۆڕی بوو ـــــ لەو کەژانە گەڕابووەوە تەماعی کردە بازن و لە قۆڵی کردەوە... بازنەی لە دەست بەربووەوە... بەعەمری خوا، بازنە بوو بەدار هەنجیرێ، وادەی خۆی هات و هەنجیر چی هەنجیر! چەندی گرتبوو! چوار هێندەی گەڵای دار هەنجیرەکە... هەریەکە ئەمەندە، شیرین لە هەنگوینی چیا شیرینتر، کە پایز داهات خەزان و گەڵاڕێزان دەرهەقی نەهاتن یەک گەڵای نەوەری، ئیدی گەلێک پیرۆزتر بوو... بۆ خەڵکەکە دەرکەوت، هەر ئافرەتێکی نەزۆک، یەک هەنجیری لێ بخواردایە و ناوی دەلالی لەدڵدا بووایە، خوا کۆرپەیەکی جوانی پێ ڕەوا دەبینی. هەباس کە بووی بەپیاو و ژنت هێنا، لەو هەنجیرە بەژنەکەت بدە، ڕۆڵەیەکی چاکتان دەبێ، ئای کوڕەکەم بیرت نەچێ، ئەو ڕۆژە هەر دێ! ئای لەو ڕۆژە! کوڕەکەم هەنجیری ئەو دار هەنجیرەی من دەیڵێم دەست هەموو کەسێ ناکەوێ، ئەوەش کوڕی خۆی هەیە، گاڵتەت بەم قسە و وەسیەتەی نەنە مینا نەیەت، نەنە مینا لە گیرفانی کەواکەیەوە دەری نەهێناوە، دەبینی، هەر وەرزەکە دادێ، وەرزی پاش خۆیت پێدەڵێ، سەرما گەرمات پێدەڵێ، خەزان، وەرزی گوڵان.

## بینراوی ٣٧

**(ئێوارەیە)**

**(سەر پردە)**

هەباس: (دوور دەڕوانێ) ئەرێ کوڕینە ئەوە ڕەنجۆی کوڕەزای باپیرە ڕەنجۆ نییە؟

حەسەن: بۆ نییە؟ ئەها سەیرکەن هەر بەڕۆیشتنەکەیدا دیارە، گورج گورج بەڕێدا دێ، خۆ ماشەڵڵا باپیرە ڕەنجۆ، لەو تەمەنەیدا، هەرکە ڕێ دەکا، دەڵێی تیسکەی تفەنگە.

هەباس: خۆبەتی، یاڵەکە قەدبڕ دەکا. خێرە وا بەم ئێوارە وەختەیە بۆ ئێرە دێ؟

حەسەن: هۆو ڕەنجۆکە، هۆو لاوۆ قیتوقۆزەکە.

ڕەنجۆ: هۆو برا خاسەکە، کاکۆ حەسەن. (دێتە پێشەوە)

هەباس: وەرە، دیارە نوقلانەیەکت پێیە؟

ڕەنجۆ: سلاوی خواتان لێ بێ.

هەردووکیان: سلاو، بان چاوان.

حەسەن: چییە ڕەنجۆ؟ چ ئاگری جگەرێ هەڵی گرتووی و بەرەو ئەم هەوارەی هێناوی؟

هەباس: کاکە حەسەن جارێ با کوڕەکە وچانێ بدا و کەمێک ماندوویێتی دەرچێ.

حەسەن: ئەوە کوڕەزای باپیرە ڕەنجۆیە ماندوویێتی نازانێ. ئێ حەوت برا بدوێ. باپیرە چی دەڵێ؟ چی دەڵێ؟ ڕەنگوڕووی چۆنە، لە ماڵ بوو؟

ڕەنجۆ: سوپاس بۆ خوا، چەند ڕۆژێکە تەواو دڵی خۆشە، بەزاتی خوا تەواو قیت بۆتەوە، ڕوومەتەکانی سوورەسووریانە.

هەباس: ئەو دڵی خۆشبێ، واتە هەمووان دڵخۆشین.

حەسەن: دەبینم، پەیتا پەیتا خۆی بەگوزەری ئاسنگەران و شیرگەراندا دەکات، پێرێ لە چەقی بازاڕدا تووشی بووم، وتم ئەرێ ئەوە بۆچی دەگـەڕێی؟ چیت بزرکـردووە؟ پێکەنی و دەستی خستە سەرشانم.

## بینراوی ٣٨

**(ڕۆژە)**

**(چەقی بازاڕە)**

باپیرە ڕەنجۆ: هیچم بزر نەکردووە، مەگەر تۆم بزر کردبێ.

حەسەن: منیش ئەوەتام لە خزمەتدا، ئەی کەواتە بۆ وا سەرقاڵی و بەم شێوەیە خول دەخۆی؟

باپیرە ڕەنجۆ: حەسەنی تارژەن، سەرقاڵی کۆڕ گەرمکردن و بەزمی سەیرانم.

حەسەن: باپیرە، سەیران! گاڵتەم لەگەڵدا دەکەی؟

باپیرە ڕەنجۆ: تاری خۆت سازکە و هەقت نەبێ.

حەسەن: سەیرانی چی؟ سەیران بۆ کوێ؟ ئەم حاڵە و سەیران!

باپیرە ڕەنجۆ: ئا، کوڕی خۆم، سەیران، سەیرانی چی؟ سەیرانی وەرزی نوێ؟ سەیرانی



جوانان، سەیران بۆ کام کێوە بەرزە، ئەو شوێنەی هەموو ئەم ئاقارانەی لێوە دیارە، کوڕەکەم ڕۆژی ئەو سەیرانەیە، ڕەشبەڵەکێ بێ سەدان دەهۆڵی خۆشی تێدا بکوترێ و دەنگی دەهۆڵ بەدەهۆڵی تردا نەگات.

حەسەن: باپیرە گیان، پرسیارێکم هەیە.

باپیرە ڕەنجۆ: فەرموو، بپرسە.

حەسەن: ئایە دەتوانم هەواڵی ئەو سەیرانە بەدۆست و یاران بگەیەنم؟

باپیرە: بەگوێی هەمووواندا، بەگوێی عەرد و ئاسماندا.

## بینراوی ٣٩

**(ئێوارەیە)**

**(سەر پردەکە)**

حەسەن: (بەدەم تارژەندنەوە ستران دەچڕێ)

(گۆرانییەک دەڵێمەوە... دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ...
گۆرانییەک دەچریکێنم...
بەڕووی خۆردا...
بەڕووی دەشتی فراوانی بێ سنووردا
بەڕووی ئەو کەژە سەختانەی
لە بڵندی و سەرکەشیدا، سەریان لەناو هەورا تۆرا
دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ...
بەپرچی خۆری نەورۆزدا، دەچمە ئاسۆ
نایەمەوە، نایەمەوە، نایەمەوە
هەتا وەکو، چەپکێ لالەی سووری ئاڵ ئاڵ
بۆ پەرچەمی دەزگیرانی خۆزگەی هەمووان نەهێنمەوە دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ...)

ئەمەش لەبەر دڵی کاکە ڕەنجۆی ئاشق.

هەیاس: هەر خۆم وتم، هاتنی ڕەنجۆ بێ مەبەست نییە، زانیم لە سۆمای چاوەکانیدا،

سوورمەی چاو کەژاڵێ پرشنگی دەدا.

حەسەن: ئەوە ئەشقە.

هەباس: کەواتە چاوەڕوانی خزمانی ئەوبەری!

ڕەنجۆ: بەڵێ وەستا گیان.

حەسەن: هەواڵیش تا هەواڵ کەوتووە، خزمیش، تا خزم کەوتووە.

هەباس: پیرۆزبێ، بەجۆش و خۆشییەکەتدا دیارە، خوا یار بێ، بەم زووانە دەممان شیرین دەبێ.

حەسەن: شیرین، لە شیرین شیرینتر.

جا وەرە، لەوبەرەوە بووکی خانومان بەسەر پشتی ماینە کوێتەوە و تارای سووری ئاسۆیی سوورمە چنی بەڕەنگی خۆری بەیانییانی سەرەتای هاوین و چەپڵەڕێزان و، بووکیان هێنا و هاتینەوە و پردی ئاشقان گوڵ ڕەنگە بەگشت گوڵی دنیا، هەر ئاشقە و گوڵ لەپەرچەمی یارەکەی دەدات.

هەباس: ئەوە حەسەنی تارژەنیش...

حەسەن: بەقوربانت بم، ئەوا، بەخۆی و دەستوپەنجەی ژەنین و تارەوە کلێپەی ئاگرێکی بەشالاوە و، ها، ئێستا نا تاوێکی تر، دادەمرکێتەوە، وەرە حەسەنی دڵ بەهاری لە خۆشیاندا (دەست دەداتەوە تارەکەی) شامەرگ نەبێ.

## بینراوی ٤٠

**(شەوە)**

**(لەسەر تەختە بەندی نووستن)**

نەنە مینا: جا ڕۆڵە شیرینەکانم، منیش هاتمەوە و هیچیان نەدامێ... چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێزگز مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەر...

منداڵ: ئەوە چییە...، نەنە گیان، کوا! تەواو نەبووە. کوێرا!

حەپسە: دەکەواتە تۆ بۆی تەواوکە.

منداڵ: زۆری مابوو... ئەی ئەوانە چییان لێهات؟

نەنە مینا: کامانە کوڕەکەم؟



منداڵ: ئەوانەی کوژران.

نەنە مینا: بۆ بکوژرێن؟

منداڵ: ئەی تۆ نەتوت، ئەو شەوە سەر چیا هەرە بەرزەکە کەوتن...

حەپسە: چار نییە، هەر دەبێ بۆی تەواو بکەی... دایەگیان وتت، ئەوەی دەستی چەکی دەگرت و نەیدەگرت ڕووی لەو شوێنە کردبوو، کە دوژمنەکانی ئەو گەلە نیازیان بوو لە قۆڵەوە پەلاماریان بدەن.

نەنە مینا: هەمووان بەیەک ڕیز، ئەوە سالاری ئاسنگەر، کاکۆی جووتیار، سەرداری وڵات، پیر و جوان... هەر هەمووان کچ و کوڕ، کە سەرداری وڵات سەرنجی دا، لە ناخییەوە ئارەزوویەکی جوان سەری هەڵدا و ڕووی زاری تێکردن.

## بینراوی (٤١)

**(ئێوارەیە)**

**(سەرپردە)**

حەسەن: (تارژەندن بەردەوامە) ئای تارا شاباشی سەری پردە و پردیش پەلکەزێڕینە دەبەشێتەوە!... ئای لەو ئاهەنگی هەموو ڕەنگە! ئەوە هەر تارا، تۆ بگرە، سوور سوور، تۆخ تۆخ، کاڵ، پەمەیی، جگەری، شەرابی، خەنەیی، ڕەنگەکانی ڕەزانی کەژی هەوارە بەرزەکان... ئاڵ، ئاڵ، تابلێی ئاڵ، وەک، وەک چی؟ وەک ئەم دڵەی حەسەنی ئاشقی تارژەن.

هەباس: کەواتە، جوانترین هەوریی بەپەلکەزێڕینە چنراو لە ناوچەوانی یەکەم کیژۆڵە دەبەسترێ کە لە وادەی خۆیدا بگات.

حەسەن: ئای لەو بەخت و نگینە! دەبێ یاری چ خوا پێداوێک بێ؟... دەک ئەو بەختە نەسووتێ.

هەباس: پیرۆزبێ.

## بینراوی ٤٢

**(ئێوارەیە)**

**(سەر چیایە)**

**(هەمووان ئامادەی بەرەنگاربوونەوەن)**

ئەحمەد: کورینە سەیری حەسەنی تارژەن بکەن، سەیری کەن چەند دەماغ بەرزە، زەوقەکەی لەوەدا نییە!

باپیرە ڕەنجۆ: کاکە حەسۆ، ئەمشەو شەوی چ ئاواز و لاوکێکە؟

حەسەن تارژەن: باپیرە گیان، لە عەسرەوە لاوکی داستانەکەی قەڵای دمدم لە سینەمەدا کلۆکەفیەتی و خەریکە سەر گەرووم کوێ و لە کەللەمەوە باڵ بگرێ.

باپیرە ڕەنجۆ: حەسۆ گیان، کاتی هاتووە، ئەی نەتبیستووە دوازدە سوارەی مەریوان، هەر بەتەپڵی سواری دوازدە لەشکریان شکاند و هەڵیان بڕین... بزانین تارەکەی تۆ چ دەردێکیان دەداتێ.

حەسەن تارژەن: فەرمانتانە، ئەمە من و ئەوەش لاوکی داستانەکەی دمدم: (دەست بەژەندن و ستران وتن دەکات)

گەلی برادەران، یاوەر و یاران.

نە ستران دەمرێ، نە داستانەکان

نە خەون و خۆزگەی دڵی دڵداران

باڵی ئارەزووی مەلانی گیانن

هەرگیز نامرن، وەکو ژیانن دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ...

سەردار: ئای دەنگت نەڕزێ، هەر خۆشبی، ئەی حەسەنی شاهنشای تار، براکانم، وابزانم ئیتر وادەی ئەوە هاتووە شوێنی خۆمان بگرین و دامەزرێین، حەز دەکەم ڕازێکی دڵی خۆمتان بۆ بدرکێنم! کاتێک دەبینم هەمووان بەپەرۆشەوە دەستەوملانی چەکی بڕواتان بوون، وەک ئەو دڵدارانەی ساڵەهایە بەئومێدی پێک شادبوونەوە دەناڵێنن و لەپڕا بەخۆشی ژواندا دەکەون. لێتان ناشارمەوە، تا ئەم ئێوارەیە هەر گرفتاری دڵەڕاوکێ و جۆرە ترسێ بووم، بەڵام کە ئێستا ئەو پیرە جوانانە دەبینم چوونەتەوە



هەرەتی گەنجی وەک باپیرە ڕەنجۆ و خاڵە ئەحمەدی گورگ خنکێن و وەستا شاسواری پیرە ئاسنگەر، کچ و کوڕ، یار و یاوەران، دڵخوازان... هەباسی جەزیری بەیەک قۆڵەوە، ئەم بڕوا و گیانفیداییە خەم و ترس و دڵەڕاوکێی پێکردم بەدڵنیایی سەرکەوتن، نۆرەی لاوکە، لاوکێ سبەینێ بخوێنیتەوە، ئەو سبەینێیەی بەمان و نەمانییەوە هەر هی ئێمەیە. (دەنگی لاوک)

## بینراوی ٤٣

**(ڕۆژە)**

**(بازاڕە)**

**(هەراوهۆریا و قەڵەباڵغییە)**

غەریب: ئەو خەڵکە بۆ ڕژاونەتە ئەم چەقی بازاڕەوە! چی بووە؟

کەسێک: چۆن نازانی! کوێندەریت؟

غەریب: غەریبم بۆ سۆراغی کارێکم هاتووم.

کەسێکی تر: ئەوە چی دەڵێ؟

کەسێک: دەڵێ چی ڕووی داوە؟

غەریب: نازانم لەلایەکەوە گوێم لە دەنگی تەپڵی سواری و سەرکەوتنە، لەلایەکەوە شین و شەپۆڕە.

کەسێکی تر: جەنگاوەرەکان بەدڵی خۆش گەڕاونەتەوە.

کەسێک: خەڵکینە، تۆزێکی تر کەژاوە ڕوو لە پرد دەکات.

غەریب: ئەوە تاتەشۆر دەبرێ و ئەوە دارەمەیت بەسەر شانەوەیە! ئەوە...

کەسێکی تر: هەرگیز ئەم شارە ڕۆژی وای بەخۆیەوە نەدیوە.

کەسێک: داخم ناچێ بۆ ئەوانەی بەم ڕۆژە نەگەیشتن، ئای وەستا هەباسی جەزیری و داخ بۆ ڕەنجۆی ڕەنجۆ زادەی ئاشق! داخ بۆ ئەو هەموو ڕۆڵە چاکە!

کەسێکی تر: براکەم داخی ناوێ، ئەوانە بۆ ئەم ڕۆژە ژیان و بۆ ئەمڕۆژەش مردن.

## بینراوی ٤٤

**(شەوە)**

**(سەر تەختەبەندێکی خەوتنە)**

نەنە مینا: هەر لەسەر داوای خۆیان، بزانە ئەو شوێنەی کە وەسیەتیان کردبوو تێیدا بەخاک بسپێررێن، ئەو شوێنەش نێوانی پایەی ناوەندی پردەکە بوو، لەوێدا، لەوێدا لە دووتوێی پایەدا هەڵبەستران.

مندال: ئەی لە جنۆکەکان نەدەترسان؟

حەپسە: دایەگیان تێبگەیەنە، ئەو جنۆکانە کێ بوون و کێوە چوون؟.

نەنە مینا: ئەوانە نەمان. ئەو جنۆکانە وەک گورگە دووپێیەکان بوون، ئەمانیش جنۆکەی لەوانەی ئەوان تۆقێنەرتریان بۆ پەیداکردن.

## بینراوی ٤٥

**(بەیانییە)**

**(ماڵی هەباسە)**

**(سەردار و چەند کەسانێک لە سەردانی زینۆدان)**

سەردار: خوشکە شیرینەکەم خاتوو زینۆ، هەباسی ڕەحمەتی هەر لە تۆ نەڕۆیشتووە، لە هەمووان، لە من بەر لە گشت کەسێ، هەر کەسەش لە ژیاندا بۆ هێنانەدیی هیوایەک دەژی، هیوا تا هیوا کەوتووە، هیوای مەزن و پیرۆز هەیە، کە هێنانەدیی ئەو هیوایە، هەر مان خەڵاتی خاوەنەکەی دەکات.

زینۆ: گەورەم، هەر ئەو بەیانییە دڵی خەبەری دابوو، هیچ کاتێ هێندە بەگوشادی نەمدیبوو، دەیزانی بەکێوی ئاواتێکی گەورەی تەمەنیدا هەڵدەگەڕێ.

سەردار: هەڵگرا و بەئاوات گەیشت، گەیشت، ئەو پردی ئاواتەی هاتەدی.

زینۆ: (دەگری) هەر ئەو بەیانییە دیاربوو نایەتەوە...



## بینراوی ٤٦

**(بەیانییە)**

**(ماڵی «هەباس»ە)**

هەباس: ئافرەت تۆزێ پەلە بکە، درەنگمە، بۆ سەرکار دەچم، یەک دوو نان و سەلکێ پەنیرم بۆ لە پریاسکەکە بکە... لەوە دەچێ زۆر دواکەوتبم، ئەوا خۆر لە دالآنەکە دەدات...

زینۆ: ماوەیەکە گورجوگۆڵ دێیتە بەرچاوم... بێ چاوێنی بی...

هەباس: زینۆ: ئەوە بۆ چەند ڕۆژێک دەڕوا، هەست بەشتێکی سەیر دەکەم... بڕوا بکە هەست بەگەنجبوونەوە دەکەم... باکم نییە و وا دەزانم قۆڵە براوەکەم هاتۆتەوە جێگای خۆی... بازوو، مەچەک، پێنج پەنجەی پتەوتر، زۆر بەهێزتر خوا یاربێ ڕۆژانی خەم و تەنگانە رووی لەبەسەرچوونە... ئەها لە ئاسمان بڕوانە، خۆر، خۆری ئاسمانیش، لە ڕۆژانی پێشوو بەتینتر و ڕووناکترە... لە هەر تاڵێکیدا، لە گزنگێکدا هەزارویەک ڕەنگ سەما دەکا و گۆرانی دەڵێ... زینۆ خانەکەم هەست دەکەم، لەو دنیا فراوانەدا کەساسی، پەستی، نەدار و کلۆڵێکی تێدا نەمابێ... لە هەر شتێ بڕوانم گوڵ ڕەنگە و خەندەم بۆ دەکا... ئەڵڵا... لە ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ.

زینۆ: ئەی من چۆن دەبینی

هەباس: تۆ لە هەموو کیژانی، ئەوەی بووە و ئەوەی هەیە و ئەوەی دەبێ شۆخوشەنگتری... دەلالتری شیرینتری.

زینۆ: هەباس، لە گاڵتە دەرچێ، ئەمڕۆ لاوک قسە دەکەی؟!

هەباس: هەر لاوک، کچێ لە ناخمەوە حەزێکی نوێ سەری هەڵداوە... زینۆ.. وەرە پێشەوە گوێت بێنە قسەیەکی خۆشت پێ دەڵێم... مزگێنییە... مژدەت بدەمێ... کوا؟

گوێت (گوێی لە زاری هەباس نزیک دەکاتەوە)

زینۆ: هەنجیرەکەی دەلال!

هەباس: ئەو هەنجیرە هەرە شیرینەی نەنکم لە حەقایەتەکدا باسی دەکرد و هەموو جارێ دەیوت، لەو هەنجیرەی بۆ پەیداکە، ڕۆڵەیەکی چاوگەشی جوانی دەبێ... ئەم زووانە

هەنجیرەکە پێدەگات، ڕۆڵەیەکی زیت و زرنگ... هەباسێک سەرلەنوێ، بەڵام بەبێ ئەشکەنجە... هەباسێک زۆر لە من دەست ڕەنگینتر... زینۆ پیرۆز بێ... هەباسی بەکامی دڵ بەختیار بێ...

زینۆ: هەباسە، بەقسەی تۆ بێ، هەر لەمڕۆوە مشووری لانکی بۆ بخۆین.

هەباس: نەک هەر لانک. لای لایەیەک، باسی خێو و دێو و درنجی تێدا نەبێ: گورگانە شەویش نەبێ، چونکە باسی گورگی تێدایە...

زینۆ: دەبێ چۆن لایلایەیەک بێ!... باس چی بێ؟

هەباس: ئەوەی هەباس و زینۆ و ئەو خەڵکە، لە تاڵاوی ڕۆژگارەکەیاندا، شیلەی هەنگوینی سبەینێیان هێنایەوە...

زینۆ: ئەڵڵا، ئەڵڵا... هەباسە بچکۆڵە... بابی بابەکەم...

هەباس: ئەی بەقوربانی بم (وەک لەگەڵ کۆرپەکەیدا بدوێ) بژ، بژ، بژ... ئادەی سەیری بابە بکە... گیان، گیان، ئادەی بۆ بابە پێکەنە... ماشەڵڵا، ماشەڵڵا... ئادەی زینۆ، هەباسەکەم بەرێ با پێش ئەوەی بڕۆمە سەر کارەکەم، تەنیا ماچێکی بکەم کەمێک بەکامی دڵ بەدڵمییەوە بنووسێنم... ئادەی بابە، بابە ئۆخەی...!

زینۆ: هەباسە گیان، دەی تاوێ بچۆرە لای بابە هەباس حەزدەکا ماچێکت بکات (دەست دەبات خورجی کەلوپەلی کارەکەی دەداتە دەست).

هەباس: (بەسینگییەوەی دەنووسێنێ و ماچی دەکات) هەباسە، هەباسی، هەباسۆ حەوت برامە... ئۆخەی، کاکۆ گیان، نەمردم و دڵم ئاوی خواردەوە، ئای لەم ڕۆژە جوانە!!.

(کۆتایی)

## کۆتەڵە شانۆیی

# کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف

زستانی ٢٠٠١ هەولێر

– لە گۆڤاری (سینەما و شانۆ) ژمارە (٩)ی ساڵی سێیەم، شوباتی (٢٠٠١) بڵاوبۆتەوە.

– لە ڕۆژانی ١٢، ١٣، ٢٠٠١/٦/١٤ لەسەر شانۆی گەل لە هەولێر نمایش کراوە.

– لە ڕۆژانی ٩، ٢٠٠١/٧/١٠ لەسەر شانۆی ڕۆشنبیری لە سلێمانی نمایش کراوە.

– هونەرمەند ئەرسەلان دەرویش دەرهێنەری بووە.

– لەلایەن K. TV ئاسمانییەوە تۆمارکراوە.



کەسەکان:

ئەحمەد بەگ
گوڵخونچە
هیوا
باوەڕ
پوورە ڕەعنا
مام ئەوڕەحمان
مارف
میرزا فەرەج
دادوەر
پارێزەر
بانگکەری دادگا
دەمامک پۆشی (١)
دەمامک پۆشی(٢)

دەنگەکان: لەگەڵ کەسانی دی کۆتەڵ گێڕ

(کەسەکان بەداهۆڵ و بەیداخ و چەشنەها دەمامکی گەورە گەورەی ڕەنگاوڕەنگەوە و کەلوپەل و کەرەسەی جووتیارییەوە و، بەشین واوەیلاوە دێنە سەر شانۆ)

هەمووان:

ئامان ڕۆ ڕۆ... ڕۆ ڕۆ گیانم ڕۆ... ڕۆ ڕۆ
ئامان ڕۆ ڕۆ... ڕۆ ڕۆ گیانم ڕۆ... ڕۆ ڕۆ
عەشرەت هاوارە... کوڕگەل هاوارە
ئامان ڕۆ ڕۆ... ڕۆ ڕۆ گیانم ڕۆ... ڕۆ ڕۆ
شۆڕە سوارەکەی عێلی جافم ڕۆ
ئامان ڕۆ ڕۆ... ڕۆ ڕۆ گیانم ڕۆ... ڕۆ ڕۆ

کۆتەڵ ساز: خۆش هاتن، بان دیدە هاتن، دیمانەتان بەخێر. ئێمە ئەندامانی تیپی کۆتەڵ ساز ئەمانەوێ کۆتەڵ بۆ ئازیزێ سازکەین، کە ساڵی (١٩٣٥) لە هەرەتی گەنجییا لە کەناری ڕووباری سیروان و لە داوێنی کەژی نەوەردا شەهیدکرا، بەڵێ شاعیری نیشتمانپەروەر و ئاواز زرنگ ئەحمەد موختار جاف، ئەبێ بپرسن بۆچی ئەمڕۆ کۆتەڵی بۆ ساز ئەکەن؟ ئێمەش دەستەی کۆتەڵ سازان، ئەمانەوێ وەرامێکی دروستی ئەو پرسیارە ڕەوایەتان بدەینەوە، دەسا فەرموون کۆتەڵە.

هەمووان: وای وای، وەی وەی، واوەیلا...

دەنگ: هەی ڕۆ، هەی ڕۆ، کوژرا، کوژرا...

مێردمنداڵ: کوژرا، کوژرا! کوژراوەکە کێیە؟!

هەمووان:

«دیسان فەلەک ئەم داخە چبوو نای بەجگەردا؟
ئەم ئاگرە چی بوو لە دڵی عالەمی بەردا؟
دیسان چییە ئەم شۆڕە لەناو کوردی جیهاندا
عالەم هەموو غەرقە لە قوڕ و شین و چەمەردا» [١]

قوتابی: بەڵێ (حسێن)ی کوڕی (مەنسووری هەللاج) لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی



کۆچیدا هاتۆتە دونیاوە و لە هەرزەکارییەوە ڕووی لە دەرووی سۆفیگەری کردووە و گەیشتۆتە پلەی ڕابەری باڵا.

هەللاج: دادوەران، برسێتی و نەبوونی، ڕووتی و ڕەجاڵی نییە، گەر هەژاری قەناعەتی لەگەڵابێ، ئەو ئەوپەڕی دەوڵەمەندییە، هەرچۆن دەوڵەمەندی بێ قەناعەت سواڵکەری و ڕیسواییە. هەژاری ئەڵێ: ڕقتان ئەستوورکەن.

دادوەر: لە من وابوو پاشگەز ئەبێتەوە، بەڵام لە پشت و ناواخنی وشەکانتەوە سەرپێچی جاڕ ئەدات و هاوار ئەکا.

هەللاج: ئاشکرایە و هەرگیز ناتوانم نکوڵی لە ڕەوا و ڕاستی بکەم، ئامۆژگاریتان ئەکەم خۆتان گێل و چەواشە مەکەن، دیارە پەتا و درمەکەی سوڵتانیش ئێوەشی گرتۆتەوە.

دادوەر: چۆن وا بەبێ بایەخانە ناوی سوڵتان ئەبەی؟ سوڵتان سێبەری سوڵتانی خوایە لەسەر ئەرز.

هەللاج: خوا لە ئاسمان و لە ئەرز هەر خۆی سوڵتانە پێویستی بەو سێبەر و سایەیە نییە، حەقیقەتی منیش لە کێشەی عەشقێکی دێرینەوەیە کە ساڵەهایە بۆی ئەسووتێم و لە کوورەی کۆڕی ئەو سووتانەدا قاڵ بووم و گەیاندمیە پلەی کەماڵی عەشقی خوا، ئەوەتا خۆم لە بوون و ناخی ئەو ئازیزەدا تواندۆتەوە.

دادوەر: بەسە ئەی خوانەناس، ببڕێتەوە.

قوتابی: ساڵی (٣٠٩)ی کۆچی و لە دوایین لێپرسینەوەدا، دادگا بڕیاری مەرگی دا.

هەللاج: ئەی ئەوانەی ڕەوا بەناڕەوا دەرەتێن، منم کوڕەکەی مەنسووری هەللاج، ئەوا بەسەر تانوپۆی لاشەی کەوڵکراومەوە هەڵئەکشێم، باڵی بەرزفڕی حەز و خۆزگەکانم سینەمی بۆ سەر دوائاسمانی ئۆخەی و دڵنیایی سەرفرازی دەبات. ئێوە نەتانتوانی بەسەر بەندەیەکی خاکی و ساکاری هەژاردا زاڵبن، چونکە ئەو بەسەر ترس و بیما زاڵ بوو، منم ئەوکەسەی لە نەمانیا بوونی چنگ کەوت، چاک بزانن بڵێین و نەڵێین، تەنها یەک وێنە ئەژی و ئەمێنێ ئەویش خوایە و تەنها خوا.

هەمووان: کوژرا... بکوژەکان چاویان سوورە... بکوژەکان گورگی هارن، بکوژەکان لێرەن لەوێن، لە ناوەوەن، لە دەرەوەن... بکوژەکان...

(ماوەیەک بێ دەنگی)

(دەنگی پەیتا پەیتا لێدانی دەرگا)

پوورە ڕەعنا: خوایە خێربێ، کێ بێ؟! بەم درەنگ وەختا؟ میوان و ئەم ناوەختە! کاتی ئەوە نییە، مەگەر... مەگەر... کێیە؟ هاتم وا هاتم.

گوڵخونچە: پوورە ڕەعنا، لە خۆتەوە دەرگا مەکەرەوە جارێ بابزانین کێیە، ئەوسا... پوورێ کێ ئەڵێ...

پوورە ڕەعنا: کچم ئەوە خەریکە دەرگاکە لە گرێژەنە ئەبا، ئا ئەو چرایەم بەرێ...

گوڵخونچە: ها پوورێ گیان، بەڵام...

پوورە ڕەعنا: خوایە، چ ڕۆژگارێ تێکەوتووین! وەرە نەوێری دەرگا، دەرگا بکەیتەوە... ئێ، ئێ، تۆ کێیت؟

(دەرگاکە ئەکاتەوە) ئەمە تۆی مارف، کوڕەکەم دەڵم هەزارویەک ختوورەی کرد، بەخێربێی، وەرە ژوورەوە.

مارف: پوورێ گیان، درەنگە، ئەبێ زوو بڕۆین، تخوا عەول ئاگادارکە، کات بەدەمیەوە نەماوە، پوورێ گیان، ئەبوو زوو بمانزانیایە، ئەمە زەنگە، زەنگ ئەزانی... ئەحمەد بەگ، ئەحمەد موختار جاف...

پوورە ڕەعنا:

نەڵێی، دەک کوێربم، کەی، لە کوێ؟

(تاریکی)

دەمامک پۆشی (١): دەنگوباس چی بوو؟ خەڵکەکە چی ئەڵێن؟ ها؛ هیچ، هیچ ناڵێن، چۆن چۆنی باسی لێوە ئەکەن.

دەمامک پۆشی (٢): هەزارویەک لێکدانەوەیان هەیە، دوژمنایەتی بووە، یان هەندێک پەنجەی گومان بۆ ئەوان ڕائەکێشن...

دەمامک پۆشی (١): ئەوان! کامە؟ کام ئەوانە؟ کەمێ بەڕوونی بدوێ، بابزانم، ئەڵێم کەس، کەس بە کاری کابرای زانیوە؟

دەمامک پۆشی (٢): قوربان هەر ئەو شەوە مارفی کاکەسوور خۆی گەیاندۆتە ئەو ماڵە کە ئێوە باستان ئەکر، ئەوەی وتتان ئاگری بنکایە...



دەمامک پۆشی (١): ئێ. ئێ، بڵێ گوڵخونچە نازەنینە بەردڵانەکەی شاعیر، ئەوەی گومانی لێ ئەبێتە ڕاستی و ڕاستی لێ ئەبێتە گومان. ئەوساکە زۆرچاک ئەزانرێ کێ مرخی لێ خۆش کردووە... ئەم هەویرەش هەر ئاو زۆر ئەکێشێ و باش ناکەوێتەوە.

دەمامک پۆشی (٢): زۆر تەواوە، فەرموودەتانە.

دەمامک پۆشی (١): هەرکاتێ ئاگرت کوژاندەوە، تا لە خامۆشی ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێشەکەی دڵنیا نەبی لێی مەگەڕێ و وازی لێ مەهێنە. بەڵام بەهەرحاڵ گرفت بەپەستاوەی گرفتی تر لەسەری. وەک ئەو پەڵە هەورانەی لێ دێ کە لە خەستبوونەوەیدا ناسک ئەبێتەوە و بەرگەی شنەبایەکی فێنک ناگرێ و دائەبارێ.

دەمامک پۆشی (٢): گەورەم، بڵێین و نەڵێین، ئەوە خەڵکەکە ئەهەژێنێ.

دەمامک پۆشی (١): ئەزانی هەر هەژاندنە هێندی کەرەوەی خۆی هەیە، بەڵام ئەبێ، هەرچییەک کراوە نەهێڵرێ نامەنووسەکە بناسرێ، بۆ ئەوەی شوێن دەرچە گوللەکەش نەناسرێ، هیچ لەوە سڵ ناکەمەوە کێ ملی یاخیبوون و سەرکەشی ئەگرێ، خوای ئەکرد، چی چڵە دەوەن هەیە ئەبوو بەتفەنگ.

(تاریکی)

ئەحمەد موختار:

«لە خەو هەڵسن، درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە
دەسا تێکۆشن، ئەی قەومی نەجیب و بێکەس و مەزڵووم
بەگورچی قەتعی کەن ئەو ڕێگە دوورەی وا لەبەرتانە» (٢)

هەمووان:

«لە خەو هەڵسن، درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە»

هیوا: ئەحمەد موختار جافی شاعیر، لە ڕۆژی (٥)ی مانگی ڕێبەندانی ساڵی (١٩٣٥) لە گوێ ئاوی سیروان و بەدەستی نەناسراوێک شەهیدکرا، لە خەمخۆرانی شاعیر وتوویانە:

باوەڕ: لەبەر خەبات و بیری ئازادیخواز و گیانی نەتەوەیی «لە حوکمی عەهدی بائیدا، لەلایەن ناپاکانی ئەو عەهدەوە شەهیدکرا».

قوتابی: (کەمالی)ی شاعیر دیوانی ئەحمەد موختار جاف سلێمانی، ساڵی (١٩٦٠).

باوەڕ: «بەگوللەی تفەنگێ دەستێکی پیس لەسەر ئاوی سیروان کوژرا و جوانەمەرگ بوو».

قوتابی: سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، لاپەڕە (٥٤٥).

باوەڕ: «لە ساڵی (١٩٣٥) بەدەست تاوانبارێکی دەست ڕەشەوە، لە ئەنجامی گەلێ بروبیانووی ناشایستەوە دەسترێژی لێکراوە و دەروازەی ژیانیان کلیل و کڵۆم داوە».

هەمووان: دەروازەی ژیانیان کلیل و کڵۆم داوە.

قوتابی: ئەمەش ڕای مەحموود زامدارە، لە ژمارە (١٧)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێی ساڵی (١٩٧٤)دا بڵاوکراوەتەوە.

باوەڕ: جا ئەگەر هەر بەرێزێ ڕا و زانیارییەکی دی هەیە با بفەرمووێ، باسەکەمان کراوەیە ئەگەر ڕای تر نییە؟ ئەم ڕایەش هەیە.

قوتابی: ئەوەتا مامۆستا ڕەفیق حیلمی ئەفەرمووێ: «لەسەر ئاوی سیروان لەلایەن دەستێکی نەفامی کوردەوە کوژراوە» پیرەمێردیش لە ڕۆژنامەی (ژین)دا فەرمووی:

هەمووان: (لەسەر ئاواز)

«دوو مەسرەع، یەکەم کەیخوسرەوانی
دووەمیان خاڵی ڕووی ئەردەڵانی
بووبوو بەشیعری جوان و نەوجەوان
دریغا فەلەک خستیە ناو سیروان»(٣)

هیوا: دیارە، مامۆستا کوردۆ بەخۆڕایی ئەم بابەتی کوشتنی شاعیرەی بۆ ڕاپۆرت نووسین بۆ دەستنیشان نەکردووین، بەتایبەت، بینینەوەی هۆکاری سەرەکی لەناوبردنی.

باوەڕ: باشە، ئەوەندە ساڵە ئەحمەد موختار جاف شەهیدکراوە، بۆ ئەبێ ئەمڕۆ هۆی کوشتنەکەی بزانین؟!



هیوا: زۆر ڕاستە، بەڵام ئەمەش پەیوەستی جۆرە ئەگەرێکە، ئەگەری کوشتنەوەی لەمڕۆ و لە ئایندەدا، جارێ با لەوە گەڕێین، فەرموو لەم سەرچاوەیە بڕوانە، ئەها ئەوەتا لە لاپەڕەی (١٣٤)دا وا ناڵێ...

باوەڕ: دیارە بەمەبەستی شوێنە ونییە، ئەوەتا ئەم لاپەڕەیەشی گرتۆتەوە، باشە هیچ حەرفێ بێ مەبەستێ دەنووسرێ؟ بێگومان نەخێر، باشە بۆ ئەم شێرە و بێرەیەی پێ ئەکرێ؟

هیوا: ئەی کەواتە ئێمە بۆ کۆتەڵ ساز ئەکەین؟ ئەم زیندووکردنەوەیە، ئەبێتەوە بەباشترین سەرچاوەی باسەکە، چونکە شایەتە زیندووەکان بەڵگە زیندووەکان ئەخەنەوە ڕوو، دوێنێ لەمڕۆدا سبەینێی لێوە ئەبینرێ.

باوەڕ: مەبەست؟ هەنووکە چی بکەین؟ هەنگاوی یەکەممان؟

هیوا: گەڕانەوە بۆ دۆسییەی کوشتنەکە، دۆسییەی کێشە و دادگا.

باوەڕ: ئەوە ڕۆژ و مانگ و ساڵ...

بانگکەر: دادگا... دادگا

(هەمووان هەڵدەستن)

دادوەر: بڕیارمان دا دۆسییەی کێشەی کوشتنەکەی ئەحمەد موختار جاف تا کاتێکی دیاری نەکراو دابخەین و کۆتایی بەدانیشتنەکە هات.

هیوا و باوەڕ: کۆتەڵ بەردەوامە، کۆتەڵ بەردەوامە لەو دەمەوە بۆ ئەم سەردەمە

هیوا: ئەو دەمە

هەمووان: ساڵی (١٩٣٥)ە

باوەڕ و هیوا: ئەمڕۆکە... واتە (مێژووی ڕۆژی نمایشەکە ئەڵێن لەگەڵ ئان و کاتژمێردا)

هەمووان: ئێمە خوێنی بەناهەق ڕژاوی ئەو یارە هەڵیگرتووین... خوێن... خوێن... خوێن

قوتابی: زیندانەکان جەمەیان هات... هاوارێکی گراوی بوو... دیواری ڕەق، ڕەقوتەق و زەبەلاح دونیای دیوار، چوار وەرزی ساڵ، دیار و شوێن و کات و ڕۆژژمێر بوو، دیوار...

هەمووان: دیوار، دیوار، دیوار

قوتابی: لەسەر ئەم دیوارە بەنینۆک نووسراوە...

هەمووان: دیواریش گێڕایەوە.

هۆمەر: دایکە گیان، چۆن بوو هاتی؟ چۆن گەیشتی؟ دایکە گیان، ئازاری زۆرم چێشتووە، ئەشکەنجە نەماوە نەمدەن، ئەمڕۆ بەدرێلی کارەبایی هەردوو ئەژنۆیان کون کردم، دوێنێ چاوانیان هەڵکۆڵیم... سبەینێ سەعات شەشی بەیانی دواهەناسە و کۆتایی، دایکە چونکە نەڕووخاوم، چۆکم نەدا و نەدۆڕام، مژدەت بێ بەیار بڵێ، هۆمەر ئەڵێ نەکۆتاییەکەم سەرەتایە خۆی لە تەل با، کامە تەڕ و ئاڵ و جوانە بابیپۆشێ زاواکەی خۆی شەدەی لارە و سواری ئەسپی ئۆخەی بووە وا لەڕێیە... (دەنگی شایی)

هەمووان: دیوار، دیوار، دیوار...

قوتابی: لەسەر ئەم دیوارەش، دوا پەیامی خازێ خانە (دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا تێکەڵ بەلاوک ئەبێ)

خازێی ئێوە

مەمک بڕاو

خازێی ئێوە

(بێدەنگی)

(بەرەبەرە دەنگی نای دێ)

هیوا: وا ئێوارە وەختانە و وادەی سرەوتنی خۆرە، بەڵام خۆر لە تاقی ئاسمانی شارەکەی هەڵەبجەدا، هەر ئەڵێی بەڵایەکی گەورە ئاڵۆدەی تووڕەبوونێکی ئەوتۆی کردووە، کە سەرەوخوار خۆی بەسینە و بەرۆکی ئاسمانی حەوتەمینەوە هەڵواسیوە و نابزوێ و نقەی لێوە نایە.

گەواڵە هەورەکان هەر ئەڵێی داپیرەیەکی کۆست کەوتووی جەرگان سووتاوە، ئۆقرە ناگرن و بەهەڵەپرووزێوە بەیەکدا دێن و دەچن و ئەمسەر و ئەوسەری کەپکی بەمۆو باڵامبۆ ئەکەن. گلارویانە، لە خۆڕا نییە، منەی ڕەشە هەواڵێکی جەرگبڕ، کارەساتێکی تەلیسماوی و چڕوپڕ بەهەزاران گردەلۆکەی کلافەی خەم و گومان... سەیرکەن، ئەوەتا دەشت و چیا و هەرد و وەرد و سارا و دۆڵ و دارستان و دەوەن، بوونەتە



تاقە گوێیەکی شلی هەڵخستووی نزیک و دوورە هەواڵێ، سۆراخ و سۆراخ و بێ سەروشوێنە، شار بیلبیلەی زەقبووی تاکە چاوێکی سەرنجی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنێکە، ترپەی دڵی هەر هەمووان، ئەوانە کە هێشتا لە منداڵدانی دایکیانان، هەر هەموو، سۆزەی بەرد بەئاوکەرەی خونچە گوڵەکان، بۆ پرشنگی چاوە کەژاڵەکانی لەیلەکەی ڕازونیازی ئەحمەد ئەژەنن.

باوەڕ: ئەوە ڕووباری سیروانە و لەنجەولارەکەی جاری جارانی بەیاخیبوونێکی سەرەڕۆ و سەرەوژووربوونەوەی سەرکێشانەی تۆقێنەر گۆڕیوەتەوە، کەفوکوڵیەتی، گڕکان لە زاری شەپۆڵەکانییەوە شاڵاوی گڕاوی سەرهەڵئەدا و بەباڵای نەوەرا هەڵئەگەڕێ و خەیاڵی هەڵکشانی دواجارەیەتی و دوا سکاڵاکانی جەور و ستەمی سەردەمی بەگوێی دونیادا ئەدا، ئەڕوا و کێ بێ کەمی دڵی باتەوە؟ کێ بێ بتوانێ داوێنگیری هێنانەوە سەرخۆی بێ؟ ئامان، ئامان، سەد ئامان... بریسکەی چاوی ئەحمەد بەگە و پرشنگ ئەدا.

خونچە گوڵ: ئەحمەد بەگ، ئەحمەد بەگ، ئەحمەد بەگی جوانەمەرگ، ئەحمەدەکەی خونچەگوڵ.

ئەحمەد بەگ: بەڵێ خانمە خاسەکەم، بەڵێ شیرینەکەی ئەحمەدی فەرهاد، منم، وەرە سەرنجی چاوەکانم بدە،

لە نەقشی ڕووخسارە هەڵاڵەییەکەت بڕوانە، بەیادی جارانەوە پێت ئەڵێم: خونچە گوڵ لە چاوانی منا جوانتری یان لە ئاوێنە گچکەکەی گیرفانی بەر باخەڵی سوخمە مۆرەکەت، چییە؟ بۆ خەمناکی؟

خونچە گوڵ: ئەحمەد گیان شین و چەمەرەی تۆیە، خەڵکەکە سەرقاڵی تەدارەک سازیی کۆتەڵەکەتن، ئۆخەی کوشتنەکەت درۆ دەرچوو، ئەچم چل مۆم لەسەر مەزاری پیر محەمەد دائەگیرسێنم، کوڕە نەزرم کردووە، هەوریەکەی سەرم ئەدەم بەدەم ئاوەکەی کانی ئاشقانەوە و ماڵەوماڵ حەلْوای گوڵەزەرد ئەبەشمەوە، مزگێنی بەخەڵکی شار ئەدەم، ئەڵێم ئەحمەد بەگ نەکوژراوە، هەر ئەمڕۆ بەچاوی خۆتان ئەیبینن.

ئەحمەد بەگ: کچێ خونچەخان، کەمێ ئارامت بێ، ڕاستە منم، بەڵام بۆ کۆتەڵەکەم هاتوومەتەوە... ئەی کۆتەڵی من نییە؟

خونچە گوڵ: ئەحمەد بەگ!

ئەحمەد بەگ: کچی بۆ کۆتەڵەکەم هاتوومەتەوە، شوێن هەنگاوەکانی خوێنی ڕژاوی خۆم کەوتووم زامەکانم گەواهی زیندووکردنەوەی کۆتەڵەکەمە.

خونچە گوڵ: نامێنیتەوە؟ ئەی دوای کۆتەڵەکە...

ئەحمەد بەگ: دوای کۆتەڵەکە؟ ئەودەمە...

(نامێنێ)

هەمووان: سەڵاوت لە دیاری پێغەمبەر و خواجە بەخێری بگێڕێ.

پوورە ڕەعنا: خێرە ئینشاڵڵا خێرە... با کەسیش پێی نەزانێ، باسی مەکە، مەیگێڕەرەوە، بۆیان بکرێ خەونیش سەر ئەبڕن.

خونچە گوڵ: پوورە ڕەعنا، ئەحمەد بەگ، ڕوومەتەکانی سوورە سووریان بوو، بەڵام ئەوەی لە دڵما بۆتە کەسەر، ئەوەبوو، ویستی قسەکانی تەواو بکات بەڵام لە چاو ون بوو...

هیوا: پرسیارێک دێتە ئاراوە...

باوەڕ: چۆن؟ پرسیاری چی؟ ئادەی.

هیوا: هەر هەموو ئاکامەکانیش لە وەڵامی ئەو پرسیارەوە دێنەدی.

باوەڕ: دیارە وەرام لە پرسیارەوەیە، مەنتیقیش وا ئەڵێ.

هیوا: پرسیاری: بۆ ئەحمەد بەگ کوژرا؟ کێ ئەحمەد بەگی کوشت بۆ لەو ڕۆژەدا؟

هەمووان: بۆ ئەحمەد بەگ کوژرا؟ کێ ئەحمەد بەگی کوشت؟ بۆ لەو ڕۆژەدا کوژرا؟

ئەحمەد بەگ:

«جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو
لەم موحیتە مەنعی عیلم و سەنعەت و عیرفان ئەکەن
ڕووڕەشی دونیا و قیامەت، ئەو نەفامانەن کەوا
هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بەپارە و نان ئەکەن[٤]».

مام ئەوڕەحمان: سەرم لەم کارە دەرناچێ، هەرچی ئەکەم، سەرئەهێنم و سەر ئەبەم، بێ سوودە و هیچی لێ حاڵی نابم، باشە میرزا فەرەج، تۆ بۆ ئەمەیان ئەڵێی چی و چۆنی لێ ئەگەی؟



میرزا فەرەج: ئەوانە سەرکزی دڵ وریان، لەوانە بترسە کە مەنگن، ئەوانەی ئەڵێی ئاولای داون، ئا ئەوانەی هەر ئەڵێی ئاگری بن کان... ئەوانەی سەرێک و هەزارویەک سەوایان هەیە... ئەوانە... ئیتر.

مام ئەوڕەحمان: ئەم ئاشووب و ئاشووب نانەوەیە شتێکی تازە نییە، هەرنەبێ، ساڵانە وادەی خەلەو خەرمان هەڵگرتن، کارەسات و گۆبەند و گوڵمەزێکی ئەوتۆیان لەناو ئەو فەقیر و هەژارە قوڕبەسەرانەدا ئەنایەوە، بەری ڕەنجی سەدان جووتیاری ڕەشوڕووت ئەبووە خۆراکی ئەتک و پەنگی خەرمان سووتانی، ئەوەی بەڕەنج و ماندووبوونی ساڵ ئەهاتە بەر بەئانێ دائەمرکایەوە.

هیوا: هەر سەرچاوەیە بەجۆرێ لە کوشتنەکە ئەدوێ، بەڵام هیچیان نکوڵی، نە لە حەقیقەتی کوشتنەکە و، نە لە ڕادەی زرنگی و هۆشیاری کوژراوەکە دەکەن.

باوەڕ: گرنگ ئەوەیە شتێ بکەین بەشتێ و، هەوڵەکەمان بەفیڕۆ نەچێ و، بەدەستی بەتاڵ نەگەڕێینەوە.

هیوا: پەلەت نەبێ، جارێ لە کوێمانە، بۆ کوێ ئەچێ، هەر ئەبێ دەستگیری کەین، ئێمە ئەبێ ئیتر خەمی پەیداکردنی شایەتە زیندووەکان بدەین، زیندوو بەسەر سەردەمەکەوە.

باوەڕ: کاکە هیوا گیان، بۆ شایەتی مردووش هەیە؟!

هیوا: هەندێ ڕووداو بەبەردەوامی ئەژین و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیندووتر دەبن و دەژێنەوە، ئەوانە نەک هەر شایەتی زیندووی ڕۆژگارەکەیانن، بەڵکو بەردەوام، پاش خامۆشی ڕووداوەکانیش، بەشنەبایەکی یاد دەبووژێنەوە و دەبنە گەواهی بەئاگاهێنەرەوە و، سەلمێنەری هەرمانی ڕاستییەکان، بۆ نموونە... ئەمڕۆ، ئا ئەمڕۆ ساڵی چەندە؟ چەنی مانگە؟ چەند شەمووە؟ هەینییە؟

(تاریکی)

(خونچەگوڵ بەچرایەکەوە پەیدا ئەبێ)

خونچەگوڵ: دەرنەکەوت، دیارنەبوو، شەوگار درەنگی کرد، ئیدی چار نییە، بێ هوودەیە، کات بەبەرییەوە نەماوە، گەر لە هاتن بوایە، ئەوە هەر سەرلەئێوارە دەرئەکەوت، ئێرە شوێن نزرگەکەی جارانییەتی، دەبێ ئەمشەو بەختم یارنەبێ،... مۆردانە و

باخی میر و گوڵان خامۆشن، نەسروەیە، نەشنەیە، نەبۆنوبەرامەکەی جاری جاران، (سەرنج ئەدا و چراکە بەرز ئەکاتەوە) ئەوەی بەرەو ڕووم دێ، ئەحمەد بەگ نییە؟ بۆ؟ بۆ ئەو نییە...! ئەحمەد بەگ، منم، گوڵخونچەم، کوڕەخاسەکە، ئەوا من لەوای بەیانەوە، هەر چاوەچاومە، لابە و وچانێکی بۆ بدە... سەیرم ئەکا و، قسە ناکا، خۆتی، یان تارماییـیەکەتە؟! تۆ ئەویت... چی لێ هات؟ لە چاو ون بوو! ئەڕۆمەوە... ئەڵێم ئەحمەد بەگم بینی، خۆی بوو... کوتومت، بەڵام بۆ نەیدواندم؟ نەیناسیمەوە! ئەوێک بۆ عەشقی من ئەژیا... ئەوێک لە برژانێکی چاوەکانمەوە خۆر و مانگ و ئەستێرە و ئاسمانی ئەناسی، جارێکیان لە ڕێگای کانی ئاشقان تووشی بووم و ئاوا هاتە بەردەمم، وتی:

ئەحمەد بەگ: گوڵخونچە ئارامت بێ، ئەمە ساتەکانی ژوانی شەوی قەدرە، نزای دڵ و خەڵکیم هەیە مەڕۆ و با لە چاوتا نزاکەم گیرابێ و بەڵکە ئەم ساڵە بەشەستە باران دڵنەوایی خاکی شارەزوور بداتەوە.

گوڵخونچە: ئەحمەد بەگ ڕازی دڵی من و خەڵکەکەی خوێندەوە بارانی پەڵە بەدەنگیەوە هات، باران باری... سامـاڵ بوو... دەشتی شارەزوور پرچی بەدەم شنەباوە سەمای ئەکرد...

هەمووان: هۆ خەڵکی شار، کۆتەڵ سازکەن، کۆتەڵی شاعیرە جوانەمەرگەکەی شارە، کۆتەڵی کۆترە باریکەکەی چلاوچلێی باخچەی شارە.

(کۆتەڵ ساز ئەکرێ)

هەمووان: (بەدەستووری کۆتەڵ سازی دێنە سەر شانۆ)

هەی ڕۆ... هەی ڕۆ، ڕۆ ڕۆمە

میرزا فەرەج: هەر فیتی ئەوانە بووە باعسی سەری ئەو جوانەمەرگە

مام ئەوڕەحمان: ئا ئەوانەش کە پێیەکیان لەمبەرە و ئەویتریان لەوبەر، ئەوانەی بوونەتە کەری ناوجۆگە. هەر ئەوانەش لەلای ڕاستی کۆست کەوتووانە و دەواری ڕەش و قوڕیان لە شان و بەرۆک ئەدەن.

میرزا فەرەج: جارانیش کەسانێک هەبوون، هەر لە دەمەوئێوارەوە دیوەخانیان بەچەقەبازی گەرم ئەکرد، لە ئانێکا لە سەد باسیان ئەدا و، هەر هەموو باسەکانیشیان بۆ سەر



یەک شت ئەبردەوە، تەنها مەبەستیان ئەو گەڕانەوەیە بوو، هەمەچیزە... هەرکە باسی ئەم وڵاتەش بهاتایەتە ناو باسانەوە ئەوە دەمیان ئەبوو بەتەڵەی تەقیو.

مام ئەوڕەحمان: بەسەری تۆ، بەگیانی ئەو جوانەمەرگە، پێویست بەماندووبوون و سەرئێشە ناکات، پێشینان وتوویانە، دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە.

میرزا فەرەج: دەک ڕەحمەت لە بابت، ئاگات لێ بوو، هەرکە هەواڵی کوشتنەکە گەیشت، ئیتر کێچ کەوتە کەوڵیان و مارخۆڵانیان پێگەیشت و هەر خەریکی شوێنە گۆڕکێ بوون، ئەهاتن و ئەچوون، هەر ئەتگوت ڕەقاسی سەعاتی چاڵمەن... هەزارویەک ڕەنگیان ئەهێنا و ئەبرد، هەر ئەوانیش بووبوونە چاوساغی ئەوانی تر، کاتی خۆ هەلی چاکیان بینیبیەوە، لە دڵی خۆیانا ئەیان وت، هەلە و خوا یاوەتی.

مام ئەوڕەحمان: هەمیشە پیاوی سەر ڕاست نێچیری ئەو چاوچنۆکانە بووە، ئا ئەمە کورت و موختەسەرەکەیەتی.

(دەنگی شین و هەرای کۆتەڵ دێتەوە)

هیوا: ئاها... ئا ئەمە خۆیەتی، ساڵی (١٩٣٥)ە و دۆسییەی کوشتنەکەیەتی.

باوەڕ: ئێ، چی تر؟

هیوا: ئەوەتاش، بەفەرمانێکی هەرە هەرە بەرز لۆک کراوە.

باوەڕ: ئای لەو خاوەن بەرزە فەرمانامە، ئەو بەرازانە، هەرکە ئەو کێشەیەیان چۆتەبەر دەست، دەسبەجێ لۆکیان کردووە... ئەزانن بۆ؟

هیوا: بەڵام هەردەبێ بکرێنەوە... ئەزانی بۆ؟

(تاریکی)

بانگکەر: دادگا... دادگا

دادوەر: با پارێزەری کوژراوەکە بفەرمووێ.

پارێزەر: بەرێز سەرۆکی دادگا، بەڕێزینە، ئەمە ڕووداوێکی گەلێک ڕوون و ئاشکرایە، ئەتوانم بڵێم، بەڵگە نەویستە، وابزانم زۆری خایاند و بەڵام هیچ بایەخ و حەقێکی پێ نەدرا ڕێگا بفەرموون، بڵێم، جۆرە لێڵ کردن و وێڵ کردنێکی تیا دەبینم، دیارە هەر ئەوەشە کە لەلای خەڵکی باسی ئەکرێ و بۆتە مایەی وەت وەتە.

دادوەر: تکایە، لە چوارچێوەی ئەرکە پێ سپێردراوەکەت دەرمەچۆ، تۆ ئەتەوێ چی بڵێی؟

پارێزەر: ئەمەوێ بڵێم، هەست بەدەست تێوەردان ئەکەم، دەست تێوەردانێکی لەو دەستە درێژانەوەی کە ئەمدیو و ئەودیو ئەکەن، لەوانەی...

دادوەر: ئاگات لە دەمی خۆت بێ، بزانە چۆن چۆنی داکۆکی ئەکەی، بۆت نییە، تانەوتەشەرە و تانووت لە دادگا بدەی، یان خوانەخواستە، گومان لە پاکێتی دادگا بکەی، باشە جەنابتان بەبێ هیچ بەڵگەیەکی زیندوو، چۆن، ئەم جۆرە ڕایانە دەرئەبڕی؟

پارێزەر: گەورەم، سەرۆکی دادگا، بەئاشکرا هەست بەکۆمەڵە تەگەرە و کۆسپی دروستکراو ئەکرێ، یەک لەدوای یەک، ڕێگا لە ڕایی بوون، ئەم کێشەیە ئەگرێ.

دادوەر: کۆسپ و تەگەرە!

پارێزەر: بەڵێ گەورەم سەرۆکی دادگا، کۆسپ و تەگەرە، تەگەرەی بەزۆر دروستکراو.

دادوەر: کامانەن؟ ئەمە کێشەیەکی، گەلێک ئاساییە، کێشەی کابرایەکە، ڕەنگە گەلێک گیروگرفتی، لەگەڵ ئەم و ئەوا بووبێ، هەرچۆن ناوچەکە، ناوچەیەکی عەشایرییە و، ڕۆژانەش کەسانێک لەسەر کێشەی ئەرز و ئاو ئەکوژرێن. ئیتر لە خۆتەوە ڕمڵ ئەهاوی و بیرت بەلای خەیاڵی ئاڵۆز و تەماویا ئەچێ، سەیرە زۆر دوور ئەڕۆیت.

پارێزەر: بەڕێز سەرۆکی دادگا، هیچ شتێکم لەسەر خەون و خەیاڵ بونیاد نەناوە، ئەو کێشەی کوژراوەی من داکۆکی لێ ئەکەم، هیچ پەیوەندی بەکێشەی عەشایری و نیزاعی ئەرز و ئاوەوە نییە، ئەو مرۆڤە زۆر لەو مەسەلانە گەورەتر بووە، ئەو مرۆڤە خاوەن کێشەیەکی گەلێک گەورە بوو، کە زۆری لە خۆ گرتبوو...

دادوەر: ئێ، ئێ... کێشەی گەورە... ئاستی بەرز و دیار...

پارێزەر: بەڵێ کێشەی گەورە و ئاستی بەرز و دیار.

دادوەر: بەڵگەت؟

پارێزەر: دیوانەکەی، شیعرەکانی.

ئەحمەد بەگ:

«بەسەر خاکا، ئەگەر نازیش بکەن، حەقتانە کوردینە



تەماشای سێبەری ئەم شاخ و کێوانەی لەسەرتانە

بەبێ قەدری بەسەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگرن

گوڵاڵە سوورەی ئەم سارایە خوێناوی جگەرتانە» (٥)

پوورە ڕەعنا: ئا، ئا، ئەو ڕۆژە بوو.

خونچە گوڵ: ناپوورێ، بەری دوو ڕۆژ بوو.

پوورە ڕەعنا: باشە نەئەبوو بزانن چییە؟

(تاریکی)

ئەحمەد بەگ: ئەم نامەیەم لێ بگرە.

خونچە گوڵ: ئەحمەد بەگ، ئەمە بۆمنە؟ یان...

ئەحمەد بەگ: بیخەرە باخەڵتەوە، چاک هەڵیگرە، خانمەکەم بۆ تۆیە.

خونچە گوڵ: چی تیایە؟ باشە بۆ بەدەم پێم ناڵێی؟

ئەحمەد بەگ: بەدەم؟ نا، پاشان ئەزانیت.

خونچە گوڵ: تێناگەم! نازانم مەبەستت چییە؟

ئەحمەد بەگ: خانمە خاسەکە، ئەو نامەیە پەیوەندی بەسەفەرە کەمەوەیە، پەیوەندی بەوانەشەوەیە کە بانگیان کردووم.

(تاریکی)

دەمامک پۆشیی (١): ئەو نامەیە! ئای لەو نامەیە!... وای لەو نامەیە!

دەمامک پۆشی (٢): دژوارە، دژوارە، گەلێک، گەلێک دژوارە

دەمامک پۆشی (١): نابێ بزانرێت، نابێ بخوێنرێتەوە، نا نا... نابێ.

دەمامک پۆشی (٢): دەستەکان ئاشکرا ئەبن و ئەکەونە ڕوو، ئەڵێم قیروسیا لە ئێستاکە، ئەی...

(تاریکی)

هیوا: ئەو نامەیەی کە خونچەگوڵ لە باخەڵی نا، ئەوە کلیلی کردنەوەی تەلیسمەکانە و، سەری گلۆڵە ئاڵۆزەکەیە، ئەوە ئاشکراکەری ئەوانەشە کە لە پشت کێشەوەن.

باوەڕ: باشە ئەوە چۆن چنگ ئەکەوێ؟ چۆن هەوڵی بۆ بەین؟

هیوا: ئەگەر چنگ کەوت، ئەو کاتە دەمامکەکان دائەماڵێ و ڕووەکان ئەکەونە ڕوو، ناو ئەزڕێ و ئەوکاتە خۆی هاوار ئەکا.

باوەڕ: ئەوەش بزانە، لە خوێندنەوە و نەخوێندنەوەشیا، ئەگەری سێیەم ڕاست ئەبێتەوە.

هیوا: کەواتە بابچین بیرێکی لێ بکەینەوە، بزانین چۆن چۆنی ئەتوانین ئەو نامەیە بەدەست بێنین.

(تاریکی)

بانگکەر: دادگا، دادگا...

دادوەر: ئادەی بابزانین، شایەتەکان.

هەمووان: ئەوڕەحمان موراد بازەگیری.

دادوەر: سوێند بخۆ کە ڕاست ئەڵێی و جگە لە ڕاستی نەبێ نایلێی.

ئەوڕەحمان: سوێند ئەخۆم کە ڕاست ئەڵێم و جگە لە ڕاستی نەبێ نەیلێم.

دادوەر: لەبارەی ئەم کێشەیەوە. چیت دیوە و چی ئەزانی بیلێ.

ئەوڕەحمان: ڕۆژی کۆتەڵەکە؟

دادوەر: کۆتەڵ!؟

ئەوڕەحمان: بەڵێ ئەو کۆتەڵەی بەچاوی خۆمان دیمان.

هەمووان: بەچاوی خۆمان دیمان، بەگوێی خۆمان بیستمان خۆمان ئامادەیی بووین، هەمووان، هەر هەموومان ئامادەبووین، جاران، جاران، ئێستا و ئایندەش هەر ئەحمەد موختار جاف بوو.

ئەحمەد بەگ:

«نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە
هەر لە کرماشان هەتا ورمێ و سنە و بۆتانەوە
ڕێک ئەخەن وەضعیەتی وان و جزیرە سەربەسەر
عەقرە و زاخۆ ڕێک ئەبەستن بەقەد بۆکانەوە



خانەقین و مەندەلی و خاکی کوردستان یەک بەیەک
وەک وەستا ئەدروون بەبالای مەنتیقەی بابانەوە
ئەمرۆ باوابێ بەلام، ڕۆژی ئەبێ»[٦]

هەمووان: ڕۆژێ ئەبێ، ڕۆژی ئەبێ...

(کۆتایی)

ئەو شیعرانەی خوازراون:
١- کەمالی
٢- ئەحمەد موختار جاف
٣- پیرەمێرد
٤- ئەحمەد موختار جاف
٥- ئەحمەد موختار جاف
٦- ئەحمەد موختار جاف

دیوەخانە شانۆیی

# ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ

نووسینی

ئەحمەد سالار

(هاوینی ٢٠٠١ دهۆک و هەولێر)

- لە گۆڤاری (شاکار)ی ژمارە (١٥)ی تشرینی دووەمی (٢٠٠١) بڵاوکراوەتەوە.
- لە ڕۆژانی ١٥-١٦-١٧-٢٠٠٢/٢/١٨ لە هۆڵی دەزگای شەهید نمایش کراوە.
- لەلای١ەن K. TV ئاسمانییەوە بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکراوە.



کەسەکان:

- کامەرانی ڕاوچی
- ڕووبار
- کۆچەر
- نیاز
- هاوڕێ
- خاڵە حەمە
- داپیرە خونچە
- پاشا
- وەزیر
- هەقایەتخوان
- دادوەر
- مامۆستا
- بانگکەری دادگا
- مینا
- شەنگە
- قوتابیان، گۆرانیبێژ، مۆسیقاژەنان، میوانانی دیوەخان.

(هۆڵ، دیوەخانێکی کوردەواریانەی ڕازاوەیە بەکەلوپەلی فۆلکلۆری و، بەزموڕەزم و شایی و لوغانە، جمەی دێ و کوڕ گەرمە و، گوێزەبانە و خۆشاو ئەبەشرێتەوە، پاشان ئەبێ بەیاری شیعر بەشیعر)

یەکێک ئەڵێ:

«هەتا حەق ناسرە، هەر حەقمە مەنزوور
وەکو مەنسوور ئەگە بمکەن بەدارا»

دەنگەکان: ئەڵڵا، ئەڵڵا، حەزرەتی مەحوییە

یەکێک: کەواتە مستەعینم بەئەلف... ئا

هەردی ئەڵێ:

«ئەزانم دڵ هەیە وەک مس کە ژەنگ دێنێ بەئاسانی
دڵی تۆ زێڕی تێزابە و لەکوێوە ژەنگی هەڵهانی»

دەنگەکان: یێ... یێ... یێ

یەکێک: ئەوەتا تایەر بەگی جاف وتوویەتی:

«یەک نەفەس چاکی نەهێنا کەعبەتینی بەختەکەم
شەش دەرم گیراوە، داماوم بەدەستی نەردەوە»

هەمووان: هێیە... هێ... هێ... هێیە... هێ

یەکێک:

«هەموو شەو چاوەڕێم بەڵکو بەمەخفی یاری جانی بێ
لە تاریکی شەوا شوعلەی چرا موشکیل نهانی بێ»

هەمووان: بووەوە بە یێ... یێ...

یەکێک:

«یار دڵی خوێنین و چاوی پڕ لە گریانی دەوێ
ئارێ ئارێ گوڵ لە باغان ئاوی بارانی دەوێ»



هەمووان: ئەمجارەش بە یێ هاتەوە

یەکێک: ئەمجارەش هەر حەزرەتی نالی:

«یادی (کانی دمدم) و سەرچاوەکەی (مێگوڕ) دەکا
(بەکرەجۆ)ی چاوم کە شێوەی (سەرچنار)ی گرتووە»

هەمووان: هێ... هێیە... حەریق

یەکێک:

«هەرکەسێ مایل بەپیرێکە و تەریقێکی هەیە
تۆ بەشوعلەی غەم (حەریق)ی، وا وەجاخت هەڵگراند»

هەمووان: (بەگۆرانییەوە ئەم دێرە شیعرە ئەڵێنەوە)

«دڵی بردم بەناز ئەو شۆخە شێواندمی غەمزەی
وەرە چاوت لە بەزمی دزا و دزبێ»

سروودی سەرەتا:

هەبوو. نەبوو...
شارێ، شارێ
شارێ هەبوو
لە کڵۆڵی و بەدبەختییا
بەناخی زەویا ڕۆچوو
گرفتار و کۆڵەوار بوو
شارێ، شارێ
شارێ هەبوو
بەڵا بەباڵای بڕابوو
خەو لە دیدەی خەڵکی شارا
تەرە و، تۆرێنراو بوو
زەوتکراو، زڕێنرابوو
شارێ، شارێ
شارێ هەبوو...

تەلیسمێکی ئەفسووناوی
باڵی بەسەریا کێشابوو
نەخەو مابوو، نەخەون مابوو
خەو و خەون خەیاڵێ بوو
چاو گلیە ئەکرد
دەرزی ئاژن
وشک و قەتیس
مەیلی تەماشای نەمابوو
شارێ، شارێ
گلۆڵەی جادوویەکی دێز
گینگڵی بەهەمووان ئەدا
ئامان، ئامان، دەست بەدامان
کوڕی ئەوێ بیکاتەوە
گرەوی بەختی شارەکەی بباتەوە
شارێ، شارێ، شارێ
هاوار، هاوار، هاوار

هاوڕێ: ئەوە وتمان شارێک هەیە، ئەو شارە بەدەست دەردوپەتای خەو زڕانەوە ئەناڵێنێ، خەو لە چاوی هەمووان تۆراوە، تەربیە، خەو، خەوتنی ئاسایی نەماوە، پەنابەخوا.

کامەران: باشە کاکە هاوڕێ، کە خەو نەما ئیتر چ جیاوازییەک لەنێوانی شەو و ڕۆژا ئەمێنێ؟ باشە ئەو خەڵکە قوڕبەسەرە تا ڕۆژ ئەبێتەوە زیتەی چاویان بێ، ئا ئەمە چی پێ ئەڵێن و ناوی ئەنێن چی؟ ئەزانی شتێکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە خەو نەما، خەون بینین چی لێ دێ؟ ئای لە کڵۆڵ و کەسانەی کە ئەگەر تەنها جاروبارێ بەخەونێ دڵیان ئاوی ئەخواردەوە، ئەوە ئەوەشیان نەما. ئەوە بەهەرحاڵ، باشە پرسیارێکم هەیە، ئەڵێم ئەو درم و پەتایە پاشا و دەستودایەرەشی گرتۆتەوە؟ نا، نا، هەرگیز بڕواناکەم هەزار دەردی وا غیرەتی خۆ لە قەرەدانی دیواری زەبەلاح و شوورەی باڵا و قوللە و کۆشک و سەرای ئەوانەی هەبێ، ئەرێ کوڕینە، من ئەڵێم، بەخوا پاشا و...



خاڵە حەمە: کوڕە خاسەکەم، ئاگات لە دەمت بێ، دارودیوار گوێی هەیە، خەڵکانێک هەر فی سەبیل ئەڵڵا، گوێ قولاغی ئەوجۆرە قسەوباسانەن، ئەوە برادەرەکەت قسەیەکی کرد، تۆش وەک نوشتەی قلیچ قەیتان قۆزتەوە و دە ئەوەندەت نایە سەری.

کامەران: خاڵە حەمە گیان، بەقوربانی ئەو ڕیشە چەرمووەت بم گوێ لەم برا بچووکەت بگرە. ئەو باسی خەو ئەکا و منیش هاتم خەو و خەون بینینم، لە شەو لابرد، هیچم بۆ نەمایەوە و، پاشان وتیشم پاشا و...

خاڵە حەمە: کاکی خۆم چیم وت، مەیلێرەوە، قوڕوقەپ، قەپاتی کە، خەفیە هێندەی گەڵای دارە...

هاوڕێ: کامەران، سەر مەکەرە سەری خاڵە حەمە، بەهەزارحاڵ تا دڵیان هێناوەتەوە جێی خۆی، قیر وتوویەتی جیق.

کامەران: نا، نا لە من زیز نابێ، ئەرێ کوڕینە، جارێکیان بەر لەم پەتای خەوزڕانە، خەونێکی یەجگار خۆشم بینی، جاران ئەیان وت، خەونی خێر لە دڵی خۆتا ڕاگرە، بەڵام من ڕۆژی سەد جارم ئەگێڕایەوە، لەو گێڕانەوەیەدا، هەستم بەچێژێکی لە ڕادەبەدەر خۆشی ئەکرد.

(تاریکی)

پاشا: وەزیر، کوا ئەو گوێ ڕووتی هیچ و پووچە؟

وەزیر: قوربان، لە خزمەتام، پاشای زەمان، شاهی شاهان، کەڵکی ئەوەی نەماوە، خۆی بەپێوە بۆ ناگیرێ، ئەندامێکی ساغی بەجەستەوە نەماوە.

پاشا: ئەی دەم و زمانی؟ زمانی؟ باشە دانی پیادانا؟

وەزیر: گەورەم، لەپێشا گەرەکێ شایەتی هێنابوو و، سوێندیشی خوارد، کە نەک خۆی هەر بەتایەفە خەون کوێر و زڕن، باو و باپیر و ئاژدادی خەونیان نەدیوە.

پاشا: ئەی پاشان، خۆی و گەرەکە شایەتەکەی؟

وەزیر: هەر هەموویان پاکانەیان کرد و بەڵێنیان مۆرکرد، کە هەتا هەتایە...

پاشا: خەون نەبینن.

وەزیر: هەتا هەتایە.

پاشا: وەچە و وەچەزاشیان.

وەزیر: گەورەم، وابزانم زۆرچاک چاوترسێن کران، ماران گازبوون، بەسەری تۆ لەمەودوا کەس ناوێرێ باسی خەون و خەون لێکدانەوەش بکات.

پاشا: ئەوەی خەونامەی لە مالا بگیرێ، چی خەونە خراپەکان هەیە پێی بنوێنرێ، مەسەلا...

وەزیر: بووبوو بە گا...

پاشا: بخرێتە ژێر جەنجەڕەوە و شەو و ڕۆژ گێرەی پێ بکرێ. ئەگەر بووبوو بەحوشتر، ئەوا بارە خوێی لێ باربکرێ و گەرمیان و کوێستانی پێ تەی بکرێ.

وەزیر: ئەگەر قازبوو...

پاشا: نەیەڵن بقیرێنێ و نەیەڵن لەسەر تاکە قاچێ ئۆقرە بگرێ، ئەگەر نێرەکەریش بوو، نەیەڵن هەتا لە بەهارانیشا بزەڕێ و بپە...

(دەنگە دەنگە و هەرایە و خەڵکەکە بەیەکدا دێن و دەچن)

جاڕچی: فەرمان، فەرمان، فەرمانی شاهانە

(دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا)

هەمووان: هێی، هێی، هێی

(تەرمێ بەڕێ ئەخەن، هەمووان بەکزییەوە لەسەر شێوەی شیوەن و واوەیلا ئەڵێنەوە).

فەرمانە، فەرمانە... فا، هێ، ڕێ، میم، ئەلف نوون، نوون... وون...

(خامۆشی و سرەوتن)

کامەران: ئەو شەوە، وای لەو شەوە، ئای لەو شەوە، ئەو شەوە خەونم بەگوڵە کێویلەیەکی پەمەیی ڕەنگەوە بینی، پەمەیییەکی شەفەقییەوە، حەیرانی بووم، دڵم کەوتە پەلەپەل و ئاوا دەستم بۆ برد، دەسبەجێ بوو بەکیژە ناوەنجییە، هەرە ژیکەڵەکەی پاشا و، نەمکردە نامەردی و دەستەملانی بووم، ڕوومەتم نا بەڕوومەتییەوە، ئیتر جەرگی خۆم دا بەتەنوورا و، ئاگرم تێبەربوو، بوومە کڵۆیەک لە حەز و ئارەزووی لێواولێوی پەرۆشی و بەقوربانی بوون، بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم کەوتوومەتە بەزمی ماچوموچێکەوە، هەر مەپرسە، لەو دونیاش چێژی ئەو هەنگوینە شیلەیە لە لێوانم



نابێتەوە، پاشان شل و سڕبووم و ئاوا لەبەردەمیا بەچۆکا هاتم و، داوێنگیری بووم، ئەویش بە چ نازێکەوە دەستێکی گەیاندە گەردنم، هەڵیساندمەوە، بەجۆرە میهر و نەوایەکەوە لە چاوەکانی ڕوانیم، چ سەیر و چ میهر و چ نەوایە، لەکوێم هەڵئەگری و لە کوێم دائەنێ، جەستە لە کوێ و گیان و ئارەزوو کوێوە فڕین، لە تاقە پرشنگێکی چاوەکانییەوە، لە ئانێکا هەزار ساڵ بەهەزاران پادشا و دەورانەوە، گێژی ئەخوارد و لە چاوان ون ئەبوو،... بەوپەری ئارامەوە سەرم بەسینە و گەردنییەوە نایەوە و، لەوەدا بووم لێوانم بۆ ماچێکی تر هەڵێنمەوە، بوو بەهەرا، چ هەراو هوریایە، پاشا و دەستودایەرە و پیاوکوژانی هاتن بەسەرا، پڕم پیاکرد و، نامە قەڵان دۆشکانم و بوومە زریان و بەوری بەیان و فڕانم و تێم تەقان، نەوەستام و وچانم بۆ نەدا، تا گەیشتمە دواترۆپکی کێوی باڵی هەڵۆیان شکێنە، بڕوا بکەن دێو و ئەجنەکانی ئەو کێو و پشت کێوانە، بوونە ماستی مەییوو و نقەیان لێوە نەهات، وتم ئیتر با ئیدی وچانێکی بۆ بدەم، هەرکە دەستم لێی شل کرد، دەسبەجێ بووە کۆترێکی باڵ نەخشینی ئێسک سووک و لە شەقەی باڵی دا و لە چاوتروکانێکا پشت هەور و هەڵا کەوت و ون بوو... ئیتر هەر ئەوەندەم خۆش بوو، لە پەنا هەر تاوێر و گاشەبەردێکەوە سەدان دەعبا و دێو و درنج و جنۆکەم لێ دەرپەڕی، زەندەقم چوو، لە ترسا بەئاگا هاتم.

هەمووان: یاخوا بەخێربێیتەوە.

(دەنگی گۆرانی و مۆسیقا بەرز ئەبێتەوە)

خاڵە حەمە: کوڕینە میرزا وەسمانی هەقایەتخوان. میرزا بەو گۆڕەی جوانەمەرگی تێ چووە، ئەو حەقایەتەی دوێنێ شەو خستبوومیە غایلە و مەراقێکەوە تا خوا ڕۆژی کردۆتەوە هەر لە خەیاڵما بوو و، خواخوام بوو خێرا ڕۆژ بێتەوە و بگەرمە سەرت و بزانم ئەو کەساسە چی بەسەرهات و کوێوە چوو، باشە میرزا گیان تۆ بڵێی ئەو خەڵکە لەو دەردی بێ خەوییە ڕزگاریان بێ؟

حەقایەتخوان: ئا ئەوەیان، ئەوە خوا ئەیزانێ، ئێ باشە خاڵە حەمە گیان، ئەی ئەگەر ئەوە من مردم، ئێوە هەر ئەبێ چاوەڕێ بن، ئێ خۆ من تا ڕۆژی قالوبەلا نامێنم.

هاوڕێ: ئەگەر وا بڕوا و خوا بەو ڕۆژە نەکات، ئەوە حەقایەتەکە هەر لە شوێنی خۆیا، ئەچەقێ و تا دونیاش دونیایە ئەو خەڵکە هەر بەبێ خەوی ئەیبەنە سەر.

ڕووبار: کلۆڵییەکەی ئێمە لەوەدایە، میرزا وەسمانی حەقایەتخوانی شاریشمان گیرۆدەی زەین کوێری بووە، باشە خۆ نەچووە بچێ، بۆ هەروا دۆش دامێنین، جارێ با دەم و زمانی تاقی بکەینەوە. مامە میرزا، لەوە ئەچێ پیرێتی کاری خۆی کردبێ و کەسیش لەو هەزارویەک خەوشە بێبەری نابێ، چونکە ئەو بیرتیژییەی جارانت نەمابێ، دیارە ئەمەش... بەڵام سەد ماشەڵڵا پێتانەوە دیار نییە و هەر گەنجن.

حەقایەتخوان: کەنیشکە خاسەکەم ئەزانم چی ئەڵێی، خۆشم ئەزانم، پیرێتی بەرۆکی گرتووم پەلپ و بیانووم پێ ئەگرێ و تووشی گۆبەند و گۆڵمەزم ئەکا ،کچەکەم هەر ئەمەوێ خۆم قیتوقنج بنوێنم بەڵام پیرێتی هیچ کات لە زلەی گەردن پێ کەچکردنی خۆی ناکەوێ.

ڕووبار: (لەلاوە) سەرباری ئەو حاڵ و زەین کوێرییەی ناتوانی وازبێنی و دەسبەرداری حەقایەتخوان بێ. هێز نییە وازی پێ لێ بێنێ.

(دەنگی ساز و سەنتوور)

حەقایەتخوان: جا کوڕینە، لەو دەمەدا، پاشا گرژبوو، بوو بەتۆپەڵە دڕکەزییەکی دەم ڕەشەبا و هاواری لێ هەستا و نەڕانی.

پاشا: وەزیر، مەزیر، گەزیر بەزیبر... خاوەن کۆشک و سەرا و دیوان، ئەمانە بوون پیاوماقووڵان. هەر ئێستا زوو، بەبێ وەستان، ئامادە بی ئەستێرەوان، با بزانین کام بورجەیە لێمان چۆتە کەشکەلانی فەلەک و خەریکە کەشتی بەخت و شکۆداریم نوغرۆ ئەکات.

نیاز: (پێی ئەبڕێ) ئەوە چییە ئەڵێی چی؟ بابە، جارێ کاتی ئەوە نەهاتووە، پاشای چی و ماشای چی، جارێ دەورت نەهاتووە، بەزاتی خوا، هەر ئەڵێی پاشای ڕاستەقینەی خاوەن دەسەڵاتە، شێت و هاربووە و ترس دایگرتووە و، ئەزانی ئەستێرەی ڕوو لە لێژییە. بابە ترستان نەبێ، مەترسن، ئێوەی با دەم نەکەمەوە چی لە سینەما پەنگی خواردۆتەوە نەیکەم بە... و بیدەم بەناوچەوانی... ئێ کاکی خۆم میرزا وەسمان، ئێمە لەسەر ئەوەمان نەکردووە، پاشا و ماشای چی! ئەو خەڵکە گرفتارن، ئەو خەڵکە گیرۆدەبوون، ئەو خەڵکە باجەکەی ئەدەن، ئادەی، ئێستا، ئامادە بن.

حەقایەتخوان: بابە خەڵکینە بۆ خواتان بێ، من ئەوا هەموو تەمەنم لەم بەزمەدا بەسەربرد،



کەچی ئێستاکە ئەم هەرزانە خەریکە سەرم لێ تێک ئەدەن و کارەکەم لێ ئاڵۆز ئەکەن، من حەقایەتخوانم یان ئێوە؟ براکەم ناکرێ هەروا هەرکەسێ هات و بەئارەزووی خۆی سەرمەقولان بەحەقایەتەکە لێ بدات... بابە ئەوا من بێدەنگ ئەبم، وەڵڵا، چیم لەم شەڕەشەقە داوە! کوڕە خۆ نانم بەساجەوە نەسووتاوە، خەو لە چاویان زڕاوە نەزڕاوە بەجەهەنەم، خۆ من بیست و چوار سەعاتە خەو ئەمباتەوە، ئادەی مەجۆلە گیان دیژلەمەیەک بۆ مامەت، تخوا با کەمێ ڕوون بێ.

(تاریکی)

نیاز: ئادەی وەرن، ئا لێرە کۆبنەوە،

(لە شێوەی ڕاوتەگبیر کردنان، پاشان ئەچنەوە شوێنی خۆیان)

(مۆسیقایەکی هەژێنەدەر)

ڕووبار: خەڵکینە ئێمە وای دائەنێین، خەڵکی ئەو شارە لێقەوماوەین و، هەر خۆشمان دەبینەوە خەمخۆری، واز لە حەقایەتخوان ئەهێنین، ئێمە خۆمان حەقایەتەکە تەواو ئەکەین، کەواتە تاکە گرفت و کوێرەوەرییەک هەموومانی گرتۆتەوە، تەنها چارەش کوڵنەدانە و پتر هەستکردنە بەو تاکە بەڵایەی کە هەموومانی یەک خستووە. باشە، بەدڵتانە، تەواوە تەواو؟

هەمووان: زۆر تەواوە، زۆر تەواوە...

(هەمووان لەتەک ئەم گۆرانییەدا سەمایەکی تایبەتی ئەکەن، کە ڕادەی کلۆڵییەکەی لێوە ئەنوێنرێ)

کە شەو دادێ...
لە گشت ماڵێ، لە گشت لایە
لە گشت شوێنێ...
لەناو لانکی کۆرپەشدا
مۆتەکەیە، سەرسنگ ئەگرێ
خەنجەرێکی بێ ئامانە
شێت و هارێ ئەیهاوێژێ
شەل و کوێرە و ناپارێزێ

که شەو دادێ...
ئاگرێکی گورگ کەڵپە
چاو زەقی هار
بەشالاوی، شار ئەپێکێ
بزە و وزە ئەئەنگوێ
بێ سلکردن دێت و دەچێ
هیچ پەنایە نابوێرێ
خەرمانی تازی ئارەقەی
گوڵە سوورکەی نازەنینان
بەشەرای داخ ئەسووتێنێ
که شەو دادێ...
که شەو دادێ...

حەقایەتخوان: قووقوو... ئەو دەمە کەڵەبابی بەیان باڵی بەیەک دادا و خوێندی ئەوەی خەیاڵی تەلیسم شکاندنی لە کەلە نابوو، ئەوەی نیازی سەرکێوانی باڵی هەڵۆیان شکێنەی لە دڵ نابوو، ئەوەی...

نیاز: قووقەی کەڵەباب بۆچی؟ خەڵکەکە خۆیان هەر بەئاگان نەخەوتوون، ئادەی ڕووبار خان نۆرەی تۆیە، فریاکەوە و تەواوکە.

ڕووبار: لەو دەمەدا، کە ئەستێرەی کاروان کوژە و کاکێشان لە ئاستی تاکە مەدارێکا یەکانگیر ئەبن، لە یەک ساتدا ڕووە و ڕۆژهەڵات هەڵئەکشێن، تەنها و تەنها ئەو تاکە دەرفەتە بوارە بۆ فڕینی هەڵۆیان بەسەر ئاسمانی کێوانی باڵی هەڵۆیان شکێنەدا، ئا لەو کاتەشدا دەتوانرێ پەی بەباری شای دێوانی خوداوەندی تەلیسم و جادوو ببرێ و بەتاڵ بکرێتەوە. ئێستاش دەستەی ئاشقانی گیان لەسەر دەستان ڕوویان لەو هەوارە پڕ هەوروهەڵایە کردووە.

(گۆرانی، گوڵ وەنەوشەی باخانمی...)

وەزیر: شاهی شاهان، پاشای بەشان و شەوکەتمان.

پاشا: نا، نا، وانییە، پاشای چی و پانی بەرزی چی، نەء، نەء، ئەوانە بەپاشای شەترینجیشم نازانن، ئەوە هەر چۆنێ بێ بەڵام ئەم بەزمەیان خۆشە و شایستەی تیا



ڕامان و تەوسبردنەوەیە، نەوەڵڵا هەر ئەمەمان کەم بوو، دەی وەزیری وەزیران تەواویکە.

وەزیر: بەزمی تەلیسمی تەلیسم شکێنیان هێناوەتە پێشەوە.

پاشا: (لاسایی وەزیر ئەکاتەوە) بەزمی تەلیسم شکێنیان هێناوەتە پێشەوە، سەیر چەند بەدەمی خۆشە، نەوەڵڵا بەزموڕەزم و شایی و لۆغان، نیازیانە، ترخێنە و داندۆک و تەڕەماش... باشە ئەمە چییە و چی پێ ئەڵێن، قەلەمردارییەکە و گۆتەکەی مناڵە ورتکەی پێ ئەڵێن...

(هەردووکیان بەگۆرانییەوە ئەیڵێنەوە)

پاشا و وەزیر: ئەمە چییە و چی پێ ئەڵێن، پەپکە بەکونجی پێ ئەڵێن، عەبای نارنجی پێ ئەڵێن، قازانێکی شیولێنانە، ترخێنە و دۆینە لێ ئەنێن، ئەمە چییە و چی پێ ئەڵێن؟

ئاشە بەتەنوورەی پێ ئەڵێن...

پاشا: (خۆی مرچ و مۆن ئەکات) باشە، باشە پێم ناڵێی، چ زەبروزەنگ و هەیبەتێکمان بۆ تەخت و تاجی پڕ شکۆی پاشایەتیمان هێشتۆتەوە، نەوەڵڵا، تەختی چی! تاجی چی! نەخێر بەقسەی زلە وەزیرمان بێ، بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، کراوینەتە کەرەسەی یاپراخ و ئەوا خەریکن جوان جوان ئەمانپێچنەوە، چینێ خۆم و تەختوبەختم، چینێ...

وەزیر: دووگ و پەراسووی بەرخ...

پاشا: چینێ چاڵی چاوت، چینێ قوزەلقورت و ژقنەبووت و ژەهری هەلاهیل و، دیارە ئەو خەڵکە نیازی...

وەزیر: سەیرانی کانی با و قەشقۆڵی و پیری شەوکێڵیانە... هەموو...

پاشا: هەی لەم حاڵ و هەی لەم ماڵە و وەی...! بەکەللەی ئەم کەللەیە وانابێ و ناڕوا، نەخێر خۆم ئەچم و با بەچاوی خۆم ببینم و بزانم ئەوزاع چلۆنە.

وەزیر: (لە کەسایەتییە شانۆییەکەی دێتەدەرێ) وەرە کابرا، هێی، لەگەڵ تۆمە بۆ کوێ ئەچی؟ جارێ ئارامت بێ بابزانین حەقایەتەکە چۆن چۆنی لێ دێ و چی ڕوو ئەدا و، نابێ بزانین بەرەو کوێ ئەچێ؟

نیاز: نا کاکی خۆم، هەڵەیەکی گەورەتان کرد، دەوربینین وانابێ، یەکسەر بێ چاوبەستەیی و پێچەبەدەورە، یەکسەر دەستەکەتان خستەڕوو، جارێ، ئێوە ئەبوو، خۆتان بەجۆرێکی تر پیشاندایە، خۆتان بەخەمخۆری بەڵاکە پیشاندایە، هەر بەدرۆ واتان بنوانایە کۆستی گرانتان کەوتووە و خەڵکە دڵی بانایەتەوە ... ئای هیمەتی درۆ، وای لە درۆ، نیوەی دنیا لەسەر درۆ بەندە و بەدرۆ بەڕێوە ئەچێ، کاری سەرەکی ئێوەومانان درۆ و دەلەسەیە، دەست و ڕووگۆڕینە، دەمامک بازییە... ئەوە بۆ جارێکی ترتان.

باشە: ئێ خۆ درۆش هێندە ئاسان نییە، درۆ تا درۆ کەوتووە، هەیە باڵدار، شاخدار... ئەبێ کەسانێکی شارەزا مەشقمان پێ بکەن، قسەکەم ڕاست نییە؟

نیاز: ئەڵێی کێ فێرم کا؟ بڕۆ مێژوو بخوێنەرەوە سەربووردەی ئەوانەی گەمەی گۆ و گۆچانیان بەچارەنووسی خەڵکی ئەکرد، بەکورتییەکەی زۆربەی هەرەزۆری سەرۆکەکانی ئەو وڵاتانەی... پۆسپۆرییان لە چاوبەستەیی و هەڵخلیسکان و هەڵخەڵەتان و درۆسازییا هەیە.

پاشا: ئەی لای خۆمان کەس دانەنێین؟

وەزیر: بیانکەین بەچی؟

پاشا: چۆن بیانکەین بەچی! دیارە ئەو پلەیەش هەر بۆ خۆتە. مەترسە، کەس شوێنی تۆ ناگرێ. کورسی، کورسی خۆتە، لە تۆ ئاقڵتر و شەیتانترم دەست ناکەوێ.

نیاز: باشترین پەرژینیش و، بەهێزترین شوورەش، ئەو چواردەورەیە کە بەگەجەروگوجەر و هیچ و پووچ و پاشەڵ گەندەڵان دروست ئەکرێ.

پاشا: وەزیرە فەنی، هەر زوو نەم وت؟

(دەنگی ساز و سەنتوور، دەمامکی دێوودرنج)

حەقایەتخوان: کێوانی باڵی هەڵۆیان شکێنە، کێوێکی بەسامی سەر بەهەوروهەڵا، ئەوە ساڵ و دوانزە مانگە، لەناو قەدیەوە لە باوەشی بەفر و تەمومژ دایە، هەر ڕەوەزە و دێوێکی زل و زەبەلاح ئانیشکی لەسەر داناوە، ئەوە دێوە دێزەی چاو ئاگرهاوێژ، لە چەقی ڕێگای هەورازە کوورەدا، ڕێگرە و غەزەبی لێ ئەبارێ و، خوانەکا هەست بەبوونی گیانلەبەرێک بکات، ئیتر ئەو، لە چاوەسوورە زەقەکەی نێوان جووتە



قۆچەکەی تەپڵی سەریەوە، گرکان بەرپا ئەبێ و تا چاو بڕکا بەقەرەبرووتی ئەکات، هەرکە نەڕانی، خوا هاوار، هەر تاوێرە و گاشەبەردە گل ئەبێتەوە و دونیا ڕائەماڵێ و خاپووری ئەکات، ئەوە لەبەردەمی ئەشکەوتە ڕەشەی، بارەگای تەختی شاهانەی شای دێو و درنجان، حەوت جووت دێوی تۆقێنەر کە هەر تاڵەموویەکی مەچەک و ناوچەوانیان هێندەی حەڤدە گوریسی مارپێچ ئەبێ و، نینۆکی هەر پەنجەیەکی چوار ئەوەندەی گەورەترین گاسن ئەبێ و هەزار هەژدیهای حەوت سەر دەم ئەکاتەوە و لە زبانیانەوە شاڵاوی ئاگرە و فیچقەی ژەهراوی، لە چاوترووکانێکا مەملەکەتی بەدار و بەرد و گیانلەبەرانییەوە هەڵئەلووشێ و، لەتەک هەر هەناسەدانەوەیەکیانا بەلێشاو جنۆکەی کورتەباڵای ناوشان پانی بەردینی، قاچ مراوی گوێ پان و درێژ و، پەنجە مقاشی هێرش ئەهێنێ و جووکە جووکێکی ئەوتۆیان لێوەدێ. مرۆڤ کەڕولاڵ و شێت و شبر ئەکا. ئەوە خۆ پادشای دێوان، ئەوەی سەرجەم شەوە تەلیسمەکانی دونیای لەبن هەنگڵایە، بۆ هێز هەیە موویەک لە جەستەی بکاتەوە، هەرکە بێزار بێ، ئەوە هەر لە شوێنی خۆیەوە جوولەیەک ئەکا، ئەو کەژوکێوە لە ڕووەو ڕۆژهەڵاتەوە بەلای ڕۆژئاوادا وەردەگێڕێ، ئەگێڕنەوە ئەڵێن جارێکیان تووڕەیان کردبوو، فریانەکەوتنیایە و دەستەودامەنی پاڕانەوەی نەبوونایە، نیازی بووبوو، سەرمەقولات بەکێوانی باڵی هەڵۆیان شکێنە بدات... بەڵێ هەر بۆیە هەرکاتێ بیەوێ...

(دەمامک و دەنگەدەنگ پاشان تاریکی و بێدەنگی)

هاوڕێ: هەرکاتێ وادەی یەکانگیریی جووتە ئەستێرەی مەبەست دێ، ئەودەمە هەوروهەڵا بەری ئاسمان ئەتەنێ و کارەکەمان لێ ئاڵۆز ئەکات، گەر وا بڕوا ئەوا ئەکەوینەوە ساڵی ئایندە، ئەمەش ئاسان نییە و کات و ئارامی ئەوێ، گرفتەکە لەوەدایە، هەموو شەوێ ئەو ژوانە ئەستێرەیە نابێ.

کۆچەر: کاکە هاوڕێ، ئەم دەستە نەوجەوانانەی ڕوویان لەم کەژ و کێوە کردووە، باش بیریان لەو ڕاستییە کردۆتەوە.

هاوڕێ: دڵنیام، ڕاست ئەفەرمووێ... ئەرێ دوا دەنگوباسی شار چییە؟

کۆچەر: بەمەزندەی من، لەوە ئەچێ بیر لە ئەنجامدانی کارێکی نوێ بکەنەوە.

هاوڕێ: چۆن؟

کۆچەر: لە هەڵسوکەوتی پاشا و دەستەودایەرەیا، هەندێ شت ئاشکرا بووە.

هاوڕێ: ئاوا... گرنگ ئەوەیە بگەینە مەبەست، ڕەنگە بەزۆر ئەزموون و تاقیکردنەوەدا ڕەت بین.

کۆچەر: زۆر ڕاستە، هەر لە ڕێگای تاقیکردنەوەوە ڕێگا نوێیەکان ئەبینرێنەوە.

هاوڕێ: تەنها ئەو تاقیکردنەوەیە نەبێ کە خەڵکەکەی پێ بکرێتە کێڵگەی تاقیکردنەوە. دیارە تاقیکردنەوەش یان گاڵ دێنێ یان پەموو، بەڵام ئەگەر وانەبوو؟ کۆچەرخان، خەریکە تاریکی دادێ، با تا زووە ڕوو لە حەشارگەکە بکەین، هەرکە تاریکی داهات، ئیتر ئەوە ڕۆژی دێو و درنجانە، پێیان بڵێ بەقوربانە لەیەکدی دابڕ نەبن.

(تاریکی، بووکە سەماکەرە دەردەکەوێ)

(داپیرە خونچە و مناڵەکانە)

داپیرە: مناڵینە ئەوا ئەمشەویشمان تەواو، بەخوا منیش بەبەرمەوە نەماوە، ئادەی کچەکەم، خونچەگوڵەخان مشتێ مێوژ و کاکڵە گوێز بۆ ئەو مناڵانە بێنە. ئیتر بۆ خۆتان ئاقڵ، ئاقڵ دانیشن.

شەنگە: داپیرە خونچە دوێنێ شەو بوکەڵەکەی من زۆر ترسابوو، هەر ئەگریا و نەیئەوێرا چاوی بنووقێنێ.

داپیرە: بۆ دادەخان؟ بۆچی، لە چی ترسابوو؟

شەنگە: لە دێوەکان، بەخوا بۆکەڵەکەی میناش زەندەقی چووبوو.

مینا: داپیرەگیان، زووزوو پێم ئەوت، نەترسی ئەوە ڕاستی نییە، ئەوە حەقایەتە.

شەنگە: وەڵڵا داپیرە ڕاست ناکات، خۆشی ترسابوو، باشە داپیرە هیچی ترمان بۆ ناگێڕیتەوە؟ دەی تخوا داپیرە بەخوا هەر ئەبێ بۆمان بگێڕیتەوە.

داپیرە: دەباشە، بەڵام ئاقڵ دانیشن و زۆر بەباشی گوێ بۆ داپیرە خونچەتان شلکەن.

(بووکە سەماکەرەکان هەڵئەکشێنەوە)

نیاز: خەڵکینە دۆم بەدانیشتن ماڵی وێرانە، ئەبێ کارێک بکەین. بێ خەوی خەبەرداریی خواردووە، هەمووان گێژوویژن و، ئەڵێی بەسەر ئەم دونیایەوە نین.

ڕووبار: قسە هەزارە و دووانی بەکارە، بەکورتییەکەی چی بکەین، چی نەکەین؟... ئێستا ڕوو لەکوێ بکەین؟



نیاز: دەبێ ڕێگایەکی دی بگرینەبەر.

ڕووبار: ڕێگایەکی دی! کام ڕێگایە و چۆن چۆنی؟

(کە لە دێوەکان و تارماییبیان، یا سێبەریان دەرئەکەوێ و نامێنێ)

پاشا: ئەوەیان ئەزانم، خۆم، هەروای بۆ ئەچووم.

وەزیر: دیارە زانیویانە لە بری خۆماندووکردن بەڕێگایەکی داخراوەوە، ڕوو لە سەد ڕێگای تر بکەن، ئەزانی بۆ؟ لە هەر ڕێگایەکەوە نزیکبوونەوەیە بەهەوارێ، بەجۆرە مەبەستێ.

پاشا: ئا بەم قسانەی تۆدا دەرئەکەوێ. کە بەتەواوی دەستیان لە هەوڵی پەی بردن بەنهێنییەکانی کێوانی باڵی هەڵۆیان شکێنە بەرداوە، هیچیان بەهیچ نەکرد و هیچیشیان پێ ناکرێ، ئەگەر بەردەوام بوونایە، کاتێ بەخۆیان ئەزانی، فڵت دەستیان لەبنی هەمانەکەوە دەرئەچوو.

وەزیر: پاشای مەزن، چی بێ لە بەڕێزتان نهێنی، ئەوەتا ئەمجارە هەقایەتێکی کۆنی جارێ لەجارانیان بیرکەوتۆتەوە،

پاشا: ئەزانی بۆ؟ ئەمەش هەر لەبەرئەوەی ئێمە بەباشی کاری خۆمان نەکردووە و، نەمانتوانیوە لەسەر هەقایەتەکەی خۆمان بەردەوامیان کەین، ئەوەتا دەرکیان بەمەسەلەی دێوودرنجی پشت کێوانەوە کردووە، زانیویانە چییە و کێیە و کێی لە پشتەوەیە و بەکێ کۆتایی پێ دێ، ئا ئەمە پوختەی شتەکەیە، باشە ئەم هەقایەتەیان باسی چی ئەکا؟

وەزیر: باسی ماسیگرە سەر بەگۆبەندەکەیە.

پاشا: باشە دەورومەوریان دابەش کردووە؟ کێ کێیە و کێ...

(چەپڵەیەک)

کامەران: من ئەو ماسیگرەم، باووباپیرانم لەگەڵ ڕاوکردن و دەریاوانیدا ژیانیان بەسەربردووە و، منیش لەو ڕۆژەوەی چاوم کردۆتەوە لەگەڵ شەپۆڵی هەڵچووداچوو تۆڕ و قولاب و هات و نەهات و چاوەڕوانی و جەربەزەییدا ڕاهاتووم و پێی گۆش کراوم.

هاوڕێ: لەگەڵ خەڵکانی شارا، کۆمەک لە کارەکەی ڕاوچی ئەکەین.

کۆچەر: منیش کۆچەر، کە خەجاوی هاوسەری کامەرانی ڕاوچیم.

کۆمەڵێک: ئەوا ئێمەش هەریەکەمان بەکارێکەوە سەرقاڵ ئەبین.

(چەپڵەیەک)

ڕووبار: چاوەڕوانی چین، دەست بەکاربن، ئەوەتا خەڵکەکە خەریکە بێزار ئەبن.

ڕاوچی: (سەرقاڵی ڕاوە ماسییە، هەمووان لە پشتیەوە کاری ڕاوکردن و شەپۆلی دەریا، بەرجەستە ئەکەن و گۆرانی ئەڵێن)

کوڕینە فریام کەون، گەلێک قورس و گرانە، ئەبێ چ مەزنە ماسییەک بەتۆڕەکەوە بووبێ! نەهەنگە، نەهەنگ، ئادەی گەلۆ هاوارە.

(تاریکی)

ڕووبار: شەو داهات و تاریکی کرد، تاریک، تاریک، ئەنگوستەچاو

(واژەواژە و خەڵکەکە بەناو یەکا دێن و ئەچن)

داپیرە خونچە: (دڕ بەخەڵکەکە ئەدا)

خەڵکینە هۆو، کەسەکانم هۆو، کوڕ و کچەکانم، براینە، ئەمە یەکەم جار نییە و، یەکەم بەڵا نییە بەسەرمان هاتبێ، گەلێکمان دیوە و، هەر جارە بەجۆرێ، ئای کە کوێرەوەری و ماڵوێرانیمان دیوە، جاران، پێشینان، ڕەحمەت لە گۆڕیان، ئەیان وت، هەر نهێنییە و لە پەردەی خۆیا، ڕەشی لە پەردەی تاریکی شەوایە، سوور لە شەبەیخوونی جەنگا، نان لە گەرووی شێر و نەهەنگا، بێ بارانی لە یەکانگیری گەواڵە لێک دابڕاوەکانایە، ئەم گرفتەی ئێمەش لەبنەوەی ناخی ناخە هەرە قووڵەکانایە، دەریاکان، زۆر نهێنی و تەلیسمی نەشکاو لەژێر پرچی لوول و پەرچەمی شەپۆڵە هێمنی و تووڕەکانایە، ڕەنگە، لە مروارییەکی ملوانکەکەری گەردنی پەری دەریادا بێ، یان ژێر یاڵ و باڵی ئەسپە دەریاییەکاندا، خەڵکینە، با ئەمجارەش ڕوو لە کەناری خەولێکەوتووی دەریا بکەینەوە، گەلۆ ڕۆژێکە و ئەمڕۆ، دەست لە دەست و هێز لە خودا.

(مۆسیقایەکی بزوینەری پڕ جۆشوخرۆش، پاشان هێمنی و، وتنەوەی سروودەکە لەسەر سرووتێکی شێواز ئاینی و هەمووان سەمای نزاکاریی لەگەڵا ئەکەن)

هەمووان:



دەریا جوانەکەی پیرۆزەیی ڕەنگ

نزا و نزولەی شارت پێ گەیی؟

هاتووین کلیلی جادوومان بەیتێ

بەڵکە خودایە لاتان دەست کەوێ

ئامین... ئامین... ئا... ئا...مین...

(تێکەڵ بەدەنگی دەف و زەنگ ئەبێ)

ئافرەت: (بەسۆزی نزاوە و، دەنگی منداڵانیش تێکەڵی ئەبێ)

باوەگوڕگوڕ، باوەگوڕگوڕ...

هاتووین بەگوڕ، هاتووین بۆ کوڕ...

(سەمای دەریا و دەیاوانان...)

(تاریکی)

هەقایەتخوان: یاران، یاوەران، دڵاوەران، بەژن بەرزان، نەوجەوانان، جوامێران، ڕوو بەخاڵان، شەدەلاران، چاو کەژاڵان،... ئادەی لەکوێیی گوڵاوپژێن، گوڵاوەکەت بپژێنە، دڵان مەیلی دەماغ بەرزی و سەیرانەکەی جارانییە...

حەقایەتمان بەردەوامە، ئەوە برادەرانیش ماڵیان ئاوا زووزوو، بیرم ئەخەنەوە و پێیم ئەڵێنەوە، جا عەزیزان، پاشا و دەست و دایارەی و هەموو کەسانی دەربار، تەنگەتاو و شپرزەبوون، ئەزانن بۆ؟

(مۆسیقای شاهانە)

وەزیر: شاهی شاهان، کاتێ خەون بوو بەڕاستی، ئەو کاتەی لەنێوان بەئاگایی و بێ ئاگاییدا سنوور و سەرحەد نامێنێ ئەودەمانە وادەی خەون بزواندنە، گڕوکەفی هەڵشاخینە، هەر خەونە و هەڵمەت ئەبا، ئەڕووخێنێ، ڕائەماڵێ، وێران ئەکا، خاپوور ئەکا... جا ئەگەر، خوانەخواستە، لەو ڕەشە خەونانە هەمووانی لەخۆ گرت، ئەوا ئەوە مەگەر هەر خوا بزانێ چی ئەقەومێ، لافاوێکی بەربەست ڕاماڵ هەڵئەسێ و، ژوور شوورە و کۆشک و سەرا و قەڵا ئەکەوێ و، لێشاوەکانی لێ ئەبێ باڵ و...

پاشا: چییە وەزیرەفەنی، شیعرم بۆ ئەخوێنیتەوە؟ تا کار لەکار نەترازاوە، تا جڵەو

بەدەستەوە ماوە، چی بکەین بەکەڵکی ئەم کاتەمان دێ؟

وەزیر: نەهێڵرێ ئەو خەونە ببینرێ، کە هەمـوانی تیـادا هاوخەون ئەبن، هاوهەست و مــەرام ئەبن، نا، نا، با هەر خــەو نەبێ، تا خــەون بینینیش نەبێ، ڕاڕایی و دابڕبوونم لێیان ئەوێ گەورەم.

پاشا: هەر شتێ بکرێ، یان بیر لە هەر شت و هەنگاوێ بکرێتـەوە دەبێ حسـاب بۆ ئەوە بکرێ ئەو کارە چەندە لە خزمەتی دەسەڵاتدا ئەبێ.

وەزیر: فەرمانتە سەروەرم. دەسـەڵات ئەوەیە، خەڵکی ئاتاج و چاو لە دەسـتت بن، بەهۆو بەبێ هۆ چاوترسێن کرێن، لاوازکرێن، تا هەست بەمەزنی و زەبروزەنگی دەسەڵات بکەن. دەبێ بەڕادەیەک تاج و تەخت و دەسەڵات شکۆدار بکرێ، تا بچێتە ئاستی بایەخە هەرە پیرۆزەکانەوە، بەڵکو ببێتە چاوگی پیرۆزی.

پاشا: بەڵێ ترازان لە بایەخەکانی دی و تواندنەوەیان لە پیرۆزی بایەخە نوێیەکەدا، ئەمەیە کاری ترازان بۆ پەیوەست بوون... ئاوا...

وەزیر: گەورەم، کە لێت بروانن، بەڕێزتان حەوایی بروانن. کـاتێ قسـەت بۆ کـردن، باسی مەسەلەیە بکە کە هەرگیـز لە خەیاڵیـانا نەبووە و، پاشان وەرە سەر ئاڵۆزییـەکان ئەوانەی ئەوان بەتامی گلەیی لێی کـردنی بوون و خـۆیان بۆ نابووە، بەڕوویاندا بەرەوە و بیانکەرە مایەی کەموکوڕییـەکان ئەوسا بەحەقایەتەکەی جاری جاران، عـەیامی باپیـرانی بەهەشتیـشیـان، هەڕەشـە و گـوڕەشەیان لێ بکە، دەرفـەتی دەمکردنەوە سکاڵا و نزیکبـــوونەوەیان نەبێ، ئەوەش کـــاری دەســـتـــودایەرە و پاسەوانانە.

پاشا: ئا ئەم دەورەیان، پرۆڤەیەکی باشی گەرەکە. وا ئەچمە ناو عەشاماتی گەلەوە.

(چەپڵەڕێزان، فیکەفیک و هەراوهوریا، بەسەراهەڵدان و بەزمی شایەری...)

وەزیر: ئەی گەلی بەشەرەف و سەربەرز و ئازا و کۆڵنەدەر، گەلەکەی شێر پاشای شاهی شاهان... پیرۆز بێ، (چەپڵە ڕێزان و بایژی) ئەوا شێر پاشای شێرزادەی شێری شێران، شاهی شاهان، لە کاتە گرانبـەهاکەی بۆ دیدەنی ئێوە تەرخان کرد، تا لە نزیکەوە پێتان بگات و (چەپڵە و هەرا و هوریا)

دەنگێک: (ئەنەرێنێ)



شێری شێران، شاهی شاهان
بەقوربانت بم بەقوربان
نووری چاو و تاجی سەرمان
(چەپڵە)

وەزیر: شاهی شاهان، خۆری ڕاستەقینەی ئاسمان.

(پاسەوانان دڕ بەخەڵکی ئەدەن و هەندێکیان ئەچنە قەڵان دۆشکانی خەڵکەکە و مۆڕئەبنەوە)

(پاشا دەرئەکەوێ)

(مارشی شاهانە)

خەڵکەکە: (لەسەر مارشی شاهانە)

شێری شێران، شاهی شاهان... فیق
شێری شێران، شاهی شاهان... جیق
فیق، فیق، جیق، جیق...

پاشا: بەناوی خوا و خۆمەوە... بەناوی خۆم و... ئەی ڕۆڵـەکانم، ڕۆژی ئەوە هاتووە، هەر هەمـوومان، بەیەک دەنگ، بەیەک ڕیز بـەرامبـەر گرفـتە هەرە گەورەکان ڕاوەستین و بەگژ ئەوانەدا بچینەوە کە هەڕەشە لەمرۆ و سبەینێ و دووسبەی و سێ سبەیی و... هەموو ئایندەمان ئەکات، (چەپڵە و هەرا). بەدڵ شەو و ڕۆژ، لەگەڵتانام، گینگڵ ئەخـۆم، خـەمی هەمـووتانم ناوتەسـەر، ئا، لەسنگـما خـڕکـردۆتەوە، ئـەی ئەوانەی (چەپڵــە و هەرایە و لەپڕا دەنگ نامــێنێ و جــوولە بەردەوامــە) بۆیە ئەبێ ئەم سەردەمە نا... نا (دەنگ نامێنێ و جوولە بەردەوامە، پاشان جوولە نامێنێ و دەنگ ئەبێتە میاومیاوی پشیلە و هەمەجۆر دەنگی ئاژەڵ)

(دەنگی شێـوەن، سەگوەڕ، بێدەنگی، بەکزیی ئاوازی سروودی «خوایە وەتەن ئاواکەی» بەرزئەبێتەوە)

دەستەیەک منداڵ: (سروود ئەڵێن و ناوەناوە دەنگی گریانی ژنان دێ)

«خوایە وەتەن ئاواکەی، چەند دڵگیر و شیرینە...»

(بێدەنگی)

«وەتەن چاوی لێمانە، دەریکەین لە تەنگانە...»

دەستەیەک ژن و پیاو:

کەوتووینەتە ناو دەورێ
ئاگر لە دەوران بەربێ
لە ڕۆژی نیوەڕۆدا
گورگ بەرۆکن ئەگرێ
شەڕە و ئیتر هاتووە
نەیکەین خوا ئەمانگرێ

دەستەیەک مناڵ:

«وەتەن چاوی لێمانە، دەریکەین لە تەنگانە...»

دەستەیەک ژن و پیاو:

وەی ڕۆ، هەی ڕۆ، ڕۆ ڕۆمە، وەی ڕۆ ڕۆ ڕۆ ڕۆ ڕۆ ڕۆمە...
ناهەق هەقی لغاوکرد
نایە ژێر باری گێرە
ڕەشی ئەوانە زاڵە
خۆر بۆ چرا عەواڵە

دەستەیەک مناڵ: «وەتەن چاوی لێمانە...»

دەستەیەک ژن و پیاو: وەی ڕۆ، هەی ڕۆ هەی، هەی وەی ڕۆ، وەی هەی ڕۆ، ڕۆ ڕۆ ڕۆ...

(دەنگەکان خاووخلیچک ئەبن و بەرەبەرە نابینرێ و جووڵانەوەی دەم و شێوەی پێشوو بەردەوامە... سستی و کپی)

(تاریکی)

نیاز: ئەگەر هاتوو وترا...

هاوڕێ و ڕووبار: هەرگیز یەک و یەک دوو ناکات.

نیاز: کەواتە، کەواتە...

هاوڕێ و ڕووبار: هەرگیز دوو یەک و یەک نییە.



نیاز: بۆ؟ بابزانین

هاوڕێ و ڕووبار: کاتێ هاوتایی نامێنێ، کاتێ پێوەرەکان ئاڵۆز ئەبن و ناپێون، کاتێ شیرازەکان لە گرێژەنە دەرئەچن، کاتێ مەزندە و خەمڵاندن کوێر ئەبێتەوە، کاتێ کات ون ئەبێ و، کاتێ و کاتێ و کاتێک خەونەکان ئەسڕێنەوە و گیانی حەز و ئارەزوو دائەمرکێتەوە.

(خاڵە حەمە بەدەنگی گۆچانەکەیەوە پەیدا ئەبێ)

خاڵە حەمە: ڕووبارخان ئەوە تۆی؟ کچەکەم، ئەوە لەگەڵ کێدا قسەت ئەکرد؟

ڕووبار: خاڵە حەمە ماندوو نەبی، ئەوە خێرە، وەڵڵا قسەم لەگەڵ کەسا نەئەکرد، بەتەنیام. دیارە...

خاڵە حەمە: کچەکەم، هیچ ئەوە بێ خەوی، هێندەی تر لێڵایی بەچاوانما هێنا، ئەوە وتمان ئەوە چاو، ئەی گوێ! باشە بۆ باش گوێم لە شت نابێ... ئەرێ ئەڵێم، نازانم وەک باسی.

ڕووبار: باسی چی؟

خاڵە حەمە: هیچ کچم دیارە گوێم زرنگاوەتەوە، هەر ئەو باسەیە، ئەگەر لە کۆڵانەوە نالەی مینە کونج هاواری، سەوز و گەڵا پانە کەوەرەکەی، بکات، لە گوێی منا شتێکی تر دەنگ ئەداتەوە، کچەکەم هەموو شتێکمان لەبیرچۆتەوە ڕاست و چەپمان لێ چەواشەبووە، ئەمەش سەرباری دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و شپرزەبوون... کچم ئیتر... ڕۆژ نییە سەد جار دەمارگیر نەبم، خۆشم نازانم... ئەڵێم بابڕۆم چاترە... خوا...

ڕووبار: خاڵە بەم وەختە بۆ کوێ ئەچی؟

خاڵە حەمە: بۆ کوێ ئەچم! خۆشم نازانم، بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم ئەڵێی بەدوای شتێکا ئەگەڕێم بزرم کردووە... تۆ بڵێی بیدۆزمەوە؟

(ئەڕوات و تەقەی گۆچانەکەی دێ)

دەستەی مناڵ: (لەسەر ئاوازە فۆلکلۆرییەکە)

مناڵی گەڕەک، سەر بنە خەڕەک
وەرنە دەرێ، مانگەشەوە
چاوشارکێیە و شارمان گرە

منالّی گەڕەک، منالّی گەڕەک
هێی گڕ... شار گڕ...
قەلاّ قەلاّ یەکی بێ
قەلاّ قەلاّ دووی بێ
قەلاّ قەلاّ سێی بێ
خۆتان بگرن واهاتم
(هاوار ئەکەن و بلاّوئەبنەوە)

(تاریکی)

ڕووبار: چی بوو، زۆرتان پێ چوو؟ دەی خێراکەن بابچین بەلای ڕاوچییەکەوە، بابچین بەلای ئەوانەوەی بۆ هەلّهێنانی ئەم مەتەلّە و ئەم ئەشکەنجەیە ڕەنج ئەکێشن.

چەند کەسێک: مەتەلّ!

ڕووبار: پاشان ئەزانن چۆن مەتەلّێکی لێ دەرئەچێ، مەتەلّیش هەر ئەبێ هەلّبێ، هۆ کاکی ڕاوچی، هۆ کوڕە عاشقەکەی شار، ئەوا هاتین، دان بەخۆتا بگرە و دەستت شل نەبی، هەر تاریکە و بەفریاد دێین، واهاتین... ئێمە، ئێمە،

دەستەیەک: (ئەم گۆرانییە لەسەر ئاوازە فۆلکلۆرییەکەی «لە گلّە زەردە پەڕینەوە»، ئەلّێنەوە و بەسەمای وێنەی ڕاوەماسی و کۆشش و ململانێیە سەرەکییەکە دەنوێنن)

هاتین، هاتین، ئێمە هاتین
گولّە هێرۆی وەردمان پێیە
دیاریی دەستیشمان گەزۆیە
هاتین، هاتین، ئێمە هاتین
لە گلّەزەردە پەڕینەوە
بووکمان هێنا و هاتینەوە
هاتین، هاتین، ئێمە هاتین
(بووکە سەماکەرەکان و منالّەکان و داپیرە دەرئەکەون)



حەقایەتخوان: (هەندێکی بەقسە و هەندێکی بەگۆرانییەوە ئەیلّێتەوە)
داپیرە چەندی کرد و چەندی کۆشا
حەقایەتێ نەما نەیکا
منالّەکانیش گرۆز بوون
وازهێنانیان لەلا نەبوو
هەرچەند داپیرە ماندووبوو
چی بکا بەدەست وەچەزاوە
چارێ نەما ئەبێ چ بکا
سەبەتە بووکەلّەی هێنا
بووکە سەماکەرەی جوان جوان
هێنای و خستیە بەر دەستیان
مینا و شەنگە و ئارای بزواند
ئەوسا کەوتە پێناسینیان
ئەمە کێیە و چ کارەیە
ئەوە کێیە و کام یارەیە
کەوتە باسی حالّی دەوران
باسی دەریا و دەریاوانان
باسی ڕاوچی و ڕووداوەکەی
وردە وردە بزواندنی
خستنیە کۆشی خەیالّەوە
منالّ بێ هۆش و بێ گۆش بوون
شار، شار، شاری بووکە شووشەیە
بووکەکانیش بوونە ڕاستی
کەوتنە جوولە، کەوتنە دووان
ئاوا... ئاوا، ئاواهی بوو...
دەستەیەک:

شەمە هات و یەک شەمە بوو
دووشەم هات و سێ شەمە بوو
چوارشەم هات و پێنج شەمە بوو
هەینی هات و شەمە بوو
جارێکی دی شەمە بوو...

(مناڵەکان بووکەڵەکانیان بەدەستەوەیەوە گەمەیان پێ ئەکەن و پاشان ئەبنە ڕاستی)

بووکەڵە (١): لەو کاتەوەی خەو نەماوە، ژیان وەستاوە، مناڵ بوون نەماوە.

بووکەڵە (٢): مامانەکان پیشەکەیان گۆڕی و پیشەی تریان هەڵبژاردووە.

بووکەڵە (١): جاران، بەر لەم درمی خەو زڕانە، مناڵ دەستی بەقوڕگی شێرا ئەکرد.

بووکەڵە (٢): بۆ باسی ڕاوچییەکە ناکەن، ئەها وەرن، وەرن، خێراکەن، ئەها، ئەوەتا، لەوە ئەچێ ئەو ماسییەی بەقولاپەکەیەوە بووبێ زۆر گەورەبێ.

بووکەڵە (٢): نەهەنگ نەهەنگ، ئەها ئەو هەموو عەشاماتە گدربوونەتەوە.

بووکەڵە (١): گرتی؟ خەڵکینە وەرنە دواوە، لەوە ناچێ ماسی بێ، کێ ئەڵێ... (ئەبێتە مقۆمقۆیان)

بووکەڵە (٢): باشە لە دەریادا چی ڕاو ئەکرێ؟ خۆ لە دەریادا ڕاوە بەراز ناکرێ!

بووکەڵە (١): باوابێ، ئەبینین، من ئەڵێم...

بووکەڵە (٢): چی ئەڵێی؟

بووکەڵە (١): جارێ بابچینەوە بەلای مناڵەکانەوە، پاشان پێت ئەڵێم، باشە؟ مناڵینە وەرن واهاتینەوە، ئادەی خێرا.

بووکەڵە (٢): پەنا بەخوا، دەی تا زووە باقورتاربین، مناڵینە خێرا، خێرا بمانخەنە ناو سەبەتەکەوە و دەسبەجێ سەر ڕەفە هەرە بەرزەکەمانێن.

بووکەڵەی (١)، (٢): ئادەی یەک، دوو، هەرسێکی

(هەمووان بەیەکدا دێن و دەچن و ئەبێتە هەرا، لەپڕ هەمووان ئەوق ئەبن، تاریک ئەبێ، دەنگی پشیلە و سەگوەڕ)

(ڕووناکی)



هەمووان: گورگ، گورگ و دەریا، گورگ لە بری ماسی، گورگ و دەریا، گ، وو، ڕ، گ، گورگ.

(بەیەکدا دێن و هەمووان دەبنە تۆپەڵەیەک)

هاوڕێ: خەڵکینە فریای خۆتان کەون، بەرەو ئێرەوە ڕاکەن، ئەمە پەنایەکی چاکی داڵەدانە، چەپەکە و حەشارگەی چاکە. کەڵپەی کەڵپە نییە، چاوسووری زەق، کەللەی هێندەی کەلەگامێژێ ئەبێ.

خاڵە حەمە: ئەعووزوبیللا، ئاخر زەمانە، جەجاڵ هەستانە، ئەمە مووجیزە و عیبرەت و پەندە و خوا پیشانی ئەم خەڵکەی ئەدا، بەڕۆژی نیوەڕۆ و بەبەرچاوی عالەمەوە گورگ بەقولاپی ماسیگرەوە بێ. سوبحانەئەڵڵا.

هەمووان:

گەلەگورگ هات، گەلەگورگ هات.

(لوورە لووری گورگ و تاریکی)

ڕووبار: ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتووە کەمێک لە باسی گورگ دوورکەوینەوە و کاتێک بەمەتەڵەوە بەسەر بەرین؟ هێشتاوەکو کاتیش بەبەریەوە ماوە، وانییە؟

هەمووان: مەتەڵ! مەتەڵ؟

ڕووبار: بەڵێ مەتەڵ، بۆ نابێ؟ هیچی تیایە؟ مەتەڵ مەشق و وەرزشی بیرە و زاخاوی مێشکە، کەواتە مەتەڵ،

هەمووان: (بەچەپڵەڕێزانەوە و بەگۆرانییەوە)

بەزمی مەتەڵە و هاتەوە کایە
هەر زەینی ڕوونە، ماڵ و سەرمایە
مرۆڤی زیرەک بەخت یاریەتی
باش بیرکەرەوە، دەنا هەڵنایە

ڕووبار: ئێمە ئەم سیانە مەتەڵەکان دائەنێین.

(سێ کەس مشتومڕ ئەکەن و لەسەر مەتەڵەکان ڕێ ئەکەون)

دەستەی مەتەڵ: کامە سپی، کامە ڕەشە، شەو ڕووناکە، ڕۆژ تاریکە، بەفر ڕەشە، خەڵووز

سپی، له یەک کاتدا، له یەکدی دێن، له کاتێکی تریشایه، له یەک نایەن، له یەک ئەدەن، ئادەی گەلۆ، هەلەو ئادەی، بیرکەنەوە، خەڵاتەکەی ببەنەوە.

هەمووان: گورگە، گورگ، گورگە.

ڕووبار: گورگ نییە. بۆ ئەبێ گورگ بێ!

دەستەی مەتەڵ: چرایە و چرا نییە، چرایە و بۆڕی بلووری ناوێ، چرایە و پلێتەی ناوێ، چرایە و نەوتی ناوێ، چرایە و یەکجار هەڵئەبێ و، چرایە و یەکجار خامۆش ئەبێ و بەڵام هەر ڕووناکە و چرایە و... تەواو، ئەمەیان چییە؟

هەندێک: ئەمەشیان هەر گورگە، هەموو شتێ هەر گورگە، ئای لە گورگ وای لە گورگ.

دەستەی مەتەڵ: گورگ نەبوو، هۆش و هۆشیاری بوو، کەواتە دوا مەتەڵمان، یان دوا پرسیاری بەزمی مەتەڵ، بۆ وتیان گورگە؟ بۆ بەگورگ زانرا؟ بۆ، بۆ، بۆ؟

(هەمان گۆرانی «بەزمی مەتەڵە» دەڵێنەوە)

(تاریکی)

(پاشا و وەزیر لەناو خەڵکەکەدا خۆیان شاردۆتەوە)

ڕووبار: ئادەی کوان ئەو دووانەی دەوری پاشا و وەزیریان ئەگێڕا؟ کوان، گۆڕیان ونە، لە کوێن، دیارە لە ترسی گورگ، گورگە بوون و، خۆیان شاردۆتەوە، بابە خۆ گورگ ناتان خوا، ئادەی بیان دۆزنەوە و بیان هێننەوە.

(ئەیان دۆزنەوە و پەلکێشیان ئەکەن)

پاشا: بابە لێمان گەڕێن، ئەرێ دەوری ئێمە نەبڕایەوە، تەواو نەبوو؟ ئێ باشە چیتان ئەوێ؟ لەوە زیاتر، لەوە زیاتر، ماسی بوو بەگورگ، ها، ئیتر چ دەورێکی من و ئەم وەزیرە بەدبەختە ئەمێنێ، نازانم! با ئێمەش وەک ئەو خەڵکە سەیری بەزمی حەقایەتەکە بکەین.

وەزیر: (بەگوێی پاشادا ئەچرپێنێ)... ئا... پاشا، وابزانم هێشتاوەکو دەورمان ماوە (دەم بەگوێی پاشاوە ئەنێتەوە) قابیلە ئێمە ببینە گورگەوان، نازانم! مەبەستیان لە سەرپەرشتی چییە؟! (جارێکی تریش بەگوێی پاشادا ئەچرپێنێ).

پاشا: ئێمەش ڕائەکەین؟ ئێ، ئێ... کەواتە گوێگرە، ئێستا من پاشام، بەوپێیە، ئێمەی دەسەڵاتداران، لە پای چی و بەقسەی کێ خۆمان گورگان خواردوو بکەین! هەر



دەمێ لمۆزی گورگ گەیشتە دەروازەی کۆشک و سەرامان، ئەوا ئێمە پێمان ناوەتە دەروازەی بەهەشتی سەرفرازییەوە، ئەوە هەر زوو حسابمان بۆ کردووە، کام شوێنە خۆشە، کام شوێنە قایمترە و، ڕۆژێ لە ڕۆژانیش ڕووبەڕووی کەسێکی تیا نابینەوە، ئەوە هەواری ئێمەیە، بابە بەسەری ئەولادم، بڕوام بەدەورەکە نەبوو، زانیم تووڕەهاتە و تاسەر نییە، بۆیە هەر زوو کەوتمە خۆم... ئەوە مەسەلەی بڕوا پێ نەبوون، ئەوە هەر لە یەکەم ڕۆژی پرۆڤەوە زانیم...

وەزیر: ئەگەر بۆ دەورەکەشە، هەموو شتێ مەڵێ.

پاشا: ئێی وەزیری وردبین! ئەزانی ئەمە یەکەم جار نییە دەیان جار لەم شانۆییيانە بەسەقەتی پێشکەش کراوە، هەرجارە بەجۆرێ، بەڵام هەر هەمووی یەک بابەتە، بەڵام لە هیچ جارێکا ئەفراندن، بەڵێ داهێنانی تیادا نەبووە.

وەزیر: هەرجارەش بەبارێکا تەقلەی لێداوە و سەرمەقولاتی ناچاریی بەو خەڵکەش داوە.

پاشا: ئەگەر گورگێ زامدارکرێ، ئەوا گورگانی ناوچەکە بۆنی خوێن ئەکەن، بەڵام بۆنی خوێنی ئەمجارە شار و مەملەکەتانی تریش ئەچێ و گەلەگورگەکانی ئەملاولاش ددان بەهەسانی کۆنەقین تیژ ئەکەنەوە ئەڵێم ئیتر کات بەدەمیەوە نەماوە، پاشان

وەزیر: پاشان گەورەم... ئەوانەی فەرمووبووت هەر هەموویم ئامادە کردووە... ئەوە پارە، ئەوە پۆساپۆرتە ئەفسووناوییەکان، ئەوا... (دەنگ نامێنێ)

پاشا: کەواتە، ئەی خەڵکی بەشەرەفی خۆڕاگر و ماندوونەناس... بەدوعا، بای

هەمووان: (لەسەر ئاوازی سەمای ڕۆژئاوایی و بەسەماوە)

بای، بای، بای، بای، بای، بای، بای، بای، بای
خەڵکەکە زیخە و دەسەڵات ئاوە
ڕووبار بێ وچان، ئەڕوا و بەتاوە
هەرچەندە کوللە بەری ڕەنجی برد
وەرزی ئایندەی چاندن مایەوە
بای، بای..............

(تاریکی، دەنگی سەگوەڕ)

ڕووبار: لە نیوەشەوەوە، لوورە لووری گورگ و سەگوەڕ، لەگەڵ گیڤەگیڤی ڕەشەبا و

جیرەجیرِی دەرگاکان بەدەم لمۆزە بۆرەی گورگانەوە، لە بیروهۆشی هەمووانا دەعبایەکی کەڵپەی گورگی زەبەلاحی ئەوتۆی دروست ئەکرد کە لە ئاسمانی شارەکەدا جێگای نەئەبووەوە، هێندەی نەئەما درِ بەچیاکانی چوار دەور و شەق بەگومەزەی ئاسمان بێنێ...

داپیرە خونچە: (گورگانە شەوێ ئەڵێ و دەنگی لانک راژەندن دێ)

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ
گورگان لە ماڵی ئێمە دووركەوێ
بچێتە ماڵی ناحەزانەوە
چاویان بچێ بەزاقەوە
سەریان بچێتە خاكەوە
گورگانە شەوێ...

(تاریکی)

کامەران: وەرە بەدەستی خۆت بەڵا بەسەری خۆتا بێنی، ئەڵێن چوو بۆ رِیش، سمێڵیشی دانا، هەر سمێڵ! برۆ و برژانگیش. خوا بەوە رِەحمی کرد، خەڵکەکە بەچاوی خۆیان بینیان، دەنا ئەوە هەر شێتیان ئەکردم و ئێستا ناڵە ورتکەی حەوت گەرِەک بەخرِکە بەردەوە بەدوامەوە ئەبوون، خوایە دەردوبەڵایەکم بەسەرهاتووە بەسەر کەس نەیە، بەوخوایە هەرکە بیری شەپۆڵی هەڵچووداچووی دەریا، یان شڵپ و هورِەکەی ئەکەمەوە، یەکسەر رِەوە گورگێک ئەبینم چنگ لەسەر شان، بەپانتایی دەریاکە سەدان رِەوە جوانووی پشت نەگرتوویان هەڵبرِیوە (دەنگی هاتنی خەجاو) خەجاوە، ئەوە تۆی؟ کەی هاتیتەوە؟

خەجاو: کامەران گیان، تاوێ نابێ.

کامەران: ......... ئەو خەڵکە چییان ئەوت و چییان نەئەوت؟ ئەڵێم هیچ شتێکی تازە لە ئارادا نییە؟

خەجاو: باسی گورگ و بێ خەوی، سەری هەموو قسەوباسێکی خواردووە، نەوەڵڵا، جا باسی چی هەبێ! ئا، ئا، تۆبە خوایە، بیرم نەبوو، باسی ئەو دەستە کورِوکاڵەشیان ئەکرد، ئەوانەی کاتی خۆی، رِوویان لە هەواری دێوودرنجان کردبوو، هەرکە باسی



بەزمی گورگە دەریایی کەوتە ناوباسانەوە، ئیدی هەرکەسە و رِووی لە هەواری خۆی کردەوە و ئەوێیان چۆڵ کرد.

کامەران: خەجاو، بەڵای گەورە، بەڵای گچکە لە بیر ئەباتەوە، چی لەوێ بکەن، ئەوەتا لێرە و بەرِۆژی نیوەرِۆ گورگ شەویلگەی تا بن گوێچکەی بۆ زەلام خواردن کردۆتەوە... ئای خەجاو رِاستە فەرموویانە، تا بەد نەبینی، بەدخانە بەیاد ناکەی، کێ بەعەقڵیا ئەهات رِۆژێ لە رِۆژان، لە ناخی دەریای شینی رِەنگ ئاسمان و لە نیازی ماسی هەرە پاکژەوە گورگ پەیدا و بەرەڵابێ... پەنابەخوا، خوایەگیان بۆ؟ بۆ، بۆ، بۆ؟

هەرچەندە سەرئەهێنم و سەر ئەبەم سەر لەم تەلیسمە دەرناکەم، خەریکە مێشکم بتەقێ، باشە بۆ وای لێ هات و بۆ بەم مەرەیە چوو؟! ئای خەجاوە گیان، جاران چ رِۆژانێ و چ خەونێکی ئاڵ و واڵ بوو! ئێستاش چی لێ هات (ئای لەو دەمە، لەو ئێوارە. ئاهەنگ رِەنگە، خەجاو رِەنگەکان، چاوەچاوی عەشقبازییان لەگەڵ یەکتر ئەکرد، هەر دەتگوت، ئاوێنەی رِەنگاورِەنگیان بەرامبەر یەکتر رِاگرتووە و بەنیازی بەشەوارە گیان ئەڤینی یەکدی لە ئامێز بگرن... ئەڵڵا...! ئەزانی هەمووشیان، هەر بەجارێ و لە پرِا شەوقیان هەواڵەی رِوومەتی گۆنای ئاسمانی سەر دەریاکە ئەکرد. چاوی، پیرە ئاشقانیان بەدوای مەستی ئەو بادەیە ئەبرد کە دوا هەڵکشانی گیانی پێوەیە، حەزم ئەکرد ئەوکاتە (بێدەنگ ئەبێ، دەیەوێ بەسەما بدوێ).

خەجاو: چییە، چیتە؟ پیاوەکە چی ئەڵێی چی؟ سەیرە! کامەران لەگەڵ تۆمە، ئەتەوێ چی بڵێی؟

کامەران: ئەودەمە، لە هەرِەتی گەنجێتیا بووم، ئارەزووەکانم دەستبازییان لەگەڵ ئەستێرە هەرە بەرزەکانا ئەکرد، ئەو رِۆژانە بوو مەلی حەز و دڵداریم، تازە بەتازە، لەدڵا پووشی بۆ هێلانە هەڵبەستنەکەی خەجاوە چاو چوان ئەبرد... ئەو رِۆژە لەوای بەیانەوە، لەگەڵ باوکما خەریکی تۆرِنانەوە و سەرقاڵی منەی ماسی رِاوکردن بووین، کات درەنگی کرد و ئێوارە داهات، کەمە کەمە تاریکی کرد، کە سەرنجی رِوخساری باوکم ئەدا، ئەمزامی لە چ دڵەرِاوکێ و مەراق و ئازارێکایە و لەبەرئەوەی بەختیاری برام لە ئەسپەکەی گلابوو ئازار بەپشت و لاقی گەییبوو،... چووم بەلایەوە و وتم: باوەگیان، دەستەکانت ماچ ئەکەم، بۆ نارِۆیتەوە ماڵێ و

بەچاوی خۆت، لە حاڵی کاکە بەخە ئاگاداربی، ئەزانم زۆر لە پەژارەدای، بابەگیان بەقوربانت بم برۆرەوە، ئەوە من لێرەم، دڵت لەلام نەبێ، هاکا منیش هاتمەوە.

باوک: دەکەواتە کەوای لێ هات، تۆش وەرە بابڕۆینەوە، دیارە تۆش ماندووی، دەی باوکەکەم کامەران.

کامەران: باوەگیان، ئەگەر ڕێگا بفەرموون، ئەم ئێوارەیە حەز ئەکەم کەمێک درەنگتر بێمەوە، تۆ هیچ دڵت لام نەبێ و هیچ غایلەیەک مەکە، باوەگیان ئەڵێم ئەمە خوایە، بەشکم...

باوک: باشە حەوت براکەم، بەڵام زۆر دوامەکەوە، کەواتە خواحافیز.

کامەران: بەسەرچاو، خوا یاربێ زوو ئەگەڕێمەوە، خواحافیزت بێ.

(تاریکی)

کامەران: تاوێ لەمەوپێش کە سەیری دەریاکەم ئەکرد، لەوە ئەچوو دەریا سەرخەوی بۆ بشکێنێ و شەپۆڵەکانیش بووبوونە دیلانێ و ڕایان ئەژەن،... ئەرێ ئەو مانگە بۆ چاو لە چاوی دەریاکە ناترووکێنێ؟ عەواڵی حەز و خۆزگەیەکە و منەی ژوانی ئۆخەیەتی، مانگ بۆتە چاوێکی ورد تەماشا، ئەوە بیلبیلەکەیەتی دێت و دەچێ... ناو بەناوە ڕوومەت بەڕوومەتی دەریاکەوە ئەنێ... ئەها برژانگەکانی تەڕبوون و دڵۆپە ئاوی ئاورنگ ئاسایان لێ ئەچۆڕێ... شنەبایەکی فێنک هەڵی کرد. بۆنوبەرامەیەکی خۆشی هێنا، هەر ئەڵێی بۆی کردووە بەبۆی هەناسەی هەموو نێرگزەجاڕەکانی کوردستانەوە.

(بێدەنگ و بێ جوولە)

هەمووان: چی بوو؟ چی ڕووی داوە؟ بۆ ئەوق و بێدەنگ بوو؟

نیاز: کامەرانی، بیروهۆش و هەستی هاویشتۆتە دەریاوە، ئەوا شەپۆڵەکان دەستیان گرت، لە نەرمەلەنجەوە کردیانە سەما و هەڵپەڕکێ، بەرەو کەناری دەریا کشان.

(سەمای شەپۆڵەکان و دەربڕینی هەڵکشان)

کامەران: خەڵکینە چاک چاوم لێیە، خەونە یان خەیاڵ، ڕاستییە ڕاستی، خەڵکینە ئێوە و خوداتان شایەتی هەقم بۆ بەن...

نیاز: بڕوانێ، ئەوەتا مانگ خەریکە سەر بەسینە و بەرۆک و گەردنی دەریاوە ئەنێ،



ئەوەتا شەپۆڵەکان سەما ئەکەن، گۆرانی ئەڵێن.

(بەگۆرانییەوە و بەسەمای وێنەی بەرجەستەی سەرگوزشتەی گۆرانییەکە ئەکرێ).

گۆرانیبێژان:

شەپۆڵەکان... شەپۆڵەکان
ئەمشەو، ئەمشەو شەپۆڵەکان
مەشقی سەمای گیانیی ئەکەن
سەما ئەکەن و ناسرەون
سەمایانە، سەمایانە...
شەپۆڵەکان، شەپۆڵەکان...
شەپۆڵەکان، چەپکە پەنجەی بلوورین
ئاسمانیان هێنایە سەما.
شەپۆڵەکان بوونە مۆمدانێکی زیوین
شەپۆڵەکان بوونە کەژاوەی بوکێ خان
پەرییەکی دەریاییبیان پەڕانەوە
پەری جوانە، پەری تابلێیی نیانە
پرچ و پەرچەم، بریسکە و هووڕ
ئاسمان گەردنی نەوی کرد
ماچ و مووچی پەری و مانگە
شەپۆڵەکان...
ئەستر و ئەمشەو، شەپۆڵەکان
بینیمان و ڕاوچی حەیران
شەپۆڵەکان...

ڕووبار: پەری دەریا، پەلکەزێڕینەی بەنازی کردە بەرگی بووکێنێتی و لەبەری کرد، کاتێ تریفەی مانگ لەکەف چەرینی شەپۆڵە سەماکەرەکانی ئەدا گوارە و گەردانە بوون و خەڵاتی پەری ئەکران، دنیا چراخان بوو.

نیاز: بڕوانن، ئەوەتا پەری دەریا و مانگی چواردە دەستەوملان بوون، مانگ بەترس و

دڵەڕاوکێ و شەرمەوە، چەپکە تریفەیەکی خەندە ڕەنگی بەسەر پەرچەمی پەرییەوە کرد و، کاکی ڕاوچیش،

کامەران: خەڵکینە ئاگرێکم تێ بەربووە بەو دەریایەش ناکوژێتەوە، با نەیەکەم لە بەرۆکم بکەمەوە و دەست بەژەندن بکەم، ئەمەوێ ئاگر لە ئاگر بەربەم، بڕوانن دڵم فوو بەنەیەکەدا ئەکات و لە بری پەنجەکانم گیانم دەیژەنێ. خەڵکینە، ئیدی ئەوەدەمە هەر ئەوەندەم خۆش بوو، بووک پەری ئاوڕێکی لێ دامەوە و بەوپەڕی میهر و نەوا و نازێکی نازەنینانەوە نیگایەکی کردم، چۆن نیگایەک هەزار و سەد دەفتەری جێگای سەرگوزشتەی داستانەکان ئەو نیگایەی تیادا نەئەبوویەوە. بەوخوایە لەبەرچاوم بووە خەجاوە چاوڕەشەکەی بەردڵانی خۆم، ئای هەر ئەوەندەم خۆش بوو... ئیدی بۆ کرۆز لە نەی و پەنچەکانمەوە هەڵسا و حەوت ئاسمان ئەڕۆیی، لێوانم سۆزی چزەچزی هەڵقرچان و سووتانیانی بەگوێی حەسرەت ژەندنا ئەچریکان. هاتە بەردەستم و ئاوا ڕاوەستا، هەر ئەت وت بەختەباران گشت حەز و خۆشی و ئارەزووەکانی تێکرای وەرزە خەونەکانی ژیانمەوە بەسەر گیانی گڕ تێ بەربوومما نمە ئەکا و هەست لە ناخما چەکەرە پێ ئەکات کە دەوروبەرەکەی پێ بەهاریی ئەبێ، سینە و گەردنی بەسەر جەستەی مەستی بادەی خودا نەشئەییمما شۆڕ کردەوە... منیش... ئای لە من و وای لە من خۆم لە کوێ خەڵتانی خوێنی ڕژاوی خۆمم و گیانی بەرزە هەڵکشاوم سەرەوخوار بۆ ئەستێرە ئەڕوانێ، ئەوەندەم هۆشوگۆش لەبەرا مابوو، بینیم ئەو چەپکە تریفەیەی مانگ بەپەرچەمییەوە کردبوو، نایە بان نەی و پەنجەکانم... چەندەم کرد و چەندەم کۆشا لێوم بۆ هەڵنەهاتەوە، تا تاکە حەرفێ بەداوێنییەوە بکەم... (بێدەنگی... دەنگی نەی)

ئەڵڵا لەم چەپکە هەڵاڵە چیاییە، ئەمە چەپکە تریفەکەی پەری دەریا بوو، ئەمە خوا ناردوویەتی، ئەیبەم و لە پەرچەمی شەوەڕەنگی خەجاوە خانمۆڵەکەی خۆمی ئەدەم، تا لە چاوی بەد بەدووربێ و هیچ جادوویەک کار لە خۆشەویستییەکەمان نەکات... خەجاوەخان ئەم دیارییەم بۆ تۆ هێناوە، ئەها... (ماندوو ئەبێ)

خەجاو: کامەران، ئەوە چییە، شەکەت و ماندوو ئەتبینم؟ چیت بەسەرهاتووە؟ کێ بەم مەرە خراپەی بردوویت؟ چییە بۆ هەناسەبڕکێت پێگەییوە؟ کامەران...

کامەران: خەجاو... من؟ ئاوا ڕام ئەکرد و بەبێ ئەوەی بەمەلاولای خۆما ئاوڕ بەمەوە،



خواخوام بوو تاوێ زووتر پێت بگەم و دیارییەکەی پەری دەریات بەپەرچەمەوە بکەم... ڕام ئەکرد و کاتێکم زانی ڕووم بەڕووی سەگەلی ماڵی پاشا و کوتەکی پاسەوانانی دەروازەی کۆشکا تەقییەوە، ئیتر کەوتمە بەر داپڵۆسین و قەپاڵ لێگرتن... کاتێ بەئاگا هاتمەوە، سەیر ئەکەم لە سای دیوارە زەبەلاحە ترسناکەکانی کۆشکا کەوتووم و ئازای ئەندامم ئەزریکێنی و خوێن لە تەپڵی سەرمەوە فیچقە ئەکات... (بێدەنگی) گوڵەکانم ئەوێتەوە... هەی ماڵی بابتان کاول بێ یاساولانی پاشا، هەی دەور و دوکانت وەرگەڕێ پاشا، گوڵەکانم ئەوێتەوە، گوڵەکانم بۆ پەرچەمی شەوەڕەنگی خەجاوم هێنابوو... (لەبەردەمی خەجاوا بەشەکەتی بەلا دادێ).

(بووکە سەماکەرەکان دەرئەکەونەوە)

دەستەیەک:

ڕۆژان هات و ڕۆژان چوو
هەقایەت تەواو نەبوو
هەر باسێ بکرایەوە
بەلای گورگا ئەشکایەوە
ئەمە گورگە و گورگ ئەخوا
ئەوە گورگە و چاوی گورگ هەڵئەکۆڵێ
ئەوە و ئەوە و ئەوە...
ڕۆژان هات و ڕۆژان چوو
هەقایەت تەواو نەبوو

داپیرە: جا کۆرپەلە شیرینەکانم، ئەوە دیارییەک لە شای پەرییانەوە بێ، ئەوە هومای بەخت و نگینە و دەست کێ ئەکەوێ!

شەنگە: (بووکەڵەکەی بەدەستەوەیە و نمایشی پێ ئەکات) داپیرە، سەیرکە، ئەها خەجاو ئەڵێ: کامەران کوانێ دیارییەکەم؟ چی لێ هات؟

مینا: (بەهەمان شێوەی شەنگە نمایش بەبووکەڵەکەی ئەکات) خەجاوگیان، سەگەل و پاسەوانان بەم دەردەیان بردم.

شەنگە: کەواتە هیچ، ئەوە بەختی خواپێداوانە، نەک ئێمە، ئێمە چۆن ئەبێ، نەء نایەڵن،

بەڵام گوێ مەدەرێ و خەمی پێ مەخۆ، ئەوە دیارییە هەر دێتەوە دەستی خاوەنی... ئەوە...

مینا: چۆن خەمی پێ نەخۆم و گوێی پێ نەدەم، ئەوە بۆ کێ هەڵئەکەوێ، کێ هەلی وای بۆ هەڵکەوتووە.

شەنگە: پێت ئەڵێم گوێی مەدەرێ، هەر ئەبێتەوە، ئەی ئەوەت بیرچوویەوە...

مینا: کامە خەجاو؟

(تاریکی و ڕووناکی، بووکەڵەکان ئەبنەوە بەکامەران و خەجاو)

خەجاو: کامەران، ئەها، هەر ئێستا بیرت ئەخەمەوە، ئادەی جوان جوان چاوانت بنووقێنە، سەرت بڵند بگرە و وەک لە تاقی ئاسمان بڕوانی، تەنها بیروهۆشت لای من بێ، خەیاڵ و بیرت بەهیچ لایەکا نەڕوا، تەنانەت گوێت لە دەنگی لێدانی دڵی خۆشت نەبێ، هیچ گرژییەک لە لەشتا نەمێنێ، خاو بەرەوە وەک لەبەر خۆری ڕۆژێکی سەرەتای بەهارابی، دڵت لام بێ... کامەران بیرکەرەوە، ئەو ڕۆژە بێنەرەوە بەرچاوت، کە هێشتا وەکو ئەو باسە لەناو باسانا نەبوو، ئەو سەردەمەی گوڵ (دەم ئەجووڵێنی و دەنگ نامێنێ، کامەران ئەبیستێ)... کامەران چی ئەبینی بیڵێ.

کامەران: لە یەک کاتدا، دوو بینراو، یەکەمیان خۆمم و چەپکە گوڵەکەم بەسنگەوە گرتووە و بەسەر ئەو خەڵکانەدا دابەشی ئەکەم کە گیانیان نەزری یەک نیاز کردووە، ئەوە بینراوی یەکەم بوو، بینراوی دووەمیش، ئەوەتا پاشا شێتگیر بووە، کەف بەلا شەویلگەیا هاتۆتە خوارێ، ئاگر لە چاوانییەوە ئەبارێ، وەک گا ئەبۆڕێنێ و وەک مالۆسی چەقۆ لە مل دراو مرخە مرخیەتی.

(تاریکی)

پاشا: بۆ... بۆ؟ کەی باخ و گوڵزاری پاشایەتیم ئاوابوو! کوا خەرمانەی گوڵ و بۆنوبەرامەی دەماغ مەستکەرەم؟ کوا؟ بۆ بۆتە دڕکەزی و پەیکوڵ و کەرتەشی و چقل و چەوێڵ؟ دڕک خەریکە چاوم دەردێنێ، وا بڕوا گوڵ لە گەل قەدەغە ئەکەم، هەر گوڵە و سەر پەڕاندنێکی پێوەیە... ئادەی یاساولانی سەرپەڕێن، ئادەی چاوسوورانی قەڵاچۆکردن... ئادەی...

کامەران: خەجاو، ئەو ڕۆژانە بوو، شام بەسەپان ڕانەئەگرت و ملی جەربەزەییم لە چەقۆی مەرگ ئەسوو، لە بریسکەی چاوەکانمەوە خۆبەخت کردن لە دایک ئەبوو. ئەو ڕۆژانە



بوو سینەم کتێبی ئەلف و بای هەڵشاخینی بۆ نەوجەوانان ئەکردەوە، خەجاو، ئەوە جارانی جارانم و ئەمەش ئەمڕۆمە بڕوانە دادگایە و دادگای من ئەکەن.

خەجاو: دادگای تۆ؟!

کامەران: بەڵێ دادوەری بەڕێز، بەڵێ ئەنجوومەنی ڕاوێژکارانی دادگا، بەڕێزینە، فەرمووتان، سوێند بخۆ، کە ئەوەی ئەیڵێی ڕاستە و جگە لە ڕاستی نایڵێی، منیش ئەڵێم ڕۆژانی ڕابوردووم ڕاستگۆترین گەواهمە و، سپێدەی لاجانەکانی ئەمڕۆکەشم گەواهمە و پەرژینمە... بەڕێزینە، ئێوە منتان بەئاڵوگۆڕکردنی ماسی بەگورگ تاوانبار کردووە، منیش ئەپرسم، هەر بۆ خوا بڵێن، ئەو کارە لە وزە و توانا و دەسەڵاتی کەسدا هەیە؟ ئەمەش جۆرە شەترنجێکە، ئەو شەترنجەی جاران و هەنووکەش یاری بە...

دادوەر: (چەکوشەکەی بەکاردێنێ) ئەوە باسی چی ئەکەی؟ بێدەنگبە، لە باسەکە و وەرامەکە مەترازێ.

کامەران: باشە بۆم هەیە بپرسم، بۆ گوڵزارەکەی پاشا بەچقل و...

دادوەر: کابرا چیم پێ وتی؟ ئێمە بۆ تەنها کێشەیەک دانیشتووین، کێشەی ماسی بوون بەگورگ، نەک یاریی شەترەنج و گوڵزاری ماڵی پاشا.

خەجاو: هێی، جەنابی دادوەر، بۆ نایەڵی قسەکان تەواو بکات؟

دادوەر: جارێ، هێی هێیت لە چییە ئەڵێی لە گۆلک ئەخوڕی... باشە کێ ڕێگای بەتۆ داوە، ئاوا سەربەخۆ بدوێی؟ پارێزەری ئەگەر پارێزەری ئەوێ، با داوا بکات. فەرموو پارێزەر دەستنیشان بکە.

(دەنگە دەنگ و هەراوهوریا و بەیەکدا هاتنە)

کۆچەر و ڕووبار: شار سەرقاڵی هەڵبژاردنە، شار پارێزەری سەر ڕاستی بەتوانای بۆ داکۆکی لە ڕاوچییەکی شار ئەوێ، شار پارێزەری دەمڕاست هەڵئەبژێرێ.

(کەشی هەڵبژاردن و شێوە کەرنەفاڵی)

دەستەیەک: ئێمە، ئێمە، ئێمە هاتووین
هاتووینەتە بەردەم ئێوە
خەڵکی شاری کۆڵەوارین

خەو لێزراو و بێزارین
لەبەر کەڵپەی گورگانەوە
داکۆکی لە ڕەوا بکەین
کێشەکەمان، کێشەی مرۆڤێکە
مرۆڤێکی بێ گوناه
مرۆڤێکە ڕۆژانێ بوو
ئاسۆی جوانی ئەرخەوانی
گوڵی یەخە و بەرۆکی شار
تارای سەری بووکێ خانم
سورمەی دیدەی دڵدارەکان
دیاریی دەستی ئەو یارە بوو

(دەنگە دەنگ و بانگەشەی هەڵبژاردن و بەیەکاهاتنی ڕەنگەکان)

دەستەیەک: هەڵبژێرن، هەڵبژێرن... هەلە و هەلە، پیاوی زیرەک لە دەست مەدەن، دەمڕاست لە دەست مەدەن دەستپاک لە دەست مەدەن... هەڵبژێرن، هەڵبژێرن.

ڕووبار: بۆ نازانین، ئەوانەی ئەو کاتەیان پێ دروستە باران هەوری گەرەک نەبێ، درەخت ڕەگوریشەی نەبێ،

دەستەیەک: ئەبێ وابێ! شتی وا چۆن ئەبێ ببێ!

ڕووبار: بەڵێ ئەیانەوێ، لە بری گا، گالیسکە گا ڕابکێشێ.

دەستەیەک: ئەبێ، ئەبێ! شتی وا چۆن ئەبێ ببێ!

ڕووبار: خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵبێ و سەرمەقولات بە وەرزەکانی ساڵ بدات.

هەمووان: ئەبێ، ئەبێ! هەرگیز نابێ، نابێ، نابێ.

(دەنگی بڵندگۆ و بانگەشەی هەڵبژاردن و بەیەکاهاتنی بەیداخەکان، پاشان بێدەنگی)

دەستەیەک: خەجاوی باوە نەهەنگگرمان هەڵبژارد.

دادوەر: چیتر؟ ئێ، پاشان، بەردەوامبە.

خەجاو: گریمان ئەم دەستە و ئەو دەستەم دوو دەست ناکات کەواتە دووانیش یەک و یەک نییە.



دادوەر: تۆ ئەڵێی چی؟ ئەڵێم بەروون و ڕەوانی بدوێ. خەجاو، تەنها و تەنها ئەو حەقیقەتە ئەڵێمەوە.

(زەنگی قوتابخانە لێ ئەدات)

مامۆستا: ئێستا زانیتان، کە هیچ لەسەر هیچە بنیاد ناکرێ، بوون لە بوون و لە نەبووەش هەر نەبوون، باشە ئەمە وەک چشتێ وایە؟ ئادەی بزانین... بزانین چ قوتابییەک...

(دەست هەڵئەبڕن و دەنگەدەنگی... مامۆستا، مامۆستا، مامۆستا)

ئادەی کوڕەکەم تۆ، بابزانین.

قوتابی: مامۆستا ئەمە وەک ئەوە وایە. بگوترێ: کابرایەکی بەستەزمان لە نهۆمی چل و چوارەمی باڵەخانەیەکی گوندی سەرشاتە بەسەرا کەوتە خوارەوە و گیانی لە دەست دا و، ئێوە خۆش.

قوتابییەک: کابرا مرد.

مامۆستا: بێگومان لە شوێنێکی وا بەرزەوە بەربێتەوە هەپروون بەهەپروون ئەبێ، بەڵام نەمردووە، ئەزانن بۆ؟ چونکە لەو گوندەدا خانووی دوو نهۆمیشی تیا نییە، کەواتە؟

قوتابییەک: ڕاست نییە.

مامۆستا: نموونەیەکی تر؟

قوتابی: وەک بڵێین، داماوێ لەو کەپکی چیای زۆزانەوە لەسەر دارخورمایە بەربوویەوە و چوارپەلی شکا.

مامۆستا: ، کەواتە قوتابییە ژیرەکان؟

(زەنگی قوتابخانە لێئەدات)

(تاریکی)

دادوەر: (چەکوشەکەی لێ ئەدا) ئادەی پارێزەر؟

خەجاو: دادوەری بەڕێز، کەواتە دەریا و گورگ لەکام گۆشە مەنتیقا جێگای ئەبێتەوە و، چی ئەفەرموون؟

دادوەر: تۆ بۆ کوێمان ئەبەیتەوە؟ ئێمە بۆچی دانیشتووین و تۆ باسی چی ئەکەی.

(دەنگی ساز و سەنتوور)

حەقایەتخوان:

وادی بەوادی
تەختی مورادی
خواردنی کاردی
نووستنی لبادی
ئاوی دێمەکی
سێبەری کەپکی
خەوی بادۆستی
مەلای گەرمێنی
فەقێی کوێستانی

ئۆباڵی بەملی ئەو مامۆستایەی ئەمەم لێ زانی،

(ساز و سەنتوور)

دەستەیەک: (ئەم گۆرانییە ئەڵێنەوە)

کێ بوو شەموولەی گرتەوە
چرا خامۆش، ڕۆژبوویەوە
نوقڵانە بێ یار هاتەوە
باوی سەیران گەڕایەوە
هێی، هێی، هێی

(زەنگی قوتابخانە)

مامۆستا: تینوو خەون بەئاوەوە ئەبینێ، ماران گاز لە خشەی گەڵا ئەسڵەمێتەوە و خەون بەهەژدیهاوە ئەبینێ. ئەوەی خەونیش بەگورگەوە ئەبینێ.

قوتابییەک: (ئەم گۆرانییە لەگەڵ زەنگا ئەڵێنەوە)

لە دەریای شین و نەرمونیانێ
شەپۆڵی تاوتاو خەیاڵ ڕاژێنێ
ماسی بەگورگ بێ، ئەمە مەتەڵە



زرنگە ئەوەی ئەمە هەڵبێنێ

دەنگ: دادگا، دادگا

دادوەر: ئێمە بەردەوامین، با شایەت حەمە ئەربەبا، ناسراو بەخاڵە حەمە بێت.

(خاڵە حەمە نابینایە و دەستیان گرتووە)

شایەت و نابینا، ئەمە لەکەیەوە کوێربووە؟

خاڵە حەمە: جەنابی دادوەر، بەڵێ منم شایەتی نابینا، بەڵام جاران، بەرلەوەی بکەوینە داوی ڕۆژانی خەو زڕانەوە، جووتێ چاوم پێوەبوو بەهەڵۆوە نەبوو... دادوەری بەڕێز ئەم نابیناییەم شایەتییەکەمە و هیچی تر ناڵێم.

دادوەر: ئەمە چی ئەگەیێنێ؟!

خەجاو: خاڵە حەمە لە گوڵەسوور بەیێخەکانی ڕۆژانی خۆی بوو.

دادوەر: هیچمان نەکرد بەهیچ، ئەمە وا بڕوا... ئەو شایەتە ماوە میرزا وەسمانی حەقایەتخوان، با سوێند بخوا... دەی با قسە بکات، (سوێند ئەخوا)

حەقایەتخوان: بەڵێ قوربان، جەنابی دادوەر ئەوەتام، ئامادەم، بەڵام بەوخوایە هەرگیز ئەو جۆرە باسانە بەدەمی منا نەهاتووە... قوربان، هەر لە هەبوو نەبووەکەما بووم و، جەماعەت لە دەمیان قوازتمەوە و بەئارەزووی خۆیان سەر و کلکیان کرد و جۆرەها شاخ و باڵیان پێوەنا، هاوارم لێ کردن، پاڕامەوە، لالامەوە، هیچ سوودی نەبوو، ئیتر قوربان خۆت ئەو خەڵکە ناناسی، بەبڕوبیانووی زەین کوێری دەمیان قەپات کردم و ئەوان بوونە حەقایەتخوان، نازانم ئەم گورگ و مورگ و قوتابخانە و گوڵی سوور و موورەیان لەکێوە هێنا، پەری دەریای چی و... بەهەرحاڵ ئەوەی ویستیان، ئیتر شتی یاساغیش، ئیتر... ئەوەتا ئێوەشیان گیرۆدەی سەرئێشی کردووە.

خەجاو: دەبوو وای لێ بێ.

دادوەر: کاتت نەهاتووە، ئەڵێم باشە کام لایەنە زەین کوێربوو؟

خەجاو: جەنابی دادوەر، زەین کوێربی و زەین ڕوونی لەوەدایە، ئەوەی هەقایەتەکەمان بەکاتژمێرێ دەزانێ کە بەدرێژایی وەرزەکانی ساڵ، وەک یەک ئەخوێنیتەوە، ئێستا و ڕابردوو و ئاینده، ئەوە زەین کوێرە، چونکە مرۆڤی زەین ڕوون هەقایەتەکەی پۆشاکی پۆشتەکردنی ڕۆژانییەتی، پێوەری سەردەم کیلۆ و گرام و

چرکه و... ئەوانە نییە.

دادوەر: ئەمەی تۆ ئەیلێی بۆنی شتێکی خراپی لێ دێ لێرەدا کۆتایی بەقسەکانت بێنە.

(گۆانی)

دەستەیەک:

«با بچینە سەر وەیس، وەیسی خۆمانە

لە وەیس بپرسین، خەتای کاممانە

بابچینە سەر وەیس، بۆ تۆبەکاری

تۆبە لە گشت شت، غەیری دڵداری»

دادوەر: (چەکوشەکەی ئەوەشێنێ و ئەنەڕێنێ) ئاوا، بەخوا تەواومان کرد.

(گۆرانییەکە دەست پێ ئەکاتەوە)

(زەنگی قوتابخانە)

(بەشداران بوونەتە قوتابی پۆلەکە)

مامۆستا: قوتابییە زرنگەکان، بۆ ئەوەی ئەمجارە خۆتان چاک تەیار و ئامادەی دوا ئەزموون بکەن بەسەرجەم وانەکانمانا ئەچینەوە و لەوانەی یەکەمەوە دەست پێ ئەکەین... ئادەی وانەی یەکەم.

کامەران: سەرم گەرمە و کەیلی جۆش و خرۆشێکی گڕاوییە و، دڵم بۆ خەونە بەهارییەکان لێ ئەدا و، سەرلەنوێ کەفوکوڵی ڕازونیازە ڕەواکە لە گەرووی نایەکەمەوە لە چلەی بەستەڵەک و هەڵلەرزینی زستانا، بەگوێی دارستانە گوارە هەڵوەریوەکانا، ئیدی بای وەشت هەڵدەکا و شکۆفە خەندە ئەکا و مەلان ئەجریوێنن و گیانە ناشادەکانیش لە ناخی گۆڕستانی خامۆشەوە هەڵئەکشێن و مەشقی سەمای زیندووبوونەوە دائەدەن... خەجاو گورج کە، ڕێگایەکی دووردرێژمان لەبەرە.

(گۆرانی با بچینە سەر وەیس ئەڵێنەوە)

(زەنگ)

(کۆتایی)

### شانۆی

# ئەوانەی توونی بابا چوون

نووسینی
ئەحمەد سالار
دەرهێنانی: ئەرسەلان دەروێش



کەسانی شانۆییەکە:

سالار: نووسەرە

پیرۆز: خێزانی نووسەرە

هونەر: منداڵی نووسەرە

شەنگە: منداڵی نووسەرە

پاشا: پاشای هەقایەتە

شاژن: شاژنی هەقایەتە

ئەستێرەوان: ئەستێرەوانی دیوانی شایە

نازەنین: شازادەیە

لاوە: ئاشقی نازەنینە

کەسێک: نێردرای شاری هەقایەتە

سالار: (گۆڤاری (ڕامان)ی بەدەستەوەیە و ئەیخوێنێتەوە) عێل پاشای کوڕی جەمشید پاشا ئەمری بەدەوروبەرەکەی کرد و وتی: (ئەبێتە عێل پاشا) هەر لاوێک بتوانێ بچێتە -توونی بابا- و دەروازەکانی بشکێنێ ئەوا (سەوڵ) خانمی کیژمان ئەبێتە بووکی و...

پیرۆز: ئەوە ئەو هەرایەت لە چییە؟ ئەوە چی ئەخوێنیتەوە؟ سالار بەسەری باوکم وامزانی تەلەفزیۆنەکەیە.

سالار: پیرۆز ئەمە بابەتێکە کاک سەلام مەنمی لەسەر (توونی بابا) نووسیویەتی. بابەتەکە کارێکی بەراوردکارییە لە نێوان (توونی بابا) و کۆشکی پەیکەرەکانی (خۆرخە لویس بۆرخیس) کە چیرۆکێکی هونەرییە و (توونی بابا)کەی لە مەڕ خۆشمان ئەفسانەیە.

پیرۆز: باشە خۆ تۆ ساڵەهایەکە خولیای شانۆی کەلەپووریت. چۆنە بیرت لەو ئەفسانەیە نەکردۆتەوە؟ (توونی بابا)، جاران ڕکیان لە کەسێ بوایەتەوە، ئەیان وت (ئاوی ئاموون چێ. توونی بابا چێ) مەبەستیان لەوەبوو نەیەتەوە.

سالار: (توونی بابا) هەزار و نۆسەد و دوو دەرە نەمدیوە کەس تێیدا بخەوێ بەدوو سەرە!

پیرۆز: ئێستا ئەڵێی چی؟ ها؟

سالار: بیرێکی لێ ئەکەمەوە.

(تاریکی)

شەنگە: (بەدەنگی بەرز وانە ئەخوێنێتەوە) ڕۆژێکیان دەمەو بەیان دایکی ئازاد کوڕەکەی بانگ کرد و پێی وت: ئازاد، ڕۆڵە، زووکە لە خەو ڕاپەڕە، وا باوکت و براکانت پێشت کەوتوون و چوونەتە کێڵگە (بەرە بەرە دەنگ بەرز دەکاتەوە)، چونکە ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی گەنم تۆوکردنە کە ئازاد...

هونەر: (دێتە ژوورەوە) شەنگە، شەنگە، دایکم چی پێ وتین؟ باوکم خەریکی شانۆنامە نووسینە.

شەنگە: (زیاتر دەنگ بەرز ئەکاتەوە) کە ئازاد چاوی کردەوە تەماشای کرد وا دایکیشی خۆی ئا...

پیرۆز: چییە کردووتانە بەجەنگی مەغلووبە، گوناحە با سەری لێ تێک نەچێ، وتی مناڵەکانیشم دەوریان ئەبێ، بەشدار ئەبن. ئیتر مەیکەنە هەرا...



شەنگە: باشە من دەوری چی ئەبینم؟

هونەر:هەر شەنگە؟

شەنگە: ئەی دایکم؟

پیرۆز: دایکتانە و ئەشتوانێ دەوری شازادەی حەقایەتەکەش ببینێ. باشە چۆنە باوکتان دەنگی لێوە نایە ئادەی با بزانین.

(تاریکی)

هونەر: ئەوە چییە! پرخە پرخیەتی.

شەنگە: باوکە

پیرۆز: خەبەری مەکەنەوە.

سالار: (دێتە ژوورێ) لەلایەکەوە خەوم لێ کەوتبوو، لەلایەکی تریشەوە خەونم ئەبینی و دەنگە دەنگی ئێوە.. ئەزانی چۆنم بەسەر هاتووە؟

پیرۆز: خەونەکەت پچڕ پچڕ بووە.

سالار: دەفەرموون بۆم گرێ بەنەوە.. ئادەی بزانم چۆن چۆنی بەیەکەوە ئەیبەستنەوە..

بابزانم.. ئێ زۆر چاکە، با نیوەی خەون و نیوەی ڕاستی بێت.

هونەر: باوکە خەونەکەت چی بوو، خەونت بەچییەوە بینی؟

(تاریکی)

سالار: چوون، ئەوانەی چوون... چوون...

هەمـــوان: چوون، چوون، ئەوانەی (توونی بابا) چوون، ئەوانەی چوون و نەهاتنەوە ئایا زەوی قووتی دان؟ ئاسمان هەڵیکێشان و هەڵیلووشین؟ چییان لێهات و لە کێ بپرسین و، چۆن سۆراغیان کەین؟

سالار: دۆزیمەوە، ئا لێرەوە، دەست پێ ئەکەم: کێ بتوانێ پەی بەنهێنی پڕ لە گرێ کوێرەکان و کلافە ئاڵۆزە ئاڵۆزەکانی بەرێ؟ جەربەزە! کام جەربەزە؟ ئەی گوایە ئەوانی تر چی بوون؟! دیارە تەلیسمێک لە ئارادایە، ئەو تەلیسمە؟ بۆتە دەرد و بەڵای خەڵکێک.. جوانە.

پیرۆز: بیرت چووەوە، تۆ خۆت باست لە حەوت دیواربەندەکەوە ئەکرد.

سالار: تۆ بڵێی حەوت تاقەکە. حەوت تاقەکە. باشە کە زانرا ئەو دیواربەندانە، چی

ئەنوێنن. ئەوا ئیتر نهێنییەکە ئاشکرا ئەبێ. ئەو حەوتە مەبەستێکی گرنگی تیایە. باشە گریمان شوێن گۆڕکەیان پێ کرا، کەواتە چی ئەبێ؟.

هەرسێکیان: بابەتەکەی ئاڵۆز ئەبێ.

سالار: بەڵام هەر بەحەوتی ئەمێنێتەوە.

هونەر: باوکە چوزانی باسی چی ئەکا، کێ ئەڵێ هەر تاقە و بابەتێک نییە.

سالار: ئەو ژمارە حەوتە بەخۆڕایی نەهاتووە. حەوت واتای تەواوبوون و تەواوەتی ئەگەێنێ.

(تاریکی)

سالار : ئەوەی خەیاڵی شازادە نازەنینی لە کەلە نابێ، ئەوا سەر بەگەرووی نەهەنگا ئەکات، هەر ئەوەندە زیاترە و زیاتر... بگرە هەزار و یەک کوێرەوەری و چەرمەسەری. ناتوانی مەبەست بپێکی، تەنها مەگەر بتوانی زەبری عەقڵ و زەبری بازوو یەکانگیر بکات. ئەو دەمە ئەتوانی هەست بەشوێن گۆڕکەییەکە بکات و وەک خۆی لێ بکاتەوە. ئادەی بابزانم من ئەبمە ئەو پەیماندەرە و وا ڕوو لە دیاری بەرز و جوانی شازادە نازەنین خانمی کچی پاشای هەقایەتی پشت کێوان ئەکەم. وا لە دەرگا ئەدەم.

(تاریکی)

(دیوانی شای شاری هەقایەت)

شا: ئاوا! خانمە خاسەکەم. ئەوە ڕای نازەنینی کچمانە؟ زۆر چاکە. من بەدڵمە.

شاژن: ئەمە بەڵایەکە و هەمووانی گرتۆتەوە.

شا: خانمی خانمان، بفەرموون بزانین ئەستێرەوان چی لە هەگبەدایە، با بێتە ژوورەوە

(ئەستیرەوان ئامادە ئەبێ)

ئەستێرەوان: سڵاو لە شاهی شاهان. پاشای وڵاتی هەقایەت.

شا: سڵاو. ئادەی، با بزانین بۆچی شازادە نازەنینی کچمان مەلوولە و پەستیی بەری نادات؟

ئەستێرەوان: گەورەم شاهی سەروەرمان. تەنها دەرمانێ دەرمانی دەردی شازادەمانە.

شا: کام دەرمانە؟



ئەستێرەوان: لەو شیرازە تێکچوونەوەی لە کاری شوێن گۆڕکەی دیواربەندەکانی سەربوردەی پیرۆزەوە سەری هەڵداوە و بۆتە مایەی ترازانی مەدارەکانی بورجەکانی فەلەک.

(تاریکی)

(ماڵی سالار)

پیرۆز: ئێ پاشان؟ ئەوی شازادە لە چی کەمە. چی تری ئەوێ؟

سالار: ئەزانی بۆ پەستە؟ با بۆت ڕوون کەمەوە.

پیرۆز: تۆ چوزانی؟ خۆ تۆ لەوێوە نەهاتووی؟

سالار: ئەی من نووسەری بابەتەکە نیم؟

پیرۆز: ناڵێم نووسەر نیت. بەڵام نابێ هۆکارێکی زۆر بەهێز هەبێ تا ئەو شازادە نازەنینە خەمبار بکات؟

سالار: بەپێی کام مەنتیق؟ ئێستا یان ئەوسا. دیارە بۆ ئەمڕۆکەیە.

پیرۆز: خۆ شازادە خەڵکی ئەم دەور و زەمانە نییە.

سالار: ڕەنگە من و تۆ لەژێر کاریگەری هەقایەتەکانا مابین. وەرە با لە مناڵەکان بپرسین. ئادەی کاکە هونەر. شەنگەخان.

(تاریکی)

نازەنین: ئەمە منم شازادە نازەنین. چاکتر وایە بڵێم نازەنینە کلۆڵەکە. چۆن و بەچی دڵم خۆش کەم. ناکرێ و نابێ.. نا...نا... لە یەک ترازان و دەست تێوەردانێکی بنچینەکان ئەو کارەساتەی ناوەتەوە. ئەوەتا لەو دەمەوە درەختەکان زڕبوون و ئافرەتەکان نەزۆک و کانییەکان کوێر بوونەوە... باڵندەکانی ئاسمان هەواریش پەرەوازە بوون و سەریان لێ شێوا. بێ هێلانە و بێ دان و ئاو... تەمی بێ ئارامی و خاکە ساریی ئاسمانی شاری تەنیوە. نە گوڵ بۆن و ڕوخساری جارانی هەیە، نە ساز و نەی سۆزی ماوە. نە بولبول چریکە و چەهە چەهە و خرۆش. (هەڵوێستەیەک ئەکات، هەست بەهاتنی کەسێک ئەکات)

(لاوە دێتە ژوورەوە)

لاوە. ئەوە تۆی. بۆ درەنگ هاتی، ئەزانی چاوەڕوانیش بەرۆژ و دەور و زەمان ئەگۆڕێت.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تاڵتر ئەبێ.. ئەزانی بیرم لەچی ئەکردەوە؟

لاوە: بلێم لە من؟ یان لە ڕۆژگاری زڕ.. یان ڕەشە ڕۆژان. یان.. یان.. نازانم.

نازەنین: لە هیچ شتێ تەنها لە شتێ نەبێ.

لاوە: خۆشەویستی.

نازەنین: ئەو بەڵایەی خۆشەویستی ئاڵۆدەیەتی.

لاوە: حەز ناکەم زۆر بیری لێ بکەیتەوە. ئەمە قەدەرە و هاتووە.

نازەنین: ئەی ئەگەر ڕەشەبای قەدەر درەختی بوونی هەمووانی لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەند؟

(تاریکی)

(ماڵی سالار)

پیرۆز: ئەوەش هەر لە خەونەکەتا بوو؟ ئەوە ئەڵێ چی؟ باشە ئەگەر ئەو لاوەیە لە خۆشەویستییەکەیا سەر ڕاستە. بۆ نابزوێ، بۆ کارێک ناکا؟

هونەر: خەونی چی و هەقایەتی چی. خۆ ئەوە وەک ئێمە قسە ئەکات.

سالار: باشە کوڕم چۆن قسە بکات؟ ئەزانی ئێوە نەتانهێشت قسەکانی تەواو بکات.

شەنگە: بابە ئەوە وەک ئەفلام کارتۆنەکەیان لێ کرد.

سالار: ئەفلام کارتۆنی چی؟

شەنگە: دوێنێ سەیرم ئەکرد. گەیشتە ئەوەی کچە پاشا قسەکەی بەباوکی بڵێ. کارەبا کوژایەوە.

پیرۆز: سالار بزانە شەنگە چی ئەڵێ؟

سالار: شەنگە خان ئەگەر تۆ بویتایە، چیت بەباوکت ئەوت؟

شەنگە: کچی ئەفلام کارتۆنەکە، یان شازادەی هەقایەتەکە؟

سالار: بەئارەزووی خۆت.

(تاریکی)

نازەنین: ئەگەر لەسەر خواستەکەت سووریت و بەخۆتا ڕائەفەرمووی، فەرموو، لەمڕۆ زووتر نییە. وەرە دیوان و بەو پەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە بڵێ.

(تاریکی)



لاوە: بەڵێ پاشای گەورەم، من ئامادەم، گیان لەسەر دەست و پشت بەیەزدان. وا لەبەرچاوی ئەم دەست و دایەرە بەڕێزە و لە دیاری بەرز و پاکژتاندا بەڵێن ئەیەم، ئەڕۆم یان نهێنییەکە ئاشکرا ئەکەم و ئەو تەلیسمە ئەشکێنم کە تەرازووی بابەتی تاقانی پیرۆزی بوونی، نەنەگ و لەنگ کردووە... یان ئەوەتا وەک ئەوانی پێشتر ئێوە خۆش، سەروەرم ئەمە دوا بەڵێنمە.

شا: دروستە و من ڕازیم، بزانن شازادە ئەڵێ چی.

(تاریکی)

(لە دەرگا ئەدرێ)

سالار: توخوا ئەمە کاتی لە دەرگا دان و میوانە... بەهەرحاڵ کوڕم بزانە کێیە (دەرگا لێدان زیاد ئەکات) بابە وا هات، وا هات دەرگاکە لەبن دەرمەهێنە و لە گرێژەنەی مەبە. ئەرێ دوایی بیرم بخەنەوە گەیشتبووینە کوێ، باشە شەنگە خان تۆ بیرت تیژە باشە؟

هونەر: باوکە پەیامنێری تەلەفزیۆنە و ئەڵێ بۆ دیمانەی باوکت هاتووین.

سالار: باشە بەخێر بێن سەرچاو، کوڕم نەیان وت کام کەناڵەیە؟ نەتناسین؟ دەی خێراکە فەرمووویان لێ بکە با بفەرموونە ژووری میوان. ئا پیرۆز چایەکیان بۆ لێنێ. (بەتەنیا ئەمێنێتەوە)

سەد لە سەد بۆ باسی ئەم بەرهەمەم هاتوون ئای (توونی باوە عەمرە) چۆن منیشت ون کرد. نا.. نا بەسەری خۆی هەر سەری لێ دەرئەکەم. باشە لە کێوە هەواڵی ئەم ئیشەیان بیستوە... زۆر ئاساییە کە من نووسینێکم بەدەستەوە ئەبێ تا بینراوێکی لێ ئەنووسم بەدەم باسی دە بینراوی ئەکەم، ئەوە گرفت نییە. بەهەر حاڵ. با پێشەکی پڕۆڤەیەکی بۆ بکەم.

ئەو ئەپرسێ: ئەم بەرهەمەت ئە...

منیش ئەڵێم: پێشەکی سوپاستان ئەکەم. بان چاوان هاتن. ئەم بەرهەمەم (ئەوانەی توونی بابا چوون) پێکەنینێکی بۆ ئەکەم. نەتان بیستوە.. توونی بابا چێ. خۆی (توونی بابا) کەوتۆتە ناوچەی دەربەندیخان، نێوانی خرێ دەرەوێن وگوندی پونگڵە، واتە ڕووباری سیروان ڕۆژهەڵاتیەتی. وا بزانم ئەم پێشەکییە بەسە پاشان دووەم پرسیار. چی بپرسن؟ ئا.. من باسی گرفتەکە ئەکەم. باس لە گرێ کوێرەی

سەرەکیی شانۆییەکەوە ئەکەم، ئەڵێم بەهۆی دەستکاری یەک بەدوای یەکی بابەتی تاقەکانەوە سەر لە وەرزەکان و ڕەوتی ژیان تێکچووە. ڕەنگە بپرسن. شتی وا چۆن ئەبێ! ئەی باشە وەرامی من چۆن ئەبێ؟ براتم ئەڵێم: ئەگەری ئەم ڕووداوە بێنەرە بەرچاوت. گریمان بەیانییەک خەڵکیی کاتێ بەئاگاهاتن خۆر لەبری ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵهاتبێ لە ڕۆژئاواوە سپێدە ئەدا و گزنگ پەخش ئەکات. جوانە... جوانە... ئێ؟ ئەپرسم: باشە ئەوە سەرمەوقولات بەزۆر شت لێ نادات؟ لە وەراما چێ ئەڵێن؟ چی تر ئەپرسن...

پیرۆز: باوکی دیار. ئەڵێم باوکی دیار لەگەڵ تۆمە.

(سالار بیر ئەکاتەوە)

سالار: گەیشتە کوێ و... (پیرۆز دێتە ژوورەوە)

پیرۆز: گەیشتە کوێ؟ ڕۆیشتن. وتیان بۆ جارێکی تر.

(تاریکی)

نازەنین: ئەوانە بینینەوەیەک وێڵی سۆراغی ڕاستییەکی کردوون. ئەوانە لە چاوی ئەو هەست و ئارەزووەوە یەکتری ئەبینن، ئەوانە سەردەمەکان و سنوورەکان وەلاوە ئەنێن... ئەوەتا لەلایەکەوە چاوم لە لاوەی دڵ بوریانە و، لەلایەکی ترەوە چاوم لە ماڵی (سالار) ناوێکە، ئەگەر وا نەبێ ئەو لەکوێ و ئێمە لەکوێ.. ئێرە دوو هەزار ساڵی بەر لەدایکبوونی (عیسا) پێغەمبەرە و ئەوانیش هەر لە کوردستانن بەڵام لە ڕۆژانی لێ ئەداو لێ نادا... فەرموون ئا ئەوەتا پەنجەرەکەی کردەوە، هەردوو تاکەکەی خستە سەرپشت.

(تاریکی)

سالار: هەوایەکی بەهاری دڵکەرەوەیە، بای وەشتە و درەخت شکۆفە ئەکات، بۆنی ژیانی پێوەیە...

(نازەنین دەرئەکەوێ. سالار ئەوق ئەبێ و ئەحەپەسێ)

نازەنین: سڵ مەکە و مەحەپەسێ. من نازەنینم ئەوەی...

سالار: نووسینەکەی من.

نازەنین: لە سێ هەزار ساڵەوە هاتووم.

سالار: (چاوی هەڵئەگڵۆفێ) بەینی خۆمان بێ، ئەمەیە جهانگیریی ڕاستەقینە



وتەواوەتی. خانم ئەمەوێ سەردانێکتان بکەم.

نازەنین: بەخێر بێی. بەڵام. ڕەنگە لای خەڵکەکەی سەردەمی ئێمە سەیر بێ. وا نییە.

سالار: نامۆ! ڕەنگە لای ئەو خەڵکە ئاخافتن و پۆشاکەکەم سەیر بێ، لەوەیە باسی ئەمڕۆ بکەم شایانی پێکەنین بێ.

نازەنین: دوودڵ مەبە و ڕێکەوە نایەڵێن بێ هاوڕێ بیت، دیارییەکیشم بۆ هێناوی.

سالار: دیاری!

نازەنین: دیاری لە شاری هەقایەتەوە بۆ سالاری هاومەبەستمان، بڕوانە ئەم کڵاوە (کڵاوێکی پیشان ئەدات) ئەمە لای ئێوە بە(کڵاوی سحری جن) ناسراوە، ئێمە پێی ئەڵێین (کڵاوی گرەوی بەخت بردنەوە).. ئەمە هەر کاتێ لەسەرت کرد نابینرێی، بەڵام تۆ خەڵکی ئەبینی. ئائەم زەنگۆڵە گچکەی قوچکەکەشی بۆ بەدەنگەوە هاتنە، فەرموو بیگرە منیش ئەگەڕێمەوە شارەکەم بەئومێدی کۆشش یەکخستن... ماڵئاوا. (ئەڕوات)

سالار: خەونە یان ڕاستی!؟ وا چاکە لای کەس باسی نەکەم و نهێنییەکانی ئەم کڵاوە زەنگۆڵەدارەش نەدرکێنم. باشە پرسیارێک ئەبێ ئەوان بەو توانا سەیرەوە چ پێویستییەکیان بەکەسێکی وەک من هەبێ! دیارە ئەمە جەختە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە حەقیقەت بزر نابێ و سێ هەزار ساڵیش بەسەریا بڕوا هەر ئەچێنەوە سەری

(تاریکی)

(ئەندامانی خێزانی سالار ئەم گۆرانییە ئەڵێن)

ئێمە پەندێکتان بۆ ئەڵێینەوە
ئێوەش بۆ خۆتان لێکیدەنەوە
پەند نەخشی بەردی گشت دەورانێکە
یادگاری جوانی باو باوانێکە
وتیان ماسییەک گێژاو لوولی دا
ئەشکەنجە و ئازار ورِیای کردەوە
بووە وانە بۆی، بڕیاری پێ دا
ڕوو لە زەریای گەورە کاتەوە

پەندێکی تریش وای گێڕایەوە
جارێ هوشترێ ڕێگای بزر کرد
ئەزانێ چۆنی بەهۆش هاتەوە؟
کاتێ بیابانی وەبیرکەوتەوە
ڕەشەبا گوڵی لە ڕەگ هەڵکێشا
وەرزان ڕابورد و بەهار هاتەوە
گوڵ چۆن ڕەشەبای لە بوغزا تاسان
لەسەر بەردی ڕەق خونچەی کردەوە

(تاریکی)

هونەر: باوەگیان کەی کڵاوەکەت لەسەر ئەکەی؟

سالار: ئێستا ئەچمە دەرەوە بەکڵاوەکەوە دێمە ژوورەوە. بزانن ئەمبینن.

شەنگە: ئەی چی لێ دێ.

پیرۆز: کچم ئارامت بێ، ئیتر ئەوە باوکتانە و...

(سالار ئەچێتە دەرەوە)

سالار: (لە دەرەوە دەنگی دێ) ئادەی چاوتان بنووقێنن... نوقانتان؟

هەمووان: بەڵێ، بەڵێ.

سالار: یەک، دوو، سێ، واهاتم.. چاوتان بکەنەوە

هەمووان: کوا؟ کوا...

پیرۆز: مناڵینە باوکتان ملی ڕێگای گرتووە.. چوو

(تاریکی)

سالار: ئەوەتام، ئەوەتام، لێرەم، گەیشتوومەتە بەردەم دەروازە هەرە گەورەکەی شاری هەقایەت، ئێستا سێ هەزار و سێ ساڵ بەر لەلای خۆمانە، کڵاوەکەم لەسەر ناوەو کەس نامبینێ... ڕێگایەکی دوور و درێژی پڕ لە لێوار و هەڵدێر و پڕ لە دەعبا و دڕندەم بڕیوە. هەنگاو نانم شەو و ڕۆژی بەیەکەوە گرێ ئەدا. ئای خەمم بەدەست ئەژنۆکانمەوە خواردووە. وادەی دەمەو بەیان بوو، کانییەکم هاتە ڕێ کە شۆڕەبییەکی بەژن خانومان، پرچ وکەزیبەی بەسەریا شۆڕ کردبووەوە دوو قوم ئاوم خواردەوە و،



پریاسکەکەم ژێر سەرم ناو، تا ئەوەندی چاو تروکاندنێ. نوقمی خەوێکی گران بووم. (قاقای پێکەنین دێ و بەئاگا دێت)

ئێوە کێن؟

کەسێک: دۆستین، هیچ شپرزە مەبە و سڵ مەکە. ئێمە تۆ ئەناسین و بۆ کۆمەکی تۆ نێردراوین.

سالار: کێ ئێوەی ڕاسپارد و ناردوونی؟

کەسێک: ئەوەی هاتە دیدارتان، شازادەی مەملەکەتی هەقایەت. نازەنین خانم.

سالار: بان چاوان.

کەسێک: جارێ پشووی خۆت بدە پاشان ڕێگا ئەگرینە بەر. (لاوە)ی دڵخوازی شازادەش لە شوێنی دیاریکراو چاوەڕوانتە. فەرموو ئەم سپاردەیەشی بۆ ناردووی.

(پێچراوەیەکی ئەداتە دەست)

(تاریکی)

پیرۆز: شەنگە گیان. بڕۆ باوکت لە خەو هەڵسێنە. وا نیوەڕۆیە، قۆری و پیاڵەکان لائەبەم. (شەنگە ئەڕوات باوکی خەبەر کاتەوە)، چاک ئەم پیاوە سەری خۆی بەم توونی بابایەوە جەنجاڵ کردووە، لە ئەوەڵەوە خەتاکەش خەتای من بوو دیارە درەنگ خەوی لێ کەوتووە... (شەنگە دێتەوە)

پیرۆز: ها کچەکەم خەبەرت کردەوە؟

شەنگە: ئەڵێ: با خەونەکەم بیر نەچێتەوە، بەبینراو ئەیان نووسمەوە.. تازە نان بەیانی ناخۆم.

پیرۆز: خۆی داناوە لە ماڵی پاشای هەقایەت نان بخوا چاک لە کەللەی داوە، (هونەر دێت)

هونەر: دایکە لەگەڵ باوکمتە؟

پیرۆز: ئەی هەر ئەو نییە بۆتە پاڵەوانەکەی (توونی بابا)؟

هونەر: ئەبێ ئێستا لە تاقی چەندەهەمیا بێ؟

(تاریکی)

(سالار باسی بینراوی دیواربەندەکە ئەکات و لەلایەن ئەکتەرەکانەوە نمایش ئەکرێ)

لاوە: (دێتە سەر شانۆ)وەرە لێرەوە بڕوانە. بابزانین ئەمە یەکەم بابەت و یەکەم تاق و دەرووە.

سالار: ئادەی (تەماشا ئەکەن)

لاوە: ئەمە لە یەکەم تاق ئەکات. ئەزانی بەچیا ئەزانم؟ بابەتەکەی سەرەتایە بۆ سەرگوزشتەکە. لەم سوارە بۆشناغە دەماغ بەرزە بڕوانە شەدەی لار داناوە و خەنجەری گۆپکە زێڕینەی بەپشتێنی قەف قەفیا کردوە و، لە مشتووی سپی ساکاری بڕوانە، ئەو جووتە کەوشە شەمامە ڕەنگەی لە پێی کردووە و پووزەوانەی گوڵنگەداری مەرزی لێ هەڵکێشاوە. ئاو زەنگی لێ ئەدا و ڕیشووی شەدەی لەناو پەنجەکانی باکەدا گەمان ئەکات. ئەها کە عەجەب شۆڕەسوارێکە. ئەبێ هەوای چ کۆنە هەوارێ لە پەردەی دڵی دابێ.

(گۆرانی لەسەر تەپڵی سواریی، یان تەپڵی جەنگ)

گۆرانی:

هەی لاو، هەی لاو، هەی لاوە
هەی سوار، هەی سوار، هەی سوارە
تەپڵی سوارییان لێ دا
دار و بەیداخ هەڵبڕا
ئاو زەنگی چەخماخەی دا
خرمە خرمی ئاسمانە
نەعرەتە تا ئاسمانە
ئەسپان باڵیان گرتووە
شەدە با ئەیشەکێنێ
ئای لە کوڕی گەرمێنێ
هەی لاو، هەی لاو، هەی لاوە
هەی سوار، هەی سوار، هەی سوارە

هونەر: دایکە تا بازاڕ ئەڕۆم، زۆرم پێ ناچێ، زوو ئەگەڕێمەوە.

پیرۆز: باشە کوڕەکەم ئاگات لە خۆت بێ. لە گەڕانەوەتا سەرێ لە دایە وەنەوش بدە. بڵێ بۆیە باوکم دیار نییە. ئەم ماوەیە تۆزێ سەرقاڵە، با دایە وەنەوش. غایلە نەکات کە کوڕەکەی سەری لێ نادات.



هونەر: باوکم هەر خەوتووە.

شەنگە: خەوتنی چی! دەمێکە ڕۆیشتووە.

پیرۆز: بۆ کوێ چووە؟ لە ژوورەکەی نەهاتۆتە دەرێ.

هونەر: ئادەی (خۆی ئەکا بەژوورا)

(تاریکی)

(دیوانی پاشای هەقایەت)

شاژن: کەواتە ئێستا نهێنییەکە ئاشکرا بوو. نەیان وتووە کەی ئەگەڕێتەوە؟

شا: گەڕانەوە! ئەوەیان زۆری ماوە کارەکەیان زۆر ئەخایێنێ.

شاژن: کەی ئەم هەواڵانەیان گەیشت؟ و چۆن توانرا...

شا: ئەوە بوو.. ها پەردەدار، ئەوە کێیە چاوەڕوانە؟ (تەماشا ئەکات) فەرموو حەکیمی دانا و ئەستێرەوانی شاهانە (ئەستێرەوان دێتە ژوورەوە)

ئەستێرەوان: سلاو لە شاهی سەروەرمان.

شا: سلاو، بەخێرهاتی ئەستێرەوان، باش بوو لە کاتی خۆیدا هاتی. با بزانم تۆ ئەڵێی چی؟

ئەستێرەوان: لە خزمەتام تاجی سەرمان.

شا: تاوێ لەمەوبەر، لەگەڵ شاژنا باسی ئەو هەواڵەمان ئەکرد. هەواڵی ئەو جووتە هاوڕێیەی، یەکێکیان لای ئێمە و بە بەڵێنەوە ڕووی لە توونی بابا کردووە و ئەوی تریان، کە هەر لە وڵاتی کوردانەوە هاتووە و هەر بۆ هەمان مەبەست.

ئەستێرەوان: ئاگادارم، گەورەم ئەتەوێ بیانبینی؟

شا: بەڵێ، بەڵام چۆن و بەچی؟

ئەستێرەوان: شازادە نازەنین خانم، کڵاوی ئەفسووناوی بردنەوەی گرەوی بەخت ونگینی بەو بەخشی و ئەویش بەدیاری ئەو شتەی بۆ هێنا بوو کە دونیای پێ ئەبینرێ ئەمەیان قسەی من نییە، قسەی ئەوە. گوایە لەگەڵ مانگا یەکخراوە، لە مانگەوە سەیری دونیا ئەکا، ئەمەش هەر قسەی ئەوە.

شاژن: لە مانگەوە!

(تاریکی)

سالار: باشە بۆ نابێ؟ من ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو دێرزەمانە و ئامێری سەتەلایت ئەکەمە دیاری، ئەوان ئێمە ببینن و ئێمەش ئەوان ببینین.

پیرۆز: هەردوولامان ئەحەپەسێن. شتی وا ئەبێت؟

هونەر: باوکم ئەیەوێ هەردوو زەمانەکە یەکخات.

سالار: تەواوە، مادامەکی کێشەی ئالۆزکردنی بابەتەکانی (توونی بابا) لە ئارادایە و هەرچۆن گرفتی ئەو باپیرانەمان بووە. گرفتی ئێمەشە کەواتە (گۆرانی)

هەمووان:

با تەماشاکەین بڕوانین
ئەمەش سندووقی دونیایە
شتی سەیری تیایە
پێکهێنانی ئەو پردەیە
دوو سەردەمی ئەم خەڵکەیە
بەیەک مەبەست ئەگەێنی
پەیامبەری پەیامێکە
لە مۆمدانی داگیرساویا
مۆمی ئەشقی مەمی دوێنێ
مەمی ئەمرۆ، مەمی سبەی
دائەگیرسێ......
باهەزاران ساڵی سڕی
شەختە و سەهۆڵ
کەڕ و کاسی و کپێتی بێ
تەماشاکەن چاک بڕوانن

(تاریکی)

(دیوانی شای هەقایەت)

نازەنین: ئەستێرەوان وای وت؟ دیارە دوو تاقیان نەقشەکەی کوێر کراوەتەوە، دزراوە... لە کتێبە پیرۆزەکەدا و لە لەوحی یەکەما بەحەوت تاق ناوی ئەبات. نەک پێنج تاق.



شاژن: هەرواشە کەواتە

نازەنین: دایکە گیان ئەم ئاڵۆزییە، ئەم سەر لێشێوانییە...

(شا دێتە ژوورەوە)

شا: نەمزانی، هەر تاقە و چ باسێکە. کوا؟ لە کوێیە ئەستێرەوان؟ با ئامادە بێ.

شاژن: بۆ چیتە؟

شا: بزانم لەوێ چ باسە؟

شاژن: لە دونیای عەجایەبات؟

شا: نەخێر لە (توونی بابا). ئەو تاقانەی تر کێوە چوون؟

نازەنین: بابی سەروەرم، ئێستا ئەو شتە ئەهێنم، دیارییەکەی دونیای شپرزەیی.

شا: ئەوەی هیچی لێ حاڵی نەبووین.

نازەنین: نا... بابە گیان، ئەوا ئەیهێنم و لە (توونی بابا) بڕوانە.

(تاریکی)

(ماڵی سالارە)

پیرۆز: گەیشتیتە کوێ؟ ئەوە زانیمان، ئەتوانن ئێمە و ئەوێ ببینن.

سالار: بیر لەوە ئەکەمەوە، ئەم باسەی لەم ماڵەوە دەستمان پێ کرد، تەشەنە بکات و هەمووان بگرێتەوە، ئەوە مەبەستمە ئەی بۆچی ئەنووسم؟ نەمانی ئەو دوو تاقە ناتەواوکردنە... ئەمەم بەچارەنووسی خۆمانەوەم گرێ داوە. ئەوەی لێیان دزیوین چییە و کێ دزیویەتی، ئەمە گرێی باسەکەیە. ئایە ئەیبینینەوە لە کوێ و چۆن؟ ئا لێرەوە ئەبێ و...

پیرۆز: دیارە خەوت لێ تەری بووە، بۆیە...

سالار: خەو... بۆیە لێرەدا نووسینەکەت وەستاوە. بەڵێ بەڵێ... ئێستاکە قسە ئەکەین ئەمە بینراوەکانی ئەمڕۆیە کە پێویستی بەتەواوکەرەکانی هەیە، ئەویش

خەون.. خەون... بەڵێ خەون.

پیرۆز: گریمان تووشی خەو زڕان بووی.. ها؟

سالار: ئافەرین ئەمەش ئەبێتە بینراوێک.. دکتۆرم بۆ بانگ ئەکەیت، دکتۆری دیار... دکتۆری دەروونناسی... ئیتر

(کەسایەتی دکتۆر و خۆی ئەنوێنێ)

سوپاس دکتۆر گیان، ئەزانی گرفتەکەی من لە کوێوە دەست پێ ئەکات، حەز ئەکەم پێشەکییەکت بخەمە خزمەت... بەڵێ ماوەیەکە سەرقاڵی بابەتێکم ئەویش بابەتی (توونی بابا)یە...... بۆچی توونی بابا؟

: بۆچی توونی بابا؟

مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی بووم، ئەو ڕۆژە. وادەی تاقیکردنەوەی پراکتیکی ئەو قوتابییانە بوو کە پێشکەشی پەیمانگایان کردبوو بەئومێدی وەرگرتنیان. ئێمە چەند مامۆستایەک بووین لە ڕیزی یەکەمی بەر تەختەی شانۆکەدا دانیشتبووین. ناوی قوتابییەک خوێنرایەوە و بانگ کرا بۆ سەر شانۆکە. مامۆستا (بەدیعە دارتاش) یادی بەخێر، وتی: ئەزانن کوڕی کێیە؟

: ئەم قوتابییە؟

: بەڵێ.

: (بەچرپە) کوڕی هونەرمەندە بێ سەر و شوێنەکەیە... کوڕی (قادر کابان)ە.

: ئادەی بابزانین، چیت ئامادە کردووە.

(قوتابییەکە بینراوێکی بێ دەنگ نمایش ئەکات)

کە سەرنجی بینراوەکەم دا، بینراوێکی ترم ئەهاتە بەرچاو، ئەو ڕۆژەی باوکیان بانگ کرد، دەوری چێشت هەنگاو بوون... چاوەڕوان بوو.. ئەو کوڕە، تەمەنی سێ چوار ساڵێک ئەبوو... هەر چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکی بوو.. پێنج ساڵی پەیمانگەی ڕابردوو هەر چاوەڕوان بوو... لەم ڕۆژانەدا سۆراغیم کرد وتیان هەر چاوەڕوانە... بۆ نەهاتەوە.. (وەک بەئاگا بێتەوە) دکتۆر. بۆ خەو زڕانەکەم.. دکتۆر بۆ خەوزڕانەکەم.. پێویست ناکات.. پێویست ناکات.

ئا... بینراوێکی تر... جارێکی تریش مەملەکەتی هەقایەت و بەیادی چاوە کەژاڵەکانی شازادە نازەنینی خانومانەوە (لاوە) هۆرە ئەچریکێنێ و (سالار)یش ئەوەتام باسی تاقی دووەم ئەکەم و بەتەلەفزیۆن ئەبینرێ.

(هونەر) ئادەی بابە بیکەنەوە.

(تاریکی)

(نمایشی تاقەکان ئەکرێ)



نازەنین: بڕوانن... ئەوە دەروازەی دووەمە. ئەو دیواربەندە قاڵیچە ڕەنگاوڕەنگەکەی حەزرەتی (سلێمانە)ە و، بڕوانن نزای باران بارین لە یەزدان ئەکات. قاڵیچەیەکی جوان و ڕازاوەیە وێنەی چەندەها باڵندەی لەسەر نەخش کراوە... ئەوەش دەروازەی سێیەم، فەرموون بڕوانن. شەن و سێلک و بێژنگ و جەواڵ و هۆڕیان بەدەستەوەیە و ڕووەو خەرمانێکی کوتراو ئەچن... ئەوە کەسێکە و خوێدانێکی بەدەستەوەیە و مەڕ و بزن لەسەر گاشە بەردەکان خۆی ئەدات...

پیرۆز: (خوێدانەکەی بەدەستەوەیە پیشانی منداڵەکانی ئەدات).

تەماشاکەن ئائەمە خوێدانەکەیە... بڕوانن ئەمە وێنەی لەسەر نەخش کراوە.. ئەوە مانگ و ئەوە ئەستێرەکانە.. با (سالار) تەواوی کات و بۆتانی باس کات. وەرە نۆرەی تۆیە.

سالار: چییە؟ ئەو هەرایەتان لە چییە؟ دووبارە نەتانهێشت خەونەکەم بەتەواوەتی ببینم.

پیرۆز: ئەوەی کە بینیت چی بوو؟ بەکورتی.

سالار: بەهۆی ئەو ئامێرەی کە بەدیاری بۆ شازادەی شاری هەقایەتم ناردووە. ئێستا ئەوانیش شەوانە سەیری بەرنامەکانی ئێمە ئەکەن. زیاتر حەزیان لە فیلمە کارتۆنییەکانە و بڕیاریان داوە پاش هەڵهێنانی نهێنییەکانی (توونی بابا) سەردانێکمان بکەن، ئێمەش بۆ پێشوازییان ڕوو لە دەری توونی بابا ئەکەین و... ئەوەندە

(تاریکی)

هەمووان: ( گۆرانی)

ئەگێڕنەوە توونی بابا
لە تاقی یەکەمینا
ململانێ گەرم بوو
پڕ ئەشکەنجە و سەخت بوو
وادەی ڕووبەڕوو بوونە
ئاوزەنگی ئاگرگرتی
ئەسپی سەرکەش هەڵشاخی
شەدە با ئەیشەکێنێ

حیله شاخە و شاخ ئەڕوا
بۆتە تەپڵ و کەڕەنا
ئەگێڕنەوە توونی بابا:
تاق تاقی دووەمینە
پێغەمبەر سلێمانە
قاڵیچەی باڵندە نەخش
دونیای تیادا ئەنوێنێ
نزای باران بارینیە
جووتیار چاوی لە هەورە
زەوی چاوی لە تۆوە
ئەخەی دڵ بۆ بارانە
خوایە بارانێ داکا
ژیان لە بارانایە
......

(توونی بابایە)

لاوە: یەکەمان دی، دووەمان دی... بەڵێ ئەوا گەشتینە دوا تاق، کەپێنجەمین تاقە قسەکەی تۆیە، ئەبوو حەوت تاق بوایە. ئەی دوانەکەی تری!

سالار: کێشەکەی ئێمە بۆ ئەو دوو تاقە بزرکراوە ئەگەڕێتەوە. چییان لێهاتووە؟ بۆ کوێ براوە، ئەم هەموو بەڵایە بەسەر شاری یارانی هەقایەت هاتووە یارانی شاری ئەمرۆش. وەرە با شتێک بکەین، ڕەنگە باری ڕاستییەکەمان بۆ دەرکەوێ.

لاوە: چۆن؟

سالار: باسەیری بابەتەکانی تاق بەتاق بکەین و ئەوسا بزانین چی لێ دابڕ کراوە

لاوە: چی لێ دزراوە. دیارە بەناتەواوی واتاکەدا دەرناکەوێ.

سالار: فەرموو با پیادا بچینەوە

(تاریکی)

(دیوانی شای هەقایەت)

شا: ئەوە ئەستێرەوان وای بۆ ئەچێ. ئەی بابزانین شازادە نازەنینی خانمان



چی ئەڵێ.

نازەنین: بابی سەروەرم، گەلێک بیرم لێ کردۆتەوە، هەرچەندە سەر ئەهێنم و سەر ئەبەم، بەئاشکرا هەست بەشوێن گۆڕکەییان ئەکەم

شا: ئادەی بابزانین چۆن چۆنی؟

ئەستێرەوان: گەورەم پاشای زەمان، ڕێگا بفەرموو بەنۆکەرتان پرسیارێ بخەمە خزمەت شازادە خان.

شا: پرسیار؟ لە بارەی چییەوە؟

ئەستێرەوان: قوربان گەر تاقەکان شوێن گۆڕکەیان پێ کراوە، بۆ ئەڵێین یەکەم تاق و دووەم تاق و، ئەو جۆر ناو نانە لە چییەوە هاتووە؟

نازەنین: ڕێگا بفەرموون. جەنابی ئەستێرەوان، بەر لە ناو شتەکە هەبوو، جگە لەوەی کە ئەو تاقی سەرەتایە دانراوە دووەم لە ئارادا نەبووە. بابی سەروەرم ڕێگا بفەرمووێ ئەم پرسیارە لە کاکی ئەستێرەوان بکەم: تاقی یەکەم ململانێ بێ و دووەم ژیان. ئەمە ئەبێت؟ بێ گومان نەخێر، سەرەتا ژیانە و پاشان ململانێ کەواتە کێ ڕاستە؟

(تاریکی)

(توونی بابایە)

لاوە: نازەنینەکەم، ئەمەش ناوەڕۆک وبابەتی تاقی سێیەمین دەروازەیە. ئا ئەو نووسینانە گوزارشت لە کوشتن و بڕین و وێرانکاری وئەتک ئەکات. بڕوانە ئەها لەم دیوار بەندەدا چۆن شمشێر لە گەردن ئەدا و خوێن تا تەپڵی سەر فیچقە ئەکات... ئەها (شمشێر پیشانی بینەران ئەدرێ).

بڕوانن شمشێرەکان لەت بوون (بەشکاوی فڕێ ئەدات) کوژراوەکان زیندوو بوونەوە. خۆر لە ئاسۆوە هەڵهات و تاریکی نەما.

سالار: (لاوە) تۆ بڵێی نازەنین خانم گوێی لێت بێ؟

(تاریکی)

نازەنین: بەردەوام بە، گوێم لێتە، زۆر باش. ڕوو لە پێنجەم دەروازە کە.

لاوە: ئەوەتا، ئەمەش پێنجەمین دەروازەیە. دوا دەروازە و کۆتاییییە.

هەمووان: دوایین دیواری بەندەکەیە

کتێب و ئاگر و چیا
پیر شالیاری مەزنە و نزا ئەکا
کتێب و ئاگر و چیا
کتێب و ئاگر و چیا......

(تاریکی)

(ماڵی سالار)

پیرۆز: سالار خەوت؟

هونەر: کوێرا!

شەنگە: باوکە...

پیرۆز: دەنگت نەبوو، وتمان دیارە خەوتووە.

سالار: من نەخەوتووم، ئەوان خەوتن... پاش ئەوەی تەواو ماندوو بوون. دوو تاق ونە.. نییە.. کوێوە چووە.. چ دەستێ هەڵیکەندووە و، بۆ چی هەڵیکەندووە؟ ئەوان خەوتن.. شای دڕندە و دێو و درنج. گشت خرۆشان چاو چلکنێکیان نارد سۆراغیمان کات...

پیرۆز: ئەوەیان ئەزانین... لاقیان بەناو لاقی یەکا کرد، بۆ ئەوەی هەر گیانلەبەرێ بیەوێ زەفەریان پێ بەرێ بەئاگابێن. کاتی چاوچنۆک بینی... دای بەسەریا و هاواری کرد:

هەمووان:

توونی بابا هەزار و نۆ سەد و دوو دەرە
نەمدیوە کەس تێیدا بخەوێ بەدوو سەرە

سالار: کەواتە دوو سەر دوو عەقڵ لە عەقڵێ بەهێزترە.

(تاریکی)

(دیوانی شای هەقایەت)

نازەنین: هەژدیهاکانی دەوروبەریش بەئاگا هاتوون!

شاژن: کچەکەم دڵ مەدە، بابت ئەیوت گەلێک چوون و چوون.

نازەنین: ئەی چار. چارە؟ هەر چاوەڕوانی، هەر بێ دەنگی؟ نا. ئەبێ کارێک بکەین باشەکەی ئەو بای وادەیە هەڵ دەکات و شکۆفە بەدرەختەکان ئەکات. ئەی کەی



دایکان کۆرپە بەسینەی خۆیانەوە ئەبینن.

شاژن: ئەبێ ئەستێرەوان چی بڵێ؟

نازەنین: ئەو لە ئەستێرە و ئاسمان ئەڕوانێ...

شاژن: ئەی لە کوێ بڕوانێ؟ ئەو ئەستێرەوانە.

نازەنین: لە زەوی.

(تاریکی)

(ماڵی سالار)

سالار: پیرۆز ئەمە کۆتایی شانۆییەکەیە

هونەر: باوکە کۆتایی!

سالار: ئەبێ کۆتایی بێ

هونەر: ناکرێ بەردەوام بی.

سالار: بۆ کوێ؟

پیرۆز: باشە، زۆر جار، کۆتاییەکە بۆ بینەر بەجێ دێڵن. نابێ.

سالار: بۆ بینەر. نە. ئێمە دەستمان پێ کرد بەدوای گرفتەکەدا چووین، ئەو گرفتەی کە ئەوە هەزار و... پێویست ناکات تا حەوتەکە شوێنی خۆیان نەگرنەوە، هەر وا ئەڕوا

مناڵەکان: حەوتەکە!

سالار: بەڵێ تەواوە نییە کە.. بەڵێ..

پیرۆز: ئەی لاوەی بەستەزمانی دڵ بڕاوت کوێوە برد؟ ئەو شازادە نازەنینە چاوەڕوان بێ؟

سالار: تەواو... تەواو بوون... ئەوە نازەنین، ئەو بەیانییە بە بەرگی سەرتاپا شینەوە و گوڵێکی سوور سووری بەدەستەوە گرت و ڕووی لە بانیژە بەر کراوەکەی کۆشکی شاهانە کرد و ورد ئەیڕوانی. چاوەڕوانی چاو نەترسێکی لە (لاوە) جەربەزەتری ئەکرد لێی وەرگرێ و بۆی لەسەر پەرچەم دا.

(کۆتایی)

پاییزی ٢٠٠٢

# بەشی دووەم

## باس لە شانۆی سالارەوە



## چەمکی ئاهەنگ لە شانۆی سالاردا

نیهاد جامی

"گۆڤاری (هونەر) ژمارە (٩,١٠)ی ساڵی ٢٠٠٠- دهۆک"

(دڵدارانی باران) و (ڕوانەی ڕەشبەڵەک) دەروازەیەکی ئاهەنگێکی شانۆیی بوو لای هونەرمەند (ئەحمەد سالار) بەڵام ئەم شانۆیە نەیتوانی لە شانۆی شیعری دەربازی بێت، تا ناوەڕاستی هەشتاکان تەنها وەک چەند هەوڵدانێک مایەوە، چونکە پێویستی بەڕێنماییەک هەبوو بۆ تێگەیستن لە ئەزموون، شانۆی ئاهەنگسازی مەغربیش ئەو چەندە بوو دەبوو سەرەتا بۆ خۆ داڵدان بچیتە ژێریەوە، تا لە (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) بکەوێتە سەمایەک لەبەردەم ئەو بارانەدا، کە پێویستی بەچەندی ئەوانیش نەبێت، تەنها ئەوی تەنەبێ، کە برانەکەتە و ژ مەکەی خێرا و توند دەبێت، دیارە ڕۆشنبیری دۆگما ئەو ڕۆشنبیرەی هەرکاتێ گوێی لە ناوەکان بوو بەوەرگرتن ناوی دەبات، ڕۆشنبیرییەکە بەتاڵە لە زانین، بۆیە ناونانی (شانۆی سالار) بە - ئاهەنگسازی - مەغریبی، ناونانێکە لە دەرەوەی زانین وە بەکردەی ناونان هەستاوە، چونکە دابڕینێکی گەورە هەیە لەنێوان ئەو دوو ئەزموونە، دیارترین خاڵ بەراوردیشیان (چەمکی ئاهەنگ)ە کە لای (الطیب الصدیقی، عبدالکریم بشیر) و هاوڕێکانیان ئەو چەمکە مانایەکی دیاریکراوی هەیە و زیاتر هەوڵی ڕۆچوون دەدات بەنێوگێڕانەوەو هەڵگری بونیادێکی فکریە، لەوەشدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئاهەنگ چەمکێکی فکریە، کەچی لای هونەرمەند (ئەحمەد سالار) ئاهەنگ کردەیەکی بەرجەستەکراوە، کە پێکهاتەی وێنەی شانۆییە، نەش ئەو مانا فکریەی ئاهەنگ کە (عبدالکریم بەشیر) لە دەقێکی مۆنۆدرامی وەک (خەڵک و بەرد) بەرجەستەی کە دەکات.

کەواتە ئەزموونی سالار لەکوێ لەگەڵ مەغریبەکان ئاشت دەبێتەوە؟!

ئەگەر چی پێش هەموو شتێ دەبێ ئەوە بزانین شانۆی ئاهەنگسازی مەغریبی خاوەنی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی نییە، چونکە نەیتوانیوە خۆی لە ئەزموونی تراجیدیا بکاتەوە، ئەوەتە (عبدالرحمن بن زیدان) کە ئیمزای لەسەر چەند بەیاننامەیەکی ئاهەنگسازی کردووە دەڵێ «دابڕانێک نادۆزرێتەوە لەنێوان ئەزموونی شانۆی ئاهەنگسازی و ئەزموونە کۆنەکان».

لەگەڵ ئەوەشدا سالار لە وەرگرتنی موفرەدەی ئاهەنگ لە چەشنی (دەف، بخور) کاریگەری ئەوانی لەسەرە، یا متمانەکردنە سەر چەمکی ڕەسەنایەتی، بەڵام ئایا ئەوە مانای وایە سالار لە ئەزموونەکەیدا لاسایی دەکاتەوە!؟

سالار بۆ چوارچێوە دەرەکیمەکەی ئەزموونەکەی ویستویەتی سوود وەربگرێت و لە جیهانی خۆیەوە مامەڵەی لە تەکدا بکات، بۆیە ئەگەر شانۆی ئاهەنگسازی مەغریبی توانیوویەتی سوود لە ئایینی ئیسلام وەربگرێت و لە سرووتی ئەو ئایینە نزیک بێتەوە، ئەوە دەکرێ (شانۆی سالار)یش بۆ دۆزینەوە و گەڕان هەوڵی بەشانۆکردنی سرووتی زەردەشتیەت بدات، ئەو تەکنیکەیە نەک سالار بەڵکو ئاهەنگسازە عەرەبییەکانیش دەسبەرداری نەبوونە، ئەگەرچی گێڕانەوە لەو ئەزموونەی سالاردا خەونێکە قوتابییەکان لە وانەیەکی قوتابخانە دەینوێنن.

بۆیە بە (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) بەرەو ئەزموونێک دەڕوات سەرەتایەکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک کە تەنها عەشقێک (مەحوی)یانە توانای هەیە بەشارێگەیەکانی بگەیەنێت.

بۆیە چەمکی ئاهەنگ لە (کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ) پەیوەندی (ئەکتەر/ وەرگر) دەکات بەهاوکێشەی سەرەکی بنیاتنانی گوتاری نمایش، بەوەش (تیۆری نامۆبوونی برێخت) بۆ شانۆکاری کورد ڕۆشن بکاتەوە، ئەگەر لە خەونەکەی نالی موفرەدەکانی ئاهەنگ ڕووبەڕووی هەژاری دەبنەوە، ئەوا لەو کاتەی هەڵۆ بەرز ئەفڕێ موفرەدەکان لەو هەژارییە ڕزگاریان دەبێت، بەوەش توانای دەسەڵاتی ئەکتەر زیاتر دەسەپێ بۆ گوزارشت لە ئاماژەکان و سەرباری بوار فراوانییەک بۆ خوێندنەوەی وەرگر فەراهەم دەکرێت، بەڵام ئەوەی تووشی ڕاچەنینی خێرامان بکات، تەوزیف نەکردنی بەشێک لە گۆرانییەکان و هەندێ لە شیعرەکانە، ئەوەش (گۆرانی/ ڕووداو) دەکات بەدوو وێنەی (بینراو/ بیستراو)ی هاودژ، ئەو خاڵەش پێشتر هونەرمەند (دانا ڕەئووف) ئاماژەی پێداوە. نووسەر مەبەستیەتی شوناسێکی کوردی بەشانۆکەی ببەخشێت، هەر جارەی بەشێوەیەک دەیەوێ گوتارێکی مێژوویی فیکری نیشان بدات، ئەگەر چی فۆرمی ئاهەنگ شێوەیەک ڕەهای بە خۆ گرتووە، بەڵام ئەوەی لە (جزیری وانەی ئەڤیندا دەدات) مەبەست دروستکردنی پەیوەندییەکە لەنێوان (نەورۆز) وەک جەژنێکی نەتەوەیی و (جزیری) وەک ئاماژەیەک، ئەگەر چی ئاهەنگ باڵی بەسەردا کێشاوە، بەڵام لەو دەقەدا ئەوەی فەزای



گشتی داگیر دەکات (ڕووداوی درامیە) لە ڕێگەی فکری ئاهەنگ بەوەش لە (جزیری)دا دەیەوێ بۆ خۆ دووبارە نەکردنەوە و گۆڕینی تەکنیکی شێوا ئاهەنگ، لە ئاهەنگی مەغریبییەکانەوە سوودمەند بێت، هەرچەندە تەکنیکی ئاهەنگ لە (جزیری) ئاهەنگسازی مەغربی نییە، بەڵکو ویستوویەتی لەنێوان دوو ئەزموونەکەی پێشوو خۆی (نالی/ هەڵۆ) و ئاهەنگسازی مەغریبی ڕێگایەکی تر بدۆزێتەوە، ئەگەر چی لە (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) چونکە شێوەی کەلەپوور بۆ یەکەم جار دەگۆڕێت و ڕووبەڕووی ئەو ئەزموونە نوێیەمان دەکاتەوە بەتایبەت لە ڕووی ئاهەنگی شانۆیی، بەڵام زیاتری گرتۆتە خۆی، ئەوەش ئەو سەفەرە ئەزموونکارییەی سالارە لێرەوەیە کاتێ (سالار) دەیەوێ (زەمەنی نووسین) دەمی مێژوو نەبێت، ئەوا سەلەفیەت ناتوانێ لە باڵای ئەو ئەزموونە نزیک بێتەوە، بۆیە دەخوازێ کە لە هێلی مێژوو لانەدات، ئەوەش کارێکە سالار نایەتە ژێر بارییەوە، چونکە ئەو دەزانێت (ئەزموونگەری نووسینەوەی ڕابردوو نییە) بەڵکو ڕابردوو لە ئەزموونی ئەودا کەناڵێکە بۆ پەیوەندی کردن بە (ئێستا) و دۆزینەوە بۆ (ئاینده)یە، لەوەشدا دڵنیا دەبین کە ئەو دەقێکی تر بەرهەم ناهێنیت، ئەگەر نەزانێ لە مەداری دەقی پێشوو دەردەچێت.

بە (کێشەی چوون و نەچوون یان گریمان نالی هاتەوە) دوادەقی قۆناغ دەنووسێت دەتوانین بەترۆپکی ئەزموونگەری سالاری دابنێین، کە هێنانەوەی نالی بەخوێندنەوەیەکی جیا لەوەی پێشوو، هەر بۆیە ئەو قۆناغەی ئەزموونەی سالار بەنالی دەست پێدەکا و هەر بەویش کۆتایی دێنێ، نالی بەمەداری مەنەلۆژە ناسراوەکەی هاملێت دەسوڕێنێتەوە، ئەو دەقە دەیەوێ بەجیا لە هەر سێ دەقەکەی پێشوو بەهەناسەیەکی درێژەوە بۆ ئاهەنگ بێت، هەر بۆیە ئەگەر لە (کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ)دا تەوزیف کردنی شیعر و گۆرانی ماناکانی ئاهەنگ لە دەست بدەن ئەوا لەو دەقەدا گۆرانی بێ وەزیفە نایەت، بەتایبەت جوانترین تەوزیفی گۆرانی لەو قۆناغەی سالاردا «خوایە بێمەوە دونیا هێلانە بکەم» کە ڕووداو ئاوێتەی سرووتی ئاهەنگ دەکات، یا تەوزیف کردنی ئەو دێرە شیعرەی نالی «پێم دەڵێن مەحبوبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕ دەکا خێل و قیچەیا...» بەوەش بەرگێکی تری وەبەر نمایشە شانۆییەکە دەکات.

سەراپاگیری ئەو قۆناغە هەوڵ دەدات چارەسەری کەلینی تەکنیکەکان بکات بەتایبەت (گێڕانەوە) کە پێشوو ئاماژەمان بۆیە لەکاتێکا شانۆکارانی جیهان هەوڵیان داوە سروودە ئایینییەکان بگۆڕن بۆ کاری شانۆیی و لە پێش هەمووشیان شانۆکارانی یۆنانی، بۆچی

سالار بیر لەوە ناکاتەوە لە قۆناغی تازەی کارکردنیدا زەردەشتیەت بکاتە ئاهەنگێکی شانۆیی...!؟

وە ناوانی ئەو ئەزموونە بەمیتۆد هەڵەیەکە و کەسانێکی زۆر تێی دەکەون، چونکە ئەو ئەزموونە ئەزموونی عەرەبەکانیش خاسیەتی سەربەخۆی تیا نییە، هێندە عەرەبەکان چەند بەیاننامەیەکی شانۆییان نوسیوە و سالار نەینوسیوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە لە دیدەگای ڕەخنەییەوە سەیری ئەو ئەزموونانە نەکەین، چونکە سالار تاکە هونەرمەندی نەوەکەی خۆیەتی کە گیانی بەرەنگاری و نوێگەری تیا دەبینرێ، لە ناوەڕاستی هەشتاکان لەگەڵ لاوانی ئەزموونگەری شانۆی کوردی هات و ئەمجارەشیان بەکتێبێکەوە لەگەڵ ئەو نەوەیەی ڕاپەڕین بەردەوامی خۆی ڕادەگەیەنێت.

بۆیە خوێندەوارێکی هۆشیاری وەک مامۆستا سالار دەزانێت ئێمە شەڕی پێ نافرۆشین، بەڵکو دەمانەوێ دەیالۆگی ڕەخنەیی لەسەر شانۆکەی ساز بکەین، نەک وەک ڕەخنەگرێکی سەلەفی بۆ ئەوەی شەرعیەت بدات لە وتارێکدا دەنووسێت گوایە ئەو نەوە نوێیە سالار بەسەلەفی تێدەگەن، لێرەدا زۆر بەتوندی ڕووبەڕوویان دەوەستینەوە لە کوێ وتمان سالار سەلەفییە؟!

با وەڵام بدەنەوە، چونکە سالار نەک بۆ نەوەی سەلەفی ئەو نەوەیەی لە مێژە هەست بەمردنیان کراوە، بەڵکو بۆ نەوەی نوێش بوونی ئەو هونەرمەندە بۆمان مایەی شانازییە، بۆیە هەرگیز ناکرێ سەلەف خۆی لەگەڵ سالار بەراوردە بکات، چونکە سالار ئەوە ئەزموونەکانیەتی، بەڵام کوا کار و پرۆژەکانی سەلەفی؟! دوانی ئێمە لەسەر ئەزموونی سالار چەند ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە نەوەیەک هاتووە دەیالۆگی ڕەخنەیی و مەعریفی ساز بکات، هێندە مردنی سەلەفی ڕادەگەیەنن ئەوە کێیە لە پێناو چەپڵە و ئافەرینێک وتارۆکەیەک دەنووسێت لە هیچ شوێنێ بۆی بێ دوناکرێتەوە، بۆیە پەنا ئەباتە بەر گۆڤارێکی سیاسی...!

کێشە ئەوەی هاتووە لە بونیادی ناوەکی ئەزموونەکانیش بدوێت!؟

بۆیە سەلەفی شایەنی وەڵام نییە، بەڵام دەمەوێ ئەو وتەیەی (فرانسیس یۆنش) بێنمەوە یادی هونەرمەند مامۆستا (ئەحمەد سالار) کە دەڵێ «من قسە دەکەم، تۆ تێم دەگەیت، کەواتە ئێمە هەین».

لە نالی و خەونێکی ئەرخەوانی بۆ (گریمان نالی هاتەوە)



ئەزموونی ئاهەنگسازی سالار بەدوو قۆناغ هاتووە، قۆناغی یەکەم لە ساڵی **١٩٨٧** بە (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) دەست پێدەکات و لە **١٩٩٠** بە (کێشەی چوون و نەچوون یان گریمان نالی هاتەوە) کۆتایی دێت.

سالار لە نۆژەنی ئەزموونەکەیدا (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) دەمی نووسینەوەی مێژوو دەوەستێنێ، بەوەی ئیتر نابێ شانۆکاری کورد مێژوونووس بێت، بەڵکو دەبێ بەرهەمهێنەرە دەق بێت، کاری ئەو دەبێتە زیندووکردنەوەی زەمەنێک لەنێو ساتی دۆزینەوەی بۆشایی شانۆدا، بەوەش کەلەپووری لە دەمی (ئەنتۆگرافی) هەڵدەوەشێتەوە و بەدیدێکی ئەزموونکاریا نەمامەلەی لەتەکدا دەکات سرووتی نمایش لەناو (هەنووکە)دا دەچێتەوە (ڕابردوو)، لێرەدا پرسیاری سالار جیاوازە لەو پرسیارەی (برێخیت) ئاراستەی شانۆ و ئەکتەرەکانی دەکات:

(ئەگەر ئێوە لە شوێنی کەسایەتیەکەبان چۆن ڕەفتارتان دەکرد...!؟) کە سالار دەیەوێ ئەو پرسیارە بگۆڕێ و پێمان بڵێ: (دەبێ لە دەمی ئێمەدا نالی عەشق و ئەوینی بۆ حەبیبە لە خەونێکی هاوچەرخانەدا بەئەرخەوانی بکات) ئەوەی ئەو لە مێژووی وەردەگرێت (زەمەنی ڕووداو) کە بەهۆی (زەمەنی ئێستا) وە هارمۆنیەتێکی زەمەنی دروست دەکات، ئەوەش سرووتی ئەو ئاهەنگە شانۆییە کە (گۆچان، دەف، داری عود، گۆرانی، ئاواز مۆسیقا)دەگەڕێنێتەوە نێو نمایش (دەق).

هەروەک چۆن دەسبەرداری تەکنیکی شانۆی یۆنانی نابێت لە ڕووی (گێڕانەوەی ڕووداو) لە ڕێگەی (کۆرس) لەپاڵ (گێڕەرەوە) کە لە دەربڕینی دەیالۆگ بۆ دوانیان لەگەڵ (نالی) دەیانەوێ بەرەو مێژوو گەشتمان پێ بکەن ئەگەر چی لەو دەقەدا (گێڕانەوەی) دەبێ بەکەلێنێک کە نایەڵن چەمکی ئاهەنگ لە شێوەی بەرامبەر وەرگرێت، دوورنییە ئەوەش کارێکی بەئەنقەست بێ و سالار بیەوێ بیکات، ئەوەش بنەمای پێدا، لە (گریمان نالی هاتەوە) سەرباری کۆرس (گێڕانەوە) بەئاقارێکی جیاواز دەبات، بەوەی گێڕانەوەی دەبێ بە (کەسایەتی ئامادەگی) وەک ئامادەبوونێکی مێژوویی، ئەوەش پەیوەندی کردنە بە (دەمی وەرگر) لە ئاهەنگ، بۆیە هەریەک لە (پیرەمێرد) و (فەقێ تەیرانی) فەزایەک لە وێنە هزریکانی وەرگر داگیر دەکەن کە دەبنە شاهیدی ڕاستەقینەی مێژوو، ئەوەش گومان دەسڕێتەوە، چونکە دەشێ (گێڕانەوە) گومان دروست بکات، بەڵام بوونی کەسایەتییەکی وەک (فەقێ تەیران) یەقینمان پێ دەدات، کۆچی کورد لەو قۆناغەدا لەگوتاری نەتەوەی

ئێمە دەکەوێتە ژێرمەترسییەوە دەبەسترێتەوە بەمێژوو «نالی: ئەم کۆچ و چوونە، وەک مەرگ و ئاکامە، هەر دەبێ ببێ» ئەوینی نالی بۆ حەبیبە لە مێژووی ئیرۆسیەتەوە بۆ دەلالەتی سیاسی دەچێت، چونکە هەر لە سەرەتاوە دەقەکە دەیەوێ مێژوو لە (ئێستا)دا زیندوو بکاتەوە، دالێک لە پشت مێژوو فڕێدات، دەیەوێ (دال)ی نێردراو دەلالەتێکی تری بۆ بدۆزینەوە، ئەوەش گەڕانە بەدوای مانا لە ڕێگەی کوشتنی ئاماژەی نێردراو، بۆ ئەو پرۆسەیەی خوێندنەوەکە سەرلەنوێ ئاماژە بەرهەم دێنتەوە «نالی بەچاوانت (حەبێ) نەبوایە (نالی)نەدەبوو، (گلگامش) (حەبی)ی نەبوایە نەدەبوو قارەمان.

بەرهەمهێنانەوەی ئاماژە لە کۆتایی دەق گەڕانەوەیەکە بۆ سەر مانای گریمان کراوەکانی نالی دەڵێ (بەڵێ بەرەنگار دەبم، بەڵێ هەم) کە ئەوەش کۆتایی بەگومانی هاملێت دێنێ و لە پانتاییەکی کراوەتردا مانا دەلالەتەکان خۆمی دەست نیشان دەکات چونکە (من) لای نالی چەمکی مانەوەی کوردە لە ساتەوەختی دەق کە دەبێ بەهەڵگری (گوتاری مانەوەی کورد).

شۆڕش و بەردەوامی دەبەخشێتە مێژوو، ئەوەش داکۆکی کردنە لە مێژووی ئاو، کە سالار لە هەریەک لە ئەزموونەکانیدا لە چەمکێکی بەختیاری بۆ ململانێیکانی ژیان دەبات.

لە دەقی (لەژێر تارای سورمەچندا) ئاوێنە دەبێتە ئەو موفرەدەیەی کە لەکاتی بووک هێنراوە جەردە لە کاروانەکەی داوە و ئاوێنەی بووکیش دزراوە، ئەو ئاوێنەیە لەلای بووک مانایەکی مەجازی هەیە، ڕوانینی خەونەکانیەتی بۆ ژیان، بۆیە بەهەموو ئاوێنەکانی تر ڕازی نابێت، چونکە ئاوێنەکانی تر بەلایەوە «لێڵ و تاریک و تەماوین ڕوخساری خۆم بۆ نابینرێ تارماییم دێتە بەرچاو».

ئەوە لە کاتێکدا لەگەڵ دزینی ئاوێنەکە هەموو ئاوێنەکەی بۆ نەدۆزرێتەوە «ئەوا تارای بووکێنییەکەم فڕێ دەدەم» کەواتە ئاوێنە دەبێتە مێژوویەک کە پەیوەندی بەبەرائەتی کۆمەڵگاوە دەبێ، بۆیە بەبێ دەرکردنی نیازە ڕەشەکانی هەرگیز ئاوێنە تەلخ بووەکان ڕۆشن نابنەوە، ئەوەش بونیانێکە لەنێو دەقەکانی سالار کە زۆر خۆ دووبارە دەکەنەوە کە دەلالەتی ناپاکی دەدەن بەدەستەوە، نایەڵن ئاسوودەیی ڕوومان تێ بکات، چونکە سالار دەیەوێ ئەو حەقیقەتە بکاتە خاوەن چەمکێکی ڕەها کەسە ناپاکەکان لە قۆناغی ڕزگاری ئێمەدا کۆتاییان نەهاتووە و بەردەوام لەناو شۆڕشەکانماندان، مێژووی ئێمە پڕیەتی لە کەسانی



زۆڵ و ناپاک و خاک فرۆش، بۆیە تابوونی ئەوانە هەبێ ئاوێنەی ماڵەکانمان هەر بەژەنگ و تەڵخاوی دەمێننەوە. بەڵام ئاخۆ تا چەند ئەو بونیادە دێتە نێو سرووتی ئاهەنگ بەشداری لەو گەمەیە دەکات کە دەسەڵات ڕوویەکی تەواوکەریەتی، ئاخۆ (پاشا) دەبێ بەهێمایەک بۆ ئەو دەسەڵاتە تا لە دوا دەقی ئەو ئەزموونە (گەمەی شار و پاشای گەمە)دا وەڵامی پرسیارەکانی ئەو ئەزموونە ئەداتەوە!؟

ئاو جارێکی تر دەبێتەوە هێما، ئەمجارەیان دەبێ بەدەلالەتی بەختیاری، نەبوونی ئاو پرسیاری سەرەکی ئەو دەقەیە، خاوەن شکۆ دەبێتە بەرپرسیار بەرامبەر بەنەبوونی ئاو، کە هەڵبەت ئاو لێرەدا مەبەست لە خۆش گوزەرانییە خەونی هەمووان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی مەرگ ئەوەش پەیوەندی کۆمەڵگایە بەدەسەڵاتەوە، ئاشکراکردنی شوناسی دەسەڵاتە، دەسەڵاتی زەبروزەنگی پاشا، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، چارەسەرکردنی مێژووە لە خوێندنەوەیەکی تازەدا، چونکە هەموو ئەو دەقانەی ویستوویانە جارێکی تر سەرکەوتنی (کاوەی ئاسنگەر) و جەژنی نەورۆز بنووسنەوە، نەیانتوانیوە مانا لە دەلالەتی مێژووی دەربکەن لەکاتێکدا سالار بەو دەقەی دێت جارێکی تر (زوحاک) لە شێوەی پاشایەک دەردەخاتەوە کە لە بری (مێشک خواردن) گوێچکە دەخوات و بێ ئەوەی دەلالەتە فکرییەکانی مێژوو بدۆڕێنێت، مەبەست لە (ئاگرە)کە لای (کاوەی ئاسنگەر) دەبێ بەهێمای سەرکەوتن لە (ئێستا)ی دەقیشدا (گوڵ خونچە) داوا لە (بازیان) ئەکات لە کاتی سەرکەوتن مژدەیان بەئاگر پێ بدەن، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ سرووتی زەردەشتیەت و سەرەتای چەمکی (خۆبیوون)ی ئێمەیە، کە (سالار) بەو دەقە قوناغێکی مێژوویی دەنووسێتەوە قۆناغێکی بەدوو هەنگاو دێت و لە دووتوێی کتێبێکدا ناوی دەنێ (شانۆی سالار) ئەوەش ئەزموونی دوانزەساڵە، لەو قۆناغەدا ویستوویەتی چارەسەری کەلەپوور بکات، بۆیە ئەو ئەزموونە کاتێ لێرە تەواو دەبێ، دەبێ لە هەنگاوەکانی ئایندەی ئەو تانوپۆیانەی خۆی بەجێ بێڵێ بەرەو ڕیتوالی ئاهەنگی نەفرێنەرترمان ببێنی.

لە کۆتاییدا ڕێز و خۆشەویستیمان و چەپکێ گوڵی بەرۆکی (حەبیبە و سەلما و چنور و ئاسکۆل) ئەمجارەیان لە ئێمەوە بۆ بەرۆکی هونەرمەندی گەورە (ئەحمەد سالار) لە یەخەی ئەو هونەرمەندە گەورەیە دەدەین و جارێکی تریش لەگەڵ (فرانسیس بۆنش «من قسە دەکەم، تۆ تێم دەگەیت، کەواتە ئێمە هەین».

***

## ئەحمەد سالار و خەونی بەردەوامی مێژوویەک بۆ شانۆی کوردی

محەمەد نزار

ئەریک بینتلی لە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەرکی بنیاتنانی ڕابردووی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکانی شکسپیردا لە بارەی (کۆریۆلانوس و ماکبەث و لیر و تیمۆن)ەوە دەڵێت کە ئەمانە کەسایەتی بێ ڕابردوون و بەدوای ڕابردوودا دەگەڕێن.

هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و کەسیەتی هونەرمەندی خۆشەویستمان مامۆستا ئەحمەد سالار بەهەمان ئاڕاستە ئەنجام دەدەین، چونکە ئەحمەد سالار کاتێک کە یەکەم هەنگاوی لەسەر تەختەی شانۆی کوردی هەڵهێنا، درکی بەگرنگی ڕابردوو بۆ شانۆی کوردی کرد، هەربۆیە لە مێژەوە خەریکی گەڕانە بەدوای ڕابردوویەکدا بۆ شانۆی کوردی، بەڵام نەک بەو شێوازەی (کۆریۆلانوس و ماکبەث و لیر و تیمون) بەڵکو بەشێوازێکی جیاتر و تایبەتمەندتر، چونکە ئەحمەد سالار لە سەرەتاوە بەو ڕاستییەی زانی کە شانۆی کوردی ڕابردوویەکی دیاریکراو و ئەوتۆی نییە کە بتوانرێت ئاماژەی پێ بکرێت، هەربۆیە تەمەن و ڕەنج و هەوڵەکانی خۆی کرد بەپرۆژەیەک بۆ دروستکردن و بەدیهێنانی ئەو ڕابردووە.

لە ڕاستیشدا ڕابردوو بەو واتا و مەبەستەی کە مامۆستا سالار بەدوایدا وێڵە، زێتر داکوتانی ڕەگوڕیشەی پتەوە بۆ شانۆیەک کە بتوانرێت لە میانەی کۆمەڵێک خەسڵەت و هێما و بنەما و تایبەتمەندییەوە کەسایەتییەکی سەربەخۆی بۆ دەستەبەر بکرێت. هەڵبەتە لەگەڵ ڕێزمان بۆ ئەو بۆچوونانەی کە لە کولتوور و مێژووی کوردەوارییماندا هەندێ دیاردەی شانۆیی یاخود لەڕاستیدا هەندێ دیاردە کە دەکرێت لە ڕوانگەی شانۆوە کەڵکی لێ وەربگرین و جۆرە ڕەگوڕیشە و ڕابردوویەکیش بەوپێیە دیاری بکرێت، بەڵام پێم وایە کە زۆربەی زۆرمان ئەوجۆرە بۆچوونانەمان پێ باش نییە و دەبێت دان بەو ڕاستییە دابنێین کە شانۆ لە بنەڕەتدا هونەرێکی بیانییە و وەک زۆر هونەری دیکەش سنوورەکانی بەزاندووە و لەناو کولتوور و مێژووی گەلانی جیاوازدا جێگای خۆی کردۆتەوە، کەواتە گەڕان بەدوای ڕابردوویەک بۆ شانۆی کوردی، پێویستە بەر لە هەموو شتێک گەڕانێکی واقیعبینانە بێت و خۆی سەپێنراو بەسەر واقیعدا، مامۆستا ئەحمەد سالار، زۆر بەجوانی درکی بەم ڕاستییە کرد هەر بۆیە هەوڵی دا لە میانەی پاراستنی خۆی لە گەڕان بەدوای بابەتی لاوەکیدا و جەختکردن لەسەر بابەتە سەرەکییەکان کە دەتوانرێت لەمیانەوەیان شتێک بەشتێک بکرێت.



لێرەوە بەدرێژایی چل ساڵ، مامۆستا سالار ویستی لەمیانەی سێ شێوازەوە بەو ئامانجە بگات، یەکەم شێوازیان نمایشکردنی بابەتە شانۆییە جیهانییەکان، وەک (دوژمنی گەل)ی ـــــ و (پیسکەی) مۆلێر و شانۆنامەکانی شکسپیر و چیخۆف، دووەم شێوازیان، مامۆستا سالار کەوتە تەوزیف کردنی بابەتە کولتووری و مێژوویی و خۆماڵییە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵە دەقێکی بۆ مەبەستێکی گەورە دادەنران، لەوانەش:

نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ، جەزیری وانەی ئەڤینی دەدات، کێشەی چوون و نەچوون، یان گریمان نالی هاتەوە، ئەودەمەی ئەڤینی مەزنتر دەبێ، لەژێر تارای سورمەچندا و چەند دەقێکی دیکە کە یەک لە دوای یەک نمایش کران و تێڕوانینێکی تازەی مامۆستا سالاریان بۆ بینەرانی شانۆ خستەڕوو، ئەم تێڕوانینە بەوەی کە لە زۆربەی ڕەهەندەکانیدا سادەوساکار بوون، کەچی لە هەمان کاتیشدا قووڵاییەکی بابەتییانەی لە خۆی گرتبوو لەمیانەی ئەو ئاوێتەکردنە ڕۆمانسییانەی مامۆستا سالار لەنێوان ڕێبازی شانۆیی و کەرەستەی کوردەواری (کولتوور یاخود مێژوو) لەپاڵ تێئاخنینی تەوژمی عیشقی سۆفییانە بۆ کەسایەتییە سەرەکییەکانی و بەمەش دەیخواست تارایەکی پیرۆز بەسەر ئەو شانۆیەی کە ئامانجێتی دابپۆشێت.

هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە مامۆستا سالار توانی لە ڕێگای ئەو ئەزموونانەی کە ئاماژەمان پێیان دا، سەرنجی نەک تەنیا بینەرانی شانۆ بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و بەڵکو لەلایەکی دیکەشەوە ڕەخنەگر و ئەوانەی کە بایەخ بەبواری شانۆ دەدەن، پەلکێش کرد تاوەکو لەم ئەزموونانە بکۆڵنەوە و لە میانەی بیر و بۆچوونە جیاوازەکانەوە، ڕاستی و دروستی ئەم ئەزموونانە وەکو هەوڵێکی جددی بۆ وەدەستهێنانی کۆمەڵێک خەسڵەت و هێما و تایبەتمەندی و بنەمای تایبەت بەشانۆی کوردی، هەر ئەوەش بووە هۆی بەردەوامبوونی مامۆستامان لەم هەوڵانەیدا و ئەوەبوو لە هەنگاوی سێیەمدا یاخود شێوازی سێیەم، کەوتە دیاریکردن و چڕکردنەوەی تێڕوانینەکەی لەو دەقە ئەزموونگەرییانەی و دەستنیشان کردنی چوارچێوەیەک یاخود ڕوخسارێک بۆ ئەو تێڕوانینەی لەمیانەی ئەوەی کە ناوی (شانۆی ئاهەنگسازی) لێ نا، ئەم چوارچێوە و ڕوخسارە لەگەڵ ئەوەی کە مامۆستا سالار لە (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف)دا بەجۆرێکی دیار بەکاری هێنا بەڵام لە شانۆنامەی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) بەئەوپەڕی تێروتەسەلی توانی شانۆ ئاهەنگسازییەکەی لە دیوەخانێکی کوردەواریدا نمایش

بکات و تەماشای تایبەتی خۆی لە بارەی شێوە و ناوەڕۆکی شانۆی کوردییەوە ئاشکرا بکات.

هەڵبەتە ئەوەی کە دەتوانین لەو سێ شێوازەی کاری شانۆیی مامۆستا سالاری هەڵکرێنین، ئەمانەی خوارەوەیە:

(١) لە یەکەم شێوازدا مامۆستا ویستی لەمیانەی نمایشکردنی بەرهەمە شانۆییە جیهانییە جیاوازەکان ئاشناییەکی زێتر لەگەڵ شێوە و ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانەدا وەدەست بێنی، سەرباری ئەوەی کە بەرلەوەش مەبەستی بوو کە بینەری کورد پتر بەوجۆرە بەرهەمانە لە نزیکەوە ئاشنا بکات.

(٢) لە شێوازی دووەم و دوای ئەوەی کە مامۆستا گەیشتە ئاستێکی تاڕادەیەک دیاریکراو لە تێربوونی تیۆری و پراکتیکی لەو جۆرە بەرهەمانە لەمیانەی ئاوێتەکردنی ڕێبازە شانۆییە جیاوازەکان (دەروونی ستانسلافسکی لەگەڵ داستانی بریختی بەئیزافەکردنی چەند ڕوخسارێکی شانۆیی تەسجیلی بیتەر نمایش و شانۆی توندوتیژی ئارتوا و شانۆی میر هۆڵد) ئەو ئاوێتەکردنەش لە بازنەی کولتووری یاخود مێژوویی کوردا حەشار دابوو، مامۆستا ئەم ئەزموونەی دەیویست بەدووبارەبوونەوەی نمایشە شانۆییەکان لەسەر هەمان شێواز، کۆمەڵێک هێما و خەسڵەت و ـــ تایبەتمەندی بۆ شانۆی کوردی دەستەبەر بکات، هەرچەندە پێویستە لێرەدا دان بەوەدابنێین کە مامۆستا ئەحمەد سالار لەو ئەزموونانەیدا توانیوێتی تێگەیشتنی قوڵی خۆی سەبارەت بەڕێبازە شانۆییە جیاوازەکان ڕابگەێنێت، چونکە بەبێ ئەو تێگەیشتنە زۆر مەحاڵ بوو کە بتوانێت بچووکترین هەنگاو بۆ دەرەوەی ئەو چوارچێوە شانۆییانە بهاوێت، لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئەوەش ڕەچاو بکەین کە مامۆستا سالار توانیوێتی بەوەستایانە کەڵک لە بابەتە کولتووری و مێژووییەکان وەربگرێت، هەرچەندە مامەڵەی لەگەڵ ئەوجۆرە بابەتانەدا جیاوازییەکی یەکجار گەورەی لەگەڵ مامەڵەی کەسانی دیکەدا هەیە، چونکە شانۆکار هەرگیز تەماشای کولتوور و مێژوو لەو گۆشانەوە ناکات کە کەسانی دیکە تەماشای لێوە دەکەن، بەڵکو لە زۆربەی کاتدا تەماشاکردنی شانۆکار بەجۆرە خەملاندن یاخود پێشبینی کردنێک لە قەڵەم دەدرێت، لێرەشەوە کەسایەتییەکانی شانۆی سالار، هەمان ئەو کەسایەتییە واقیعبینانە نین کە ڕۆڵەکەیان دەگێڕن، بەڵکو پێکهاتەیەکی جیاوازن لە بنچینەیەکی ڕابردوو بەئیزافەکردنی تێگەیشتنی ئێستا و ئەوەی کە دەخوازێن ڕۆژێک لە



ڕۆژان ببووایە، بەم کارەش مامۆستا سالار تایبەتمەندی خۆی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەسایەتییەکانیدا ئاشکرا دەکات، تێروانین و مامەڵەکردنی مێژوونووس بەرجەستە بکات، هەر بۆ نموونەش، شکسپیر هەرگیز بەهەمان شێواز و تێڕوانینی(بلوتاریک) مامەڵەی لەگەڵ یولیۆس سیزەر و مارک ئەنتۆنیۆدا ئەکرد، بەڵکو لە زۆر شوێندا چاوی لەوەی کە بلوتارک (یاخود مێژوو) دەیگوت بەئاشکرا دەپۆشی و ئەوەی کە خۆی دەیخواست یاخود بەباشی دەزانی دەیخستە بری.

٣- لە شێوازی سێیەمدا مامۆستا سالار تایبەتمەندی خۆی وەک هونەرمەندێکی شانۆکاری کورد لە بەرهەمە شانۆییەکان ئاشکرا کرد، واتە لەپاڵ تەماشاکردنی برێخت بۆ مەسەلە جیاوازەکان، ئەحمەد سالار تەماشاکردنی تایبەتی خۆی خستە ڕوو لەو کاتەیشی کە شانۆ ئەرستییەکەی ستانسلافسکی یاخود شانۆی هاندانی باکتۆر یاخود شانۆی تەسجیلی بیتەر ڤایس هەیە، ئەوا شان بەشانی ئەوانەش شانۆ ئاهەنگسازییە کوردەکەی ئەحمەد سالاریش هەیە. هەڵبەتە ئەم تابیەتمەندییەی کە لە مامۆستا ئەحمەد سالاردا باسی دەکەین، هەمان ئەو بەهرە و توانایەیە کە بەدرێژایی مێژووی شانۆی جیهانی لەلایەن چەند کەسێکەوە بەرجەستەکراوە، بۆ نموونە لە سەردەمی ولیم شکسپیردا چەندین نووسەری شانۆیی دیکە لەپاڵ شکسپیردا هەبوون، وەکو (بن جۆنسن) کە لەلایەن کۆشکی پاشایەتییەوە بە (شای شاعیران) ناوزەدکرا و کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەگەڵ ڕۆڵێکی بەرجەستەی لەو سەردەمەدا هەبوو، جگە لە بن جۆنسن نووسەری دیکەی وەکو (جۆرج چاپمەن) و (جۆن مارستن) و (تۆماس دیکەر) و (تۆماس میلدلتن) و (سیریل تیرنەر) هاوچەرخی شکسپیربوون، بەڵام تەنها شکسپیر توانی بوون و کاریگەری خۆی لەسەر شانۆی ئنگلیزیدا بسەلمێنێت و لە ڕێگای ئەو تایبەتمەندییەی کە بەرهەمەکانی لە هاوچەرخەکانی خۆی جیاکردەوە، توانی شوێن دەستی خۆی بەدرێژایی مێژووی شانۆی ئنگلیزی بهێڵێتەوە.

هەمان قسەش بەسەر درامانووسی ئیسپانی (پێدرۆ کالدیرۆن دیلا بارکا)دا کە بەکاڵدیرۆن ناسراوە، دەگوترێت تەنانەت توانی بەسەر ناوی (لوپێ دی دۆگا)دا کە لەو سەردەمی پێش خۆیدا ژیابوو، زاڵ ببێت. بەبۆچوونی ئێمە ئەوەی کە شکسپیر و کالدیرۆن و ئەحمەد سالاری لە هاوچەرخەکانی خۆیان جوداکردۆتەوە، ئەو تایبەتمەندییەیە کە هەرسێکیان و ئەوانەی هاوشێوەیانن لە بەرهەمەکانیاندا بەدی دەکرێت و،

تایبەتمەندییەکەشیان لەبنەڕەتدا لە تایبەتمەندی خاک و سەردەم هەڵدەقوڵێت. لێرەدا نامانەوێت بەباسکردنی مامۆستا سالار لە ڕۆڵ و بایەخی شانۆکارانی کوردی دیکە کەم بکەینەوە و ئەوان بەلاوەکی و مامۆستا سالاریش بەسەرەکی لە قەڵەم بدەین، چونکە خودی ئەحمەد سالاریش بەم جۆرە ڕێزبەندی کردنە ڕازی نییە، بەڵام ئێمە ئاماژە بەڕاستییەکی یەکجار گرنگ دەدەین کە هەمیشە لە زۆر بواردا مەسەلەکانی بەلایەکدا خستووە، ئەویش ڕۆڵی مامۆستا سالار و ئاستی خۆشەویستییەتی لەناو گەلی کوردا، چونکە بەدرێژایی چل ساڵ و لەمیانەی دراما تەلەفیزیۆنی و بەرهەمە شانۆییەکانی توانی پێگەیەکی یەکجار تایبەتی لەناو دڵ و هزری بینەرانی کوردا وەدەست بێنی، ئەو پێگەیەش لەڕاستیدا بەرهەمی مێژووی نزیکەی نیو سەدە کار و ماندووبوونی بەردەوامە کە خۆشبەختانە توانی لەئاکامدا بنچینەیەکی یەکجار پێویست بۆ شانۆی کوردی دامەزرێنێ.

مامۆستا سالار لە میانەی پەیوەندی بەردەوامی بەقوتابخانە و ڕێبازە شانۆییە جیهانییەکان و لەلایەکەوە و پەیوەندی بەتینیشی بەکولتوور و مێژووی نەتەوەی کورد و تەفاعولکردنی لەگەڵ هەموو ئێش و ئازارەکان و خواست و ئارەزووەکانی تاکە تاکەی کورد، توانی پردێکی مرۆیی لەنێوان ئەوەی کە نێودەوڵەتییەکان لەنێوان ئەوەی کە خۆماڵی و تایبەتییە بەرقەرار بکات. بەم کارەیش مامۆستا دەخوازێت ئەو ڕاستییە گرنگە بۆ هەموو جیهان بسەلمێنێت کە نەتەوەی کوردیش وەک هەموو نەتەوە و گەلانی دیکەی جیهان، پەیامێکی مرۆیی هەیە و دەخوازێت لەمیانەی چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانیدا بەرجەستەی بکات، هەرچەندە مامۆستا سالار لە زۆر بەرهەمیدا ئاماژە بەیەکبوونی چەوسانەوەی مرۆیی لە سەرانسەری جیهاندا دەکات، بەڵام کە دێتەسەر کوردستان ئەوا زۆر بەوشیارانە هەڵوەستە دەکات و بەوردی لە موفرەدەکانی چەوسانەوەی نەتەوەی کورد دەدوێت و دەیەوێت بەهەموو جیهان ڕابگەیێنێت کە چەوسانەوەی گەلی کورد لەنێوان چەوسانەوەکانی گەلانی سەر گۆی زەوی تایبەتمەندییەکی جوداکاری خۆی هەیە کە وێنە و هاوشێوەی بەهۆی فاکتەرە جیاوازەکانەوە نەک تەنیا کەمن بەڵکو دەگمەنیشن.

ئەم ڕەهەندە مرۆییەی کە مامۆستا سالار بەدرێژایی هەوڵ و ڕەنجی لە شانۆی کوردیدا هەوڵی خستنە ڕووی کردووە، بەئاوێتەکردنی لەگەڵ ڕەهەندەکانی دیکەدا، قوڵاییەکی مەعنەوی پڕ لە واتای بەکارە شانۆییەکانی بەخشی، لێرەشدا حەزدەکەم ئاماژە بدەم بەوتەیەکی فەیلەسوف و بیرمەند و مێژوونووسی بەناوبانگ (ویل دیۆرانت) کاتێک کە



دەڵێت: (نەمری بۆ ئەو مێژووەیە کە هەڵگری پەیامێکی مرۆییە) کاتێکیش کە زێتر لە ڕەهەندە مرۆییەکەی شانۆی سالار ورد دەبێتەوە، ئەوکاتە بۆمان دەردەکەوێت کە مامۆستا سالار لەو تێڕوانینە قوڵ و بەئاگایەی لە کارە شانۆییەکانیدا ویستوویەتی ئەو پەیامە مرۆییەی وەک گڕوبڵێسەکەی باباگوڕگوڕ ئامادەییەکی هەمیشەیی هەبێت، ئەمڕۆش کە سەردەمی دایالۆگ و لێک حاڵیبوونی و شانازییە کە ئەو ڕەهەندانەی کە لەو دایالۆگ و لێک حاڵیبوونەدا جەختیان لەسەر دەکرێت، مامۆستای گەورەمان بەدرێژایی نزیکەی نیو سەدە هەوڵ و تەقەللای بێ وچان پێی لەسەریان داگرتووە، هەر لەم ڕوانگەشەوە، ڕەخنەگران و ئەوانەی کە لە بارەی شانۆوە دەنووسن، دەتوانن لەم بارەوە بکۆڵنەوەو زێتر تیشکی بخەنەسەر و ئەو ڕاستییە ڕوون بکەنەوە کە شانۆی سالار پەیامی مرۆڤایەتی وەک دروشمێکی ئیستیهلاکی یان مەبەستێکی میکاڤیلییانە بەرز نەکردۆتەوە، بەڵکو وەکو بنچینەیەک و ژێلەمۆیەکی بەردەوام لە پێکهاتە و داڕشتنی شانۆکەیدا بەکاری هێناوە... لە کۆتاییدا، دەمانەوێت لەم کاتە پیرۆزەدا کە ڕێز لە ڕەنج و هەوڵی چل ساڵەی مامۆستا سالار دەگیرێت، ئاماژەش بەمەسەلەیەکی هەستیاری دیکە بدەین کە مامۆستا بەدرێژایی ئامادەبوونی لە شانۆدا بەدەوروبەرەکەی بەخشیوە، ئەو مەسەلەیەش خۆشەویستی خاک و گەل و مرۆڤە کە لە هەموو قسە و کردەوەکانی مامۆستای خۆشەویستمان ڕەنگی دەدایەوە، ئێستاش لەبیرمە کاتێک کە بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا مامۆستا سالارم بینی و ناسی لە نزیکەوە لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی (خالیدییە) لە ساڵی (١٩٧٥)دا کاتێک پەروەردەی سلێمانی خەریکی ئامادەکردنی ئۆپەرێتی کۆتایی زۆردار بوو لە دەرهێنانی مامۆستا بەدیعە دارتاش، هەرکە مامۆستا ئەحمەد سالار خۆی کرد بەهۆڵەکەدا: هەموو لە کارکەوتن و وەکو باران بەسەر مامۆستادا داباریین، ئەوکاتە لە نزیکەوە دیقەتم لە مامۆستا دەدا کە بۆ یەکەم جار بوو بەدیمەنی شادبیمەوە، بەڵام ئەوەی کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام لە گەرمەی زەردەخەنە ئاساییە هەمیشەییەکەی ئەحمەد سالاردا، دوو فرمێسکی قەتیسماوم لە چاواندا بەدی کرد و بەهۆی ئەوەی کە تازە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ڕووی دابوو، ئەو فرمێسکانەم بەچەند ئاڕاستەیەکی جیاواز لێک دایەوە، بەڵام هەر لەو کاتەشدا وتە بەنرخەکەی دوستۆفسکیم لەیادبوو کە دەڵێت:

(مەزن ئەو کەسەیە کە زەردەخەنە دەکات و چاوی پڕ لە فرمێسکە).

## زمان... لە شانۆی سالاردا

لوقمان غەریب

(ڕەشی شەوانم بەگڕی عەشق سپی کردەوە) ئەم دێڕە شیعرەی مامۆستا سالارم پڕاوپڕ مانای ئەو داهێنان و وەرچەرخانەیە کە هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد سالار لە بزاڤی شانۆی کوردیدا خوڵقاندوویەتی... بەعەشقێکی گەورەی هونەرییانەوە، تەرزێک لە شانۆی داهێنا کە سیما هەڵگری شانۆیەکی کوردەواری پوختە.

شانۆی سالار وەک پڕۆسەیەکی ئەفراندن بۆتە بنچینەیەکی پتەوی شانۆی کوردی و لەواری کەلتووریشدا زەمینەیەکی بابەتی و چۆنایەتی بۆ ئەم هونەرە ڕەخساندووە... جیا لەوەی کە لە واقعی ئەمڕۆی جیهان و سەرهەڵدانی پڕۆسەکانی ئاڵوگۆڕی کەلتووریدا دەرفەتێکی بێ وێنەیە بۆ پشکداری کردنی کوردیش وەک نەتەوەیەکی گەورە و دێرین لەو پڕۆسەیەدا کە ئەمڕۆ بەئەنتەرکلتوراليزم ناودەبرێ... بێگومان هەندێ جار پێناسەی لێکدانەوەی ئەوتۆ بۆ ئەم زاراوەیە تەرح ئەکرێ کە بەقەد مەودای نێوان شام و شیراز لێیەوە دوورن. هەڵبەتە زاراوەی ئاڵوگۆڕی کەلتووری کە ساڵانێکە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە بەخاڵی یەکەم لەنێوان ئەو کلتورانەدا ئەنجام ئەدرێ کە خاوەنی مۆرک و خەسڵەت و سیمای شارستانی خۆیانن. کاتێ کە پڕۆسەیەکی لەم جۆرە دێتە ئاراوە دەبێ کایەی کامڵبووی خۆی بۆ ڕەخسێنرابێت و یەکە بنچینەییەکانی ئامادەباش کرابن ... کلێچەریش تاقە بوارێکی دیاریکراو نییە تا بەشێوازێکی سەرپێییانە کاری بۆ بکرێ لە پڕۆسەیەکی جیهانی ئاوا گەورەدا بەشداری پێ بکرێ... هەڵبەتە ئەمە بابەتێکی دوورودرێژترە و کاتێکی تری ئەوێ تا هەموو لایەنەکانی ورد بکرێتەوە...

ئەمڕۆکە شانۆ و سینەما دوو هونەری کاریگەر و بەدەسەڵاتن بۆ بەشداری کردن لە پڕۆسەی ئاڵوگۆڕی کەلتوورییدا بەتایبەتی ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە قسەی لەسەر بکەین هونەری شانۆیە کە لە پڕۆسەی ئەنتەرکلتوراليزم ئەتوانی ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەر بگێڕێ. چونکە لە هونەری شانۆ سەرجەم بوارەکانی کەلتوور بەشێوەیەکی بەرجەستەکی بەرچاو دەکەون بەتایبەتی ئەو موفرەدانەی کە مۆرکی تایبەتی و سیمای کەلتوورەکە دەبەخشن. کە دەڵێین شانۆی سالار ڕەخسێنەری دەرفەتی بەشداربوونە لە کۆدی کەلتووری شانۆی نێو نەتەوەییدا ئەوە لەبەر ئەم جۆرە دەسەڵاتە فراوانەیە کە ئەو شێوازە



شانۆیە لە واری یەکە جۆراوجۆرەکانی کەلتووردا هەیەتی (کەلتووری کوردەواری) زمان، ئاهەنگ، جلوبەرگ، بابەت، کەشی کوردەواری، فۆلکلۆر چەندین بڕگە و بابەتی تری کەلتووری کە شانۆ باشترین پێگەیە بۆ کۆبوونەوەی ئەو (ڕەنگ و دەنگە) کەلتوورییانەی کە ئەمڕۆ بوونەتە کایەیەکی بەهێز بۆ ناساندنی دۆزی هەر نەتەوەیەک.

شانۆی سالار لە درێژەی ئەزموونی پڕ بەخششی خۆیدا تەقەلایەکی زۆری بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستانە داوە و توانیویشیەتی بەشێوازێکی هێجگار ئەفرێنەرانە وەک هەر شانۆیەکی تری بەشێکی کەی ئەم جیهانە بگاتە ترۆپکی باڵای مەبەستە پیرۆزەکەی... لەوەتای ئەم تەرزە شانۆییە ڕەسەنە هاتۆتە بواری ئەفراندنەوە، چەندین وتار و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆری لەسەر پێشکەش کراوە کە بەلای منەوە هێشتا ئەوە پارسەنگێکی کەمە بۆ کێش و بەهای ئەم ستایلە شانۆیەی کە مامۆستای هونەرمەند ئەحمەد سالار داهێنەر و ڕابەریەتی... ئەوەشی تائێستا سەبارەت بەشانۆی سالار کەمتر قسەوباسی لەسەر کراوە لایەنی زمانە (زمانی شانۆ)... بێگومان زمانە کایەی سەرەکی دروستبوونی تێکستە، بەڵام زمان، لە ڕووی هەڵسەنگاندنی ڕێزمانە نا بەڵکو ئەو زمانەی کە وێناکردنێکی وەستایانەی بێ هاوتا بەڕەوتی ڕووداوەکان هێڵی درامی ناو تێکستەکان ئەبەخشێ... ئەرستۆ لە بارەی زمانی شانۆوە دەڵێت [زمان لە شانۆدا، بریتی نییە لە دروستکردنی دیالۆگی نێوان کاراکتەرەکان، بەقەد ئەوەی بەشێکە لە بابەتی سەرەکی دەقەکە و بەشداری کردن لە هونەری چنینی ڕووداوەکاندا]... زمان لە شانۆدا تەنها ڕیزکردنی کۆمەڵێ زاراوە و وشەی دیاریکراو نییە، زمان لە شانۆدا ئەو بنەما بەهێزەیە کە جۆرێ لە جوولە و ڕیتم و ئاڵوگۆڕی بەردەوام دروست ئەکات یەکێ لە خەسڵەتە پڕ ئەفراندنەکانی شانۆی سالار ئەو زمانە تایبەت و ناسک و شیعراویەیە کە تێکستەکانی پێ داڕێژراوە، ئەو خەیاڵە فراوان و ڕەنگاوڕەنگەیە کە لە ئاسمانی ئەستێرەبارانی هزری مامۆستا سالار چراخانێکی خوڵقاندووە... جوانکاری لە دروستکردنی ڕستەکاندا، پاراوی هێنانی دەیان و سەدان وشەی ڕەنگاوڕەنگ، زیندووکردنەوەی دەیان ناو و ئاوەڵناوی جوان و ڕەسەنی کوردی کە لە بیرەوەری نەتەوەدا تۆزیان لێ نیشتبوو... ئەم جۆرە زمانە بیسەر و خوێنەر ئەباتە دنیایەکی ڕەنگاوڕەنگی گوێگرتن لەو وێرد و سەربوردانەی کە لە چوارچێوەی دەقە شانۆییەکان تەوزیف کراون... ئەمەش بێ ئەوەی تۆزقاڵێک لەلایەنی پەیامە شانۆییەکە کەم بکاتەوە و لە تێکستێکی شانۆییەوە بەئاراستەی تێکستێکی هەقایەت ئامێزی فۆلکلۆری ببات، بەپێچەوانەوە

بەڵکو شانۆی سالار بەئەفراندنێکی گەورەوە توانیویەتی دەسەڵاتی بەسەر لایەنی کەلەپووری و فۆلکلۆری و ئەتنۆگرافیدا بکێشێ و بەقازانجی پەیامە شانۆییەکە بەکاریان بهێنێ... ئەرستۆ لەبارەی زمان و گێڕانەوەی دەقەوە ئەڵێت [گێڕانەوە (محاکاە) یەکێکە لە غەریزەکانی مرۆڤ کە لە گیانلەبەرانی تری جیا ئەکاتەوە، مرۆڤ چێژێکی تایبەت لە گێڕانەوەی هەر ڕووداوێک ئەبینێت... ئەم غەریزەیەش مرۆڤی بەئاراستەی فێربووندا بردووە].

بێگومان هونەری گێڕانەوە کە سەرچاوەکەی زمانە بەکایەی سەرەکی هەموو هونەرەکانی تری وەک (شیعر، مۆسیقا، نیگار) دائەنرێ هەریەک لەمانەش زمانی تایبەتی خۆیان هەیە... باشترین زمانی گێڕانەوە لە شیعردا وەک ئەرستۆ و هۆراس ئەڵێن ئەو زمانەیە کە بەکورتی و پوختی و خێرا و پاراو بیرۆکە و ڕووداوەکەی پێ باس ئەکرێ.

زمانی گێڕانەوە لە تێکستەکانی شانۆی سالاردا بەشێوەیەکی وردەکارانە و بەدروستکردنی جوانکاری لە ڕیتمی دەربڕینی ڕستەکاندا داڕێژراوە... ئەو زمانە تایبەتە گوێگر بەئاراستەی وەرگرتنی چێژێکی تایبەتیدا ئەبات و دەسەڵات بەسەر ڕاکێشانی سەرنجیدا دەگریت و ناچاری ئەکات کە تامەزرۆیانە گوێبیستی بێت، ئەمە جگە لەوەی کە زمانەکە خۆی خاوەنی خەسڵەت و ئەدگارێکی تایبەت بەخۆیەتی، بەتایبەتی لە بواری بەکارهێنانی وشەی جوان و ڕیزکردنی ڕستەی شیعری پڕ واتا و وێناکردنی خەیاڵەکاندا...

ئەم خەسڵەتی جوانکارییە لە زمانی تێکستەکانی شانۆی سالاردا هەر لە یەکەم تێکستەوە دەست پێدەکات (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) و پاشان هێدی هێدی لە دەقەکانی پاش ئەمدا بەرەو هەڵکشان و ئەفراندنی زیاتر ئاراستە ئەگرێ... ستاتیکا لە داڕشتنی زمانی تێکستەکانی شانۆی سالاردا، بەشێوازێکی کاریگەر و درێژخایەن لە بیرەوەری خوێنەران و وەرگرانیدا ئەمێنێتەوە، هەر ئەمەش خەسڵەتەکانی پرۆسەیەکی ئەفراندنی بەردەوامی بەم ستایلە شانۆییە بەخشیوە... لە هەمان کاتدا پێکانی ئەو خاڵی چێژ وەرگرتنەیە کە ئەرستۆ سەبارەت بەبینەری ئاسایی شانۆ باسی لێوە دەکات. با نموونەیەک لە تێکستی شانۆیی نالی و خەونێکی ئەرخەوانی وەربگرین [بازنەیەکی پڕ لە نووری پیرۆزی نەخشاند، فریبە ئاسمان بووە ڕووی کیژۆڵەیەکی کوردی خوردە ساڵ] ئەبینین زمان زۆر وەستایانە و شارەزایانە بەجوانکارییەوە دەسەڵاتی بەسەر وێناکردنی خەیاڵی نووسەردا کێشاوە جیا لەوەی کە جۆرێک لە ڕیتمی شیعری لە دروستکردنی ڕستەکاندا ئەبیسترێ... پاشان ئەم پرۆسە جوانکارییە بەداهێنانێکی زیاتر بەردەوام دەبێت



و سەراپای پەرەگرافەکانی تێکستەکان داگیر دەکات بەرەو هەڵکشانێکی هونەرییانەی جوانتریان دەبات... ئەوەتا لە (جزیری وانەی ئەڤیندا ئەدات) دەیان ڕستەی جوانی وێناکراوی پڕ واتا ئەبینین و ئەبیستین چۆن نووسەر لە داڕشتنی خەیاڵی خۆیدا زمانێکی چەندە تایبەتمەند و پاراوی هەیە [لەگەڵ هەر وشەیەکدا نمەبارانێ دەباری و کیژانی ئەم شارە پرچیان بۆ بارانەکە پەخشان دەکرد و ئەیان وت پرچمان دەبێتە پرچی ئایشێ و فاتمە و خاتووزین].

پلەی هەڵکشانی ئەم جوانکارییە تا دوایین تێکستی شانۆی سالار هەر بەردەوامە و لە (شانۆی کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف و ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) ئەبینین چۆن بەترۆپکی داهێنان ئەگات.

ئەوەتا لە شانۆیی کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جافدا لە زاری گوڵ خونچەوە ئەڵێت [ئێوارە وەختانە و خۆر لە تاقی ئاسمانی شاری هەڵەبجەیا، خۆی بەسینە و گەردنی ئاسمانی حەوتەمینەوە هەڵواسیوە و نابزوێ. گەواڵە هەورە بەیەکاچووەکانی چیای بەمۆ و ناوچەوانی چیای شاهۆ گلاژاو گروتنی و هەر دێن و دەچن، لەوە ئەچێ منەی کار و کارەساتێکی تەلیسماوی پڕ نهێنی بکەن]... سەرنجی ئەم ڕستە جوانە پڕ واتا و ڕیتم ڕێکانە بدە، چۆن بەشێوازێکی پڕ لە ئەفراندن و هونەر بۆ وێناکردنی پێشبینی کارەساتێکی گەورەی وەک شەهیدکردنی شاعیری نیشتمانپەروەر ئەحمەد موختار جاف داڕێژراون [خۆر لە تاقی ئاسمانی شاری هەڵەبجەیا... خۆی بەسینە و گەردنی ئاسمانی حەوتەمینەوە هەڵواسیوە... منەی کار و کارەساتێکی تەلیسماوی]

خەسڵەتێکی تری شانۆی سالار لە بواری زمانی داڕشتنی تێکستەکاندا، هێنانەدی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەیە کە بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە فەوتانی بەشێکی زۆری لایەنی ڕەسەنایەتی لەلایەن مامۆستا سالارەوە دراوە. یەکێکیش لەو هەولانە، دووبارە زیندووکردنەوەی زمانی گێڕانەوەی کۆن و دێرینی کوردەوارییە کە لە گێڕانەوەی هەقایەت و داستان و ئەفسانە کۆنەکاندا ڕۆڵێکی تایبەتمەندی گێڕاوە و هۆکارێک بووە لە خولقاندنی کەشێکی تەلیسماوی بۆ دروست بوونی سروتە ئەفسانەییە کوردییەکان.

تێکستەکانی شانۆی سالار، وەک نموونەیەکی بەرزی بێ وێنەی دەقی خۆماڵی کوردەوارییە... خاوەنی سەلیقەیەکی وردە و ئەیەوێت بەخەیاڵێکی فراوانی کوردەوارییانەوە پەیامە شانۆییەکە و خەوش و ناپارسەنگییەکانی ڕۆژگار بەزمانێکی حیکایەت ئامێز و

ئەفسانەیی ئاوێتە بکات و دواتر لە سرووتێکی ئاهەنگسازیدا دەرئەنجامەکان لێک بداتەوە.

هێنانە کایەی ئەو زمانە دێرینە کە زمانی گێڕانەوەی ئەفسانە کۆنەکانی کوردەوارییە، جگە لەوەی کە لەباری کەلتوورییەوە دەستکەوتێکی ئەزموونی گەورەیە و مەودای مەبەستەکانی سەرەتای ئەم بابەتە فراوانتر ئەکات لە هەمان کاتدا هۆکارێکی بابەتی بەپێزیشە بۆ هەڵگێڕانەوەی مەبەستی ئێستای ناو دەقەکان و دروستکردنی جۆرێک لە تەعبیریەت بۆ داڕشتنەوەی هێڵی درامی تێکستەکان... لەپاڵ ئەمەشدا خۆی لەخۆیدا زمانی گێڕانەوەی ئەفسانە و هەقایەت هەڵگری ئەو مۆرکانەیە کە سەبارەت بەچێژی وەرگر پێشتر ئاماژەم بۆ کرد... زمانی گێڕانەوەی ئەفسانە خوڵقێنەری جۆرە سرووتێکە کە کاتی خۆی پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی خەڵکیدا داگیر کردبوو، زۆرجار بەجووڵاندنی ئەو زاکیرە کۆنانە مرۆڤ تەزوویەکی خۆشی بەگیانیدا دێت و پەلکێشی و دواکەوتنی ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو تێکستەکەی ئەکات. لای مامۆستا سالار هێنانەوە کایەی ئەم شێوازە زمانە دێرینە بەو شێوازە کەلەپووری و فۆلکلۆرییە نییە کە هەبووە و وتراوەتەوە. بەڵکو بەشێوازێک بەکارهێنراوە کە پڕاوپڕ گۆڕانکارییە و تەنها لە فۆرمەکەیدا سوودی لێ وەرگیراوە. ئەگینا ناوەڕۆک ئەو ناوەڕۆکەیە کە پەیامی شانۆکە و دەسەڵاتی خەیاڵی دەرهێنەر ئەیەوێ بیگەیەنێت تەنها ئەوەی کە لەم بوارەدا بەکارهاتووە ئەو شێوازە زمانەیە کە سردی بابەتە دێرینەکانی پێکراوە، ئەمەش لە داڕشتنی تێکستی شانۆی کوردیدا بەخاڵی داهێنان دائەنرێ چونکە لەگەڵ ئەوەی کە وەک لایەنێکی ئەدەبی بابەتەکە تەوزیف کراوەتەوە لە هەمان کاتیشدا وەک بوارێکی کەلەپووری بەقازانجی چەمک و تێگەیشتنی شانۆیەکی کەلتووری ڕەسەن زیندووکراوەتەوە با چەند نموونەیەک لەم بابەتە لە تێکستەکانی شانۆی سالار بخەینە بەرچاو لە دەقی ئەودەمەی ئەڤین مەزنتر دەبێ ئەڵێت [وەک ئەڵێن زەمان زەمانی شازووری کوڕی زوحاک بوو، کچی پاشا ژیر و چەلەنگ تابڵێی جوان، خوا گشت جوانی لە ڕووی ئەوا نەخشاندبوو...].

لە دوایین دەقیشدا کە شانۆیی ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ بوو بەم جۆرە خەیاڵە داستانییەکان ئاوێتەکراوە [کێوانی باڵی هەڵۆیان شکێن، کێوێکی پڕ لە هەور و هەڵای...]

لەم نموونەدا ئەبینین کە چۆن بەزمانێکی شیعری ئاوێتە بەچەندین وشەی دێرین و بەدەسەڵات لە خوڵقاندنی ئەفسانە ترسناک و خەیاڵاوییەکاندا دیالۆگە شانۆییەکان



داڕێژراون... بەمەش وەک پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد ئەم تەرزە شانۆییە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە ویستوویەتی دەرفەتێک بێت بۆ زیندووکردنەوەی نەریت و میراتی دوێنێی پڕ لە ڕووداو و کارەسات و سەروەری بەستنەوەیان بەموفرەداتی ژیانی ڕۆژگارەوە. هەر بۆیە لە سەرجەم یەکە پێکهاتووەکانییەوە ئەبینین شانۆیەکی پڕاوپڕ داهێنان و تازەگەرییە ئاخۆ بەکارهێنانەوەی ئەفسانە کۆنەکان لەناو دەقی ئەدەبیدا زیندووکردنەوەی دەقاودەقی ناوەڕۆکی ئەو ئەفسانانەیە یاخود بریتییە لە بەکارهێنانەوەیەکی نوێ بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو لایەنە وەک (زمان، کەسایەتی جۆر و کەشی گێڕانەوەکە، شکڵ و سیمای حیکایەتخوان) کە ئەمەیان لە تێکستەکانی شانۆی سالاردا لە ئاستێکی هەرەبەرزی ئەفراندنا بەدی ئەکرێت.

جیا لەوانەش زمان لە تێکستەکانی شانۆی سالاردا دەسەڵاتێکی بەرفراوانی بەسەر بەکارهێنانی چەندین وشە و دەستەواژەی دانسقەی ئەوتۆدا هەیە کە لە کەناری لە بیرچوونەوە و فەوتانا بوون... هەڵبەتە هەڵبژاردنی بابەت لە دەقەکانی شانۆی سالاردا دەخوازێ زمانێکی تایبەت و چەندین جۆر ناو و ئاوەڵناو و دەستەواژەی پێویستی بۆ بدۆزرێتەوە هەر ئەمەش لە ڕووی ئەدەبییەوە بەهایەکی بەرزی کەم وێنە بەتێکستی شانۆی سالار دەبەخشێ چونکە لە ڕاستیدا ئەو دەستەواژە و وشانە خۆیان زاوەی سەردەمی ڕووداوەکانی ناو دەقەکەن... واتا زەمەنەکە دەخوازێ کە دەقنووس بەدوای ئەو وشانەدا بگەڕێ لێرەشدا بایەخی زانینی زمان و ئاشنابوون بەو جیهانە فراوانە بۆ نووسینی هەر دەقێکی ئەدەبی دیار دەکەوێت. جگە لەمەش ئەو موفرەدانە هاوکێشی ئەندێشە و پانتایی خەیاڵی نووسەرن و خواستراوی وێردی گفتوگوتاری ناو شانۆییەکە دیالۆگی کەسایەتییەکان و ڕەوتی ڕووداوەکانن... ئەم خەسڵەتەش دەکرێ پێی بوترێ بەشێکی تری پرۆسەی ئەفراندن لە نووسینی تێکستەکانی شانۆی سالاردا کە پوخت بەو زمانە نووسراوە کە زادەی ڕۆژگاری خۆیەتی. لێرەدا بەپێویستی ئەزانم کە چەند نموونەیەک بخەمە پێش چاو [لەدوا قوچەی کەشکەلانی فەلەکدا فەنەری گرت... تارای سوورمەچن... ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ... خوردە ساڵ... لالە ڕەنگین... نمەبارانی بەختەباران... تەختەبەن... جلوس... هەزارویەک ڕەنگە] ئەگەر شیعر بەپێی لێکدانەوەی زانستی شانۆ لە سەردەمەکانی کلاسیزمدا بەیەکەیەکی کاریگەر و بنەمایەکی بەهێزی شانۆ دابنرێ، ئەوا زمانی نووسینەوەی دەقیش ئەکرێ هەمان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ چونکە خودی شیعریش ئاکامی دەربڕینێکی تایبەتییە کە زمان هەڵسووڕاندنی دیاری ئەکات. گەر ئاوڕێک لە سەرەتای

سەرهەڵدانی دراما و شانۆ بدەینەوە. ئەوا ئەو کاریگەریەمان بۆ دەرئەکەوێت کە هەریەک لە ئەرستۆ و هۆراس و ییتس و تا بەشکسپیر ئەگات باسیان لێوە کردووە... هەر لە ئەرستۆشەوە تا سەردەمی شکسپیر و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم زمانی شانۆ زمانێکی شیعری ئەندێشە فراوان بوون چونکە وەک ئەرستۆ ئاماژەی بۆ ئەکات شیعر توانایەکی بێ سنووری هەیە لە دارِشتنی خەیاڵ و دروستکردنی ڕووداوەکاندا... لەم بارەیەوە ییتس ئاماژە بەوە ئەکات کە تەنانەت لە ڕووی پانتایی وەرگریشەوە زمانی شیعری توانایەکی باڵادەستتری هەیە... ییتس سەبارەت بەشانۆی شیعری شکسپیر ئەڵێت [هونەری شکسپیر، هونەرێکی سینی بوو، زۆرجار بەهەڵچوونێکی زۆرەوە بلیمەتانە بابەتەکانی تەرح کردووە، هەندێ جاریش بەشێوازێکی ستاتیکی لیریکی... بەڵام هەرچۆنێ بێت هەر میللی بووە. ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە شانۆی شکسپیر بەزمانی شیعر نووسراوە... شیعریش بەشێکە لە ژیانی خەڵک بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە کلێتسا لەسەر دارِشتنی ڕستەی قورس و بەکارهێنانی وشەی کاریگەر ڕاپهێناون].

کەواتە پێویستە تێکستی شانۆ بەو زمانە بنووسرێتەوە کە جۆرە ڕیتمێکی تایبەتی تیادایە... بێگومان ئەوەش زمانی شیعرە بەپێی ڕۆژگار و سەردەمی خۆی لە یەکەم ئەزموونی شانۆی سالارەوە کە تێکستی نالی و خەونێکی ئەرخەوانییە ئەم نەریتە شانۆییە وەک سەرجەم پێکهاتەکانی تر بەشێوازێکی وەستایانە و پڕ لە داهێنانەوە ئاوێتەی دەقەکانی کراون نموونەش زۆرن... لەپاڵ ئەمەشدا بۆ زیاتر سیما هەڵگرتنی شانۆییەکانی بەڕەنگ و ڕواڵەتێکی کوردەوارییانە. زۆربەی پاڵەوانەکان لە شاعیرانی گەورەی کورد پێک هێناوە و لە ژیان و سەربردەی ئەوانەوە هێڵی درامی تێکستەکانی ئاوێتەی ڕەوتی ئەو سەردەمە و ئێستا کردۆتەوە... وەک مامۆستا سالار خۆشی ئەڵێت زمانی کوردی زمانی شیعرە، زمانی ئەڤینە، زمانی جوانکاری و ڕەنگاوڕەنگییە... لە درێژەی نووسینەوەی تێکستەکاندا ئەم زمانە شیعرییە لەپاڵ وتنەوەی هەندێ گۆرانی فۆلکلۆری و بەیت و بالۆرەی کۆنی کوردەوارییدا وێناکردنێکی جوان بەدیمەنەکان و دارِشتنی ڕەهەندی ڕووداوەکان ئەدەن کە دەکرێ بەمەش بڵێی مۆرکێکی تایبەت بەشانۆی سالار... هەڵبەتە لەپاڵ شیعرا گۆرانی زمانێکی تر ئەبێت بۆ ڕێکخستنی کەشی ئەو ئاهەنگانەی کە تێکەڵاوی ئەم ستایلە شانۆییەن و پێی ئەوترێ شانۆی ئاهەنگ ئامێز... هەڵبەتە ناوەڕۆک و پێکهاتەی ئەو شیعر و گۆرانیانەش کە زۆربەیان فۆلکلۆرن بەئامانجی نمایشکردنێکی ئەتنۆگرافی بەکار نەهاتووە، بەڵکو مەبەستێکی تر یان مەبەست گەلێکی



تر لە پشتیەوە هەن کە پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، ئەویش هێنانەدی شانۆیەکی ڕەسەنی کوردەوارییە کە بتوانی لە ئاستی ئاڵوگۆڕی کەلتووری نێونەتەوەییدا ڕۆڵی تایبەتی خۆی بگێڕێ... چونکە گەر دیقەت لەو شیعر و گۆرانیانە بدەین کە لە تێکستەکانی شانۆی سالاردا بەکارهاتوون ئەبینین شاعیر وەک ئەرستۆ داوای لێ دەکات نەی ویستووە کوتومت وەک مێژوونووسێک ڕووداوەکان تۆمار بکات. بەڵکو بەدەسەڵاتێکی داهێنەرانەوە تەواوی ئەو موفرەداتە کەلەپوورییانەی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بەمەبەستی گەیاندنی پەیامە شانۆییەکە بەکاری هێناون... هەر لەبەر ئەمەشە ئەرستۆ شیعر لە مێژوو بەمەزنتر دائەنێ و شاعیر بەداهێنەری ئایندە و شیعر بەباشترین هۆکاری گێڕانەوە و ڕاکێشەری زەوقی وەرگر دائەنێت. ڕەنگە ئەگەر بەدوای خاڵەکانی داهێنانی شانۆی سالاردا بگەڕێین، ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت و لەو بنچینە پتەوانەی کە بونیادی شانۆیەکی ڕەسەنی کوردی پێ دابنرێ شانۆیەک کە بەڕەنگ و ڕواڵەت و ناوەڕۆک مۆرکێکی ڕەسەنی کوردەوارییانەی هەبێت... هەر هەموو ئەم خەسڵەتە تایبەتانەی زمان لە شانۆی سالاردا وای کردووە کە لە کەمترین پانتاییدا تایبەتمەندییەکانی بناسرێتەوە و بەگوێگرتن لە تەنها ڕستەیەک بزانرێ کە ئەوە لە سەرچاوەی کانییەکی ڕوونی بەرتریفەی مانگەشەوی ستایلی شانۆی سالارە و، هەڵهێنجراوە هەر ئەم تەرزە شانۆیەش دەبێتە بنەمایەکی پتەو بۆ شانۆی ڕەسەنی کوردی و شانازی پێوەکردنی لە ئاڵوگۆڕی شانۆی کلتووری نێونەتەوەییدا لە کۆتاییشدا، منیش تەنها ئەو دێڕە شیعرەی جزیری پێشکەش بەشانۆکار و هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا ئەحمەد سالار ئەکەم کە ئەفەرمووێ:

خانێ خانان لامعێ نەجما تە هەر پڕ نوور بێ
کەشتیا بەختێ تە ئەز بایێ موخالف دووربێ

٢٠٠٢/٦/٤

ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم نووسینە سوودیان لێ وەرگیراوە:
- شانۆی سالار - ئەحمەد سالار - هەولێر **١٩٩٩**.
- نظریه الدراما من ارسطو الیٰ الآن - الدكتور رشاد رشدی.
- مجله الادیب المعاصر - مشكلات الشعر المسرحی- الدكتور عبدالستار جواد.
- خلق الدراما الشعریه - رولاند بیكوك.

***

## نموونەی کاریگەری کەلەپووری کوردی لە شانۆی کوردیدا

## ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ

ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ

"ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ – کاریگەریی کەلەپووری کوردی لە شانۆی کوردیدا چاپی یەکەم – ٢٠٠١ – دهۆک".

نموونەی کاریگەری کەلەپووری کوردی لە شانۆی کوردیدا وەکو کارێکی هونەری تەواو

١– شانۆگەریی:

### ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ(*)

پێش ئەوە بچینە ناو بابەتی کارتێکردنی کەلەپووری کوردی لەسەر ئەم شانۆنامەیە بەپێویستی دەزانین ئەم شانۆگەرییە لەگەڵ ئەم خاڵانەی خوارەوە بدوێین بۆ ئەوەی بابەتەکە بەئاسانی بێتە بەرچاو:

١– دیباجە
٢– خاڵی دەرچوون
٣– ڕووداوی بڵندڕۆ
٤– دۆزینەوەکان
٥– تێبینی کردن
٦– گرێ سازکردن
٧– دروستکردنی تاوەزرۆنی
٨– تەنگوچەڵەمەی درامایی
٩– ترۆپک
١٠– ڕووداوی نزمڕۆ
١١– چارەسەری(*)

ئەگەر ئێمە بەوردی سەیری ئەم خاڵانەی سەرەوە بکەین پتر بەدڵنیاییەوە دەڵێم کارەکانی هونەرمەند (ئەحمەد سالار) بەگشتی و بەتایبەتی (ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ) لە کارە سەرکەوتووەکانی ئەم هونەرمەندەیە، بۆیە بەباشم زانی بیکەمە نموونەیەکی کاریگەرێتی



کەلەپووری مێژووی کوردی لەسەر گەشەکردنی شانۆی کوردی.

لەم شانۆگەرییەدا یەکەم خاڵ بەرچاو دەبێت بەکارهێنانی ناوە کوردییەکانی ئەو دەڤەرەیە کە ڕووداوەکان لەوێ دەست پێ دەکەن و کۆتایی پێ دێت ناوەکان:

(هەباس، ڕێنۆ، ڕەنجۆ، سەردار، نازەنین، هەیاس، مەمۆ، حەسەن، عەبدی شێرڤان، ڕەمەزان، خازێ، شەریف، محۆ، مینا، حەپسە، عەبدال).

بەکارهێنانی کەلەپوور لە هەر دەسپێکردنی شانۆگەرییەکە دیار دەبێت ئەویش بەکارهێنانی گۆرانییە:

کەواتە خاڵی دەرچوون؛ سترانە، گۆرانی و گۆرانییەکەش پڕ بەسوود و بەمانایە.

لە کەزیەی لوولی داستاندا
گوڵی بەڕۆکی ستراندا
چرای ئەڤینێ هەڵکرا
ڕۆش، ڕۆش
هەتاو لە تادیا داگیرسا
خۆزگە و حەزێکی وای
ڕەوان:
بڵند، بالا، هەور ئاسا
مزگێنی وەرزی باران بوو
نەورۆزی پڕ نوقلانە بوو
هەبوو – نەبوو
دەروو تەنگ بوو، ژیان
لەنگ بوو
ئاسۆ، تەماوی و تاریک بوو
ناحەز نیازی بەدی وابوو
سپێدەیان تالان بکا
بزەی خەونی جوانیان زڕاند
ئاواتی گوڵ ڕەنگیان ژاکاند
حەزیان تۆراند

ڕۆژانی تووس
لەشی گرانی دەکشاند
ئارەزوو بۆ خنکاندن بوو
لە گۆمی لێڵ و مەنگدا بوو
ژێر قورسایی سەنگ و بەرد
بوو
نان، لە قوڕگی نەهەنگدا
بوو
هەر چوار دەور
لە گشت لایە
دەمی گورگی هاری برسی
چاوی واشەی ئاگری سوور
بینراوی دوور و نزیک بوو
لەناو جەرگی شەوی تاردا
لەوپەڕی تاڵێتی تاڵدا
ڕووناکی چاوی هەڵهێنا
شیلەی شیرینی داچۆڕا
هەورازی سەختی
هەڵکشاند
هەنگاوی شوێن شوێنی دەنا
پەڕینەوەی پردی دەویست
بیری پرد چاوی هەڵهێنا
پرد بەخولیایەکی وابوو
هەمووانی لە سنگی خۆی
نابوو
پرد سترانی گەرمتر کرد
پرد داستانی شیرینتر



هەبوو نەبوو
ڕۆژگارێ بوو
ژیان جوان بوو
باڵا بەرز و کەڵەگەت بوو
هێندەی باڵا خۆزگەکان بوو
هەبوو نەبوو.

لەم گۆرانییەدا بابەتەکە دیارە زۆرانبازی لەنێوان بوون و نەبوون دایە، زۆرانبازی بڵندڕۆ بەرەو ڕۆژگارێکی جوان بەرەو دانانی پردی دەلالە. پردی دەلال وەکو کەلەپوورێکی مێژووی کوردی بەکار بێت لە بۆ شانۆی کوردیدا خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی پیرۆزە. بەکارهێنانی ڕەگەزی گۆرانی کە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی کەلەپووری و شانۆوە. یەکێکە لە ئامێرە هەرە گرنگەکانی کە بەکاری هاتووە لە بۆ خزمەتی ئارمانجی شانۆگەرییەکەیە.

– گڤەگڤی ڕەشەبا و لوورە لووری گورگ ژیانی کوردەواری بەتایبەتی ژیانی لادێیی کورد دێتە یاد.

بەکارهێنانی وشەکانی؛ دێو... درنجن... خێون... دەعباینە. بەرەو ئەفسانە ئەمەش لە بینراوی یەکەم دیارە کەواتە ڕەگەزی دووەم ئەفسانەی بەکارهێناوە ئەمەش بەزۆر لە دیمەنەکانی شانۆگەری بەرچاو دەکەوێت. سەیری ئەم دانوستاندنە بکەین مەبەستمان ئاشکەراتر دەبێت لەسەر زمانی کەسەکانی شانۆگەرییەکە، هەروەکو.

سەردار دەڵێت: هەروەها دەڵێن لەپڕ دەستێکی گەورەی زەبەلاح، ڕەش وەک قیر، لە پایەی پرد دەنەوێ و هەرەسی پێ دێنێ... بەلای پاسەوانەکانەوە دەستی ئەجندە و دێو و درنجە... تەواو نیگەرانی کردووم.

کەواتە سەردار باوەڕی بەو قسە پووچانە هەیە بۆیە بەردەوام دەبێ: خۆم دەچم شەوێک لەو دۆزەخەی دەبەمەسەر؛ بەڵکە پەی بەنهێنی ئەم تەلیسم و جادووە بەرم.

دەبێ ئەوەش بڵێین، لەم شانۆگەرییەدا سەردار سەروەرە بەشکۆ؛ زیاتر سەرۆکی میللەتە.

بوونی ئەنجوومەن لەناو حیکایەتی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ، بۆیە نووسەر ئەم خاڵەی لە یاد نەچووە کە دەڵێت: وا چاکە بەزووترین کات ئەنجوومەنی ڕیش چەرموان بانگێشت بکەم.

خاڵی تری بەکارهێنانی کەلەپووری ئامێری خەرمانەکە بۆ دوو خاڵ بەکاردێت:

١- ئامێرێکی زۆر بەسوودە لای جووتیاری کورد.

٢- ئامێرێکی زۆر جوان و بۆ زۆر مانای هونەری بەکاردێت.

زیاتر گرنگی خەرمان دەردەکەوێ کە کەسی سەردار دەڵێت: ناتوانم، چۆن بیری لێ نەکەمەوە. ئەمە لەوە دەچێ ئاگر بەربێتە خەرمانی جووتیارێک و لە بری کوژاندنەوە سەرخەوێکی بۆ بشکێنێ. وەک ئەوە وایە هەر بەتەواوەتی، ئاگر لە کۆشک و سەرام بەربێ و جگەرگۆشەکانم لەناو شاڵاو دابن و ئارام بگرن لە دابونەریتی کوردەواری خەمی پیاو خەمی ژنە و هیچ جارێک ژن لە خەمی پیاوی خودا جیا نەبووتەوە. ئەمەش دیار دەبێت لەسەر زمانی ژنی سەردار کە دەڵێت:

سەردارەکەم، وەنەبێ ئەو خەمە منیشی نەگرتبێتەوە، هەمان هەستی تۆم هەیە.

لێرە ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە بەرەو دۆزینەوەکان دەڕۆن، لەگەڵ پێشچوونی ڕووداوەکان پەندی پێشینان دەور دەبینێت (پیری هەزار و یەک عەیب) ڕووداوەکان بەرەو پرسیارێک دەڕوات کێ بەرپرسە لە وەزعەکە؟ ئەمەیە جوانی داڕشتنی بابەتەکە کە ئەحمەد دەڵێت:

هەمیشە بەلای ئێمە لە دەرەوە بۆمان هاتووە و لەناو خۆماندا تەشەنەی کردووە سەرەڕای ڕەنجۆی باپیرە کە شارەزا و گاڵتەچییە کە لێرەدا ڕەگەزی گاڵتەوگەپیش دێتە پێش ئەمەش لە دیمەنی (٤) بەرچاو دەکرێت. بەرەو ساڵۆخدانی پردەکەیە.

ڕەنجۆ: ئەرێ ئەحمەد هەواڵی پردەکەی شار لە چی دایە؟ ڕۆژ بەڕۆژ شتی سەیرم بەرگوێ دەکەوێ... لێرە لێکچوونێکی جوانە لەنێوان پردەکە لە بنەڕەتدا میللەتەکەیە.

نووسەر بەزیرەکانە کەلەپووری مێژووی کورد بەچیرۆکە ئەفسانەکانی پردی دەلال وەکو ڕەمزێکی جوان گوزارشت لە بارودۆخی میللەتەکەی دەکات.

باپیر ڕەنجۆ تێدەگات و دەڵێت:

ئەم ماستە موویەکی تێدایە. ئەما موو، قەدیمە دەیانوت: هەموو دەردێ دەردەدار کەنەفت ناکا و دەردیش هۆکاری خۆی هەیە.

مەسەلەی خەونی بابێ ڕەنجۆ دێتە پێش:

کوڕەکەم دڵم ختوورەیەکی کردووە... «فلاش باگ» دەور دەبینێت لەنێوان ماڵی بابی



ڕەنجۆ و ماڵی سەردار و سەردار دەڵێت:

باشە دەبێ ئەنجوومگەران چی بڵێین؟ نازەنین وەڵام دەدات:

دەبێ ئەنجوومگەران بڵێین... ئەو ئەستێرە گەشە و ڕیشەدارەی لە کەنارەوە چاو بۆ بەیان دەگێڕێ، ئەوە بەختی نگینتە و ئەو ئەستێرەی قوچکەی ئاسمانیش ئەوە بەلای ڕۆژهەڵاتدا گۆشەی کێشاوە ئەوە نیشانەی فەڕو هاتە.

دیمەنی (٧) هەر لە خزمەتی شانۆگەرییەکەدایە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بەرەو پێش بڕۆن.

دیمەنی (٨، ٩) زنجیرەی بیرۆکەیە و وشەی خەرمان خۆی فەرزدەکات.

ڕەنجۆ:

ئای خازێی خانوومان<br>
خازێی نوقڵانەی شادی<br>
خازێی خەرمانی ڕەنج و<br>
ئاواتی من... خوا ئاگادارت<br>
بێ لە چاوی بەد بەدووربی

دیمەنی (١٠) مەسەلەی پردی دەلالە... کارەساتی پرد ڕووخانە و ڕۆژ ڕۆژی جەربەزەیە، دانوستاندن بەرەو لوتکە دەڕوات.

دیمەنی (١١) خۆشەویستییەکە لەنێوان ڕەنجۆ و خازێ گەورەترە لە خۆشەویستی نێوان دوو دڵدارا، لێکچوونە لە خۆشەویستی خاک و وڵات و نابێت بەجێ بمێنێت،خازێ بێ چارەیە لەبەرئەوەی پرد بەرەو ڕووخانە لەسەر زمانی خازێ باش دیار دەبێت. ڕووخاندنی پرد مانای ئەوەیە میللەتەکە بەرەو نەمانە.

هەموویان چاوەڕێی پردەکەیانە، ئاواتیان هەر پردە، تۆ بڵێی ئەمە چ پردێک بێت میللەت ڕزگار بکات لە برسێتی! نەبوونی دەردوبەڵا، لەسەر زمانی سەردار:

هیوامان بەو پردەیە کە دەروویەکی ئابلۆقە شکێنمان بۆ بکاتەوە. بەبراکانمان و بەکێڵگە و مەزار و پاوانەکانمان بگەیەنی. ئەوەش ئەفسوون و هەزار و یەک جادووە.

شوێن هەر عەینی شوێنە، شۆڕەشە شۆڕەشی میللەتی کوردە و پێش وەخت ژی شۆڕەش لە هەمان شوێن شکەستی خوارد من وا بۆ دەچم کە پردی ئەمجارە پردی ساڵی ١٩٧٥ نییە و خەڵک بەرەڵڵا بێن پردی ئەمجارە هەر لە هەمان شوێنە بەڵام بەتینە. پردەکە

یەکبوونی میللەتە. پردەکە ڕەمزی خۆڕاگرتن و شۆڕەشە... دوژمن هەر ئەو دوژمنەیە؛ بەڵام بەتەنها کاتەکە گۆڕاوە و هەباس میللەتە، دەبێ پردەکە چاک بکرێتەوە.

دیمەنەکە بەرەو دۆزینەوەکان دۆزینی چارەسەری کێشەی کورد... بەرجەستەکردنی پرد وەکو کەلەپووری مێژووی کورد خاڵێکی هەرە گرنگی سەرکەوتنی ئەم نووسینەیە. لە ئاوەدانکردنەوەی پردەکە هەباس چ خەڵاتێک وەرگرێت.

ژمارە (٧) لە دیمەنی (١٤) دێتە پێش لە زۆر شوێن ژمارەی (٧) حەوت بەرچاو دەکرێت کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا لەناو میللەتی کورد ئەم ژمارەیە زۆر باوە بەتایبەتی لەناو کوردە ئێزدیەکان. حەڤتە هەڤت ڕۆژە، حەوتەوانەی ئاسمان، حەوت تەبەقەی ئاسمان، یەزدانی مەزن بەحەوت ڕۆژ دنیای دروست کرد، حەوت هات و کامڵبوونە، و زیاتریش لەسەر زمانی نازەنین:

حەوتەی پاش منداڵبوون، حەوت کورتە باڵا، حەوت شیرینی سپی ڕەنگی شەوی خەنەبەندان... جارێکی تر لەسەر زمانی سەردار: ئافەرین لەگەڵ ئەوانیشدا ئەژدیهای حەوت سەر و حەوت چاو.

لە دیمەنی (١٥) پردەکە تەواو دەبێت؛ بەڵام بەمەرجێک نابێ هیچ پردێکی وەکو ئەمە دابنرێت. ئەمەش بەهۆی «فلاش باگ» دیار دەبێت لەم دیمەنەدا هەباس تووشی نەگبەتی دەبێت ئەویش بڕینی دەستی ڕاستی هەباسە، ئەمەش خەڵاتی دانانی پردەکە بوو ئەمەش زیاتر دیار دەبێت لە دیمەنی (١٧) کە کارەکە بۆ بەرەو گرێ سازکردن... هەرکە لە زمانی هەباس: کێ دڵێ سەرەڕای چاکەم تووشی جورتم و گوڵمەزێ نابم، خۆ پاسەوانانی کۆشک، لە هەموو شتێ بچن لە مرۆڤ ناچن... وەک سەگی هار وانە.

بەرگریکردن لە مافەکانی خۆی شتێکی ڕەوایە. قسەکەمان سەردار وڵات و سەروەر بڕوانە ئەم دانوستاندنە.

سەردار: دەبێ بەتەنیابن، ئەمجارەیان ناکرێ

نازەنین: بەتەنیا! شتی وا چۆن دەبێ، دوژمنت کەمە، ئەوە لە چوار دەورەوە پیلان لە دوای پیلانت لێ دەکەن، نەء بەخوا ناڕۆی.

زۆرجار لەناو حیکایەتی کوردیدا گوێمان لێ بوونە کە میرەکان زۆرجار خۆیان گۆڕیوە بۆ ئەوەی بزانن خەڵک چ باس دەکەن، لە بۆ ئەم مەبەستە قاوەخانەکەی ڕەمەزانە شەلە هەڵدەبژێرێت، ئەوەی بەخەیاڵیشدا نایە لەوێ باس دەکرێ ئەمەش لە دیمەنی (١٩) باش دیار دەبێت.



دەبێ میللەتی کورد عیبرەت وەرگرێت لە ڕووداوەکان پردەکە نابێ بەپرد ئەگەری خۆی هەیە.

حەسەن: دەزانی بۆ نابێ بەپرد. واتا دوژمنمان زۆرە و دەبێ هەموومان بەرەنگاریان بین، دەزانی بۆ برسێتیە؟ چونکە زۆر وەک تۆ عیبرەتی لە نەهاتییەکان وەرنەگرت و تا نەهامەتیی گەورەی بەدوادا هات... تێکۆشین لێرەدا بەرەو لاوازییە...

ئەحمەد: تێیدایە (لەناو ئەو کەسانەی دەوروپشتی سەردار) هەر کاروبارەکە ئاڵۆز بوو، کەوتە دەربازکردنی زێڕ و پارە، هەندێکیان، هەوڵی شوێن خۆشکردنیانە بۆ کاتی هەڵهاتن.

محۆ: (ڕاستی قسەکان پەسەند دەکات):

بەسەری تۆ هەموویان گۆڕاون، ئەمە غەڕابوونە، دەردی بڕوا پێ بوونە دەشبینی لەسەر کێ دەکەوێ و چ کلۆڵانێ باجەکەی دەدن و ئازار و سزای بەدەمەوە دەچێژن:

زنجیرەی شانۆگەری تا ئێرە سروشتییە، گشت قسەکانی شانۆگەریەکە دەرس و عیبرەتن. باشترین بەڵگە کە میر سامانایە خۆ بەشەڕفرۆش دەزانێ کە یاوەر دەڵێت:

– دەیانەوێ گرەو لە کێ بەرنەوە

– میر– لە شەیتان

پردەکە شۆڕەشە و دوژمنیان زۆر پێ ناخۆشە، میر سامانا زۆر تەنگاوە بۆیە دەڵێت:

– زۆر چاکە... پردێ بۆ یەکگرتنەوەی کوردان بێ هەر شایستەی ڕمانە بەسەر سەری خۆیاندا.

دیمەنی (٢١) دوورکەتنەوە لە بارودۆخی شەڕ و تێکدانە، ڕەنگە مەبەستی نووسەر هەر لە بۆ ئەمەی بینەر یاخود خوێنەر هەست بەماندووبوون نەکات.

دیمەنی (٢٢) بەرەو تێکدانی وەزعی هەباسە.

میر: باشە بۆ نەیکوژین (مەبەست کوشتنی هەباسە أ – أس) کێ پێدەزانێ؟ لێرەدا دەوری یاوەر وەکو دەوری بەکۆی داستانی مەم و زینە.

یاوەر: قوربان، میرم، ئەوەدەمە فەرمان بدە قۆڵی ڕاستی لەبندا ببڕنەوە.

دیمەنی (٢٣) ژمارەی حەوت... خۆ دیار دەکات کە ژمارەی پیرۆزییە لەناو میللەتی کورد؛ بەڵکو خۆشترین ژمارەیە نووسەر حەزی لێ بێت.

حەوت تاق، حەوت جار مردن، حەوت جار زیندووبوونەوە. جارێکی تر نووسەر بەزیرەکانە دەزانێ کارەکە پێویستی بەگۆڕینی دۆخەکانیە. گۆرانی بەکار دێنێت کە یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی شانۆی ئاهەنگسازی.

«لۆ وەی لۆ لۆ وەی لۆ لۆ وەی
لۆ
مامۆ هەورا دیار بن ئەورۆ
ڕۆژی میرانە
خۆرینی گا و و نەجارانە
تەقینی سۆل و بسمارانە
برقینی کۆسە میسریانە
ویلە ویلی دلو نژادیانە و
عەوی شانە
دەنگی شنگێن داری
دارە مانە
لۆ وەی لۆ لۆ وەی لۆ لۆ وەی لۆ
لۆ وەی لۆ وەی لۆ وەی
لۆ»

دیمەنی (٢٤) بەرەو فلاش باگ جارێکی تر کارەکە دەڕوات دانوستاندنە لەنێوان ڕەنجۆ و خازێی و قارەمانیەتی ڕەنجۆ و هەستێنی بەرامبەر خۆشەویستەکەی دیار دەکات:

– ئەوە چیای جودییە پیرۆزە لە چیایەتی خۆی بکەوێ، ئەمن هەرگیز لە گفتی خۆم ناکەوم.

شانۆگەریەکە بەرەو گرێ و دروستکردنی تامەزرۆیی دەڕوات. لەم دیمەنە. پەندی پێشینان وەکو ڕەگەزێکی گرنگی کەلەپووری بەکاردێت.

خازێ دەڵێ:

– (کوێرە چیت دەوێ دەڵێ: دوو چاوی ساخ)

وای بۆ دەچم کە نووسەر دەوری ڕەنجۆ و خازێ لە بۆ بەستنەوەی کێشەکە و جار جاریش



وەکو گۆڕینی دیمەنەکان بۆ ئەوەی سەردار زاخۆی و دیوانی میر سامانا خوێنەر بیری وشک نەکات؛ بۆیە بەلای منەوە نووسەر لە سەرەڕای دووبارەکردنی دیمەنەکانی ڕەنجۆ و خازێ کە هەر لە مانای ناوەکەیان دیارە ڕەنج و کێشان و داخوازی یەکبوونی میللەتە.

دیمەنی (٢٥) خەونی هەباسە.

هەباس: زینۆ: من خەون نەبینم، کێ دەبێ خەون ببینێ؟ خەونی گوڵ گوڵی.

دیمەنی (٢٦) ژمارەی حەوت جارێکی تر پێش دەکرێت:

– حەوت کاسە شیری، حەوت بزنە ڕەش.

دیمەنی (٢٧) هەباس و دۆزینەوەی ڕێگایەک لە بۆ نەجات بوونی خێزانی هەباسە.

دیمەنی (٢٨) پردی دەلالە و هەباس بەهەموو توانای خۆی شەوێکی پڕ ناخۆش دەباتەسەر.

دیمەنی (٢٩) کارەکە بەرەو شەڕە و نووسەر ئەمڕۆی کورد بەزیرەکانە وەکو زەنگی خەتەرناک دەربڕێت هەروەکو:

– سەردار: ئەو شتە، ئەوەیە خوانەکردە شکستێ بێنین تەفروتوونا دەبین. زۆر درەنگ خۆمان دەگرینەوە، یان هەر خۆمان ناگرینەوە.

دیمەنی (٣٠) مەسەلەی ڕەوشت کە لەناو کورداندا سمێڵ تاشین زۆر شەرمە.

میر سامانا: بلێین چووین بۆ سمێڵ ڕیشمان دا، هەر ڕیش! بلێین پرچ، برۆ، برژانگ... هتد.

دیمەنی (٣١) بەرگری کردنە، قارەمانییەتی کوردە، دەبێ گشتیان ئامادەبن.

سەردار: با کەس لە خەمی ماڵ و منداڵ و ئەوانەدا نەبێ و تەنیا بیری لەلای بەرەنگاربوونەوەکە بێ.

دیمەنی (٣٢ – ٣٣) مەسەلەی جنۆکە و گورگ ڕەمزن لە بەکارهێنانی شانۆگەرییەکە دەوری حیکایەت لە شانۆگەریەکە دیار دەبێت.

– نەنە مینا: کامە... کوا جنۆکە؟ جنۆکەی چی! هەباسە گیان کەی باسی جنۆکە و هەورەبانم کردووە کوڕەکەم، بابی بابەکەم هەباس، جنۆکە نییە، ئەوانە جنۆکەی حەقایەتن.

چیرۆک و حیکایەتی کۆن هەر بۆ ترساندن و خەوتنی منالآن بەکارهاتووە باشە نووسەر دەوری منالی لە بیر نەکردووە.

مندالّ: نەنە گیان بێدەنگ دەبم، حەقایەتی پردەکە بەچی گەیشت نەنە گیان بەساقەت بم.

دەوری حیکایەت و گوتۆ باش دیار دەبێت:

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە پێغەمبەر خۆشەویستتر نەبوو، لە وەستاباشی وەستاتر نەبوو... لەم حەقایەتەش شیرینتر نەبوو.

دیمەنی (٣٤) مەسەلەی سەگ و بووکەکە چۆن لە چیرۆکەکانی پردی دەلال هاتووە و بەکار هاتووە.

خوایە سەگەکە پێش کەوێ، بۆ ئەوەی ئەو ببێتە قوربان نەک دەلالی جوان بووکی جوان نزیک دەبێت و با خوایە سەگ پێش بکەوێت بەلام... دەلال... دەبێتە قوربانی.

دیمەنی (٣٦) چیرۆکی ڕاستەقینەی پردی دەلال دێتە پێش، سوود نەوەکو بلێین حیکایەتەکە چۆن وتراوە؛ بەلام کارە هونەریەکە ویستوویەتی و چۆن لەم دیمەنەوە بازنی دەستی دەلال کە دەبێتە دار هەنجیر بەزیرەکانە و بەجوانی بەکاری هێناوە.

دیمەنی (٣٧-٣٨) مەسەلەی حەوت برا و بەکارهێنانی گۆرانی لە شانۆگەرییەکەدا لە بۆ خزمەتی کارەکە دێنە پێش:

دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ
گۆرانییەک دەلێمەوە
دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ
دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ
گۆرانیەک دەچریکێنم
بەڕووی خۆردا
بەڕووی دەشتی فراوانی
بێ سنووردا
بەڕووی ئەو کەژە
سەختانەی
لە بلندی و سەرکەشیدا
سەریان لەناو هەورا تۆرا



دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ
بەپرچی خۆری نەورۆزدا
دەچمە ئاسۆ
نایەمەوە، نایەمەوە
نایەمەوە
هەتا وەکو، چەپکێ لالەی
سووری ئاڵ ئاڵ
بۆ پەرچەمی دەزگیرانی
خۆزگەی هەمووان نەهێنمەوە
دەلێ لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ

دیمەنی (٤٠) و (٤١) و (٤٢) بەرەو شەوانی لاوک وتن بیرهاتنی لاوکی قەلای دمدم و دوازدە سوارەی مەریوان.

دیمەنەکانی (٤٣) و (٤٤) و (٤٥) و (٤٦) زنجیرەی دیمەنەکانی بەرەو بەدیهاتنی ئاواتی پردەکەیە، هەموویان دڵشادن، هەباس هەست بەگەنجبوونەوە دەکات... هەست دەکات قۆڵەکەی هاتۆتەوە جێگای خۆی و زیاتر ئەم خۆشییە ڕوون دەبێت.

هەباس: خوا یاربێ ڕۆژانی خەم و تەنگانە ڕۆیی و لە بەسەرچوونە... ئەها لە ئاسمان بڕوانە، خۆر، خۆری ئاسمانیش لە ڕۆژانی پێشوو بەتینترە و ڕووناکترە لەهەر تاڵێکدا.

لە کۆتاییدا نووسەر دێتە سەر ناونیشانی شانۆگەرییەکە ئەویش ڕۆژانی گوڵ ڕەنگە هەر لەسەر زمانی هەباس:

– لە هەر شتێ بڕوانم گوڵ ڕەنگە و خەندەم بۆ دەکا... ئەڵڵا لە ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ.

چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بەشانۆگەری «ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ»

– هەوڵێکی دروستە بۆ بەرجەستەکردنی کەلەپووری لە شانۆدا، بەپێی چەمکی شانۆیی لەبەرجەستەدا، واتە ماددەیەکە لە خزمەت ئارمانجی شانۆگەرییەکەدایە، واتە مەبەستی دانەر لە نووسینی ئەو شانۆگەرییەیە.

– دەست پێکردن بەهێما و خەیاڵی ئەفسانەیی، پاشان هێدی هێدی لەبەردەم ڕووداوەکاندا ئەم هێما و خەیاڵانە کاڵ دەبنەوە و هێما واقعیەکان دێنە ئاراوە و جڵەوی

ڕووداوە دراماتیکییەکە دەگرنە دەست بەرەو ئاکامی مەبەستی دەچن.

– ماددەی کەلەپوورییەکە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی بەها دراماتیکییەکانەوە.

– ڕەوتێکە بەرەو شانۆیەکی کامڵ واتە ئەوەی سەرجەم هونەرەکان و شانۆگەری پێکەوە کۆبکاتەوە، وەکو گۆرانی، شیعر، مۆسیقا، زمان... هتد.

– پشت بەستن بەواقیع لە بنەمای شانۆییدا، بۆیە لە ڕوانگەی بۆچوونی مێژووییەوە دەبینین کە چۆن هێما ئەفسانەییەکان لە ڕێگای مێژووەوەش دەکرێتەوە.

– دانەر هەوڵی داوە سوود لە ستاتیکی زمانی کوردی وەربگرێت وەکو بەهایەکی شانۆگەری چاک، بەتایبەتی ڕیتمە مۆسیقییەکان.

– لە لایەنی تەکنیکییەوە دۆخەکە دانسقە بەدیارکەوت، ئەوەش: سەرەتا شانۆگەرییەکە بەخەیاڵی ئەفسانەیی دەست پێدەکات وەکو خێو و گیانە خراپەکان، پاشان هێدی هێدی بەبێ هیچ زۆر لەخۆکردنێک بەرامبەر بەهێما واقعییەکان نامێنێت.

– هەموو بایەخێکی بەدۆزینەوە و بنیاتنانی پرد داوە وەکو گرنگییەک بۆ ژیان، یان بەرژەوەندی گشتی، یان بەرژەوەندی سەرجەم گەلی تێدا دەردەکەوێت.

– دانەر مەودایەکی ڕامیاری داوەتە چەمکی پرد و بایەخەکەی، بەو هزرەش جێگای پرد و بوونەکەی قایمتر کردووە.

– تەکنیکێکی نوێی بەکارهێناوە لە باڵادەستیی کاری درامی کە نزیکە لە شێوازی سینەمایی لە میانەی پرۆسەی مۆنتاژکردنی دیمەنە کورتەکانیدا.

– سوودی لە تەکنیکەکانی شەپۆڵە هاوچەرخەکانی شانۆیی جیهانی وەرگرتووە.

– سەرجەم بابەت و ڕووداوەکان لە بایەخی دۆزەکەدا بەدیار دەکەون.

– کەسەکان مەودای کەسایەتی تەواوی خۆیان هەیە، وەکو مەودای کۆمەڵایەتی و مەودای سروشتی، دەروونی، لەگەڵ مێژووی کەسایەتیمان.



## شانۆیی (وانەی ڕەشبەڵەک)ی ئەحمەد سالار

حەمە کەریم هەورامی

### وانەی ڕەشبەڵەک ١٩٨٧

وانەی ڕەشبەڵەک نووسینی هونەرمەند کاک (ئەحمەد سالار)ە، ئەم درامایە بازنەیەکی مەحکەمە... لەناو ئەو بازنەدا گەلێ بیروڕای جوانی تیا خڕکراوەتەوە، بازیبەندێکی زێڕینە بۆ قۆڵبەندکردنی نۆبەرەی درامای کوردی... بابەتی دراماکە یەکێکە و چەند مەسەلەیەک ڕاڤەی دەکەن، هەر یەکێکیان هێمان بۆ بابەتە سەرەکییەکە و ئاماژەی بۆ دەکەن... بابەتەکە هەوڵ و کۆششی باوک و دایکێک ساغ دەکاتەوە کە لەبەر چی کوڕەکەیان بووە بەژێر پێی هەرەس هێنانی ئاژاوەی ئادەمیزادەوە، بۆچی لەناو ڕەشبەڵەکی شارستانیەت و هەڵسوکەوتی ئادەمیزاددا پێشێل کراوە!

دراماکە سەرتاپای بەدرامای هێماسازی دەژمێردرێت کە بەشێوازی هۆنراوە ئامێز دانراوە، پەیوەندی بەکێشەی نەتەوایەتی ئەم سەردەمەی خۆمانەوە هەیە... بۆنی کلۆڵی و دەردی سەری و کێشەی خۆماڵی لێوە دێت... لەبەرئەمە دراماکە بەهونەرێکی ڕەسەن دەزانرێ...

### کورتەی دراماکە

لەسەرەتاوە دوو موهەریج - کلاوچی - دێنە پێشەوە باسی مەسەلەیەکی نەدرکاو دەکەن، مەسەلەکە تراژیدیاییێکە، لەناو چوارچێوەی ئەو تراژیدیایەدا، هەموو پێدوایستێکی تیایە، هونەرێکە زۆر پیرۆزە، چونکە فێرمان دەکات کە چۆن وشەی دابڕێژین و ببیژین، لەناو ئەو چوارچێوەدا گۆرانییە، سەمایە، گۆڤەندە، هێنانەدی و تەسەل کردنی حەز و ئارەزووە، گەلێ جیهانێکی بەرفراوانە، هەموو شتێ لەوێدا جوانە و جێی بووەتەوە، تەنیا وشەی قەدەغە نەبێ تیایا بەکار نەهاتووە... دوورگەی (تۆبیا)یە... سنووری لەبەردەم ئارەزووەکاندا، دانەناوە: (دروشمێک، وشەیەک، وەک قەدەغەمان لا نییە).

لەناو ئەو جیهانە بەرینەدا کێت دەوێ لەوێیە، چیت دەوێ هەیە، گەنجینەی هەموو سەربووردەیەکە، فایلی هەموو کەسێ لەوێدا پارێزراوە، ئەمە شانۆیە، چەندان داستان و ئەفسانەی جۆراوجۆر و سەربوردەی ڕووداوەکانی تیایە، هەر یەکێک لەوانەش فایلی تایبەتی بۆ کراوە، هەر فایلێک کتێبێکە، هەر کەسێک لەوێ قوتابییەکە، شانۆکە خۆیشی

هەم جیهانە، هەم قوتابخانەیە...

دایک و باوکێک پەرۆشن، کوڕەکەیان ئەنجامی سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەدا نەدراوەتێ، بڕوانامەی نییە، کەچی قوتابی ئەو قوتابخانەش بووە... کوا بڕوانامەکەی؟...

(دایک: دەبێ شتێکیان هەبێ بەرامبەر، ئەگینا بۆچی کارتیان نەداوەتێ، بۆ کوڕی خەڵکی هەموو بەکارتەوە گەڕانەوە؟)[1]

دایکی کوڕەکە دڵنیایە کوڕەکەی لە قوتابییەکانی تر کەمتر نییە... لەوەش دڵنیایە کە دەرچووە... ئەی بۆ ئەنجامەکەی دیار نییە... کەوتووەتە ناو گۆمی خەم و پەژارەوە...

(دایک: پێم وت... باشە بۆ کارتت وەرنەگرتووە، ها کوڕم؟ کوا بەڵگەنامەکەت؟ چیت کردووە؟ کوڕم بۆ بووی بەتەختەی سەر ئاو... چی بووە بۆ دەمت گۆ ناکات؟.

کوڕ: نەیان دامێ؟

باوک: ئەرێ بۆچی... لەچیت کەمە...

کوڕ: ئیتر نازانم... حەز ئەکەن پرسیار کەن)[2]

باوک ناچارە بچێتە لای مامۆستا، بۆ ئەوەی سۆراخی ئەنجامی کوڕەکەی بکات... مامۆستاش بەشوێن بەڵگەنامەی کوڕەکەدا دەگەڕێ و چەند فایلێک دەکاتەوە... لەناو هەر فایلێکدا جیهانێکی تایبەت هەیە، بابزانین لە دووتۆی فایلی یەکەمدا، چییە؟ لەناو فایلی یەکەمدا گۆرانیبێژێک و چەندان قوتابی هەن، لەناو قوتابییەکانیشدا یەکێکی یاخی و یەکێکی ڕێبوار هەیە...

وا دایک و باوک چاوەڕوانن مامۆستا لەو فایلەدا مەسەلەکەیان بۆ ساغ بکاتەوە، لە قوتابییە یاخیبووەکە نزیک دەبێتەوە، وا سەوداسەری شتێکە کە بەلای ئەو مەسەلەیەدا ناچێ و مێشکی بەجۆرێک تەنگ دراوە ئاگای لە هیچ نەماوە... گۆرانیبێژیش ئەو مەسەلەیە بەداستانێک دەزانێ کە لە دووتۆی (لاوک)دا تواوەتەوە و لێی جیانابێتەوە، مامۆستا بەرەو هەورازی داستانە سەختەکان سەر دەکەوێ و یەکە یەکە دەیان پشکنێ، لە پاشماوەی ئەو داستانانەدا تاقە کاسەسەرێ مابوو، ئەویش کرابوو بەپێکی مەی خواردنەوە، دوای ماوەیەکیش لە بازاڕدا فرۆشرابوو، تەماشای داستانێکی نزیکتر دەکات،

(١) وانەی ڕەشبەڵەک (ل١٣).

(٢) وانەی ڕەشبەڵەک (ل١٣).



داستانەکە دەردێکی بێ دەرمانی گرتووە، جەنجاڵێکە، ئاژاوەیەکە، چاوەڕوانی درەختێکە و بەر ناگرێ، تەنانەت سێبەریشی نییە، گۆرانی خۆزگا و بریا دووپات دەکاتەوە، ڕێبوارێکیش لەو داستانەدا پەنگاوە و گیری خواردووە، بۆ دەرێک دەگەڕێ دەربازبێ...

(قوتابی ڕێبوار: براکانم کوانی ڕێگا؟
هاوار ڕێگا... هاوار هاواریانی ڕێگا
چارم بکەن... دەربازم بکەن
وام لەگەرداوی نەبووندا...)[1]

باوک ئۆقرەی نامێنێ و هاوار دەکات...

(باوک: کوا...؟ کوا؟ کوا؟ ئەنجامی ئەم نەوەیە... )[2]

مامۆستا داوا لە باوکە دەکات کە ئارام بگرێ تا تەماشای فایلێکی تر بکات...

فایلێکی تر دەکاتەوە، لەم فایلەدا سێ کەس، ناوداری جیهانی ئەم فایلەن... فەیلەسوف، سەرلەشکر، شاعیر...

وتەکانی فەیلەسوف بۆنی نائومێدی دەبەخشن، پێی وایە گەڕان بەشوێن ئەنجامی ئەو نەوەیەدا کەوتنە ناو تونێلێکە کە ئەوسەری دیار نییە... کەچی چارەویستی ئەو ئەنجامە وا لە سنگی ئەودا تۆمار کراوە... هەر وەبزانە ئەو بڕیاری هەموو شتێکی دا...

سەرلەشکریش گوێز لە باخەڵی خۆیدا دەژمێرێ، بەلایەوە مەسەلەکە هەر جەنگە و نەدۆڕاوە، چونکە بازیبەندی وەرەبەرنەدانی لەباڵ کراوە، هەر وەبزانە هەڵسایەوە و دۆزرایەوە.

شاعیریش: وشەی گەرم و سوورکراوە بەکار دێنێ، مەسەلەکەی پێ ئاسانە و ڕۆژێک دەبێ لەبەر دەستی پۆلاینی ئەودا ملکەچ بکات، ئەو خۆشەویستییەتی و ئەمیش دڵدارە، هەرگیز لەیەک ناپچڕێن...

بەڵێ ئەو مەسەلەیە ڕێسێکە ئەو داوی ڕەنگاوڕەنگی بۆ چامەکانی لێ دروست دەکات...

ئیتر هەر یەک دەفتەری خۆی دەخوێنێتەوە و ئاگای لە چاوەڕوانی باوکە نییە...

مامۆستاش: سەری لێ شێواوە و لەجیاتی ئەوەی وەرامی باوکەی چاوەڕوان بداتەوە،

(١) وانەی ڕەشبەڵەک (ل١٣).

(٢) وانەی ڕەشبەڵەک (ل٣٠).

ئەو لە باوکە دەپرسێ...

(مامۆستا: باوکی قوتابی بێ بەڵگەنامە، ئەنجامی کوڕەکەت نەدیوە؟!

باوک: فایلی تر تەماشاکەن)(١)

فایلی سێیەم دەکرێتەوە، ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی تیا تۆمار کراوە، سەرەتا بەکۆمەڵە برینێک پێک هاتووە...

شاعیرێک دێتە پێشەوە ئەو برینانە دەکات بەدەسرازەی هۆنراوەکانی، چەپکێ گوڵی سوور و زەردی هۆنراوەیەکی پێ دەڕازێنێتەوە...

سەرلەشکریش سنگی دەردەپەڕێنێ و باسی ستراتیژیەتی جوگرافی جەنگ دەکات و جێگەی بەفەیلەسووفەکە لەق دەکات، باوکی قوتابییەکەش وەک لەسەر ساجی سوور دانیشتبێ بێ ئارام بووە و هەر چاوەڕوانە وا شاعیرێک دەماری لاملەکانی ڕاست بوونەتەوە و شیعر دەخوێنێتەوە...

هەر لەو فایلەدا قوتابییەکی دۆکتۆرای دەروونناسی دێتە پێشەوە و ئاگای تەنیا لای خۆیەتی و دەڵێی لەگوێی گادا خەوتووە، لە حەز و ئارەزووەکانی ئادەمیزاد دەکۆڵێتەوە و دەیەوێ ڕێی کتێبخانەکان شارەزابێ، کەچی سەرلەشکر ڕێگەی لێ دەگرێت.

(سەرلەشکر: ڕاو و ڕێوی ناوێ کوا پسولەی ڕێگادان)(٢)

مەسەلەی حەز و خوایش دێتە پێشەوە و درێژە دەکێشێ تا دەگاتە سەر حەزەکانی گلگامێش کە بەشوێن ژیانی هەتا هەتاییدا گەڕا و شەیدابوو... فەیلەسوف و شاعیرەکە لەو شەیدا بوونەی گلگامێشە سەرگەردان بوون، پێیان وابوو نیوەی ماوە و نیوەکەی تری فەوتاوە، ئەگەر ئەو نیوەکەی تری بدۆزرێتەوە، دیارە دەزانن لەکوێوە سەر دەردەکات، بەڵام دەستیان بەداوێکی باریکی ئەو حەزەوە گرتووە ئەم سەری لە (ورکا)یە و ئەو سەری لەناو دارستانەکەی (لوبنان) دایە، لەوێ هەموو حەزەکان تاسان، ئیتر فەیلەسووف و شاعیر دەس دەکەنە قسەی وڕێنە ئامێز و نقوم دەبن... کڵاوچی -موهەریجە- کان زۆریان ڕێسا و داوا لە قوتابییەکەی دوکتۆرای سایکۆلۆژیەت دەکەن، کە خەریکی نووسین و تۆمارکردن بێ و بەکوێدا هاتووە بگەڕێتەوە... سەرلەشکر وەک مێمڵ ڕێی پێ دەگرێ و داوای مۆری

(١) هەمان سەرچاوە ل٣٠.

(٢) هەمان سەرچاوە – ل٤١.



فیزەی گەڕانە دواوەی لێ دەکات...

(سەرلەشکر: ئەوە هێڵی گەڕانەوەت کوا؟).

قوتابییەکەی دوکتۆرا... هەر ئەوەندە دەڵێ: کە ئەو خەڵکە هەموو شێتن و لەناو لافاوی نەفامیدا تاساون...

بڕوانامەی قوتابییە بێ ئەنجامەکە لەم فایلەشدا نەبوو! ئەی چی لێ هات، با فایلێکی تر بکەینەوە... بەڵام پێش ئەوەی فایلەکە بکەینەوە، وا مامۆستا ڕوو دەکاتە قوتابییەکانی و دەڵێ:

(مامۆستا: لەوی وتمان چی لێ فێر بوون؟.

قوتابییەکان: بڕوات بەرەو لوتکەی بڵند ڕانەوەستێ، هەنگاو بنێ... خۆر لە ئەژنۆ و چاوی دانێ، ئەوسا نامە و ماندوێتی ڕێ... پێک شاد دەبن کامەرانی لێ سەوز دەبێ).(١)

فایلی چوارەمیش دەکرێتەوە، ئەم فایلە سەربوردەکەی (گالیلۆ)ی تیایە، ئەوە بوو لە سەدەی شانزەهەمدا گالیلۆ، تیورەکەی کۆپەرنیکۆسی پۆڵۆنی سەلماند کە زەوی بنکەی گەردوون نییە و، بەڵکو ئەستێرەیەکە لەو گەردوونەدا، یەکێکە لەو ئەستێرانە کە بەدەور خۆردا دەسووڕێتەوە، ئاسمانیش خێوەتێک نییە لەسەر زەوی هەڵدرابێ یان سەربانی زەوی نییە، ئەوەبوو گالیلۆ لەبەردەم دادگای پشکنیندا بەگوناحبار و گومڕا درایە دادگا... هەمدیسان پێشەکی ئەم فایلە بەشیعری شاعیرێک ڕازاوەتەوە، فەیلەسووفیش هەر خەریکی دواندنە سەبارەت بە (ئەدیسۆن) و (ئەنیشتاین)... گالیلۆ پەشیمان ببێتەوە، بەڵام ڕاستی تازە کەوتە دەم قوتابییەکانی قوتابخانەوە، هیچ هێزێک نییە بەربەستی بکات.

دادگا بڕیار دەدا نەک تەنیا هەر گالیلۆ بەڵکو هەر کەسێکی تر لەسەر ئەو بڕوایە بێ کە زەوی بنکەی گەردوون نییە سزا دەدرێ!...

شاعیری ناو فایلەکە زوو پاشەکشێی لێ دەکات و خۆی دەدزێتەوە... ئەو تەنیا لە شیعردا ناوی شت دەبا... تەڵە بۆ خەڵک دەسنیشان دەکات و خۆی لێی دوور دەخاتەوە... ئەم فایلە باسی چوار مێخەکێشانی عیسا و کوشتنی سوکراتی تیا هاتووە، هەموو

(١) هەمان سەرچاوە ل٤١.

شەهیدی ڕێی ڕاستی و زانیارین... ئیتر گوڵمەز لەمەڕ ئەوانە ڕوو دەدات و مەسەلە سەرەکییەکەی قوتابییە بێ بروانامەکە گوم دەبێ و باوکیش هەر چاوەڕوانە...

باوکی قوتابییەکە دێتە قسە و دەڵێ:

(باوکی قوتابی: مامۆستا: ئەم داستانە زۆری خایاند و وزەم لەبەر بڕا، کوا ئەنجامی کوڕەکەم؟...

مامۆستا: ئارام بگرە... قوتابییەکان چی تر فێربوون؟...

قوتابییەکان: خەزان کە مرد بەهار دەبێتە هۆنراوە).

ئیتر دایک خواینیان - سەبریان - لەبەر بڕا ئارامیان لێ هەڵگیرا...

دایک: هەواڵ پرسین چی سەوز کرد... خێرا بڵێ وا خەریکە لە کراسەکەم دێمە دەرێ.

باوک: چیت پێ بڵێم هەر مەپرسە.

دایک: بۆ چی ڕووی داوە؟

باوک: بەڵام چی؟ قسە بکە؟

باوک: کوڕەکەی من

مامۆستا: بەڵێ کوڕەکەی تۆ تەنها بەناو قوتابی بووە نەک ئامادەی تاقیکردنەوەش نەبووە، بەڵکو لە ڕەشبەڵەکدا کوتاویەتی: پرسی چی؟... ئەنجامی چی؟...)

بەڵێ کوڕەکەی ئەو لە تاقیکردنەوەی خودی خۆیدا ئامادە نەبووە و ئاوڕی بەلای خۆیا نەداوەتەوە، هەر لە زەماوەندی ئەو و ئەمدا کوتاویەتی، لە شایی خەڵکدا سەرچۆپی کوتاوە، لە شین و چەمەری خەڵکدا قوڕی پێواوە و خۆی لە خوم ناوە، هەر پوازی داری خۆی بووە و خۆی بۆ خەڵک قڵیشاندووەتەوە، هەر کوتک و قامچی دەستی ئەو و ئەم بووە و ئەسپی سەرکەشی پێ دەستەمۆکراوە، کڵاشی خەڵک بووە کە تیرەکەی بەربووە فڕێ دراوە، سەرچۆپی کێشی ماڵی ئاغا بووە و چۆپی بەرنەداوە، قەت بیری لە زەماوەند و گۆڤەندی خۆی نەکردووەتەوە وا ئێستا لە مۆزەخانەی فایلەکاندا ناوی تۆمار نەکراوە و کەس نایناسێ و، خۆی بۆ خەڵک تاقی کردووەتەوە بۆیە بڕوانامەی نادرێتێ لە ناو ئەو هەموو فایلانەی قوتابخانەدا ناوی بەچۆپی کێش هاتووە، بۆیە قوتابییەکان نایناسن کە باسی دەکرێ وەک گوێزیان بۆ بژمێردرێ وایە...

ئای ڕەشبەڵەک     وای ڕەشبەڵەک
ئاخ ڕەشبەڵەک     داخ ڕەشبەڵەک



## چەند سەرنجێک

١- بەڕاستی نووسەر بەزیرەکانە بابەتێکی گرینگی بۆ دراماکەی (وانەی ڕەشبەڵەک) هەڵبژاردووە و توانیویەتی بەشێوەیەکی درامی ناسک مالیجەی بکات، یان بابڵێین لەو قاڵبە درامیەدا بەرجەستەی بکات... بابەتەکە مەسەلەیەکی گرینگی نەتەوەی کوردە و ناسنامەی خۆی لە دەست داوە... کارتی قوتابییەکە... هێمایە بۆ ناسنامەی میللەتی کورد... قوتابییەکانی ناو قوتابخانەی ئەم گێتییە هەریەک بۆ خۆی کۆششی بۆ خۆی کردووە و ناسنامەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، بەڵام ئێمەی قوتابی ناو ئەو قوتابخانەی جیهانە هەر خەریکی ڕەشبەڵەک بووین و بۆ خەڵک سەمامان کرد هیچمان بۆ خۆمان سەوز نەکرد. لە کۆتایی ساڵدا هەموو قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە بەئاواتی خۆیان گەیشتن و - کارت - ناسنامەی خۆیان وەرگرت، ئێمەیش دەسبەتاڵ گەڕاینەوە و دەستمان لە چۆکمان درێژتر، لەناو دۆسیەکانی قوتابخانەشدا ناومان وەک قوتابییەک تۆمار نەکرا، هەر تاقیکردنەوەیەکمان کردبێ، قۆپیە بووە و بۆ خۆمان نەبووە، ناومان لەناو ناواندا نییە، فایلەکان ناوی ئەفسەر ئەندازیار و فەیلەسوف و... تیایە، ناوی سەرچۆپی کێش و زوڕناژەنی ئەم و ئەوی تیا نییە... تائێستاش چۆپییەکەمان بەدەستەوەیە... لەوکاتەوە کە ئێمە بە سێ پێیی بۆ خەڵکمان دەژەند وڵاتەکەمان لەسەر خەڵک تاپۆکرا، پلەکانمان خرانەسەر پلەی قوتابییەکانی تر، قوتابخانەیەکی بێ سەروبەربوو، کێ هەڵپەی بکردایە ئەوە ناوی دەنووسرا، تاوانێکی گەورە ڕووی دا، تاوانی ئەو قوتابییە، زووخاوەکەی بۆ دایک و باوکەکەی بوو... دەست نیشانکردنی ئەم کارەساتە، کارێکی هێجگار جوان و پەسەندە...

٢- دەبوو نووسەر، ئەو قوتابخانەیەی ئەوسا... کە هێمایە بۆ دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان- بەقوتابخانەیەکی فاشیل بداتە قەڵەم، چونکە ئاگای لە قوتابییەکانی نەبووە... نەدەبوو دایک و باوکی ئەو قوتابییە کە کاتێ لەناو دۆسیەکانیدا بۆ ناوەکەی گەڕا – نائومێد بکات... هەر ئەوەندە بەس نەبوو دەستنیشانی کارەساتەکە بکات...

***

## (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف) و هەڵکۆڵینەوەکانی خوێندنەوە

حەمید ڕێبوار (سلێمانی)

### نیگاکانی دەق

ئەگەر بەسەرنجێکی وردەوە بڕوانینە ناوەڕۆکی شانۆنامەکە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کۆمەڵێ ڕووداوی بەیەکداچووی نەتەوەیی و ئایینی بەپشت ئەستووریی چەندین سەرچاوەی مێژوویی و ئەدەبی، ئەو دەقە هونەرییە چنراوە و شاکارێکی ناوازەی لێ هاتووەتەبەر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و ڕەهەندەکانی شی بکرێنەوە، چونکە ئەم بەرهەمە بێجگە لە خاڵە بەهێزەکانی ئەفراندن لە ڕووی ستاتیکای هونەری و (سایکۆ - سۆسیۆژی)ەوە لە جەوهەردا کاریگەرییەکی سەراسیمەی سەبارەت بەڕاکێشانی وەرگر هەڵگرتووە.

لە ڕاستیدا مامۆستا (ئەحمەد سالار) وەکو نووسەری دەق و سەربگیرییەکی (إستقراء) هێمانەی لە تەک بەها مێژووییەکانی ناو کەلەپوور کردووە ئەوجا هاتووە کێشە سەرەکییەکەی خستووەتە بەرچاومان و بەنەفەسێکی قووڵەوە چارەسەری کردووە. هەر بەئامادەکردنی دەقەوە نەوەستاوە، بەڵکو ئەو ئاقارەی جێدەهێڵێت و دەردەچێت، دەبێتە دانەرێکی (نووسەرێکی) ژیر و وشیار لە ئاست داڕشتنەوەی ڕووداوەکان و بەیەکەوە بەستنیان، ئەویش بەبەکارهێنانی چەمکی (دەق هەڵکێش - التناص) و هێڵە گشتییەکانی لەسەر چەند تەوەرەیەک دادەمەزرێنێت:

یەکەمیان: تەوەرەی ئارای هزری (الواقع الفكری)، جا ئەو ئارایەش لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی بنیات نرابێت یاخود لەسەر بنەمایەکی ئایینی. ڕەنگدانەوەی بیری نەتەوەیی لە شیعر و هەڵوێستەکانی ئەحمەد موختاردا ئاشکرا و ڕوونە و بەچاکترین شێوە تەیارکراوە، بەڵام ڕەنگدانەوەی باوەڕی ئایینی دەبێ بگەڕێتەوە بۆ فەراهەمکردنی ئاکار و ڕێسا ئەخلاقییەکانی کۆمەڵانی خەڵک تا بزانیت چەند لە بەرزنرخاندن و ڕێزدانانی مرۆڤە. بڕوانە ڕێوڕەسمە جەنایزی و بەخاک سپاردنی شەهید و لە دەستچوونی کەسانی خۆشەویست... بڕوانە هۆکارەکانی لە سێدارەدانی کەسانێکی وەک حوسەین مەنسووری هەللاج و ئەو کاریگەرییەی جێی هێشت لەناو چینی زانایان بەتایبەتی و چینی خوێندەواران



و خەڵکی بەگشتی.

دووەمیان: تەوەرەی عەشق و ئەڤین و خەونەکانە، ئەم تەوەرەیەش لە ساغکردنەوەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا کاری بۆ کراوە، بەمەبەستی پەردە لادان لەسەر بارە دەروونییەکان و هۆکارە ناوەخۆییەکانی ناو شانۆنامەکە، بەتایبەتی مەسەلەی دێوانە بوون لەلای عەباسی جەزیری و بەدواداچوون و گەشەسەندنی پەرۆشی و سۆز لەلای مەلا خدری نالی. هەروەها خەوبینین بە لە دایکبوونی کۆرپەلەیەکی دەم بەبزەی هیوا و شاگەشکەبوون بەهاتنەدیی دواڕۆژێکی پرشنگدار (ئەویش کە دواڕۆژی کوردە).

سێیەمیان: تەوەرەی ڕامیارییە. لەڕاستیدا لە بۆچوونێکی دییەوە ئەم تەوەرەیە پابەندە بەتەوەرەی دووەمەوە. گومان لەوەدا نییە کە ڕووداوەکان سەراپا هەر هەموویان تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە ڕووی دەسەڵاتی گرفتەکانی سیاسەت لە هێنانەکایەی بونیادی پێکهاتەی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە.

دەستنیشان کردنی ئەم تەوەرانە و بەیەکەوە بەستنیان لە قاڵبێکی هونەری هاوچەرخدا مەدلوولێکی فرە گرنگی هەیە لەمەڕ وەرچەرخانەکانی هونەری شانۆدا و گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی. گەرچی هەندێ جار لە ساتی ڕوودانی کارەساتەکاندا خەم و خەفەت باڵی بەسەر پانتایی و فەزای نمایشەکەدا دەکێشێت.

ئێمەی کورد ئەم دۆخە نالەبارەمان نەویستووە، ئیتر دەڵێی چی؟! ئەمە واقیعی حاڵە و هاتووەتە پێش، دەبێ باری قورسی هەڵگرین، بەڵام ڕووداوەکان - گەر ئارام هەبێت - زوو بەزوو باز دەدەن... دەگۆڕێن، گەشە و هیوامان پێ دەبەخشن و مۆژدەی دواڕۆژێکی پرشنگدار و دەرکەوتنی خۆری سەرکەوتنمان پێ دەدەن، چاوە پڕ فرمێسکەکان... ڕووی ونبووی حەسرەت و ناسۆرەکان... دەسڕێنەوە... جەستەی کپ و سڕبووەکان زیندوو دەبنەوە. بۆیە دەبینین شانۆی چوست و چالاک هەمیشە حاڵەتی گەشبینی لە کرۆکی خۆیدا هەڵدەگرێت و ئەوەش مەبەستێتی. بەپێچەوانەوە شانۆی پووچگەرایی، خەسڵەتی ڕەشبینی و داڕمانی مرۆڤ بەخۆیەوە دەبینێت و ئومێد نەبوون بەدواڕۆژی پەیامیەتی. هەر لەبەرئەوەشە نووسەری دەق لە کۆتاییەکەی بەوە داخستووە کە کۆمەڵێ مەدلوولی پێویست بخاتە ڕوو تا لە کۆدەکانیدا ئەزموونی بڕوا بەخۆبوون وەرگرن و ناسنامەی تەواوی خۆیانی لێ هەڵهێنجن. با بەربەستەکان دژواریش بن... با حاڵەتە سەلبییەکانیش زۆر زەبەندە بن،

بەڵام هەڵگرتنی ئەو بارانە بەسەبر و ئارام پاڵ دەنرێت و خەونەکانی دێنەدی.

لەم تێڕوانینەوە دەگەینە ئەوەی نووسەر تەقەلایەکی زۆری داوە کە ئابڕووی سیستەمە چەوتەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری ببات، بڕیارە ناڕەواکانی کۆمەڵەی دەوڵەتی (عصبە الأمم) داشۆرێ. لەبەرئەوە دەبینین بەچارەنووسی تاکە کەسییەوە ناوەستێت، بەڵکو بازدەداتە سەر چارەنووسی میللەتێک کە تا هەنووکە بۆی دیاری نەکراوە، بەواتایەکی دی هەردوو چارەنووسی تاک و بەکۆمەڵی بەیەکەوە بەستووەتەوە، بۆیە سەیر دەکەین پرسیارەکان گشتین، ڕووەو کەسانی دەستڕۆن، ئەوانەی چارەنووسی خەڵکیان بەدەستە و بێدەنگییان لێ کردووە، هەر ئەم بێدەنگییەشیانە بووە بەمایەی نادیاری دواڕۆژ و هیوا و ئاواتی ئەو میللەتانەی مافیان پێشێل کراوە و بەچاری ناچارەوە شکستیان خواردووە.

شارەزایی و توانای مامۆستا (ئەحمەد سالار) لەوەدا دەردەکەوێت کاتێک کۆمەڵێ ڕووداوی لە کەلەپوورەوە هەڵێنجاوە و گرێکانی لە خاڵێکی سەرەکی و چەند خاڵێکی دیکەی لاوەکیدا چنیوە، پاشان ڕەهەندێکی درامییانەی کردووەتە بەر کە یەکێکە لە بنەماکانی دەقی شانۆیی، بەتایبەتی کاتێک بتەوێت کۆمەڵە ڕووداوێکی مێژوویی لە مۆرکی گێڕانەوە و سەرد دەربازکەیت و بیکەیتە کردەیەکی درامییانەی جوانکار. پێم وایە مامۆستا (ئەحمەد) هەر هونەرمەندێکی نوێخواز و داهێنەر نییە، بەڵکو لە بواری نووسینیشدا توانایەکی بەبڕشتی هەیە و بەزمانێکی بەسەلیقە و پاراو و تۆکمەی ڕەسەندا دای دەڕێژێت. جێگای خۆیەتی هەر هەموومان وەکو سامانێکی نیشتمانیی دەوڵەمەند بڕوانینە مەزنایەتیی کەسایەتی و بەرهەم و دەستکەوتەکانی و کەڵک لە ئەفراندن و ئەزموونە بەنرخەکانی وەربگرین.

**دەرهێنان... دیکۆر... نواندن**

من لە نووسینێکی تردا ئەوەم ڕوون کردبووەوە کە دەرهێنەر (ئەرسەلان دەروێش) قوتابیی مامۆستا (ئەحمەد سالار) بووە و ئێستا بووەتە دەرهێنەری، مامۆستا ئەحمەد سالار-یش سەرباری ئەوەی نووسەری دەقیشە وەکو ئەکتەرێکی سەرەکی ڕۆڵی دراوەتێ. کارێکی زۆر پیرۆز و قەشەنگە بەخاکەڕاییەکی (تواضع) بێ پایانەوە مامۆستا ببێتە ئەکتەر و سەیری ڕێنماییەکانی قوتابییە دەرهێنەرەکەی بکات. لەڕاستیدا بەشارەزایی ئەزموون توانای هەردووکیان لەم بەیەکگەیشتنەدا دووانەیەکی یاخود وەکو بونیادگەرییەکان دەڵێن دوالیزمێکی (ثنائیة) گرنگیان لە ئاست پێشبینی و ئامانجەکانی



نمایشەکە پێک هێنا. گومان لەوەشدا نییە کە بەدیهێنانی ئەم دوالیزمە و تێکەڵبوونی هەردوو ئەزموون، دەبێ شتێکی لێ وەبەر بێت، بۆیە هەر لە سەرەتاوە چاوەڕوانی ئەوە دەکرا دەقەکە تێپەڕێندرێت و بەسەرکەوتوویی لێی دەرچن. ئاشکراشە ئەم چەشنە شێوازە لە لێکدانەوەی دەرهێنانندا کارێکی ناوازەی، لەبەرئەوەیە بەکارهێنانی دیکۆر و کەرەسەکانی سینۆگرافیا لە گێڕانەوە و سەردی ڕووداوەکاندا بۆ گوزارشت کردن لەسەر دۆخەکانی مەبەست زۆر سادە و ساکارن. گرنگییەکەی خۆی لەخۆیدا لێرە دایە، تۆ بتوانیت ئەو سادە و ساکارییە پڕ مەدلوول کەیت، بڕوانە ئەو دار و ئامراز و جووڵانەی لە پێکهات و دیمەنە درامییەکاندا بەکاریان دەهێنا. یان لەبەرکردنی جلی کوردی زۆر شیاو و لەجێیی خۆی بوو، هەستونەستی وەرگریان قووڵتر دەکرد بەیادهێنانەوەی ڕووداوە نەتەوەییەکان. پاشان کەشێکی میللی ئاهەنگسازییان بۆ نمایشەکە دروست دەکرد. لەلایەکی دییەوە ئاوێتەکردنی مۆسیقا و ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردەواری بەدەنگ و سۆز و بزۆزیی ئەکتەرەکان سروشتێکی جوانیان دەبەخشی، بەمەبەستی ڕێ خۆشکردن و گەیشتن بەکرۆکی ڕووداوەکان تا دەگاتە حاڵەتی تێکەڵبوون و توانەوە، دیارە ئەمەش بەرزترین پلەیەکە ئەکتەران لە ئەدایا پێی دەگەن. ئەمە و سەرەڕای ئەوەی نمایشەکە لەسەر تەختەی شانۆی هۆڵی ڕۆشنبیری پێشکەش کرا کە چێوەی پێکهاتەی شانۆی پاکەتی ئیتاڵی دەگرێتە خۆی، بەڵام لەم باوەڕەدام دەرهێنەر توانیبووی سنووری عولبەی ئیتاڵی تێپەڕێنێت. ئەگەر نمایشەکە لە ناوەڕاستی بینەرانیشدا یا لە پانتاییەکی ڕەها و فەزایەکی کراوەدا جێبەجێ بکرایە هەر ئەو سەرکەوتنەی بەدەست دەهێنا و ڕەنگە ڕەنگدانەوە و چێژەکەشی زیاتر بووایە.

ئەوەندە دەڵێم ئەم بەرهەمە چاکترین وەڵامە بۆ ئەو کەسانەی بەلا چاوەوە دەڕواننە توانای هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) کە خاوەنی چەندین بەرهەمی سەرکەوتووی ترە، یاخود بەگومانەوە سەیری کارەکان دەکەن و چاویان بەرایی نایەت پلەی بەرز بکەنەوە و باسی ئیجابییاتی بەرهەمەکانی بکەن. ئەوانە هەمیشە تفەنگ بەتاریکە شەوەوە دەنێن و لە ئاوی لێڵدا ڕاو دەکەن و لە بڕیارەکانیاندا دانی ڕەوا بەڕاستیدا نانێن. هیچ بەرهەمێک نییە خەسڵەتی تەواو وەرگرێت یان کەموکوڕیی تێدا نەبێت، بەڵام ئەو کەموکوڕییانە لە ئاست داهێنان و سەرکەوتووی نمایشەکەدا ونن و هیچ نرخێکیان نییە، بەڵام ئەگەر ئەو کەموکوڕییانەش چارەسەر بکرایە ئەوا وەکو دەڵێن (نور علی نور).

خاڵی لاوازی سەرەکی لەم نمایشەی سلێمانیدا بەلای منەوە تەنیا لە ڕۆڵی خوشکە (ڕووبار)دا بوو. قورس دەجووڵا... هەندێ جار زمانی تەتەڵەی دەکرد. پێدەچێ هیلاکیی سەفەر و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما کاری تێ کردبێت، ئەم حاڵەتەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە، هەروەها ئاپۆرای ئەو حەشاماتە جەماوەرییەش، بەتایبەتی جەماوەری سلێمانی سەنگی تایبەتی خۆی هەیە، کارێکی وای خستبێتە زەینییەوە و تەنگەتاوی کردبێت نەوەک سەرکەوتوو نەبێت. لەوانەیە لە نمایشەکەی هەولێردا وا نەبووبێت. بەپێچەوانەی هەردوو هونەرمەند (عەبدولقادر مستەفا و نیاز لەتیف) کە لە چەندین بەرهەمی سەرکەوتووی تردا جێ پەنجەیان دیارە و ستایش دەکرێت، لەم نمایشەشدا ڕۆڵیان نەخرابووە پەراوێزەوە، بەڵکو وەکو دوو ئەکتەری چالاک شان بەشانی ئەوانی دی پەیبیان بەگرنگیی ڕۆڵەکەی خۆیان دەبرد. ئەو هەستکردن و پەی بردنەشیان بەشتە خوازراوەکان لە گونجان و تێکەڵبوون و توانەوە و تێگەیشتنیان لە کۆد و مەسەلە بنەڕەتییەکەوە هاتووە، بۆ ئەوەی ڕێ بۆ خۆیان خۆش بکەن بتوانن شتی زۆری کەش بڵێن و بەپێی ئەزموون و توانای خۆیان شتی زۆری کەش بەرجەستە بکەن.

## مەدلوولی ناونیشان

ئاشکرایە کاتێک نووسەر ناونیشان هەڵدەبژێرێت، ئەوا ئەو ناونیشانە دەلالەت و مەغزای خۆی پێ دەدات و دەبێت لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو دەقەکەدا بگونجێت. بەواتایەکی دی، نووسەر ناونیشان لە ناوەڕۆکەوە هەڵدەهێنجێت جا ئاخۆ دەبێ وشەی (کۆتەڵ) لەم شانۆنامەیەدا چی بگەیەنێت و لە چییەوە هاتبێ؟ لەڕاستیدا (کۆتەڵ) لە زمانی کوردیدا واتای زۆرە. بەدارستانێکی چڕوپڕ دەوترێ (کۆتەڵ) بەتایبەتی ئەگەر دارستانەکە داربەڕوو دارمازوو بوو. ڕەنگە ناوچەی (کۆتەڵ)ی لای دوکانیش هەر لەوێوە هاتبێت، کاتی خۆی داربەڕووی زۆربوو و بەهاران خەڵک بۆ سەیران و گەشت دەچوونە ئەوێ. هەروەها بەپارچە بنکەداریش دەوترێ (کۆتەڵ) – کۆتەڵە خەڵووز... کۆتەڵەدار–.

بەڵام ئەوەی نمایشەکەی دیبێت تێدەگا هیچ لەمانە ناگەیەنێت. بەڵکو مەبەست لەو شین و ڕۆڕۆیەیە کە لەسەر مردوو دەکرێت، بەتایبەتی ئەگەر لە دەستچووەکە جوانەمەرگ بوو، بەلای منەوە مادام شانۆگەرییەکە گەشبینە و ڕووحی ئەحمەد موختار لە ناوماندایە و هەر ماوە و نامرێ، چاکتر وابوو بگۆڕدرایە بەوشەیەکی وا بەرامی گەشەوەریی لێ بێت. بەهەرحاڵ دانەر خۆی خاوەن هەڵوێستە و بۆچوونی خۆی هەیە لە هەڵبژاردنی وشە و



ناونیشانی دەقەکەی. دیارە هەر ڕستەیەکیش چەندین هێما و مەدلوول و ئاماژەکاری هەڵدەگرێت و بینەریش سەرپشکە لە لێکدانەوەیان بەپێی بەدواداچوونی ڕووداوەکانی ناو نامەکە، هەروەها پابەندیشە بەئاستی خاوەندارێتی لە ڕووی ڕۆشنبیری و هۆشیاری وەرگر خۆی لە لێکدانەوەی چەمکەکاندا.

## مۆسیقا و ڕیتم

گومان لەوەدا نییە کە پێکهاتەی وێنە ناگاتە وێناکردنی ئامانجی خۆی ئەگەر لەتەک ئاواز و ڕیتمی شایستەدا فۆرمەلە نەکرێت، چونکە وەکو پێشتر وتوویانە مۆسیقا و ئاواز وەک توخمێکی سەرەکی هەر لە کۆنەوە لە نمایشی شانۆییدا مامەڵەی لەگەڵ کراوە. بۆیە هاوتاکردنی جوولەی درامی لەگەڵ ڕستەی مۆسیقی گوزارشت خوازدا باشترین کەرەسەیە بۆ دەربڕینی حاڵەتی دەروونی و گفتوگۆی کەسایەتییەکان و ڕاکێشانی بینەر بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکان. لەم کۆتەڵەشدا ئاواز و بەستە و هۆرەی جافی – کە جۆرە مەقامێکی تایبەت بەخێڵی جاف و ناوچەی شارەزوور و گەرمیانە – ئامرازێکی پێوەندار بوون، مەبەستەکانیان دەگەیاند. هەر دیمەنێک هارمۆنیایەکی تایبەتی گونجاو بوون بۆ دەربڕینی بارە مرۆیییەکان و هەستی بینینی جەماوەریان ڕاپێچ دەکرد...

کەسایەتییەکان بەدەم وتنەوەی سروودی نەتەوەییەوە و بەجلوبەرگی کوردییەوە سەرەڕای ئەوەی ڕووبەڕووی تەختەکەیان داگیرکردبوو، پەردەیان لەسەر خەبات و تێکۆشان و خۆڕاگری و بلیمەتیی مرۆڤی ئەم دەڤەرە لا دەبرد.

کاریگەریی ئامانج و قووڵی مەبەست و پەیامە مرۆییەکەی خۆبەختکردن و قوربانیدان گرنگییەکی بەبەهایان دەدایە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی. زەبری چەوساندنەوە گاە بەدەستی ئەم گاە بەدەستی ئەوەوە و جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانی عوسبە لە قوڕگ و ناڵەی ئاهەنگسازاندا خاوەن هەست و خاوەن ویژدانیان جۆش دەدا:

(ئەم قەرارەی عوسبە وا خەڵکی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ هەر قسەی ڕووتە و قسەش ناچێتە گیرفانەوە)

یاخود بانگەشەیان بۆ نەوەی داهاتوو و بڕوابوون بەدواڕۆژ لەو گوتارە سوودبەخشانە بوو لە کردەیەکی درامی ستاتیکایی هزری و لە چێژێکی زەینی و بینیندا دەخرانە ڕوو:

(ئەمڕۆ با وابێ، بەڵام ڕۆژێ دێ ئەولادی کورد بێنەوە مەیدان بەعیلم و سەنعەت و عیرفانەوە).

هێنانەدیی پێکهاتەیەکی وەها ویستێکی زیندووی بەرز و بەنرخە، دەسکەوتێکی زۆر کەم و دەگمەنە، بەتایبەتی لە دۆخێکی وەک ئەمڕۆدا کە بەهاکانی ئەخلاقی تێدا لاواز و ونە. شایانی باسە لەم نمایشەی سلێمانیدا هونەرمەندی گۆرانیبێژ (بورهان محەمەد) هاوکات لە دەرەوەی وڵات هاتبووەوە، وەکو پەرۆشییەک بۆ نمایشەکە و سۆز و ئەمەک بۆ تیپەکەی تیپی شانۆی سالار کە تێیدا ئەندامە، بەچەند برگەیەکی گۆرانی بەشداریی کرد. پێم وایە ئەگەر لە سەرەتای پرۆڤە و پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکدا بەشداریی بکردایە ئەوا بەدەنگە خۆشەکەش تاموبۆیەکی تری دەدا بەنمایشەکە.

## میتۆدی شانۆی ئاهەنگسازی

بەپێی ئەو بەرهەمانەی شانۆی سالار پێشکەشی کردوون، ناوەندەکانی شانۆ و ڕەخنەگران زۆرجار خەسڵەتی ئاهەنگسازی دەدەنە پاڵ دەسکەوتەکانی ئەم تیپە. لای هەمووان ڕوونە کە شانۆی ئاهەنگگێڕ بەو چەشنە شانۆیە دەوترێت کە پرۆژە هونەرییەکان لە ڕێی ئاهەنگەوە کاریگەری و ڕەنگدانەوە مێژووییەکانی ڕاستەقینەی شارستانییەتی میللەتی تێدا دەخرێتە ڕوو، چونکە وەکو دەڵێن ئاهەنگ دیوانی میللی گەلە هەموو بوارە گشتییەکانی کۆمەڵگای تێدا دەردەکەوێت. ئەوەی من بزانم شانۆی ئاهەنگگێڕ سەبارەت بەوڵاتە عەرەبییەکان لە ساڵی (١٩٧٠) لە وڵاتی (مەغریب) دروست بوو و لە ڕێی بەرهەمەکانی (عەبدولکەریم برشید)یشەوە گەیشتووەتە لای ئێمە. جا ئاخۆ تا چ ڕادەیەک بەرهەمە کوردییەکان کەڵکیان لە کەلەپوور و ئاهەنگە میللییەکان و ئاهەنگە چالاکەکان وەرگرتووە و تا چ ئاستێکیش بەرگێکی هونەرییانەی جوانکاریی ئاهەنگگێڕییان کردووەتە بەر؟ لە وەڵامدا دەڵێین ئەمەیان پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و تۆژینەوەیەکی زانستییانەی ورد و چڕوپڕ هەیە. بەهەرحاڵ هەرچی چۆنێک بێت ئەم تیپە توانیویەتی سیمایەکی گەشی ئاهەنگسازی بۆ خۆی دروست بکات و لە ڕێی کارە ئەزموونگەرییەکانیەوە شانۆیەکی جیاواز و نوێ بۆ خۆی دابمەزرێنێت و وەکو سەرەتایەک بیکاتە بنەمایەک بۆ دۆزینەوە یاخود بۆ بنیاتنانی ناسنامەی شانۆی کورد، ئەویش بەکەڵک وەرگرتن لە بوارە بەرفراوانەکانی پڕ لە ئەزموون و خەون و خەیاڵ و ویست و ئاواتی ئاکارە میللییەکان و واقیعی کوردەواری وەکو خۆی بخاتە ڕوو و چێوەیەک بۆ شوێنکات دروست بکات و ڕەهەندە مرۆییەکان لەنێوانیاندا لە هارمۆنیایەکی ناسکدا گەڵاڵە بکات. ئێمە بڵێین و نەڵێین شانۆ لە ڕەمەکێکەوە دەست پێدەکات پێی دەڵێن



ڕەمەکی لاساییکردنەوە (غريزە التقليد)، بەڵام بلیمەتیی هونەرمەند لەوەدا دەردەکەوێت چۆن ئەو ڕەمەکە تێپەڕێنێت و سیمایەکی جیاواز و نوێ بۆ خۆی بهێنێتە کایەوە و خۆی بۆ ناوەندە کولتوورییەکان و بۆ مێژوو بسەلمێنێت کە ئەویش ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە. مایەی زانینە کە شانۆی ئاهەنگ ئامێز پانتاییەک و فەزایەکی بەرفراوانی هەیە، بۆیە لە تایبەتمەندیی تاکە کەسییەوە دەردەچێت، بەواتایەکی دی دەبێت تاک لە خودی خۆی دەرچێت، دەنا ئەو ئاهەنگسازییە جێبەجێ ناکرێت. شانۆی ئاهەنگگێڕ پێویستی بەکاری بەکۆمەڵی ڕاستەوخۆ هەیە و مەسەلەی هاوبەشەکانی کۆمەڵانی خەڵک بەیەکەوە دەبەستێتەوە و شوێنکاتی پێ داگیر دەکات، ئەویش لە سایەی سیحری ئەو سرووتانەدا دێتەدی کە زمانی جەستەی بەشداربووان و ئاماژەخوازییەکانی دەیگەیەننە وەرگر، ئەوانیش بەپێی پاشەکەوتی کولتووری خۆیان تایبەتمەندیی هەستۆکی (حساسیە) ئەو تێڕوانینە لێک دەدەنەوە. جا لە پێناو دۆزینەوەی ئاستەکانی ململانێی نووسەری شانۆیی دێت گرفتەکانی (میتا – شانۆ) لەناو بۆتەی شانۆدا لە پێکهاتەیەکی دەقێکی هونەرییانەی جوانکاردا دەخەملێنێت. ئەوجا دەرهێنەر و ئەکتەر لە ڕوانگەی فەلسەفیی خۆیانەوە چاودێری حاڵەتەکانی ڕوودواو و ململانێکانی دەکەن. گومانیش لەوەدا نییە کەهەر بزووتن و جوولەیەکی کۆڕاڵی لەم شانۆییەدا وەستاوەتە سەر ڕادەی نەرمونیانیی جەستەی ئەکتەران و زەمینەی ڕەخساو بۆ داماڵینی ڕووپۆشی تەمومژ و پەنهانەکان.

شانۆی ئاهەنگسازی کردەی داهێنانی هونەری و تەقەڵلای هونەرمەندە بۆ گەشەسەندن و ئەفراندن، بۆ ئەوەی دەقە ئەدەبییەکە لە بارە وشکییەکەی دەرکات و بیکاتە دەقێکی ئەدەبیی ناسکی خاوەن ڕوخسارێکی هونەرییانەی بەپێز.

## دوا وتە

لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ساڵی (١٩٩١) هیچ نمایشێکی شانۆییم بەقەد ئەم نمایشە نەدیوە بەو چەشنە جەماوەر بەپەرۆش و حیرسەوە ڕووی تێ بکەن، تەنانەت لە ئاهەنگەکانی ساڵانەی پەیمانگای هونەرەجوانەکاندا. توانای هونەرمەندانی گەورە (ئەحمەد سالار) و بەشداربووان دوای دابڕانێکی زۆر و خۆشەویستیی بینەران بۆی و بۆ تیپەکەی هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ لەسەرنانی ئەو تاجە مەزنە. هەروەها مەدلوولی دەق و هاوکێشەی تەواوی ئەدای بەکۆمەڵی بەشداربووان دەچێتە پاڵ ئەو موفارەقایە. هەر لەبەرئەوەش بوو ئەم بەرهەمە سەرەڕای ڕاپێچکردنی هەست و نەستی بینەران بۆ لای

خۆی، بووە مایەی سەرنج ڕاکێشانی ناوەندەکانی شانۆ و هونەرمەندان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسانیش. چەندین وتاری ڕەخنەیی و ڕیپۆرتاژ لێرە و لەوێ لە هەولێر و لە سلێمانی لەسەری نووسرا و تیشکی ڕوئیایان خستەسەر و ئەوەیان سەلماند کە ئەم هونەرمەندە هەگبەکەی هێشتا هەر پڕە و زۆری پێ ماوە و توانای دەرهێنەر و ئەدای ئەکتەرانیش لە ئاستی ئەوەدا بوون کە پەنجەی ئافەرینیان بۆ ڕابکێشرێت...



## هێما و ئاماژەکان لە کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جافدا

جوان حوسێن - (سلێمانی)

(١)

ڕۆژی (٩-٢٠٠١/٧/١٠) لەسەر بانگێشتی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان، تیپی (شانۆی سالار) لە هەولێری خۆشەویستەوە هاتە سلێمانی بۆ پێشکەشکردنی شانۆیی (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف)، ئەم شانۆییە لە نووسینی مامۆستا ئەحمەد سالار و دەرهێنانی هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش بوو، کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف لەسەر هۆڵی شانۆیی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی پێشکەش کرا، لەم شانۆییەدا چەندین شانۆکار ڕۆڵی کارەکتەرەکەیان بەرجەستە دەکرد لەوانە هونەرمەندان (ئەحمەد سالار - ڕووبار ئەحمەد - ئیسماعیل قادر - قادر مستەفا - نیاز لەتیف - نازەنین عەبدولڕەحمان - ڕزگار سەعید - عەباس ژاژڵەیی - کۆچەر نووری - سروە عەباس - جەلیل سەعید - هونەر ئەحمەد سالار - دانا سەلاح - بەهمەن حاجی و...) چەند ئەکتەرێکی تر جگە لە کارە هونەرییەکان: بەڕێوەبەری بەرهەم: ئەحمەد سالار، کرۆگرافی: ڕووبار ئەحمەد، یاریدەدەری دەرهێنەر: نیاز لەتیف، سینۆگرافیا و جلوبەرگ: ئەرسەلان دەروێش، مۆسیقا: زاهیر محەمەد.

شایەنی باسە ڕۆژی چوارشەممە (٢٠٠١/٧/١١) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی کۆڕی خوێندنەوەی ئەم نمایشە بۆ هونەرمەند (دانا عەلی سەعید) سازکرا و بەتێڕوانینی خۆی لەسەر نمایشەکە دوا، هەرچەند بۆ خۆم قسەم لەسەر خوێندنەوەکەی کاک دانا هەیە، دەکرێت لە درێژەی ئەم نووسینەدا، ئاماژەیەکی پێ بکەین.

(٢)

دوالیزم و جەدەلیەتی نێوان (بینەر و شانۆ) جەدەلیەتێکی دوورودرێژە، دەکرێت سەرەتاکانی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریک و ئەو سەردەمانەی کە لەنێو کەژاوە و سرووتە ئایینییەکاندا تایبەتمەندێتی دادەنرا بۆ بینەران بۆ ئەوەی بێن بۆ بینینی ئەو نمایشانەی کە پێشکەش دەکران، بۆ نموونە ڕێگە نەدەدرا بەو کەسانەی کە گاڵتە بەشانۆ و هونەرە مرۆییەکان دەکەن، ئیدی ئەمە سەرەتایەکی گرنگە بۆ ئەو هاوکێشەیەی کە تا هەنووکە لەنێوان بینەران و شانۆدا هەیە.

شانۆ وەک دەزگایەکی فرە جەمسەر و فرە مەودا بەکۆمەڵێک ڕەهەند و مەودای جیاوازەوە ستراکتۆری خۆی دروست دەکات. دەکرێت بینەر وەک چەقی ئەو ستراکتۆرە ببینین!!

لێرەوە بەدرێژایی عەیامێکە قسەوباسی هەمەلایەن لەسەر پێگەی بینەران هەیە لە شانۆدا، ئایا تۆ کار بۆ بینەران دەکەی؟؟ نەخێر!! ئەی بۆچی خەڵکی بانگێشتی شانۆییەکانت دەکەی؟؟

بۆ ئەوەی هەست بەوجوودی بکەم!! کەواتە تۆ بۆ بینەران نمایش دەکەی؟؟ پێم وتی بینەر تێدەگات لە نمایشەکەدا یان تێناگات ئەوە مشکیلەی من نییە!!

ئەی بینەر چی بکات؟؟ پێم وتی من ئیش بۆ ڕۆحی خۆم دەکەم ئەمە دایەلۆگی نێوان ڕۆژنامەنووس و شانۆکارێکی خۆمان بوو، دەکرێت بیکەینە بانێژەیەکی باش بۆ قسەکردن لەسەر ئەرک و وەزیفەی شانۆکار.

شانۆکاران ئەمڕۆ دوو ئاڕاستەی جیاواز دروست دەکەن، ئاراستەی یەکەم مەسخی بینەر دەکاتەوە لەناو پرۆسەی شانۆدا، ئاڕاستەی دووەم دەیکاتە چەقی ئاڕاستەکەی.

لێرەوە دێینە پێگەی کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف لەناو ئەم باسوخواسەی کە دەمانەوێت لێی بدوێین، زەمەنێکە شانۆکاران ئەوە دەڵێن کە تازە بینەر ئامادەیی تێدا نەماوە بێتەوە بۆ گوێگرتن لە ئێمە، بەڵام هەوڵی جددیش هەبووە بۆ ئیشکردنەوە بەو ئاڕاستەیەی کە شانۆ بتوانێت بەگوتارێکی جددییەوە سەرلەنوێ بینەر بەهۆشیارییەوە بانگێشت بکاتەوە بۆ نمایشەکە. دەکرێ هەوڵی (هیوا فایەق و هۆرێن غەریب) لە شانۆیی «وێنەی هونەرمەند دوای تافی لاویدا» بەیەکێک لەو هەوڵانە دابنێین کە نووسەر ئەم بابەتە لە گۆڤاری ڕامان-دا و لە بەشی تیراژدا نووسینێکی لەسەر ئەو شانۆییە نووسی، کە هەوڵێکی جددی دابوو، پێویستی بە لەسەر وەستان و قسەکردن دەکرد، کە لە سلێمانی و هەولێریش نمایش کرا، ئەمە جگە لە یەک دوو هەوڵی تر ڕاستەوخۆ باس لە ساتەوەختی دابڕانی بینەر دەکەن لە شانۆ.

بوونی جەماوەرێکی یەکجار زۆر لەناو هۆڵی شانۆکەدا وای کردبوو بینەران جگە لەسەر کورسی لەناو هۆڵ و لەسەر زەوییەکەش دانیشن!!

نازانرێت ئەمە بۆ ئەو خۆشەویستییە دەگەڕێتەوە کە تیپی شانۆی سالار لای بینەران هەیانە، یان تامەزرۆ بوونی بینەرانە بۆ کاری جددی و ئەو ستایل شانۆییانەی کە



سەردەمانێک بوو پێگەی فراوانیان لە شانۆی کوردیدا هەبوو، یان بۆ خۆشەویستی گەورەیی ئەکتەرەکان و دەرهێنەری ئەم شانۆییە بەشێوازێک لەکاتی دەرکەوتنی ئەحمەد سالار هاتنە سەر تەختەی شانۆ و جەماوەر بۆ ماوەی دە خولەک هەڵدەستانە سەرپێ و چەپڵەیان بۆ ئەم پێشڕەوەی شانۆ لێدەدا، یان لە کاتی دایەلۆگ وتن و وتووێژی ئەکتەرەکاندا هەر ڕستەیەک کاری لە زهنی و یادەوەریی بینەران بکردایە، چەپڵە دەبووە ڕیتمی بەرزی هۆڵەکە!!

یان لە کاتی سڵاوکردنی کۆتاییدا بینەران بۆ ماوەیەکی زۆر بەچەپڵە ئەکتەرەکانیان سەربەرز کرد و بەیەکجار هورژمیان برد بۆ سەر تەختەی شانۆ بۆ دەستخۆشی کردن.

ئیدی نازانم ئەم عەشقە چی بوو و بۆچی بوو؟؟ ڕەنگە ئەوانەی بینەری شانۆییەکانی مامۆستا سالار بن چێژ و سوودێکی زۆریان بینیبێت، بۆیە ئاوا ئەو پێشوازییە نموونەییەیان لەم تیپە شانۆییە بەرێزە کرد.

یان لەوە دەچێت بینەری ئێمە تامەزرۆبێت بۆ بینینی شانۆیەک کە لەگەڵ لێرەوە بۆ ئێرە بدوێت، یان پێدەچێت بینەران بێزار بووبێتن لەو شانۆییانەی کە پەیام و گوتارەکانیان ئاڕاستەی سایکۆلۆژیای دەرەوەی ئێرەیە، گەر زیادەڕۆیی نەبێت، بەدرێژایی ئەم چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕین، ئەمە یەکەم جارە نمایشێکی شانۆیی ئەو ئاپۆرە زۆرەی بینەران لە خۆی کۆبکاتەوە.

## (٣)

فۆلکلۆر ئامادەییەکی هەمیشەیی لەناو داستان و ئەفسانە میللیەکاندا هەیە، هیچ میللەتێکی سەر ڕووی زەمین ناتوانێت بێ ئەفسانە و بێ فۆلکلۆر بژی، بەشێوازێک فۆلکلۆر ڕەگێکی هەمیشەیی لەناو بیروباوەڕ و دابونەریتی میللەتاندا هەیە، بێ ئاگابوون لە فۆلکلۆر بێ ئاگابوونە لە ژیان و زیندەگی!! ڕابردووی مرۆڤ زۆرجار لەناو هەناوی فۆلکلۆردا، چەندین تیز و ڕوئیای تازە بۆ ژیان دەدۆزێتەوە، کەم نین ئەو بیریار و شانۆکارانەی کە گەڕاون لەناو ئەفسانە و داستانە میللییەکانی ڕۆژهەڵات، دەکرێت (ئارتۆو کرۆتوفسکی) وەک دوو نموونەی زۆر دیاری شانۆ ناوبەرین.

فۆلکلۆر پەیوەستییەکی ڕاستەوخۆی بەکەلتوور و ڕۆشنبیریی میللەتانەوە هەیە، چونکە فۆلکلۆر یەکێکە لە کۆڵەکەکانی کەلتوور. ئەمە جگە لەوەی فۆلکلۆر بەهەموو ئەو کەرەستە و جلوبەرگ و پێداویستییانە دەڵێن کە لە ڕابردووی میللەتاندا بەکارهاتووە،

بەڵام دەکرێت کولتوور بەباری ڕۆشنبیری و بیروباوەڕی مرۆڤ لە سەردەمەکاندا ناوبەرین.

ئەحمەد سالار لە زۆربەی شانۆییەکانیدا ئیشێکی زۆری لەسەر فۆلکلۆر و دابونەریتی کوردی کردووە بەوەش مێژووی کوردی ئامادەییەکی هەمیشەیی لەناو ئیشەکانیدا هەیە، ئامادەیی مێژوو، ئامادەیی چەندین کارەکتەر و شاعیر و سەرکردەی کورد، لەناو دەقە شانۆییەکاندا، دەکرێت شانۆییەکانی «کاتێک هەڵۆ بەرز ئەفڕێت» نالی و خەونێکی ئەرخەوانی و کێشەی چوون و نەچوون، لەژێر پەردەی سوورمەچن و (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف) بەنموونەیەکی ئەم قسەیەمان ناوبەرین.

هێنانەوەی چەند کارەکتەرێکی وەکو (هەباسی جزیری و گوڵ خونچە و ئەحمەد موختار و نالی و حەبیبە و هەللاج و سەلما و میرزا فەرەج) لەناو چوارچێوەی دەقێکی شانۆییدا هەروا کارێکی ئاسان نییە، چونکە بەردەوام سنوورەکانی بەدەق بوونی هەر نمایشێکی شانۆیی، پێویستی بەپتەوییەکی بەهێز دەبێت لە ڕووی زمانەوانی و مێژوویی و لۆژیکیدا، لاوازیی هەریەک لەم ڕەگەزانە، دەق بە تەواوەتی تێک دەشکێنێ و لە هەموو بنەمایەکی مەعریفی بەتاڵی دەکاتەوە، بۆیە لەم ڕوانینەوە پێم وایە مامۆستا سالار لەم دەقەدا، زیاتر ڕووبەڕووی ململانێی (دەق وەک مادده دەق وەک پێکهاتە) بووەتەوە، چونکە کارێکی ئاسان نییە ئێمە بێین چەند کارەکتەرێکی مێژوویی لەناو دەزگایەکی زمانەوانیدا کۆبکەینەوە و ناوی بنێین دەقی شانۆیی... دەبێت بەدڵنیاییەوە هێڵی هاوبەش لەنێوان ئەو کارەکتەرانەدا بدۆزینەوە، کە پێم وایە مامۆستا ئەحمەد سالار توانیبووی بیدۆزێتەوە، بەڵام لە هەندێک ڕەهەندەوە لۆژێکی نووسینەکەی لاواز بوو، بەتایبەتی لەو ڕووەوە نەیتوانیبوو چڕکردنەوە بکات لەو مادده خامانەی کە ویستبووی بیخاتەڕوو، چونکە دەقی کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف ڕاستە باس لە کوشتنی ئەحمەد موختار دەکات لە چۆنیەتی کوشتن و هۆکاری کوشتن ئەو وەستانەی کە لە پشت ئەم کوشتنەوە هەبوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە چەندان کێشە و گرفتی لاوەکی تر لەناو سیستەمی دەقدا ئامادەییان هەبوو، ئەگینا لە خۆڕا نالی و حەبیبە و جزیری و سەلمان نایەنە ناو دەق، لەگەڵ ئەوەی چڕکردنەوەی دەق زۆرکەم بوو، بەڵام کێشەکانیش زۆربوون، پێویستی ڕەخساندنی زیاتری کێشە و هۆکار و دەرەنجام دەبوو...

ئیشکردن و زیندووکردنەوەی ئەم کارەکتەرە کلاسیکییانەی نێو ئەدەبی کوردی بۆ خۆی قورساییەکی گەورەتری دابوو بەنمایشەکە، بۆیە خەڵکی لە هەردوو ڕۆژی نمایشەکە بەعەشق و حەماسێکی لە ڕادەبەدەر دەهاتن بۆ بینینی نمایشەکە، زۆرجار کە باس لەو



ستایلی نووسینەی مامۆستا سالار دەکرێت، ڕاستەوخۆ باس لە شانۆی ئاهەنگسازی دەکرێت بەتایبەتی لای شانۆکارە عەرەبەکانی وەک عەبدولکەریم برشید و تەیب سدیقی، بەڵام هەرچۆنێک بێت دەتوانین ئەم شێوازی نووسینەی سالار لە داهاتوودا وەک پرۆژەیەکی گەڵاڵەکراو بۆ بزووتنەوەی شانۆی کوردی ببێتە قوتابخانە و میتۆدێکی سەربەخۆ.

(٤)

هەرچەند ڕۆژی هەڵسەنگاندنی نمایشەکە هەندێ کەس پێیان وابوو کە کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف، جیاوازە لە کارەکانی تری مامۆستا ئەحمەد سالار، لە ڕووی نمایشەوە نەک دەقەکە، بەڵام من پێم وایە ئەم قسەیە لە سەداسەد پێچەوانەیە، چونکە پێویستە جیاواز بێت، لەبەرئەوەی ڕوئیای دەرهێنەر وەک نمایشێکی شانۆیی دروست دەکات نەک دەقێکی شانۆیی، ئەگەر سەیری دەقێکی وەکو شالیری شکسپیر بکەین پێدەچێت لە کوردستاندا چەندین دەرهێنەر خستبێتیانە سەر تەختەی شانۆ، بەڵام بەدڵنیاییەوە، هیچ نمایشێکیان لەوی دییان ناچێت، چونکە ڕوئیای دەرهێنەرەکان جیاواز بووە، بەڵام کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف لە ڕووی هێڵکاریی جوولەیی و پلانی دەرهێنانەوە هەر هەمان نمایشی نالی و خەونێکی ئەرخەوانی بوو، لەوە دەچێت بەبیانووی ئەوەی کاک ئەرسەلان دەروێش قوتابیی مامۆستا سالار بووە لە پەیمانگا و پێدەچێت کاریگەریی قسە و ئیشکردنی لەسەر هەبێت، بەڵام نەک لە سەداسەد بەیەک ستایل ئیشکردن، خۆ پێدەچێت کە مامۆستا سالار خۆی کارەکتەرێکی لەم نمایشەدا دەبینێ هۆکارێکی تر بێت بۆ باڵابوونی گوتار و ڕوئیای خۆی بەسەر ئەم نمایشەوە، بەڵام هەموو ئەمانە نابێت وا بکات دەرهێنەر نەتوانێت ستایل و شێوازی ئیشکردنی خۆی ون بکات و بەجارێک لە بەرامبەر بتوێتەوە، خۆ دەبێت دڵبەند بێت بەمیتۆدێکی ئیشکردن، بەڵام ناشبێت خۆی تێدا ون کات.

لە ڕووی پلان و هەڵبژاردنی ئەکتەرەکانەوە (ئەرسەلان دەروێش) هوشیارییەکی فراوانی هەبووە، هەر ئەمەش وای کردبوو بتوانێت بەشێوازێکی ڕێکخراو جوولە و کۆتەڵەی شانۆییەکە بۆ چەند یەکەیەکی گونجاو دابەش بکات، پاشان لە ڕووی سینۆگرافیا و جلوبەرگەوە توانیبووی تا ڕادەیەکی باش تەوزیفی ئەو شوێن و کاتە بکات کە دەقەکە پێویستی پێی بوو، بۆیە لێرەوە ئەرسەلان دەروێش وەک دەرهێنەر، دەسەڵاتی بەیان دەکرێت و دەتوانێت لەسەر تەختەی شانۆ ئامادەیی خۆی ڕاگەیەنێتەوە چ بۆ بینەران و چ بۆ

ئەو ئەکتەرانەی کە ڕۆڵی کارەکتەرەکان دەبینن. ئاسان نییە زیاد لە (٢٠) ئەکتەر بخەینە سەر تەختەی شانۆ و لە کەرنەڤاڵێکدا ڕۆڵ ببینن، بێگومان ئەمان ڕێکخستن و پەیوەست بوونیان پێویستە، هەر بۆیە دەرهێنەر لەسەر هێمای وێنە دەقییەکان ئیشێکی زۆری کردبوو، بۆیە دەبینین لەم نمایشەدا لەگەڵ ئەوەی ئیشێکی ئاهەنگسازی بوو، بەڵام تەشکیلە و وێنەی هونەریی جوان بەدی دەکران کە بەهۆی پێکهاتەی جەستەی ئەکتەرەکانەوە لەسەر تەختەی شانۆ دروست دەکران.

زۆرجاریش پشوویەکی کەمیان دەدایە بینەران و ئەگەر ئەکتەرێک ڕۆڵەکەی تەواو بووایە، لەولاوە دادەنیشت و دەبوو بەبەشێک لە بینەران و تەواوکەری شێوە گشتییەکە.

دیسانەوە هەڵبژاردنی چۆنیەتی جلوبەرگ و شێوازی ئەو جلوبەرگە، دەرهێنەر وریاییەکی زۆری هەبوو من هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم کە جلوبەرگ بوون و نەبوونی شانۆی کوردی بسەلمێنێ، بەڵام بۆ خۆی شێوازی جلوبەرگی ئەو ئەکتەرانە ئەگەر تاک تاک وەرمان گرتنایە، دەمانتوانی هەریەکەیان بۆ خۆی پێگە مێژووییەکەی خۆی دەستنیشان کەین، ئەمەش دیسانەوە دەچووەوە چوارچێوەی ئەو هێڵە گشتییەی کە دەرهێنەر ویستبووی ئیشی لەسەر بکات. هەرچەند هەندێک لە ڕۆژی دانیشتنە ڕەخنەیەکەدا پێیان وابوو، دەرهێنەر ویستبووی هەنگاوبنێت بۆ نزیکبوونەوە لە میتۆدی شانۆکاری گەورەی ئەڵمانی برتۆڵد برێخت، ئەویش بەبیانووی شکاندنی دیواری چوارەم و گفتوگۆی نێوان ئەکتەر و بینەران کە ئەمڕۆ چەنی مانگە و مانگی چەندە و؟ ساڵی چەندە؟ بەڵام ئەم قسەیە و ئەو ئیشکردنە تەواو دوورە لە ئیشکردن بەمیتۆدی برێخت هەر بەوە نابێت تۆ پرسیار و وەڵام لەگەڵ بینەراندا بکەی، بەڵکو ئەرسەلان دەروێش وەک وتمان ویستبووی تەواوکەری ئەو شێوە ئیشکردنە بێت کە چەند ساڵێکە مامۆستا سالار ئیشی لەسەر دەکات، کە پێویستە ڕەخنەگر و خوێنەری نمایش ڕۆڵیان لە کەشفکردنی ئەمانەدا هەبێت.

خوێندنەوە بەتەنیا ئیشی ئەوە نییە لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی نمایش دەرخات، لەوانەیە ئەمە کلاسیکیترین پێناسە بێت بۆ ئەرکی ڕەخنە!!

چونکە ڕەخنەگر دەتوانێت سەرتاپای (دەق، نمایش، کارێکتەرەکان، گوتاری دەرهێنەر) هەڵتەکێنێتەوە و هێما و ئاماژەکانی بخوێنێتەوە...

ڕۆژی (٢٠٠١/٧/١١) کاک دانا عەلی سەعید خوێندنەوەی بۆ ئەم نمایشە کرد، جگە لە هەندێک شتی زۆر سادە، نەڕۆیشتە قوڵاییەکانی گوتاری نمایش و گوتاری دەرهێنەر،



جگە لە هەندێک باسی کورتی ئیشەکانی مامۆستا سالار لە هیچی دی نەدوا، لەگەڵ ئەوەی کاک دانا عەلی سەعید یەکێکە لە دیارترین دەرهێنەرەکانی بزووتنەوەی شانۆی کوردی کە ناکرێت پێگەی لەسەر ئەم بزووتنەوەی نەبینین بەتایبەتی لە دوای دەرهێنانی شانۆی «دادگا و شێر عەلی» ، هەرچەند خۆشی سەرەتای خوێندنەوەکەی ئەوەی باسی کرد کە ئەم وەرەقە ڕەخنەییەی بەماوەی دوو ڕۆژ لە سلێمانی نووسیوە، بەڵام دەکرا شتی زیاتری بنووسیایە، چونکە نووسینەکەی مامۆستا ئەحمەد سالار و دەرهێنانەکەی کاک (ئەرسەلان دەروێش)یش قسە دەخوازێت.

(٥)

نواندن پێگەیەکی تەواو فراوانی لە کاری شانۆ داگیر کردووە، ئەگەر سەیری میتۆدی زۆربەی بیریارە شانۆییەکان بکەین، دەبینین نواندن چەق و سەنتەری شانۆکەیانە، ئەکتەریش ئەو کائینەیە کە بەرجەستەکردنی نواندن ئەنجام دەدات. کاری شانۆیی بێ نواندن خورافەیە و نەمان بینیوە و نابێت کارێکی شانۆیی سەرکەوتوو بێت و نواندنی تێدا نەبووبێت، ئەو شانۆییانەی کە بەشانۆیی ئاهەنگسازی و بەشانۆی فرە ئەکتەر ناودەبرێت. توانای ئەکتەر و نواندن تەواو قورستر و بەهێزتر دەبێت، چونکە دەرهێنەر زیاتر پشت بەئەکتەر دەبەستێت بۆ بەرجەستەکردنی وێنەکانی یادەوەری.

لە کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف-دا ئەرسەلان دەروێش لەگەڵ ستافێکدا ئیشی کردبوو کە هەموویان لەخۆیەوە نزیک بوون، ئەمەش وای کردبوو توانست و بەهرەی ئەکتەرەکان بەتەواوەتی بناسێت و بەپێی توانا خۆیان ڕۆڵیان بۆ دابنێت.

مامۆستا سالار ماوەی دە ساڵ زیاتر بوو سەر تەختەی شانۆی نەبینیبوو ئەو ڕۆڵەی کە زۆر زۆر سەرسامی کردووم ڕۆڵی (دکتۆر ستوکمان) بوو لە شانۆی (دوژمنی گەل)ی (هنریک ئەیسن)دا دوای ئەوە شانۆی کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف کە دیسانەوە سالار لەسەر تەختەی شانۆ، سەلماندییەوە کە لەگەڵ ئەوەی پیربووە، بەڵام هێشتا لەسەر تەختەی شانۆ گەنجە و هەرگیز پیر نابێت.

بەتایبەتی بەو جەستە سووک و ئەسفەنج ئاسایەی کە دەتوت ئەکتەرێکی وریای (١٥ ساڵەیە) دیسانەوە ئەمە مژدەی ئەوەمان دەداتێ کە هەرگیز تەمەن ناتوانێت پۆلێنی داهێنان و بەهرەی هونەری بکات، وەک ئەمڕۆ هەندێک پۆلێن بەتەمەن و بەقژ سپی بوون دەکەن!

جگە لەو دەنگە بەهێزەی کە دەتوانم بڵێم زۆر کەمن ئەو ئەکتەرانەی دەتوانن بەو شێوازە یاری بەزمان و بەدەنگ و بەجەستەیانەوە بکەن، کەواتە مامۆستا سالار نەتەمەن و نەژیان و نەکاری ئیداری نەیانتوانیوە نواندنی پێ تەلاق بدەن، لەبیرمان نەچێت سالار لەگەڵ ئەوەی دەرهێنەر و نووسەرێکی باڵایە، ئەکتەرێکی وریا و بزێوی شانۆشە.

(نیاز لەتیف و ڕووبار ئەحمەد) وەک ژن و مێردێکی شانۆکار، هەمیشە بەنووسین و نواندن لە شانۆدا ئامادەییان هەبووە، ڕووبار خاوەنی جەستەیەکی تەواو شانۆییە و بەو سەمایە سەلماندی گوڵخونچەی کوردە، توانی بەئێمە بڵێت کیژە کوردێک هەیە گەر بواری بۆ بڕەخسێت دەتوانێت بەهۆی جەستەوە دنیایەک هێما و مانا بەژیان و بەدەرەوە ببەخشێت، نیاز لەتیف-یش وەک ئەکتەرێکی بزێو و بەجوولە لەناو ئەم نمایشەدا ون نەبوو، بەڵکو بەردەوام دەی وت لەسەر تەختەی شانۆی پیاوێک ئامادەیە ناوی نیاز لەتیف-ە. ئیسماعیل قادر لە ڕۆڵی ئەحمەد موختاردا توانیبووی گەمەیەکی باش لەتەک کارەکتەرەکەیدا بکات، هەرچەند لە هەندێک حاڵەتدا ئەگەر هاوکاریی ئەکتەرەکانی تر نەبووایە هەستت بەڕاڕایی لای ئەم ئەکتەرە دەکرد، عەباس ژاژڵەیی و قادر مستەفا-ش هێندەی پێویستی دەرهێنەری دەقەکە توانیبوویان خۆیان لەگەڵ کەشی گشتی بگونجێنن، ئەکتەرەکانیش یەک تەواوکەری یەک بوون بۆ تەواوکەری ئەم خەونە باڵایەی ناو کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف بوون، بەڵام بەدەر لەم قسانە لە کەشی گشتیی نمایشدا هەموو ئەکتەرەکان قەلەقیان پێوە دیاربوو. من خۆم هەردوو نمایشەکەم بینی، هەردوو ڕۆژەکە ئەکتەرەکان جارجارە دایالۆگیان لەبیردەچووەوە، بێگومان ئەمەش بۆ خۆی لەناو چوارچێوەی پرۆسەی شانۆییدا، دەبێتە بۆشاییەکی گەورەی گەڵاڵەکردنی نمایشێکی سەرکەوتوو.

(٦)

قسەکردنی جیاواز لە سلێمانی و هەولێر لەسەر ئەم نمایشە مانای بەجێهێڵانی شتێکە لە یادەوەریی بینەردا، ئەمەش لە کۆنەوە تا ئێستا پەیامی شانۆ بووە. ئەو گفتوگۆ چڕوپڕەی لە دانیشتنەکەی کاک دانا و ڕۆژی هەڵسەنگاندنەکەدا مانای ئەوە بوو نمایشی جددی جێگەی لەسەر وەستان و دایالۆگە، زۆربەی ئەو کەسانەش لە دانیشتنە ڕەخنەییەکەدا بوون جیاواز قسەیان دەکرد و هەریەکە لە ڕەهەندی تایبەتییەوە لەم نمایشەی دەڕوانی جیاوازیش لە ڕوئیا و بۆچووندا گەورەترین پەیامی هونەرە، بۆیە دەکرێت



ئێمە هەریەکەمان بۆچوون و ڕوئیای جیاوازمان بۆ ژیان و بۆ دنیا هەبێت، ئەم جیاوازییەش بگوازینەوە بۆ ناو هونەر و شانۆ پەیامێکی مرۆڤایەتییە لە ڕوویەکی ترەوە ئەو گەرموگوڕییە گەورەیەی لەنێوان هونەرمەنداندا هەبوو مانای بوونی خۆشەویستییە دوور لە تێڕوانینی حزبی و ئایدیۆلۆژی کە دەکرێت بەم جیاوازییانەوە ماڵە گەورەکەی هونەر ئاوەدانتر بکەینەوە جگە لەمەش ڕیکلام و بانگەشەیەکی فراوان لە هەموو دەزگا (T.V) و ڕادیۆکانی سلێمانی مانای خۆشەویستی و بەوەفایی نێوان هونەرمەندان دەبێت، ئیدی سەندیکای هونەرمەندان و یەکێتی هونەرمەندان، ستراتیژ و تەکنیکی ئیشکردنیان لەسەر ئەساسی ئەم تێڕوانینە داڕێژن، چونکە دەتوانن ئەو خۆشەویستییە گەورەی بینەران بەدەست بێنن، دەبێت ئیدی چۆن ئاڵوگۆڕی سیاسی لەنێوان سیاسەتکارانماندا هەیە لەنێوان هونەرمەندانیشدا هەبێت.

ئەوسا دەتوانین دنیایەکی هونەری دروستکەین لە ڕوئیا و لە بۆچوون و لە هونەری جیاواز، هەریەکەشیان چێژ و ئیستاتیکای جیاواز ببەخشێت...

## شانۆگەری ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ
## سەرەتای شانۆیەکی ڕەسەن و هاوچەرخی کوردە

محەمەد نزار

لەگەڵ کۆتایی هاتنی کەرنەڤاڵە شانۆییەکەی هەردوو هونەرمەند ئەحمەد سالار، ئەرسەلان دەروێش، ویستم هەروەک بەرهەمە شانۆییەکانی دیکەی کە دیبووم بۆ شەوی هەمان ڕۆژ لەسەری بنووسم، بەڵام سەیرەکە لەوەدابوو کە هەرچەندەم دەنووسی پاشان لێی پەشیمان دەبوومەوە و سەرلەنوێ دەکەوتمەوە نووسین، هەڵبەتە ئەو دووبارەبوونەوەی نووسینەش پتر بەو ئاڕاستە نوێیەی مامۆستا ئەحمەد سالار و ئەو شێوازە نائاساییەی دەرهێنانەکەی هونەرمەند ئەرسەلان دەروێشەوە بەسترابووەوە، چونکە لەنێوان کەڵە شانۆکارێکی وەک مامۆستا ئەحمەد سالار کە نەک تەنیا شوێن دەست و پەنجەکانی لەسەر شانۆی کوردی دیارە، بەڵکو بەبێ سێ و دوو بۆتە یەکێک لە ستوونە بنەڕەتییە سەرەکییەکانی شانۆی کوردی، تا ئەو ڕادەی کە بۆتە هێمایەکی ئاوێتە بوو لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی شانۆی کوردیدا، چونکە مامۆستا سالار لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی شانۆی کوردی، هاوچەرخییەکی بەردەوامی هەبووە بەبەرهەمە بەپێزەکانی و خاوەن ئەزموونێکی دوور و درێژە کە ڕاستەوخۆ بۆتە بەشێکی بنەڕەتی مێژووی شانۆی کوردی و لەنێوان هونەرمەندێکی لاوی بەتوانای وەک ئەرسەلان دەروێش کە گرفتی بەجەماوەرکردنی شانۆی کوردی کردۆتە ئەرکێکی سەرەکی و بەجۆرێکی ماندوو نەناسانە دەخوازێت ڕواڵەت و ناوەڕۆکێکی ڕەسەن و بەپێزی کوردەواری بەشانۆکەی ببەخشێت، زانیم کە نووسین لەنێوان ئەو دوو هێڵە شانۆییەدا کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە و پێویستی بەتێڕامانێکی قووڵ هەیە، چونکە (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) دوو قۆناغی شانۆیی گرتۆتە خۆی کە لە مامۆستای گەورەمان ئەحمەد سالار و برای بەتوانا و چالاکمان هونەرمەند ئەرسەلاندا بەرجەستە دەبن، سەرباری ئەوەی کە مامۆستا سالار و کاکە ئەرسەلان مەسەلەی هێنانە ئارای شانۆیەکی کوردی ڕەسەن و هاوچەرخییان کردۆتە ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانیان و بەردەوام و بێ وچان هەوڵی بۆ دەدەن، هەر ئەمەش وامان لێ دەکات کە زێتر سەرنج و هەڵوەستە بکەین لەبەردەم ئەم بەرهەمەی کە ئەو دوو هونەرمەندەی کۆکردۆتەوە.

هەرچەندە کۆبوونەوەی ئەم دوو هونەرمەندە بۆ یەکەم جار و دواجار نییە، بەڵام ئەوەی کە



وامان لێ دەکات هەست بەجیاوازتری لە (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف)ی لە قەڵەم بدەین، ئەوەیە کە پێگەیین و ڕەسیوی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی «ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ» بەئاشکرا هەستی پێ دەکرا، کاتێکیش کە نووسەرێکی شانۆیی بەئەوپەڕی توانا و دڵنیایی و باوەڕ بەخۆبوونەوە کارێکی درامی دەنووسێت و ئەزموونێکی دووردرێژی خۆی لە میانەیدا بەوردبینانە و لێهاتووانە بەرجەستە دەکات و دەیداتە هونەرمەندێکی بەئەمەک و چالاکی وەکو ئەرسەلان دەروێش (کە قوتابییەکی گوێڕایەڵ و ڕەسەنی شانۆی سالارە) ئەوا پێویستە لەسەرمان لە هەردوو لایەنی هاوکێشە شانۆییەکە، واتا ئەحمەد سالار و ئەرسەلان دەروێش بەوردی بکۆڵینەوە، لەبەرئەوەی کە دەیانەوێت (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) بکەنە سەرەتای ئەزموونێکی تازە لە شانۆی کوردیدا و هەموو بنەما ڕەسەنەکانی کوردەواری تێدا بنوێنن.

### ئەحمەد سالار: خەونەکەی بوو بەڕاستی

شانۆنامەی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) کە مامۆستا ئەحمەد سالار بەشێوازێکی ئاهەنگسازی لە دیوەخانێکی کوردەواریدا لە ڕێگای دەستەیەک لە ئاهەنگ گێڕانەوە دەگێڕدرێتەوە، هەوڵێکی جیددی مامۆستای گەورەمانە لە ڕێگای هێنانەدی ئەو خەونە بەردەوامەی بەو جۆرە شانۆییەوە، ئەوەیشی کە پتر سەرنجی ڕاکێشاین، ئەو بەکارهێنان و کەڵک وەرگرتنە (کوردانە) بوو لە نامۆبوونەکەی برێخت، چونکە لە دوای ئەزموونە بەپێزەکانی قاسم محەمەد و ئیبراهیم جەلال و عەونی کەرومی سەبارەت بەتەوزیف کردنی شێوازی نامۆبوونی برێخت لە بەرهەمە جیاوازەکانیاندا و هەوڵدانیان بۆ داهێنان و گۆڕین و هەمەوارکردن لە هەر گۆشەیەکەوە بۆیان لوێت، ئەمە بۆ یەکەمین جارە دەبینرێت کە شانۆکارێکی کورد زۆر بە (وەستایانە) لە شانۆ داستانییەکەی برێختدا قووڵ بوویێتەوە و تێڕوانینە درامییەکانی بەجوانی بکوردێنێ. لە ڕاستیشدا ئەگەر لە دیمەنە جیاوازەکانی بەرهەمەکەی مامۆستا سالار وردبینەوە، دەبینین کە نامۆبوونەکەی بەجۆرێک بەکارهێناوە کە لە زۆر کاتدا (بەتایبەتی لە ڕێگای شێوازی سەرکەوتووی دەرهێنانەکەی ئەرسەلان دەروێشەوە)... وەک مونتاژکردنێکی پسپۆڕانە دەهاتە بەرچاو، هەڵبەتە ئەگەر لە ڕەهەندی نامۆبوون لە شانۆنامەکانی برێختدا وردبینەوە، بەتایبەتی لە (سێ خواوەندەکەی زیچوان)(١) و (بازنەی تەباشیری قەوقازی) و (بۆنتیلا و پیاوەکەی ماتی)، دەبینین کە مەسەلەی نامۆبوون لەلای برێخت بریتییە لە بەرجەستەکردنی یاسا جیاوازەکانی

دیالەکتێکی ماددی، وەک کار و کاردانەوە و گۆڕانی چەندی بۆچوونی... تاد، کاتێکیش کەسێ خواوەندەکە لە شاری زیچوان لەگەڵ شانتی سۆزانیدا دەدوێن و ڕەهەندە مرۆییە ڕاستەقینەکانی مەسەلەکەیان بۆ دەسەلمێندرێت، دەبینین برێخت ئاوێتەکردنێکی لەنێوان ئەفسانەی (سێ خواوەندەکە) و لەنێوان واقیعدا (شانتی و دەوروبەرەکەی) ئەنجام دەدا و لە میانەی یاسای یەکێتی دژەکان (قانون وحدە الاضداد)ی دیالکتیکییەوە دیمەنە بازنییەکانی شانۆنامەکەی داڕشتووە، بەڵام دەشبێت چەند لایەنێکی گرنگی دیکەی شانۆ داستانییەکەی برێخت ڕەچاو بکەین، لەوانەش فراوان بوونی ڕەهەندەکانی نامۆبوون، واتە نامۆبوون تەنیا بەشێوازی نووسینی دەقە داستانییەکەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو ئەو لایەنە دەترازێنێت بۆ شێوازەکانی دەرهێنان و نواندنیش. مامۆستا سالار هەروەکو لە شێوازی نووسینی شانۆنامەکەیدا دەردەکەوێت، کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی برێخت و شانۆ داستانییەکەی بەسەرەوەیە، بەڵام ئەوەی کە دەبێت لە هەمان کاتدا بەوردی تێبینی بکەین، ئەوەیە کە سۆفی شانۆی کوردی ئەو کاریگەرییەی بەهەمان تێڕوانین و مامەڵەکردنە باوەکەی ناوەندە شانۆییە عێراقی و عارەبی و کوردی لای خۆمان نیشان نەدا، بەڵکو مامۆستا سالار ویستی لەمیانەی شێواز و تێڕوانینێکی تازەی جیاواز لەوانەی کە ئاماژەمان پێیان دا، ئەو کاریگەرییە بەرجەستە بکات، ئەوەشی لە شانۆگەرییە ئاهەنگسازییەکەی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ)، مامۆستا هەوڵی بێ وچانی بۆی داوە، هەر لەبەر هەمان شێوازی برێخت جۆرە ئاوێتەکردنێکی لەنێوان ئەفسانە و واقیعدا کردووە، ئەوا لە هەمان ساتدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەفسانەکەی مامۆستا ئەحمەد سالار دوو ڕەهەندی هاوتەریبی یەکتری لەخۆ گرتبوو:

یەکەمیان: خەوزڕانی شارێک و بەهۆی ئەوەش خەون نەمان و شێواندنی لێکدانەوەکان.

دووەمیان: لە دوای ئەو هەوڵە هەرەوەزییە بەردەوامەی ڕاکێشانی ئەو ماسییەی کە بووە بەتۆڕی کامەرانەوە، کەچی سەرئەنجام ئەو ماسییە لەناکاو دەبێتە کورگ.

هەڵبەتە ئەگەر هەوڵی دۆزینەوەی پێوەندی لەنێوان ڕەهەندی یەکەم و ڕەهەندی دووەمدا بدەین، ئەو کاتە واتا واقیعییە پڕ لە مەبەستەکەی سالار لە بەرکارهێنانی ئەفسانەدا ئاشکرا دەبێت، چونکە شانۆکاری کۆڵنەدەر ئەحمەد سالار گۆڕانی ماسییەکە بۆ گورگ، بەئەنجامێکی حەتمی خەوزڕانەکە دانابوو، یان بەواتایەکی دیکە هێڵە درامییەکانی ڕووداوە جیاوازەکانی ئەو شانۆنامەیە لە بوونی ماسی بەگورگدا، گەیشتە لووتکە، بەڵام



ئەوەی کە جێگای تێڕامانە مامۆستا سالار خەوزڕای بەردەوام (کە دیاردەیەکی فسیولۆژی تایبەت بەخودی ئادەمیزادە) و ئەو ئاکامە نەگەتیڤانەی کە لێی دەکەونەوە (خەون نەمان، شێواندنی لێکدان و پێوەرەکان) بەپاساوێکی درامی قەناعەت پێکار داناوە بۆ ئەفسانەی گۆڕینی ماسی بوو بەگورگ، هەرچەندە دەشکرێت لە گۆشەیەکی دیکەوە ئەو گۆڕانە بخوێندرێتەوە، چونکە شێواندنی پێوەرە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بەهۆی تێکچوونی هاوسەنگی پێوەندییە ئاساییەکانی نێوان خەڵکی شارەکە و دەسەڵاتەوە هاتۆتە ئاراوە و دەرئەنجامی گشتی ئەم شێواندن و تێکچوونە، ئاڕاستە ئاساییەکان (سروشتییەکان) بەرەو ئاڕاستە نائاساییەکان (ئەفسانە) دەبات، واتە ئەو گورگەی کە هاتە ئاراوە ئاکامێکی لۆژیکی تەداعی بوونی هۆ و هۆکارە دووبارەبووەکان بوو. مامۆستا سالار پێی وایە لە چاوەڕوانی نەگەتیڤانەی خەڵکی شارەکە لە بەرامبەر پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا، هۆکاری سەرەکی خولّقاندنی گورگ و دێو و درنجە، هەر ئەم مامەڵەکردنە تازەیە لەگەڵ بابەتی ئەفسانەدا، ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە خەمخۆری دێرینی شانۆی کوردی ویستوویەتی تیڕوانین و مامەڵەیەکی فیکری تازە لەگەڵ ئەفسانەدا بێنێتە ئاراوە و بەوەش تایبەتمەندی تێڕوانینی (سالاری) دیاری دەکات و لە تێڕوانینی کەسانی وەکو برێخت و قاسم محەمەد و هی دیکەش خۆی جیا دەکاتەوە، چونکە ئەفسانە لە سەرەتادا لای ئەوانە هەبووە و پاشان تەوزیف کراوە. بۆ نموونە سێ خواوەندەکەی زیچوانی برێخت هەر لە سەرەتای شانۆگەرییەکەدا دێنە ئاراوە و بەشداری لە پێکهاتن و داڕشتنی ڕووداوەکان دەکەن، بەڵام (ئەو ماسییەی بوو بەگورگ) لە دوای تەداعی بوونی کۆمەڵێک ڕووداوی جیاوازەوە هاتە ئاراوە، بەمەش مامۆستا ئەحمەد سالار تەوزیفێکی یەکجار واقیعییانەتری ئەفسانە لە کاری درامیدا دەکات و بەوپێیەش تایبەتمەندی و سەربەخۆ بوونی بیروبۆچوونی لەو ڕووەوە ڕادەگەیەنێت سەرباری ئەوەی ئەگەر لە شێوازی نووسینی شانۆگەرییەکە وردبینەوە، دەبینین مامۆستا ئەحمەد سالار توانیویەتی بەجۆرێکی پسپۆڕانە لە شانۆی داستانی برێختدا، مەرجەکانی داڕشتنی شانۆی داستانی بەجوانی ڕەچاو بکات، ئەمەش لە چەند خاڵێکی گرنگدا ڕەنگیان دایەوە کە دەتوانین لەمانەی خوارەوەدا گەلاڵەیان بکەینەوە:

١- بنیاتنانی کەسایەتی شانۆنامەکە نەک تەنیا بەپێی تێڕوانینی خودی برێخت، بەڵکو بەجۆرە ئیزافەکردنێک کە هەندێک جار لە داهێنانەوە نزیک دەبووەوە. بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە کەسایەتی پاشا و وەزیرەکەی و دادوەر بدەین کە نوێنەرایەتی هێڵی

نەگەتیڤی کارە درامیەکە دەکەن، دەبینین کە مامۆستا ئەحمەد سالار بەجۆرێکی گاڵتەجارِ و لەرزۆک و بێ بنەما بەرجەستەی کردوون و لە زۆر کاتیشدا جۆرە زێدەڕۆییەک لەو بەرجەستەیی کردنەدا بەدی دەکرا (تەنانەت هەندێک پێیان وابوو زێدەڕۆییەکی بێهودە بووە)، بەڵام لەڕاستیشدا شانۆی داستانی بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکان (بەتایبەتی لایەنی خراپ و نەگەتیڤ) پشت بەو شێوازە دەبەستێتەوە، پێشمان وایە مامۆستا سالار لەو زێدەڕۆییەدا دەیویست پەیامێک بەجەماوەر بگەیەنێت، سەبارەت بەبچووکی و بێ بەهایی دەسەڵاتی ناڕەوا لەبەردەم ئیرادەی خەڵکیدا، بەتایبەتی لە خستنەڕووی ورەی دارِماوی پاشا و وەزیرەکەی و لاوازبوون و نیگەران بوونی بەردەوامیان لەبەردەم ڕووداوەکاندا.

٢- لەکاتێکدا کە مامۆستا سالار جوولەی هێڵی پاشا - وەزیر - دادوەری بەجۆرێکی تاکرِەوی کە لە واقیع دابرِاوە، نیشان دەدا، زۆر بەوردی و بەپەرۆشەوە جەختی لەسەر جوولەی دەستەجەمی هێڵە پۆزەتیڤەکەی شانۆنامەکەی دەکرد.

٣- لە زۆربەی شانۆنامە داستانییەکان، کەسایەتی حیکاتخوان بەدی دەکرێت و هەمیشە وەک نمایندەیەکی کۆمەڵ یان ویژدانی مرۆیی یان شایەدێک قسە دەکات یان ڕاستییەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەوەی کە لە حیکایەتخوانەکەی ئەحمەد سالاردا بەدیمان کرد، جۆرێکی جیاوازبوو لەوانەی کە دیاریمان کردن، چونکە لە هەندێ دیمەنی گرنگ و چارەنووسسازی شانۆگەرییەکەدا، ئاهەنگگێڕان نەک تەنیا قسەیان بەحیکاتخوان دەبرِی و بواریان پێنەدەدا کە ڕێچکەی ڕووداوەکان بەو جۆرە بڕوات کە ئەو دەیخوازێت، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا دەیانویست ئاڕاستەی ڕووداوەکان لەلای خودی کۆمەڵ و بینەرانەوە دوابڕیاری لەسەر بدرێت، ئەمەش دەتوانین بەخاڵێکی داهێنان بۆ مامۆستای گەورەمان دابنێین.

٤- کەسایەتی سەرەکی هێڵی پۆزەتیڤی شانۆگەرییەکە، کە کامەرانی ماسیگر بوو، مامۆستا ئەحمەد سالار ڕەچاوی دوو ڕەهەندی گرنگی تێداکردبوو:

أ- لە کارە گرنگ و چارەنووسسازەکاندا دەبووە یەکێک لە خەڵکی و تایبەتمەندییە خودییەکانی لە دەست دەدا. بۆ نموونە لە کاری تۆڕی ماسی ڕاکێشانەکەدا کە لە خودی خۆیدا دیمەنێکی ڕەمزی پڕ لە واتا و پەندی جیاواز بوو، کامەران بووە یەکێک لەو کەسانەی کە ئەو تۆڕە ڕادەکێشن و بەمەش دەیویست ڕەهەندی نائاسایی یان بەوشەیەکی



ڕوونتر (سوپرمان)ی لە کەسایەتی سەرەکی لەو جۆرە حاڵەتە گرنگانەدا وەربگرێتەوە و ڕاستی و بنچینە ئاسایی و سروشتییەکەی مەسەلەکە ئاشکرا بکات.

ب- کامەران کەسایەتی یەکجار ئاسایی بوو، واتە هیچ جۆرە ڕەهەندێکی نائاسایی یان دەستکردی تێدا نەبوو، بەم پێیەش سالار دەیەوێت سەرنجمان بەلای حاڵەتە گشتییەکەی خەڵکدا ڕابکێشێت، بەڵام ئەوەی کە لە هەموو ئەمانەش گرنگتر و جێگای تێڕامانە، ئەوەیە کە مامۆستا سالار لەو دەقەیدا و لەناوجەرگەی دیوەخانێکی ڕەسەنی کوردەواریدا، بەشێوازێکی پڕ لە واتای واقیعی ئەمڕۆی کوردستان دەخاتە بەر لێپرسینەوە و بانگەشەیەکی یەکجار ڕاشکاوانە دەکات کە هەموومان تا دەتوانین ئەم ئەزموونە بپارێزین و ڕێگا لەوە بگرین کە جارێکی دیکە پەنابەرینەوە بۆ (وەیس) کە شاخەکانی کوردستانە!

مامۆستا سالار توانی لەم بەرهەمەیدا بۆ هەموومان بسەلمێنێت کە ئەرکەکانی دیکەی، هەرگیز نەیانتوانیوە لە گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی لەمیانەی شانۆی کوردییەوە ساردی بکەنەوە یان پەکی بخەن، سەرباری ئەوەی کە بەرهەمەکە ئیزافەیەکی تازەی پڕ لە ئومێد و شانازی بوو بۆ مێژووی شانۆی کوردی، چونکە لەم کارەیدا بەڕوونی سەلماندی کە ئاسۆی ئەقڵییەتی شانۆکاری کورد زۆر فراوانە و توانای ئیزافەکردن و داهێنانی لە ڕێبازە شانۆییە تازەکانیشدا هەیە.

## ئەرسەلان دەروێش: من چیام

لەوانەیە کاک ئەرسەلان تۆزێک لێمان زویر بێت ئەگەر ڕێگە بەخۆمان بدەین کە پێی بڵێین کوڕە نەسرەوت و هاروهاجەکەی شانۆی کوردی! چونکە بەڕاستی سەلماندی کە گیانی یاخیبوون و چاوێکی نەترس و باوەڕێکی یەکجار لە ڕادەبەدەری بەخۆی هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە چاوەڕوانی شتی تازە و داهێنانمان لەم (کوڕە نەسرەوتە) چالاکە کردووە، بەڵام هەرگیز چاوەڕێی ئەوەمان نەدەکرد کە لە (گۆرانی تەنیایی)یەوە بازێکی لەم جۆرە بدات و هەموو پێشبینی و بۆچوونەکانمان بگۆڕێت، چونکە بەم ئەزموونەی دەرهێنانی شانۆگەری (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ)، لاوە خوێن گەرمەکەی شانۆی کوردی توانی خۆی لە چوارچێوەی ئەو دەرهێنەرانەدا دەربکات کە تەنیا خەریکی ئیلتیزامێکی دەقاودەقن بەئەلفوبێی ئەم ڕێباز و ئەو قوتابخانە شانۆییە ئەرسەلان دەروێش لەم هەوڵە بوێر و گیانبازییەیدا، (گینۆس ناڤیۆس)ی(٢) شانۆی ڕۆمانی هێنایەوە یادمان، کاتێک کە کەوتە گیانی بنەماکانی شانۆی یۆنانی و بەدرێژایی ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو و

لەمیانەی چەندین بەرهەمەوە، توانی ڕواڵەت و بنەما یۆنانییەکە نەهێڵێ و بنەمایەکی سەرتاپا ڕۆمانی کرد بەبەردا، لەڕاستیشدا هەموو کارێکی تازە یان بەوشەیەکی ئاشکراتر، هەموو داهێنانێک پێویستی بەگیانێکی بوێرانە و چاوێکی نەترس هەیە، چونکە بەرەنگاربوونەوەی بنەما و چوارچێوە ئاساییەکان کارێکی ئەوەندە سادە و ساکار نییە و لەوانەشە ئاکامی یەکجار خراپی بەدواوە بێت، بەڵام دیارە ئەرسەلانەکەی کورد ئەوەندە خوێنی هاتۆتە قوڵییدان تا ئەو ڕادەیەی کە بێ سێ و دوو خۆی لە قەرەی ئەزموونێکی تازە و یەکجار جیاواز بدات، چونکە ئەگەر تەماشای شانۆ بازنەییەکەی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ)مان بکردبایە، ئەوا بۆمان دەردەکەوت کە شانۆیەکی لەو جۆرەی لە شوێنێکی وا تەسکدا (هۆڵی دەزگای شەهید) و ئەو ژمارە گەورە ئاهەنگساز و ئاهەنگگێڕانەی کە لەو شانۆگەرییەدان و سەرباری دیکۆری پەرشوبڵاو، کارێکی ئەوەندە سادە و سانا نییە تا وەک شانۆ ئاساییەکانی دیکە کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام ئەرسەلان دەروێش توانای نائاسایی خۆی لەو بوارەدا بەجوانی بەرجەستە کرد، بەتایبەتی کاتێک توانی فیستیڤاڵێکی شانۆیی تازە و سەرنج ڕاکێش لە ناوەڕاستی دیوەخانێکی کوردەواری یەکجار قەشەنگدا پێشکەش بکات.

هەڵبەتە شێوازی جوولەی تاکەکان لەلایەکەوە و جوولە بەکۆمەڵەکان لەلایەکی دیکەوە، هەماهەنگییەکی بێ هاوتای نیشان دا کە لەڕاستیشدا بەتابلۆیەکی سەرتاپا بە ئیستێتیکییەت ڕازاوە دادەنرا. ئەرسەلان دەروێش هەروەک دیاربوو زۆر بەجوانی لە دەقە برێختییەکەی (پیری) شانۆی کوردی تێگەیشتبوو، هەر بۆیە لە گۆشەیەکی بوێرانەوە گیانێکی پراکتیکییانەی کردە بەر دەقی شێخی تەریقەتەکەیدا و بەئەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە شان بەشانی یەکێک لە چیا مەزنەکانی شانۆی کوردی (کە مامۆستا ئەحمەد سالارە) وەستا.

ئەم بۆچوونەشمان ڕایەکی سەرپێیانە و ڕەمەکی نییە، بەڵکو لەسەر چەندین بنچینەی جیاواز تەنراوەتەوە کە بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- هەروەک ئاماژەمان دا بەشێوازی نووسینی شانۆنامەکە کە سەرتاپا داستانی بوو، ئەرسەلان دەروێش پەرەی دا بەڕەهەندە داستانییەکەی دەقەکە لە ڕووی دەرهێنانەوە، هەر بۆیە لە پێناو ئەو کارەشدا، لەنێوان دیمەنەکانی شانۆگەرییەکەدا پارچە مۆسیقا و گۆرانی جۆراوجۆری ئاخنیبوو، بەمەش توانی مەسەلەی نامۆبوون لە دەروازە



فراوانەکەوەی بخاتەڕوو، چونکە ئەو مۆسیقا و گۆرانییانە هیچ جۆرە پێوەندییەکیان بەڕووداوەکانەوە نەبوو (جگە لە سروودە بەکۆمەڵەکان و گۆرانی بابچینە سەر وەیس نەبێت) ئەمەش لەخۆیدا مەسەلەی پچڕاندنی تەرکیزی بینەری بۆ سەر ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکەی جێبەجێ دەکرد.

٢- ئەرسەلان دەروێش کەڵکێکی ئەوتۆی لە دیکۆر و سینۆگرافیا و ڕووناکی دەنگ و مۆسیقا وەرگرت بۆ قووڵکردنەوەی ڕەهەندی داستانی شانۆگەرییەکە، بەتایبەتی ئەرسەلان لەکاتی نمایشکردنی دیمەنەکاندا پتر ڕووناکییەکی چڕ و تاریکتری بەکار دەهێنا، بەڵام لەکاتی گۆرانییەکاندا (کە ئیزافەیەکی خۆی بوو ڕووناکییەکی ئاسایی بەکار دەهێنا، هەڵبەتە بەلەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی دەروونی تاریکی و ڕووناکی و کاردانەوەیان بۆ سەر بینەر، ئەوا ئەوکاتە لە ڕاستی گەیشتنی کاکە ئەرسەلان بەخودی نامۆبوونەکەی برێخت تێدەگەین، هەڵبەتە ئەگەر ئەوەش بڵێین کە نەخشەی دیکۆر و ڕووناکی لە ئەستۆی ئەرسەلان دەروێشدا بووە، ئەوا ئەوکاتە لە ئاستی ئەرک و ڕەنجی تێدەگەیشتین.

٣- ئەرسەلان دەروێش ویستی لەم ئەزموونە نوێیە گرنگەیدا وەک داهێنەرێک ڕۆڵ و تایبەتمەندی خۆی لە لایەنەکانی دیکەی جێبەجێکردنی بەرهەمەکە جودا بکاتەوە، کاتێک کە کاریگەرییەکی یەکجار دیاری خۆی نەک تەنیا لە دیکۆر و ڕووناکیدا بەجێ هێشتبوو، بەڵکو تەنانەت لە وردەکارییەکانی نواندنی تاکەکانەوە تاوەکو پرۆسەی هاوسەنگەکانی جوولە بەکۆمەڵەکانی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بوو. هەرچەندە زۆر لەوانەی کە لەگەڵ ئەرسەلاندا کار دەکەن گازندەی ئەوەی لێ دەکەن کە بوار بەکەسانی دیکە نادات خۆی لە هەموو شتێکدا (هەڵدەقورتێنێت)، لەڕاستیشدا دەرهێنان کە خولڵقاندن و بنیاتنانی کەرەستە خاوەکەی شانۆیە (دەقەکەش نوێیە)، پێویستی بەوە هەیە کە دەرهێنەر بەدوای هەموو درێژ دادڕینەکاندا بڕوات، چونکە ئەو نمایشە لەکۆتاییدا بەتێڕوانینی دەرهێنەر دادەنرێت، کاتێکیش کە ئەرسەلان دەروێش ئەم ڕاستییەی لە مێژەوە زانیوە، ئەوا گومان نییە لەوەدا کە زۆر بەپەرۆشەوە هەوڵ دەدات کە تێڕوانینەکەی دەرئەنجامی کارێکی تیۆری و پراکتیکی خودی خۆی بێت، هەر بۆیە لەم شانۆگەرییەشدا و لەمیانەی ئەو بەرجەستەکردنە دەقاودەقەی کارە درامییەکەی مامۆستا سالار و ئیزافانەی کە ئاماژەمان پێیان دا، کاک ئەرسەلان سەرکەوتوو بوو لە ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ئەو ئەرکەی کە پێی سپێردرابوو.

### لەبەرچی شانۆی ئاهەنگسازی؟

لەوکاتەی کە هەموو دڵخۆش دەبین بەنمایشکردنی سەرکەوتووانەی شانۆگەرییەکی سێرڤانتس یان شکسپیر یان برێخت یان بیتەر برۆک، ئەوا نەک تەنیا دڵخۆشتر، بەڵکو شانازیش دەکەین کاتێک کە بەرهەمێکی شانۆیی نمایش بکرێت و تێڕوانینێک و مامەڵەیەکی کوردانەی لەگەڵدا ئەنجام درابێت و شتێکی تازە هاتبێتە ئاراوە کە زادەی هزری شانۆکاری کوردە.

شانۆی ئاهەنگسازی مامۆستا ئەحمەد سالار، هەوڵێکی یەکجار جددی و یەکلاخەرەوەیەتی لەپێناو ڕزگارکردنی شانۆکارانی کورد لە نمایشکردنی داهێنانی شانۆکارانی گەلانی دیکە، بەمەش دەیەوێت تایبەتمەندی شانۆی کوردی ڕابگەیەنێت، بەتایبەتی شانۆی ئاهەنگسازی سالار-ی ئەمجارە سەربووردەکانی لەناو دیوەخانێکی کوردەواریدا دەگێڕدرایەوە، بەهۆی ئەوەش کە ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە باسی لە گیروگرفتەکانی ئێستامان دەکرد، ئەوا دەتوانین بڵێین کە مامۆستا سالار ئەو دروشمە دێرینەی (لەپێناو شانۆییەکی کوردی ڕەسەن و هاوچەرخ)دا بەجوانی بەرجەستە کردووە، چونکە شێوە ڕەسەنە کوردەوارییەکە (دیوەخانەکە). ناوەڕۆکی بابەتی شانۆگەرییەکە کە پەیوەست بوو بەگیروگرفتەکانی ئێستای گەلی کوردەوە، هەردوو ڕەهەندی ڕەسەنایەتی و هاوچەرخییەتی لە شانۆگەرییەکەدا فەراهەم دەکات، ئەم هەنگاوە بوێرە بێ وێنەیەی مامۆستا سالار، جارێکی دیکە هەموو هیوا و خواستەکان زیندوو دەکاتەوە بۆ هێنانە ئارای ئەو شانۆ کوردییەی کە جێگای مەبەست و ئامانجمانە و لە هەمان کاتیشدا کۆتاییەک بەقۆناغی سستی و قەیرانی شانۆی کوردی دێنێت، چونکە کە دەڵێین قەیران یان سستی، بەواتای ئەوەیە کە داهێنان و چالاکییەکی ئەوتۆ لەئارادا نامێنن، بەڵام پێم وایە، بەرهەمێکی نائاسایی و سەرکەوتووی وەک (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) هەموو پێوەرە ئاساییەکانی ئەو شانۆییەی کە جاران هەمان بوو ترازاند و کۆمەڵێک چەمکی تازەی هێنایە کایەوە کە ئەرکی سەرشانی هەموو بەدواداچووانی شانۆی کوردییە کە بەوردی لێیان بکۆڵنەوە و بەلاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی شانۆی کوردی دابنێین، چونکە ئەمڕۆ بەدڵنیاییەوە باوەڕمان بەخۆمان هەیە ئەگەر شانۆکارانی وڵاتانی دیکەی جیهان سەردانمان بکەن، ئەوە شانۆیەکی کوردی تەنراو بەتایبەتمەندییەکانی ئەم گەل و خاکە دەبینن و ئەوکاتەش شانۆی کوردی لە حاڵەتی پاشکۆبوونی بێدەسەڵاتییەوە بۆ هاوتا و شان



بەشانی شانۆکانی دیکەی ناوچەکە و جیهان، بوونی خۆی دەسەلمێنێت. ئێمە پێمان وایە ئەم بەرهەمە ئەوەندە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە کە ناکرێت وەک زۆر بەرهەمی ئاسایی دیکەی شانۆی کوردی بۆ، بڕواندرێت و لە هەمان کاتیشدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە لەم بەرهەمەدا بنەمای شانۆیی تازەی تێدایە، سەرباری گۆڕین و هەمواركردنی چەندین بنەمای شانۆیی ناسراوی ڕێبازێکی شانۆیی وەک داستانییەکەی برێخت.

### ئاهەنگگێڕان: ئێمە کەرستە بنەڕەتییەکە بووین!

من ڕووی قسەم ناکەمە ڕۆڵی کامەران کە مامۆستای گەورەمان نواندی، چونکە ئەوەندە سەرکەوتوو بوو لە بەرجەستەکردنیدا تا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانم بڵێم قەرزاریشی کردین! بەڵام زۆرمان پێ خۆش بوو کە ڕوو لە سێ ئاهەنگگێڕ بەتایبەتی بکەین کە عەبدولقادر مستەفا (پاشا) و ڕزگار سدیق (دادوەر) و جەلیل سەعید (وەزیر)ە، چونکە ئەم سێ ئەکتەرە توانییان کەسایەتی سێ لایەنی دەسەڵاتدار بەشێوازی برێختی گاڵتەجاڕ و ڕسوا بکەن. ئەکتەری ناودار و چالاک عەبدولقادر مستەفا بەهۆی ئەو منگنییەی زمان و تەتەڵەکردن لە هەندێ کاتدا، پاشای کردە مزەی پێکەنین و گاڵتە پێکردن، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ئاستە بەرزەی کە نیشانی دا لە نواندندا، ئەکتەری لاویش جەلیل سەعید توانی دیاردەی پاشکۆ بوون و ماستاو خاوکردنەوە بەجوانی بنوێنێت. لە ڕاستیشدا ئەوەی کە جێگای سەرنج بوو، پاشا چەند خاووخلیچک بوو، وەزیر ئەوەندە چوست و چالاک بوو، لەمەشدا ڕاستی پووچەڵ بوونی دەسەڵاتی ناڕەوا لە بەرزترین ئاستدا کە پاشایە دەردەکەوێت، چونکە پاشای جێبەجێکار وەزیرە کە ئەمیش خۆی کردۆتە سایەیەک لەژێر دیوارێکی وەهمیدا.

ئەکتەری بەتواناش ڕزگار سدیق توانی لاوازی و بێدەسەڵاتی گرنگترین بنەمای دەسەڵات نیشان بدات و لەمیانەی دەنگێکی لاواز و لەشێکی گرژبووەوە و ڕوخسارێکی بێ دەربڕینی مرۆییەوە، کەسایەتی ئەو دادوەرە گاڵتەجاڕەی نواند، بەڵام کە ئێمە ئەو بایەخە دەدەین بەو سێ کەسایەتییە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە خاڵە حەمە (عەباس ژاژڵەیی) بەو هەموو ڕەنجەی کە دای لە نواندنی ڕۆڵەکەیدا لەوانی دیکە کەمتەرخەمتر نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە توانی بوونی خۆی لەنێو دیوەخانەکەی ئەحمەد سالار و ئەرسەلان دەروێشدا بسەلمێنێت. ئەوەی جێگای ستایش و ڕێزلێنانی تایبەتیشە خاتوو (کۆچەر نووری)یە کە ڕۆڵی (خەجاو)ی گێڕا و بەسەر توانا ئاساییەکانی خۆیدا

سەرکەوت و شان بەشانی کامەران بوونی خۆی سەلماند. شەهلا محەمەد (داپیرە) و نهایەت عوسمان (ئافرەت) هەردووکیان ڕۆڵی خۆیان بەباشی نواند. کاک سەردار شێخ سدیق، حیکاتخوانێکی باش بوو ئەگەر ئەرسەلان دەروێش بیویستبایە، بەڵام دیارە لەگەڵ ئەوەی کە بووە قوربانی بەرجەستەکردنی تێڕوانینی دەرهێنەر، تا ئەو ئاستەی کە پێویستە ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ کرد، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئاستی لە شانۆگەرییەکەدا باش بوو...

پەراوێزەکان

(١) ئەو شانۆگەرییەی برێخت، ناوە ڕاستەقینەکەی (سێ خواوەندەکەی زیچوانە)، بەپێی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی لە زمانی ئەڵمانی بۆ سەر زمانی کوردی لەلایەن د. نامۆوە، بەڵام تا ئێستا چاپ نەکراوە.

(٢) تأریخ تئاتر جهان، اسکار –گ– براکت، جلد اول، تئاتر ڕومانی.



## کۆتەڵەکەی ئەحمەد سالار لەناو ماچ بارانی عاشقانیدا

حەمید ڕێبوار (سلێمانی)

نامەوێ باسی پەیامە فێرکاری و ئاکارییەکانی شانۆ بکەم، یاخود بمەوێت ئەرکەکان و ئامانجەکانی دەستنیشان بکەم، کە بەرۆحێکی زانستییانەوە دەیەوێت چێژێکی هونەری و عەقڵی بەدەست بهێنێت، بەقەد ئەوەی لێرەدا و لەم نمایشەی هونەرمەندی گەورە مامۆستا (ئەحمەد سالار) لەو دوو ڕۆژەی (٩-١٠/٧/٢٠٠١) خرایە بەر دیدی جەماوەری شاری سلێمانی پەیت بخەمە سەر دواندن و بەدوو هێنانی بینەرانە. بەڕاستی لەم ڕووەوە مامۆستا ئەحمەد لە نمایشەکەیدا سەرکەوتووانە ئامانجی خۆی پێکا و گۆڵی خۆی کرد. لەبەرئەوە دەڵێم ڕادەی ئامادەبوونی وەرگران و ئاستی هوشیارییان سەنگی مەحەکە و باشترین پێگەیەکی جەماوەریمان بۆ هونەری شانۆ پەیداکرد، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی، بەڵام پاش ڕاپەڕین لە سەرەتای نەوەدەکانەوە لەجیاتی ئەوەی ئەو جەماوەرە فراوانەی شانۆ بپارێزین و زیاتر پەرەی پێ بدەین، کەچی بەپێچەوانەوە ئەو ئامادەبوونە ناوازەیەمان لە دەست دا. ڕاستە دوو چەشنە بینەر هەن دێنە ناو هۆڵی نمایشەکانی شانۆوە. جۆرێکیان بینەری سادە و ساکارن، تەنیا بەمەبەستی خۆشی و چێژ وەرگرتن هاتوچۆی شانۆ دەکەن. ئەمانە زیاتر ئامادەبوونیان لە نمایشە بازرگانییەکان دایە، لەو شانۆگەرییانەی هیچ مەبەستێکی هونەری و مەعنەوی بەدواوە نییە، جگە لە تەهریج و پێکەنینی بێ سوود و پارە نەبێت. جۆرەکەی دیکەیان لە بینەری هوشیار و ڕەخنەگر پێک هاتوون، ئەم جەماوەرەش جەماوەری دەستەبژێرن (جمهور النخبة)، دەیەوێت شت فێر بێت، لە کێشەکانی کۆمەڵ بگات، حاڵەتە مرۆییەکانی مەبەستە، لە هەمان کاتدا ڕەخنەش دەگرێت و ڕەهەندەکانی مەدلوول و فەزاکانی شانۆ شیتەڵ دەکاتەوە. ئەمەش لە شانۆگەرییە چوستەکاندا دەست دەکەوێت.

بۆیە دەتوانین (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف) لە جۆری دووەمدا پۆلێن بکەین. جا وەکو دەڵێن ئەوەی نەخشی هێنا هەزاران جار پیرۆزی بێت گەرچی کاری شانۆییش بەری تەنیا عەقڵێک نییە - هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم شانۆگەرییە زۆرن، نامەوێ باسی هەموویان بکەم، چونکە زۆری دەوێ، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە لە هەموویان گرنگتر و سەرنج ڕاکێش بووە، بەیەکگەیشتنی هەردوو کەسایەتی دەرهێنەر و ئەکتەر سەرەکی

شانۆگەرییەکە بوو. دەرهێنەر هونەرمەندی بەهرەدار (ئەرسەلان دەروێش) قوتابی دوێنێی پاڵەوانی سەرەکی مامۆستا (ئەحمەد سالار) مایەی دڵخۆشییە ئەو ڕۆحییەتە هەبێت لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا. مامۆستا بەڕۆحێکی وەرزشکارانەوە گوێڕایەڵی ڕێنماییەکانی قوتابی دەرهێنەر بێت. بەڕاستی دوالیزمێکی هونەرییانەی قەشەنگیان پێک هێنا. هەر ڕۆحیەتی هاوکاری ئەو دوالیزمە بوو وای کرد نمایشەکە بەو ئەنجامە بگات و ئامێزی خۆشەویستی جەماوەریان بۆ بکرێتەوە دوا دیمەن لە دەرەوەی نمایشدا لە جوانترین وێنەدا، دیمەنی ئەمەک، وەفا بەدەست ماچکردنی مامۆستا لەلایەنی قوتابییەوە کۆتایی هات. دوالیزمی (دەرهێنەر ئەکتەر) بەسوود وەرگرتن لە ئەزموون و توانای ئەکتەرانی دی ئەم دەقە خۆماڵییەیان گەیاندە دۆخی پاگژبوون (التطهیر)، کە ئەرکێکی دی کاری شانۆییە بۆ حاڵەتێکی دەروونی، پێویستە هەر دەقێک و نمایشێکی شانۆیی پێی بگات.

ئەرستۆ بەو بارە دەروونییە دەڵێ (کاثرکیس) واتا: پاگژبوونەوەی دەروونی مرۆڤ لە گوناه و خراپەکارییەکان دەرکەوتەی ئارەزووبازی ئەویش بەخستنەگەڕی دوو سۆزی سەرەکی (سۆزی بەزەیی و سۆزی ترس).

بۆیە بەدەستهێنانی دۆخێکی وەها لە ڕووداوێکی مێژووییدا وەکو شەهیدبوونی شاعیری جوانەمەرگ (ئەحمەد موختار جاف) لە هەڕەتی لاویدا و لە بارودۆخێکی نادیاردا ماندووبوونێکی زۆری دەوێ و پێویستی بەکارێکی ژیرانە و چالاک هەیە، بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمدا فۆرمەڵە بکرێت. (ئەحمەد سالار) دەیەوێت پێمان بڵێت ئەحمەد موختار هەرچەند شەست و ئەوەندە ساڵە بەجەستە نەماوە، بەڵام بەڕوح هەر لەناوماندایە... ئەحمەد موختار نامرێ... هەتا هەتایە هەر دەژی... هەر زیندووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نوێتر دەبێتەوە. بەپێی ڕێسای دوونای دوون (تناسخ الأرواح) ڕەنگە لە جەستەی یەکێکی دیکەدا بێت. (ما ننسخْ من آیةٍ أو ننسها نأتِ بخیر منها أو مثلها) باشە بۆ ئەو ڕوحە لە جەستەی (ئەحمەد سالار) خۆیدا نەبێت، هەمان ناوی هەیە... وەکو ئەو شاعیرە و بەپێی ئەوەی بڕوایەکی پتەوی بەجیهانی ڕوح و ڕۆژی زیندووبوونەوە هەیە و عاشقێکی دیوانەی ڕێبازی سۆفیگەرییە.

بۆیە دەبینین دانەر هەر بەئەحمەد موختارەوە نەوەستاوە، بەڵکو دوو ڕووداوی دیکەی لە کەلەپووری نەتەوەیی و ئیسلامی هەڵهێنجاوە و تێهەڵکێشی کردووە بەڕووداوێکی سەرەکی هاوچەرخەوە.



(عەباسی جزیری و لە سێدارەدانی حوسێن مەنسووری هەللاج) ئەمە سەرباری عیشقی بێ کۆتایی نالی بۆ حەبیبە و خاکی پیرۆزی وڵاتی شارەزوور. مانی ڕوحی ئەحمەد موختار جاف و تازەبوونەوەی مانی دەنگی میللەتە... تازەبوونەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە... ئەگەر سەرکردەکانی دوێنێ جوامێرانە ڕۆڵی خۆیان بینی و ڕۆیشتن، ئەوا ئەمڕۆ سەرکردەی گەنج و لاوی خوێن گەرم هاتۆتە مەیدان، گڕوتین و گەشە دەدات بەبزووتنەوەی نەتەوەییمان.

گومان لەوەدا نییە ئەو ڕووداوە مێژووییانە هەردەم لە ویژدانی هەر کوردێکی خاوەن هەستە و بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت لێیان دابڕێت، بەتایبەتی لەم قۆناغە ناسکەدا کە دەمانەوێت ناسنامەی خۆمان بپارێزین و بگەین بەکیانی نەتەوەیی ڕەوای خۆمان. لەبەرئەوە هونەرمەندی ڕاستەقینە و بەهەڵوێست دەبێ سروشت لە کەلەپوور وەربگرێت و لەتەک ڕووداوەکانی سەردەمدا یەکانگیری بکات و ئەزموون و دانەی لێ وەربگرێت ژیرانە بیگونجێنێت و هاوتەریب و بەئەرکی بهێنێت. دیارە دەبێ جەختیش بکاتە سەر بەها جوانکاری و دەروونی و هزرییەکان وەکو پێشتر گوتم من وتارەکەم زیاتر لەسەر دوان و بەدووهێنانی جەماوەرە، چەمکەکانی جوانکاری و هونەری هەڵدەگرم بۆ وتارێکی دیکە. هەر هونەرێکیش بیەوێت هەستی جەماوەر ببزوێنێت و بۆ لای ڕاکێشیانی بکات بەتایبەتی لە گرینگترین کاری هونەریدا ئەویش هونەری شانۆیە، ئەوا دەبێ متمانە بەچەند ئامرازێک ببەستێت، تابتوانێت گوزارشت لە ڕەهەندەکانی بکات و بینەران بخاتە ئەوپەڕی پلەی هەستیارییەوە، چونکە ئەوەی وەرگر وەری دەگرێت دەکەوێتە سەر ئاستی هەستکردن بەهەست و سۆز و چەمکەکان... دەکەوێتە سەر پلەی خاوەندارێتی ڕۆشنبیری بینەر خۆی یان ڕادەی شارەزابوونی چەندە لەمەڕ بارە مرۆییەکان؟ بۆ ئەوەی بتوانێت تای تەرازووی لاسەنگ هاوتا بکات، بەتایبەتی ئەگەر لاسەنگییەکە بکەوێتە نێوان ناوەوە و دەرەوەی خودی مرۆڤ خۆی، پاشان دەبێت لە خود و دەوروبەریشی بگات. پێ دەچێ بەدیهێنانی ئەم حاڵەتەش کارێکی زۆر سانا نەبێت، ئەمە سەرباری چالاکی و چوستیە هونەرییەکان کە پێویستیان بەشالاوی ڕاگەیاندن هەیە (لە بڵاوکراوەکان و دەزگاکانی بیستن و بینین) تا سەودا بۆ چەشنی شانۆگەرییەکە پەیدا بکرێت و بنکەیەک بۆ جەماوەرەکەی دروست بکرێت. لە هەمان کاتدا دەبێت پشتگیری دەسەڵاتێکیشی لەپشتەوە بێت چ لە ڕووی ماددیەوە بێت یاخود لە ڕووی مەعنەویەوە، دەنا کارەکە مەیسەر نابێت، یاخود لە ڕێی بنیاتنانی هێڵەکانی تایبەت بەشانۆوە ئەم ئەرکە بخرێتە

گەر وەک کردنەوەی پەیمانگا و ئەکادیمیا هونەرییەکان. هەروەها ڕەخنەش دەبێ ڕۆڵێکی بابەتییانە و بنیاتنەرانەی هەبێت، بۆ پەرەپێدانی هونەری شانۆ لەلایەک و بەرزکردنەوەی هوشیاری جەماوەر و خۆشەویست کردنی ئەم هونەرە لەلایەکی دیبەوە، تا دەگاتە ئەوەی شانۆی بازرگانی تەنیا مەبەست چێژ و نزم لە شانۆ چوست و چالاک جیا بکاتەوە واتا ڕۆڵێکی ڕەخنەگرانە لە ئاست ئەم هونەرە ببینێت.

تیپی شانۆی سالار لەوەتەی دروست بووە، هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە ئەو پەیامە نەتەوەییەی هەڵگرتووە و توانیویەتی جەماوەرێکی بەرفرەی تایبەتیش بۆ خۆی دروست بکات. بەتایبەتی دەقە هەڵبژێردراوەکانی هەموو دەقی خۆماڵین و زۆربەی هەرە زۆریشی لە نووسینی مامۆستا (ئەحمەد سالار) خۆیەتی. دەتوانم بڵێم تیپی سالار بووەتە قوتابخانەیەک یاخود ئەزموونگەیەک تیایدا توانیویەتی پانتاییەکی فراوان بۆ خۆی برەخسێنێت و لە سنووری دیار و باو (المألوف) دەربچێت، خەون و خەیاڵەکان بهێنێتە دی و ڕەوتی ئاهەنگسازی بهێنێتە ئارا. ئەم تیپە تەنیا ڕابردوو ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو بەگەرمترین شێوە دەیخەملێنێت و دەڵێت: دەبێ لەگەڵ سەردەمدا ئاوها بێت، لە فەزایەکی جیاواز و نوێ و سەربەخۆدا هەناسە دەدات.

– دوور لە پەردە و دیکۆر و ئەندازەی ئیتاڵی – هەڵسوکەوت دەکات، کە زۆرجار ئەم عولبەی ئیتاڵییە ئەو فەزایانە بەرتەنگ دەکات و بەها هونەرییەکان و ستاتیکای ئەفراندن دەکوژێت.

لە کۆتاییدا نامەوێت ناوی کەس لە ئەکتەرەکانی بهێنم، چونکە هەر هەموویان لە ئاستی بەرپرسیندا بوون، دەستی یەکە بەیەکەیان دەکوشم و بەهیوای سەرکەوتن و داهێنانی دی...



## شانۆی سالار لە کۆتەڵە شانۆییەوە بۆ شانۆی دیوەخان

لوقمان غەریب

هاوینی ساڵی ڕابردوو، تیپی شانۆی سالار لە درێژەی ئەزموونە شانۆییە ئەفرێنەرەکانی خۆیدا، لە هەردوو شاری هەولێری پایتەخت و شاری سلێمانی کۆتەڵە شانۆییەکی نوێی بەناوی کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف نمایش کرد. ئەو نمایشە جیا لەوەی کە خولقاندنی تەرزێکی نوێی شانۆ و بەرجەستەکردنی فۆرم و ستایلێکی نوێ بوو لە هەمان کاتیشدا شڵەقانێکی گەورەبوو لە گۆمی مەنگی شانۆی کوردییدا، چونکە جگە لە ئاشت کردنەوەی جەماوەری شانۆ بەو هونەرە مەزنە توانیشی قەیرانی نمایشی شانۆیی کوردی کۆتایی پێ بهێنێ، بەوەی کە باشترین و باڵاترین دەقی خۆماڵی پڕ لە مانا و ڕەهەندی مێژوویی و کەلەپووری بەشانۆ پێشکەش کرد... هەر لە درێژەی زنجیرە هەوڵەکانی ئەم گروپە شانۆییەدا کە مەودایەکی قووڵی زیندووکردنەوەی کەلەپوور و کەلتووری دەوڵەمەندی بۆ خۆی دیاری کردووە، ئێستا دوایین ئەڵقەی زنجیرەی شانۆییە ئاهەنگسازییەکەی شانۆی سالار لە ئامادەکردندایە، ئەم جارەیان شانۆی سالار دیوەخانی پڕ سەربردە و بابەتی کۆنی کوردەواری کردۆتە سەکۆی گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی هونەر... ماوەی نزیکەی دوو مانگە شانۆکارانی تیپی شانۆی سالار سەرقاڵی پرۆڤەکردن لەسەر دیوەخانە شانۆی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ)... ئەم شانۆییە چواردەمین هەوڵی هونەرمەند ئەحمەد سالارە کە لە بواری نووسینی دەقی شانۆیی ئاهەنگ ئامێزی خۆماڵیدا بە ئاکامی گەیاندووە، هونەرمەند ئەرسەلان دەرویش سەرپەرشتی نمایشە ئاهەنگەکە دەکات و کاری دەرهێنانی ئەنجام دا و نیاز وایە لە کۆتایی ئەم مانگەدا پێشکەش بەجەماوەری شاری هەولێر بکرێ. ڕۆژنامەی برایەتی سەردانی شوێنی پرۆڤەی شانۆیی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ)ی کرد و ئەم ڕیپۆرتاژەی ئامادەکرد...

سەرەتا لە مامۆستای هونەرمەند ئەحمەد سالارمان پرسی بۆ ئەم جارەیان دیوەخانە شانۆییتان هەڵبژارد، ئەویش لە وەڵامدا وتی: دیوەخان واتا ئەو شوێنەی کە لە کوردەوارییدا لە دێرینەوە شوێنی بووە خەڵکی ڕووی تێ کردووە، لەوێ هەواڵ و باسوخواس و لاوک و بەیت و حەیران و هاقەیەتی سەیر سەیر گێڕراوەتەوە و شوێنی ئەفسانە و داستانەکان بووە. شوێنی هونەرمەندان بووە کە هونەریی خۆیانی تیا بنوێنن.

کەواتە چوارچێوەیەکمان بۆ خواستووە لە کەلەپووری دێرینی گرانبەهای کوردەوە، وەک داڕێژراوە. ڕووداوەکەش زادەی بیری خۆمە و سەرهەڵداوی واقعی ڕۆژگارەکەیە تێکەڵ بەخەیاڵێکی داستانی...

لە پرسیارێکی تردا لە مامۆستا سالارمان پرسی بۆچی ماسی بوو بەگورگ ئەویش لە وەڵامدا وتی...

ڕەنگە ناونیشانەکە سەرسوڕهێنەر بێت و مایەی تێڕامان بێ... بۆ ماسی دەبێ بەگورگ، بەڵێ کاتێ کە تیۆرەکان ئاڵۆز دەبن. واتا لە ئاستی دەستپاکی و سپاردەییدا نەمێنێ، کاتێ تای تەرازووەکان نەنگ بێ... لە دێرینەوە و لەو ڕۆژەوەی شانۆ سەری هەڵداوە، ئێستاش و بەردەوام لە ئایندەشدا بەدوای ڕاستکردنەوەدا گەڕاوە، شانۆ کە نەنگی و لەنگییەک دەبینێ دەستەوسان ناوەستێ و هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدات.

پاشان پرسیمان هێڵی درامی چۆن نەنگییەکان لە ڕووداوەکاندا بەرجەستە دەکات. هونەرمەند ئەحمەد سالاریش وتی: کاتێ کە خەو نەمێنێ، خەو بینینیش نامێنێ، شارێک گرفتاری دەردی بێ خەوی دەبێ و خەوزڕان دروست ئەبێ... واتا لێکدانەوەش ئاڵۆز دەبێ و لە جێی خۆیا نامێنێ، کەواتە خەونەکان سەرەوژوور دەبنەوە و ئاڵۆزەبار دێتە پێشەوە، کەواتە ئێمە دەمانەوێ نەنگی نەهێڵێن و ڕاستە ڕێگاکە بدۆزینەوە... کاری شانۆش کۆششێکی بەردەوامە بۆ ڕاستکردنەوە، ئەمە ئەو شانۆییە کە خۆی لەبەرەی کێشە گەورەکەدا دەبینێ. واتا ئەمە جیاوازییەکە لە شێوە ڕاهاتووەکانی ڕەچەگرتووی شانۆییەکانی تر و مەلۆتکەیەکی نوێیە و بەکوردی لە دایک بووە...

لەم نمایشە ئاهەنگسازییەدا نزیکەی سی شانۆکار و دەنگ بێژ و مۆسیقاکار و هونەرکار بەشداری دەکەن. هەندێکیان ماوەیەکی درێژە سەرقاڵی کاری هونەرین و تیایشیاندا هەیە کە سەرەتای بەخششی کاری هونەرییەتی. لە پرۆڤەکەدا لە هونەرمەندی شانۆکار قادر مستەفامان پرسی سەبارەت بەم بەرهەمە نوێیەی شانۆی سالار ئەڵێی چی؟

– بێگومان ئەمەش یەکێکی ترە لە تەقەلاکانی مامۆستا ئەحمەد سالار کە سالانێکی دوورودرێژە بۆ پێناسەکردنی شانۆی کوردی سەرقاڵە بەهێنانەدییەوە... ئەم دەقە کوردییە کە کەلتوور و کەلەپووری بەشێوەیەکی ئەفرێنەرانە خستۆتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە باس لە ئاڵۆزییەکانی سەردەم دەکات و لە شێوازی باسوخواسی ناو دیوەخاندا بەرجەستە دەکرێ، یەکێ لەو باسانەی ناو دیوەخان چیرۆکی پاشایەکی خۆپەرستە و تەنها لە خزمەتی دەست



و دایرەکەی خۆیدایە منیش ئەو ڕۆڵە دەگێڕم، هیوادارم تیایدا سەرکەوتووبم. سەبارەت بەم ئەزموونە شانۆییە هونەرمەند عەباس ژاژڵەیی کە ڕۆڵی کاکەحەمە دەبینێ وتی:

من سالانێکی دوورودرێژە لە شانۆدا کاردەکەم، بەڵام گەورەترین خەونی من ئەوەبووە کە لەگەڵ کۆمەڵە هونەرمەندێکی ئەفرێنەری وەک تیپی شانۆی سالاردا کار بکەم بەتایبەتی مامۆستای گەورە ئەحمەد سالار... بەڕاستی کاری شانۆیی تەنها ئەوە نییە کە گروپی دەقێک هەڵبژێرن و کاری لەسەر بکەن، بەڵکو شانۆ دەبێ لە خزمەتی دۆز و ڕۆژگارەکانی خۆیدا بێت و فاکتەری ڕاستکردنەوەی خەوش و هەوڵەکانی سەردەم بێت... ئەم ئەزموونەی ئێمە هەوڵێکە بۆ پەنجە خستنەسەر ئەو نالەبارییانەی کە وەک مۆتەکە سەرسنگی ڕۆژگارەکەیان گرتووە. هونەرمەند ئەرسەلان دەروێشیش بەسەلیقەی وردی هونەرییانەی خۆیەوە سەرپەرشتی ئاهەنگە شانۆییەکەمان دەکات ئومێدەوارین کە ئاستی بەرزی ئەو دەقە جوانە بەرجەستە بکەین.

پاشان هونەرمەند هەردی سەلاح کە یەکێکە لە مۆسیقاکارانی شانۆییەکە سەبارەت بەم ئەزموونەی شانۆی سالار و بەشداری ئەوان وەک کۆمەڵێ لە هونەرمەندانی شاری هەولێر وتی:

ئەمە یەکەمین جارە کاری مۆسیقا لە ئەزموونە شانۆییەکدا دەکەم، هەموو ئەو برادەرانەش کە پێکەوە کارە مۆسیقییەکان هەڵدەسووڕێنین قوتابی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێرین... کارەکانی مامۆستا ئەحمەد سالار سیما و ڕەنگێکی تایبەتی هەیە کە شانۆی ئاهەنگ ئامێزییە، ئێمەش بەپێی توانای خۆمان بڕگە مۆسیقییەکان ئاوێتەی شانۆییەکە دەکەین، زۆربەی ئاوازەکان فۆلکلۆرین و هەندێ قەسیدەی شیعریش هەیە کە ئاوازمان بۆ داناوە. ئێمە زۆر خۆشحاڵین بەم بەشدارییە لەگەڵ ئەم کاستە هونەرییەدا بەهەموو ئەو خۆشەویستییەی لە تیپی شانۆی سالاردا بۆ هونەر بینیمان کە پێشتر لە دوورەوە بیستبوومان.

خاتوو کۆچەر نوری کە ئەکتەرێکی بەتوانا و دیاری ئەمڕۆی شانۆی کوردییە سەبارەت بەڕۆڵی خۆی لەم شانۆییەدا وتی:

من ڕۆڵی خەجاو دەبینم، ڕۆڵەکەم باس لە ئافرەتێکی قارەمان دەکات کە خێزانی کامەرانی پاڵەوانی شانۆییەکەیە... ئەم ئافرەتە ڕۆژانە لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەژی و هەڵوێستی دیاری خۆی هەیە، لە ڕاستیدا لەوەتەی لەم تیپە ئازیزەدا کار دەکەم ڕۆژ

لەدوای ڕۆژ کاری چاکتر و داهێنانی نوێتر دەبینم کە بۆتە مایەی دەوڵەمەندبوونی ئەزموونی هونەریم...

دواتر هونەرمەند نەژاد شێخ کامیل سەبارەت بەبەشداربوونی لەم شانۆییەدا وتی:

مامۆستا سالار زۆر بەجوانی توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات شێوازێکی داهێنەرانە هەندێ دیاردەی نامۆیی ئەم ڕۆژگارە، بەشێوەی بەیت و چیرۆکی داستانیدا، ئاوێتەی یەکتر بکات و مێژوو و کەلتوور و کەلەپووری تیادا زیندوو بکاتەوە. ئەم شانۆییە ئێمەی هونەرمەندان لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە لە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژگارە بەئاگابێین و خەوش و نالەبارییەکان بەم هونەرە مەزنە بەرجەستە بکەین. من یەکەم جار لەگەڵ تیپی شانۆی سالاردا بەشداری کارێکی شانۆیی دەکەم. دەتوانم بڵێم ئەزموونێکی نوێیە بۆ من و بگرە هەموو بەشداربووانی شانۆییەکە. بۆ نموونەی قسەکانم لە دیمەنێکدا مامۆستا سالار دەڵێ (لە ڕۆژی نیوەڕۆدا گورگ بەرۆکت دەگرێ، شەڕە ئیتر هاتووە نەیکەین خوا دەمانگرێ)...

ساتە چرکەکانی پرۆڤەی نمایشەکە دروست لە کۆڕ و دیوانی دیوەخانێکی گەرموگوڕی کوردەواری دەچێت لە چەند لاوە شەڕە شیعر و گێڕانەوەی داستانی پڕ لە ئەفسووسی بەتام و چێژ کە گوێگران و ئامادەبووانی دیوەخان واق وڕماو دەکات و لە دنیایەکی ئەفسووناوی دوور لە واقیعدا گێژەنیان دەدات... ئەمەش ئەو پرسیارەی لا دروست کردین کە ئاخۆ دەتوانین لەمەولا ئێمەی کوردیش لە کۆت و بەندەکانی شانۆی کلاسیکی و کاریگەرییەکانی شانۆی جیهانی و چوارچێوە باوەکانی شانۆی ئیتالی هەندێ خۆمان دوور بخەینەوە و مۆرک و خەسڵەتێکی تایبەتی خۆماڵی بەم هونەرە جوانە ببەخشین. لە وەڵامیشدا هونەرمەندی دەرهێنەر ئەرسەلان دەروێش وتی...

لەم شانۆییەدا لە تەقەللای ئەوەداین کە زیاتر لە ڕوخساری ئەو شانۆییە نزیک ببینەوە کە خەسڵەتەکانی شانۆیەکی کوردی خۆماڵی تیادا بەرجەستە دەبێت، هەڵبەتە مەبەستم لێرە تەنها ئەو پردە نییە کە ئەم ئاڕاستە شانۆییە لەنێوانی کەلەپوور و پرسەکانی ئەمرۆی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریمان بەیەکەوە ببەستێتەوە، بەڵکو شێوازی نمایشەکە لە سرووتێکی ئاهەنگسازی خۆماڵیدا و لە دەستووری کۆبوونەوەیەکی کوردیدا پێشکەش دەکرێت کە بەتێکڕایی توخمەکانی ڕەسەنایەتی هونەرەکەمان و ناسنامەی نەتەوەییمان دەردەخات. ئەم شانۆییە کە لە دیوەخانێکی کوردەوارییدا و بەشێوەی شانۆی



بازنەیی نمایشەکەی داڕێژراوە، هەوڵێکە بۆ دەربازبوون لەو هەستی پاشکۆیەتییەی کە بەردەوام پرۆسە و دید و شێوەی پیادەکردنی کارەکانمان، لە دامێنی فەرهەنگ و کەلەپووری ڕۆژئاواییدا دەهێڵێتەوە. ڕاستە شانۆ زادەی مێژووی شارستانیەتی کورد نەبووە و ئێمە نەمان بەخشیوە بەوانی تر، بەڵام ئەوە ڕێگا لەوە ناگرێت کە لە فەرهەنگ و شێوە ژیانی خۆماندا مومارەسەی بکەین. کێ وتوویەتی بینەری کورد پێی خۆشە بەشێوەی ڕۆژئاوایی واتا لەو هۆڵی شانۆییەی کە بەپاکەتی ئیتالی (ناسراوە نمایشە شانۆییەکانمان پێشکەش بکەین. یان بوونیادی درامی دەقەکانمان بەشێوەی بینراو و بەش دابێژرێت... هتد)، بۆیە دەکرێ سوود لەو کەلەپوورە شانۆییە وەربگرین، بەڵام لە میانەی کەرەستە و بابەت و توخمە زیندووەکانی ژیانی کوردەواریمان، ئەمەش بەخۆ بواردن لەوەی کە هەوڵەکانمان بۆ پیرۆزکردنی کەلەپوور و سڕکردن و ئەتنۆگرافی کردن بێت، بەڵکو بۆ ئەکتیڤ کردنی ئەو کەلەپوورە لە پرسەکانی ئەمڕۆماندا، (شانۆی سالار) کاری بۆ دەکەین...

گومانی تیادا نییە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بزاڤی شانۆی کوردی لە بارێکی سستدایە، ئەم خەوشەش بەهەوڵی جددی و داهێنانی نوێ و تەقەللای هونەرمەندان کۆتایی پێدێت. تیپی شانۆی سالار ئەرکێکی گران و بەنرخی لەم بوارەدا خستۆتەگەڕ لە ڕۆژگارێکدا ئەزموون دوای ئەزموون بەنوێکارییەوە پێشکەش دەکات کە تا بڵێی پشتیوانی و هاندان کەمە بۆیە بۆ بووژانەوەی ئەم هونەرە مەزنە و جوانە پێویست بەپشتگیری و بەدەنگەوە هاتنی دڵسۆزانە... ڕۆژانی نمایشیش ئەفراندنێکی تری شانۆی سالار دەبینین.

## ناسنامەی شانۆیەک لە گەڵاڵەبووندا
## (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ)
## چەند سەرنج و تێڕوانینێک

تاریق کارێزی

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە هونەرمەند (ئەحمەد سالار) خەریکی گەڵاڵەکردن و دامەزراندنی تەرزە شانۆییەکی کوردییە، کە مۆرک و خەسڵەتی نەتەوەییانەی کوردی بەڕوونی پێوە دیار بێت. وەک هەر کارێکی دی پرۆژەی شانۆی کوردی هەر دەبێ بیرۆکەیەک بووبێت و ئەحمەد سالار وەک هونەرمەندێکی شارەزا و بەئەزموون خاوەنیەتی و کار بۆ پیادەکردنی دەکات.

هەڵبەت شانۆ وەک هونەرێکی سەرەکی و ناسراو لەسەر ئاستی جیهان مێژووی گەشەکردن و سەرەتای پەیدابوونی دیار و ئاشکرایە، هەردوو گەلی گریک و ڕۆمان لە چەند سەدەیەکی بەر لە زایین ئەم هونەرەیان خەملاند و پێشکەش بەکەلتووری جیهانیان کرد.

ئەم بیرۆکەیەی گەڵاڵەکردنی تەرزە شانۆیەکی کوردی لە ڕووی پراکتیکەوە هەرگیز کارێکی ئاسان نییە، بۆ ئەوەی مۆرکێکی کوردانە هەمبەر بەناسنامەی شانۆیەک بەڕەوا بزانین، دەبێ چەند توخمێکی هونەری شانۆ مۆرکێکی تایبەتمەندی کوردانەیان پێوە بێت، بەخشینی تایبەتمەندی و خۆجێییانەش بەهونەرێک کە ڕەگوڕیشەی بۆ نزیکەی (٢٥) سەدەی بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، کارێکی ئاسان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەرگای ئەزموون و داهێنان و وەگەڕخستنی توخم و ڕەگەزە کارا و بەرجەستەکانی هەر کەلتوورێک دانەخراوە، کە ئەم فاکتەرانە تێکرا یان دانە دانە سوودیان لێ وەربگیرێت لە پێناو تاقیکردنەوەی مۆرک و تایبەتمەندییەکانی کولتووری نەتەوەیەک لە پانتایی یەکێ لە هونەرە دێرینەکانی مرۆڤایەتیدا.

### لە هۆڵی نمایشەکەدا

وا باوە نمایشی شانۆیی لە هۆڵێکی لاکێشەییدا بکرێت، گەر لە دەرودەشتیشدا نمایش پێشکەش بکرێت، هەمان بنەماکانی نمایشی شانۆیی ڕەچاو دەکرێن، دیارترین بنەمای هەر



نمایشێک ئامادەبوونی دوو ڕووبەر و دوو پانتاییە، ڕووبەرێک بۆ نمایش (تەختە شانۆ) و ڕووبەرێک بۆ بینەران (کورسی و سەکۆی دانیشتن).

(ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) نمایشێکی شانۆیی بوو لە ڕۆژانی (٢٠٠٢/٢/١٤) بەدواوە ماوەی چەند ڕۆژێک لەلایەن (تیپی شانۆی سالار) لە هۆڵی دەزگای شەهید لە شاری هەولێردا پێشکەش کرا.

ڕۆژی (٢/١٧) کە چوومە هۆڵی نمایشەکە، یەکەمین شت کە سەرنجی ڕاکێشام تێپەڕاندنی بنەمای دوو ڕووبەری (تەختەی شانۆ + بینەران) بوو.

هۆڵێکی ئاسایی و مام ناوەندی بوو، بینەران و تەختەی شانۆ تێکەڵ بەیەکدی ببوون، هێڵ و دابڕێک لەنێوان بینەران و نمایشکاراندا نەبوو، سێ ڕیزە کوردی لەمبەر و لەوبەری هۆڵەکە بەدرێژایی ڕیزکرابوون. نمایشکاران لە ڕووبەری ناوەڕاستی هۆڵەکەدا نمایشیان دەکرد، کە ڕۆڵیان نەدەما هیچ پەردە و کەوالیسێک نەبوو تا بچنە پشتییەوە، بەڵکو هەر تێکەڵ بەجەماوەر (بینەران) دەبوون و لە پەراوێزی شوێنی دانیشتنی ئەواندا دادەنیشتن.

تێپەڕاندنی بنەمای دوو ڕووبەری لە نمایشی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) زەمینەیەکی وای سازکرد، کە گۆڕانێکی گشتی بەسەر سینۆگرافیا و ئەتمۆسفیری نمایشەکەدا بێت، تێکڕای بنەما و ڕەگەزەکانی شانۆ و نمایش کەوتنە دۆخێکی تازەوە، کە ئەوەی فەرزکرد سەرلەنوێ بیر لە ڕێکخستنەوە و گونجاندنیان بکرێت لەگەڵ ئەو گۆڕانەی لە ئاکامی تێکەڵبوونی هەردوو ڕووبەرەکەدا هاتە ئاراوە.

### دیکۆر لە نمایشەکەدا

وەک ئاشکرایە دیکۆر یەکێکە لە ڕگەزەکانی شانۆ، دیکۆر هەوڵ دەدات شوێنی نمایشەکە لەلای بینەر وەک شوێنی دراماکە و شوێنی ڕوودانی دراماکە پیشان بدات، دیکۆریست بەو دیکۆرەی بۆ نمایشەکەی ئامادە دەکات، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە سەرخستنی نمایش. هەمیشە وا باوە کاری دیکۆریست لە ڕووبەری تەختەی شانۆدایە، هیچ ئامادەبوونێکی لە ڕووبەری بینەراندا نییە، چونکە کاری ئەو لە چوارچێوەی کردەی نمایشکردندایە نەک کردەی بینین و تەماشاکردن، تەنانەت ئەم کاتەش لەنێو شانۆدا وا باوە شوێنی هەریەک لە کردەی نمایش و کردەی تەماشاکردن جیاوازە.

جا بۆیە لەم نمایشەدا کە هەردوو شوێنەکە بوون بەیەک، کاری دیکۆریستیش کەوتە بەر

گۆڕانێکی بنەڕەتی، بەپێی بنەما باوەکانی شانۆ دیکۆریست لە ڕووبەرێکی کەمدا کاری دەکرد، ئەو ڕووبەرەی ئەو کارەی تێدا دەکرد تەختەی شانۆ بوو، واتە شوێنی نمایشکردنەکە (ڕووبەری نمایشکردنەکە) بوو. هەروەها ئەو لە گۆشەیەکی (١٨٠) پلەییدا کاری بۆ بینەرێک دەکرد کە هەر بەیەک ئاڕاستە تەماشا دەکات.

بەڵام لەم نمایشەدا دیکۆریست ناچار بووە لە تێکڕای هۆڵەکەدا کار بکات و جوگرافیای کاری ئەو سەرلەبەری هۆڵەکەی گرتووتەوە، چونکە لەو نمایشەدا هێڵێکی دابڕ لەنێوان ڕووبەری نمایش و ڕووبەری بینەراندا نەماوە، هەردوو ڕووبەرەکە تێکەڵ بەیەکدی ببوون و دەکرێ بڵێین ببوون بەیەک ڕووبەر.

لەو یەک ڕووبەرییەدا هەر چوار دیواری هۆڵەکە و سەرلەبەری میچی هۆڵەکە و زەویی هۆڵەکە ڕووبەرێک بوون بۆ کارکردنی دیکۆریست و سەرنج و تەماشای بینەران. هەڵبەت گۆشەی تەماشاکردن تەنیا بۆ یەک لا و لە سنووری (١٨٠) پلەدا نەبوو، بەڵکو گۆشەی تەماشا بەشێوەیەکی بازنەیی و بۆ هەموو لایەکان بوو، بۆیە دیکۆریست ناچاربوو لە هەموو ئاڕاستەکاندا کار بکات، زەویی هۆڵەکە و میچەکەشی و هەر چوار دیواری هۆڵەکەش ڕووبەر بوون بۆ کاری دیکۆریست و دیکۆر سەراپای هۆڵەکەی داگرتبوو.

## ڕووناکی و مۆسیقا

لەم نمایشەدا ڕووناکییش سنووری دوو ڕووبەری بڕیبوو، چونکە هەر لە بنەڕەتدا نمایشەکە لە یەک ڕووبەردا بەڕێوەچوو، هەرچۆنێ ئەکتەر دەهات و دەچوو لەمسەر تا ئەوسەری هۆڵەکە، ڕووناکی دەبوو ئامادەبوونی هەبێت.

بەم جۆرە بۆ کەسێکی کە ئەرکی جێبەجێکردنی ڕووناکیی دەکەوێتە ئەستۆ لە نمایشێکی لەم جۆرەدا، ناچارە ئەرک و زیرەکییەکی زۆری تەکنیکی و تیۆری بکێشێ تابتوانێ ڕووناکی پێویست بۆ نمایشەکە دەستەبەر بکات. واتە کاری ڕووناکی لە ڕووبەرێکی بەربڵاو و لە مەزەندەی پێش وەختە بەدەردا ئەنجام بدرێت. هەر بۆیە خودی دەرهێنەر (ئەرسەلان دەرویش نەخشەی دیکۆر و ڕووناکی جێبەجێ کراون، واتە لەبەر فراوانیی ڕووبەری دیکۆر و ڕووناکی، لەم شانۆییەدا هەریەک لە دانا سەلاح، ڕزگار ئیبراهیم، شۆڕش عەبدولڕەحمان، کاروان ڕەشید، بەختیار ئیبراهیم و محەمەد ئەحمەد دیکۆر و ڕووناکیی نمایشەکەیان جێبەجێ کرد.



بەپێچەوانەی شانۆی ئاسایی، مۆسیقای نمایشەکە لە پشتی پەردە و پەنامەکییەوە نەدەهات، بەڵکو گرووپی مۆسیقا لەسەر سەکۆیەکی نێو هۆڵەکە و بەردەمی بینەران مۆسیقایان دەژەنی و گۆرانییان دەگوت و لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو؛ هەردی سەلاح-ی گۆرانیبێژ و کەمانچەژەن، چالاک ڕەزا-ی گۆرانیبێژ، عەلی حوسێن-ی سەنتوورژەن، چیایی کەمال-ی عوودژەن، ئارام کەریم-ی دەفژەن.

## شانۆی سالار و شانۆی لالش

هونەرمەند ئەحمەد سالار و تیپی شانۆی سالار ساڵانێکە کۆشش دەکەن بۆ گەڵاڵەکردنی شانۆیەکی مۆرک کوردانە، لەو شانۆیەدا زۆر بەچڕی هانا وەبەر کولتووری کورد براوە. بەهەمان شانۆی لابووری لالش کە لەسەر دەستی هونەرمەندان شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب قەرەداغی کە هاوسەری یەکن، دامەزراوە، ئەو دوو هونەرمەندە لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا لابووری لالشیان دامەزراندووە، کار بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێک دەکەن لە بواری شانۆی باو، هەوڵ دەدەن گشت چەمک و بنەما و توخمەکانی ئەو شانۆیە بگۆڕن. بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە (مانیفێست)ێکیان ڕاگەیاندووە و لە نەمسا و وڵاتانی ئەورووپا و وڵاتانی دیکەی جیهان نمایش پێشکەش دەکەن.

شانۆی سالار لە نمایشی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) لە ژمارەیەک خەسڵەتدا لەگەڵ شانۆی لالش لە یەکدی نزیک بوونەتەوە، دەکرێ لە چەند خاڵێکدا هەندێ لە بنەماکانی ئەو لەیەک نزیکبوونەوەیەی نێوان هەردوو شانۆکە بخەینە ڕوو:

١- هەردووکیان هۆڵی نمایش وەک یەک ڕووبەر تەماشا دەکەن نەک، دوو ڕووبەری لە یەکدی جودا.

٢- ئەکتەر (نمایشکار) ئازادییەکی زۆری هەیە لە پرۆسەی نمایشکردندا.

٣- هەردوو شانۆکە بەربەستێک لەبەردەمی بینەراندا ناهێڵنەوە، کە ئەگەر جورئەت بکات و بیەوێت بێتە نێو نمایشەکەوە.

٤- چەمکە باوەکانی بەشداربووانی نمایش و ناو و پێناسەکانیان لەهەردوو شانۆی سالار و لالش دەگۆڕێن، لەمەشدا ڕەچاوی گۆڕان لە ئەرک و پەیوەستییەکاندا کراوە.

٥- لە هەردوو شانۆدا دەق تێکوپێک دەشکێندرێت.

## شیعر و دەق لە نمایشەکەدا

گەلی کورد دوو کولتووری هەیە، کولتوورێکی نووسراو کە شیعر بڕبڕەی پشتییەتی، کولتوورێکی زارەکی کە بەفۆلکلۆر ناسراوە، کولتووری دووەمیان زۆر گەورە و دەوڵەمەند و هەمەڕەنگە. کولتووری نووسراوی شیعری کوردی، نەمازە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کورد، یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە دەقەکانی شانۆی سالار پشتیان پێ دەبەستێت، خۆ هەر دەبێ وابێت، چونکە شانۆی سالار لە بنەڕەتدا شانۆیەکی ئاهەنگسازە و پشت بەڕستە و دەستەواژەی پڕ لە ڕیتم و ئاواز دەبەستێت، هیچ دەقێکیش هێندەی شیعر لێوان لێوی ڕیتم و ئاواز نییە.

جا دەبێ ئەوەش بڵێین کە دەق لە بۆتەی شیعردا چەشنی برووسکە وایە، بەزمانێکی چڕ و هێماگەرانە واتا بەدەستەوە دەدات، زۆرجار ئەو زمانە قابیلی ڕاڤە و تەئویل کردن دەبێت، کە هەرچەندی بەلای تەئویل و هێماگەریدا بچێت، ئەوەندە لە ئاواز نییە.

لە نمایشی (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف)دا کە تیپی شانۆی سالار لە هەولێر و سلێمانی نمایشی کرد، دەقی شانۆییەکە بەڕادەیەکی زۆر پشتی بەشیعرەکانی ئەحمەد موختار بەگی جاف بەستبوو، لەو نمایشەدا بەڕادەیەک سیمای دەق و ناوەڕۆکی بۆ بینەران ڕوون دەبووەوە، نەمازە کە ژیان و بەسەرهات و شیعرەکانی ئەحمەد موختار بەگی جاف لەنێو ئەدەب دۆستان و ڕۆشنبیراندا نامۆ نییە و ئەم نامۆنەبوونە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی لە دیالۆگی نێو نمایشەکە و هێماکانی بگەن.

بەدیدی من خاڵی لاوازی لە نمایشی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) ونبوونی دەق بوو، نازانم... دەشێ ئەم ونبوون و نادیاربوونەی دەق بەشێک بێت لەو هەوڵەی هونەرمەند ئەحمەد سالار و تیپی شانۆی سالار دەیدات بۆ گەڵاڵەکردنی شێوازە شانۆیەکی کوردی، هەرچۆنێکی بێت بۆ منی بینەر کارێکی نامۆ بوو. لەو نمایشەدا بەیتە شیعر دەهات و کەچی زۆر کەم تێکەڵ بەئەتمۆسفیری نمایشەکە دەبوو، دیالۆگی کارەکتەرەکان بەسەر ڕایەڵی هێڵێکی دراماییدا ڕێچکەیان نەدەبەست، بۆ ئەوەش ناچم کە جەستەی پێکهاتەی دراما لەم جۆرە نمایشەدا مەبەست بێت کە تێکوپێک بشکێندرێت،... بۆ نا؟ دەسا ئەوە ئەزموونێکە هەموو بیرۆکەیەک ئەوە هەڵدەگرێت بخرێتە واری پاراکتیکەوە، هیچ نا هەر بۆ یەکلاکردنەوەی بیرۆکەکان و ساغکردنەوەی ڕادەی شیان و نەشیانیان بۆ جۆشدانیان لەنێو دنیای شانۆیەک کە بەڕێوەیە لە دایک بێت.



## ئەحمەد سالار چی دەڵێ؟

شانۆکاری ناسراوی کورد ئەحمەد سالار، کە شانی داوەتە بەر بەجێگەیاندنی ئەم پرۆژە گەورەیە (پرۆژەی دامەزراندنی شانۆی کوردی)، ناکرێ باسەکەمان بەدەر بێت لە بیروڕاکانی ئەو لە بارەی پرۆژەکەی.

لە ژمارە (٣٦٢٠)ی ڕۆژی (٢٠/٢/٢٠٠٢)ی ڕۆژنامەی (برایەتی)دا. ئەحمەد سالار لە بارەی نمایشەکە وتوویەتی: (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ، دوا هەنگاو و دوا هەوڵمە بۆ هێنانەدیی ئەو شانۆ کوردەوارییە ئاهەنگسازییە کە ئاواتمە، ئەمجارەیان لە شێوازی دیوەخانیدا سەرگوزشتەیەک لە ڕێگای دەستەیەک لە ئاهەنگ گێڕانەوەی دەگێڕدرێتەوە. سەربوردەی شارێکە گرفتاری پەتای خەوزڕاندن دەبن، ئەوەدەمە هاوتاکان ناهاوتا دەبن و پێوەران ئاڵۆز دەبن و دەشێوێن، هەرچۆن کە خەو نەما، خەوبینیش نامێنێ و ئەوەدەمە لێکدانەوەکانیش لە شوێنی خۆیاندا نامێنن.

کەواتە کار بۆ هێنانەوەی دادوەری، ئەو دادوەرییەی کە بەکۆشش پارسەنگی نەنگییەکان دەداتەوە. ئەوەی دەمەوێ وەک دیاردەیەکی نوێ ئاماژەی بۆ بکەم ڕەنگ ڕشتنە... بەو شێوەیەیە کە پتر لە شێوازی داستانە خەیاڵییەکاندا خۆی دەنوێنێ، ئەمەش جۆرە خواستنێکە بۆ ئەو شانۆیەی کە دەبێ بەپردێکی زێڕینی توندوتۆڵ).

## ئەدی دەرهێنەر چی دەڵێ؟

هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش شانۆکارێکی چالاکی نەوەی نوێیە، یەکێکە لەو شانۆکارانەی بەردەوام لە پێوەندیدایە لەگەڵ کاری شانۆیی و دنیای بینەراندا. ئەرسەلان دەروێش نەخشەی دیکۆر و ڕووناکیی نمایشەکەی جێبەجێ کردووە، هەروەها دەرهێنەری نمایشەکەشە.

هەروەها لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی (برایەتی)دا ئەرسەلان دەروێش دەڵێ: (دەمێک ساڵە شانۆکارانی کورد لە هەوڵی داڕشتنی شێوازە شانۆییەکی کوردەوارین، کە سیما و ڕوخساری نەتەوەیی و ژیاری ئەم گەلە بەدیار بخات. شانۆی «ئاهەنگسازی»ش ڕەنگە دیارترین تەقەللای ئەو پێناو و مەبەستە بێت، بۆیە هەر دەبوو لە دەستووری شێوازی نمایشیشدا بگەڕێین بەشوێن ئەو تایبەتمەندێتییەی کە زیاتر ڕواڵەتی ئەو شانۆ کوردەوارییە بەرجەستە دەکات، کە دەمانەوێت «شانۆی دیوەخان» گونجاوترین شێوازە شانۆییەکە لەگەڵ ئەو تەرزە ئاهەنگسازییە بگونجێت).

دەرهێنەری (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) لە بارەی کردەی دەرهێنانی نمایشەکە درێژەی دەداتێ: (... من بۆ ئەوەی نمایشێکی لەم جۆرە ئامادە بکەم پێویستە هۆڵێکی ڕووتەنی کۆبوونەوەی یەکێک لە فەرمانگە و دەزگاکان بگۆڕم بۆ دیوەخانێکی شانۆیی و تەواوی کەلوپەلی ڕووناکی و شوێنی نمایش و شوێنی دانیشتنی جەماوەر و... تاد، ئیدی لەو فەزا دەستنیشانکراو و تەنراوە بەبینەرەدا، جووڵاندنی زیاد لە (٢٠) ئەکتەر کە زۆربەی هەرەزۆریان پێشتر بەو شێوەیە کاریان نەکردووە، ئەرکێکی ئاسان نەبووە، بەڵام دڵسۆزی و بڕوابوون بەو پایەمە پیرۆزەی کە هونەرمەندی کورد پێی سپێردراوە، گرفتەکانی لە پێش ئاسان کردین...).

## کەسانی نمایشەکە

لە بەشێکی پێشووتری ئەم نووسینەدا گوتمان کە شانۆی سالار هەر بەچەشنی شانۆی لالش، کۆشش دەکات گۆڕانی بنەڕەتی لە تێکڕای خەسڵەتەکانی شانۆدا بکات.

لە نمایشی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ)، لەبری (ئەکتەر) زاراوەی (ئاهەنگگێڕان) بەکارهاتووە، بەتایبەتی کە مەبەست ئەوەبوو نمایشە شانۆییەکی لە کەشێکی دیوەخانانەی کوردەواریدا بەرجەستە بکرێت. ئەکتەریش لە دیوەخانی کوردەواریدا جێی نابێتەوە، بەڵکو خانەخوێ و میواندۆست و پیاوماقووڵ خاوەنی دیوەخانن، ئەو بەزمورەزمەی بۆ کات بەسەربردن لە دیوەخاندا پێشکەش دەکرێت هەر دەبێ لە چوارچێوەی ئاهەنگدا بن، ئەو کەسەی ئاهەنگیش پێشکەش دەکات پڕ بەپێستی زاراوەی (ئاهەنگگێڕ)ە.

لە نمایشەکەدا ئاهەنگگێڕ و کارەکتەران ئەمانە بوون (ئەحمەد سالار - کامەران، عەبدولقادر مستەفا - پاشا، عەباس ژاژڵەیی - خاڵە حەمە، کۆچەر نووری - خەجاو، نەژاد شێخ کامیل - هاوڕێ، ڕزگار سدیق - دادوەر، دانا سەلاح - دانا، جەلیل سەعید - وەزیر، سەردار شێخ سدیق - حیکایەتخوان، شەهلا محەمەد - داپیرە، ڕزگار عەلی - نیاز، نیهایەت عوسمان - ئافرەت، وەلید عارف - مامۆستا، سۆران جەمال - قوتابی، دیلمان عەبدولڕەحمان - قوتابی، شکار عوسمان - قوتابی، چیا محەمەد - منداڵ، شەنگە ئەحمەد سالار - منداڵ، کەنار عەبدولڕەحمان - منداڵ).

خاتوو (ڕەمزیە قادر)یش جلوبەرگ و ئیکسسواری نمایشەکەی جێبەجێ کرد...



## وەرزێکی شانۆیی لە نەخشە و پلانێکی نوێدا...

جەلیل سەعید

گەرچی ماوەی چەند ساڵێکە تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییەکان، هەر ساتە ناساتێک باس لە قەیرانی شانۆ دەکەن، گوایە لەم قۆناغەدا شانۆ لە قەیراندایە، هەر بابایە و بەمەزەندەی خۆی پابەستی دەکات بەدیاردەیەکەوە کە زۆربەی دیاردەکانیش، بەڕۆژگار و قۆناغەکانی ژیانی سیاسییەوە دەبەستێتەوە، بەڵام ناشێ هەر بوترێت قۆناغی ژیانی سیاسی بەڵکو ئەوەندەش پەیوەندی بەهونەرمەندان و شانۆکاران و پسپۆرانییەوە هەیە، بەو مانایەی ئەگەر شانۆ دەکرێت، با فاکتەری هەرە سەرەکی بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی شانۆکاران تەنیا پێشکەشکردن و ژمارەی کار نەبێت بەڵکو پێویستە هێندەی ئەوەش کە بیر لە پێشکەشکردن دەکرێتەوە، با بیر لە ئاستی بەرزی هونەری و بیری ئەو کارە درامییەدا بکرێتەوە، بەو ئەندازەی کە پێویستە لە سەرەتای نمایشەوە ئەو کارە بینەری ئامادەبوو سەراسیمە بکات لەگەڵ ئاست و ناوەندە هونەرییەکانیدا هەڵ بکات و کارێکی ئەوەندە شانۆیی بێت کە بتوانێت، ئەو بینەرە یاخیبووە بەهۆڵە شانۆییەکان ئاشنا بکاتەوە، کە بۆ ئەم مەبەستەش دەشێ ئەو کارانە لە ڕووی هونەری و بیر و کەلتوور و نەریتە کوردەوارییەکاندا بگونجێت بەپلەی یەکەم. ئینجا دوای حەق پێدانی ئەم بوارانە بیر لە ئاستە جیهانییەکەش بکەینەوە، بەو مانایەش نا کە کارە شانۆییەکانمان بیانی بێت، بەڵکو دەشێ کارەکان سەراپای کوردی و کوردەواری بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، پسپۆرانی شانۆ سوود لە هێڵە شانۆییەکانی جیهانی وەربگرن بۆ بەهێزکردنی کارەکەی خۆی و دانەبڕانی لە نەخشە و شێوازە باوە جیهانییەکان لەسەر نەریتی خۆمان و ئاشناکردنی جیهان بەنەریت و فەرهەنگی کوردەواری، ئەزموونەکەمان وەکارێکی ئاسایی و شیاو سوود لە پێشکەوتن و ئاستە جیهانییەکان وەرگرین بۆ خزمەتی دامەزراندنی شانۆی کوردی، بۆیە دەتوانم بڵێم ئێمەی کورد ئەگەر واز لە وشەی (بزوێنەوەی شانۆ)ی کوردی بهێنین و بەهیوا و بڕواوە لە ئایندەی شانۆکەمان بڕوانین، ئەوە ئێمەش لە چاو زۆربەی زۆری وڵاتانی دەوروبەر هیچمان کەمتر نییە، هەر لە دەقی شانۆیی و دەرهێنەر و زۆر بواری دیشەوە هەر بۆیە هەچ میللەتێک ئەگەر (دەق، دەرهێنەری بەتوانا و خاوەن ئەزموون، ئەندازیاری دیکۆر، ڕووناکی (ئینارە)، مۆسیقا،

ئەکتەر)ی هەبوو ئەوە بەبێ سێ و دوو کردن و دوودڵی، ئەو میللەتە شانۆی خۆی هەیە، ئێمەش گەر بەوردی و بەویژدانەوە لە دەقە خۆماڵییەکانی مامۆستا (ئەحمەد سالار و تەلعەت سامان) و هەندێک لەو نووسەر و هونەرمەندانەی ناو بەناو دەقی خۆماڵی دەنووسن بڕوانین ئەوا ئێمەش خاوەن هەگبەیەکی پڕ لە دەقی خۆماڵی و ڕەسەنین. لە ڕووی سەرجەم بوارەکانی دیکەی شانۆشەوە وەکو دەرهێنەر و ئەکتەر و ئیناریست و دیکۆرێست و... هتد ئەوا هێشتا کوردستان پڕیەتی لە خەڵکی بەتوانا و پسپۆڕ و بەئاواتەوە لە شانۆی کوردی دەڕوانن، بەتایبەتی لەم ساڵدا، ئەو پلانەی بەڕێوەبەرایەتی سینەما و شانۆ، داینا بۆ کردنەوەی ئەم وەرزە شانۆییە، دەتوانم بڵێم پلانێکی جوان و ئەکادیمی و پڕ سەلیقە بوو کە توانی چەند کارێکی شانۆیی جوان لە ئاستێکی بەرزدا لە وەرزێکی گەرم و ناوازەدا فەراهەم بهێنێ، و توانی بینەر بەڕێژەیەکی باش بەهۆڵی شانۆ ئاشنا بکاتەوە، و خەڵکێکی زۆر لە هەواڵ و کات و شوێنی نمایشە شانۆییەکان پرسیار بکات و بەئومێدەوە بڕواننە سەر تەختی شانۆی هۆڵەکان، نامەوێت بەشان و باڵی کەسدا یا هیچ گروپێکی هونەریدا هەڵبدەم، بەڵام ئەوەی بەرچاو بوو لەم وەرزە گەرمەدا و بەرهەمهێنانی وەرزێکی شانۆی لەم جۆرە کە بەئەندازەیەکی باش سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە ڕووی کارە شانۆییەکان و ڕاکێشانی بینەرێکی باش بۆ هۆڵەکان، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەواڵێکی چاک و پلانێکی گونجاوی سینەما و شانۆ بوو کە توانی لە نەخشەیەکی گونجاودا ئەم وەرزە شانۆییە بکاتەوە و، چەند مەرجێکی لە پێشکەشکردنی دەقە شانۆییەکاندا دانا بوو کە فاکتەرێکی سەرەکی بوون بۆ سەرکەوتنی وەرزەکە و کارە شانۆییەکان، سەرەڕای ئەمانەش هەوڵ و کۆششی هەندێک لە هونەرمەندان و پسپۆڕان، کاریگەری هەبوو لەگەڵ دەست لە ملانێکردنەوەی شانۆ لەلایەن مامۆستا (ئەحمەد سالار) کە ئەمەش توانی هیوایەکی دیکە بخاتەوە دڵ و دەروونی شانۆکاران ئینجا بینەرانی تینوو بەشاکارەکانی مامۆستا سالار. لەگەڵ کارەکانی دیکەی ئەم وەرزە بەهەوڵ و کۆششی هەمووان و ئەو بەرنامەی سینەما و شانۆ دەتوانم بڵێم توانرا ئەساسێک دابنرێت. بۆ چۆنیەتی پێشکەشکردنی کارە شانۆییەکان و ئاشناکردنەوە و کۆکردنەوەی بینەر بەهۆڵە شانۆییە چۆڵ و تۆز لێ نیشتووەکان.



## شانۆگەری (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ)

## کارێکی کوردی نوێی شانۆی سالار

جەلیل سەعید

تیپی شانۆی سالار یەکێکە لەو تیپانەی وەکو پێشڕەوایەتی لە مەیدانی بزاڤی هونەری کوردیدا بەشانۆ و شاکاری جوان، لە دید و هزری جەماوەردا ناسراوە و توانیویەتی بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ لەمیانەی کارە هونەرییە بەنرخەکانیەوە تەوزیفی کەلتووری و کەلەپوور و نەریتی بەرزی کوردەواری بکات، بەردەوام ئەو نەریتە ڕەسەن و پڕ سۆزە بەدیدی خەڵکی کورد ئاشنا بکات و لە نەمان و لە یادچوونەوە بیان پارێزێت.

لەمیانەی بەکارهێنانێکی هونەری و فیکری ئەوتۆوە کە واقیعی گەلەکەی و پرسەکانی ئەو ساتەوەختانە بدوێنێت کە ئەو نمایشانەی تێدا پێشکەش کردووە. ئەمەش شتێکی بەڵگەنەویستە ساڵەهایە ئەم شێوازە شانۆییە کوردەوارییە ڕەسەنە لە کارەکانی مامۆستا سالاردا بەرجەستە دەبێت و قۆناغ بەقۆناغ لە مەیدانی شانۆدا کاری بۆ دەکرێت، بەهاوکاری و هەوڵی هاوەڵی ئەو ڕەوتە هونەرییەی (ئەرسەلان دەروێش) لە هەشتاکانەوە توانیویەتی وەکو دەرهێنەرێک شوێن دەست و هزری خۆی بەدیار بخات و ئەم تیپە لەسەر ویست و بیری کوردانەی سالار و دەروێش و هاوەڵەکانیان توانیویانە لەسەر شێوازێکی نوێی کوردی ڕێچکەیەک یان بڵێین تەرزێکی شانۆیی کوردی لە خۆبگرێت و سات بەسات لەگەڵیدا بژین.

سەرەڕای هەوڵ و بەردەوامیان لە کارە شانۆییە جیاجیاکانی دیکەی جیهاندا، لە هەوڵدان بۆ پاراستن و زیندووکردنەوەی کەلتووری کوردەواری، ئەوەتا ئەمجارەیان لە کارێکی دیکەی نوێی سەرتاپا کوردیدا کۆبوونەتەوە و وێستگەیەکی هونەرییان دروست کردووە.

هەر بۆیە ماوەیەکە سەرقاڵی کاری پرۆڤەی شانۆیی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ)ن کە نووسینی مامۆستا ئەحمەد سالار و دەرهێنانی هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش)ە و لە نواندنی هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون و بەتوانا وەکو: (ئەحمەد سالار عەباس ژاژڵەیی، قادر مستەفا، کۆچەر نوری، نەژاد کامیل، ڕزگار سدیق، شەهلا محەمەد، دیلمان عەبدولڕەحمان، سۆزان، وەلید، دانا، و چەند جگەرگۆشەیەکی وەکو شەنگە و چیا و

شیکار) و لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکەدا. ئەم تیپە شانۆییە وەکو وێستگەیەکی هونەری تیپێکی مۆسیقای خنجیلانەیان (چالاک ڕەزا و هەردی) بەگۆرانی و چیایی و (عەلی و ئارام و هەردیش) هەر یەک بەجۆرە ئامێرێکی مۆسیقا بەشداری لەم کارە دیوەخانە شانۆییە ئاهەنگ ئامێزە دەکەن.

شانۆیی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) یەکێکە لە شاکارە نووسینە تازەکانی مامۆستا سالار و شێوازێکی نوێی لەخۆ گرتووە کە (دیوەخانە شانۆییە)کە دیسان ئەم شێوازە کارەش پاراستنی نەریتێکی کۆن و باوی کوردەواری ڕەسەنە. هەوڵێکە بۆ زیندوو ڕاگرتن و خزمەتی کەلتووری کوردیمان و لەمیانەی ئەم شێوازە کارە شانۆییەشەوە تەوزیفی کێشە و گرفتەکانی خەڵکی کورد دەکات لە قۆناغەکانی ژیانیدا باس لە خەو و خەوزڕان دەکا ، باس لە هەراسان بوونی خەو دەکات، کە خەویش نەما ئەو کاتە لێکدانەوەش نامێنێ، کە لێکدانەوەش نەما خەڵکی لە ئاکامی هەمیشە بەردەوامی و ژیان لەگەڵ کێشە و گرفتەکاندا تووشی هەڵدێری و نەهامەتی دەبێت. چونکە هەروەکو دەفەرمووێت زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی هەژار و بەشمەینەتن بەخەون و خەیاڵ دەژین، ئەی ئەگەر خەو و خەوبینین نەما دەبێ ئەو هەژارانە چی بکەن، کە هەموو هیوا و ئاواتەکانیان لە قووڵایی خەوێک یان خەیاڵێکەوە بەدی دەکرا و چەند چرکەیەک بەبێ ئاگایی فەرامۆشی بەگیان و دەروونیاندا دەهات؟!؛.

ئەم دەقە شانۆییە بەکردەی دەرهێنان و هزری نووسەر و نهێنییەکانی نواندن لە بیری ئەکتەرەکاندا زۆر باس و لێکدانەوەی بەپێز و چڕوپڕتر هەڵدەگرێت نامەوێت بەر لە نمایش زیاتر لەسەر بیر و هونەرییەکانی بدوێم. بەئومێدی زیاتر بەندی و سەرکەوتنی هونەری کوردیم بۆ شانۆی سالار و ئەوانەی پەیامی ڕاستەقینەی کوردایەتی و پاراستنی ناسنامەی مرۆڤی کوردیان کردۆتە ئامانج...



## کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف

## نمایشێکی پڕ لە پرسیار و پڕ گوڵاوی کوردەواری

ڕێبوار محەمەد

دەمانێکە مامۆستای پایەبەرز ئەحمەد سالار فێری کردووین کە ناوە ناوە بەبەرهەمێکی قەشەنگ هەموومان بەجۆش بهێنێتەوە خوێنی گیانی کوردەواری جارێکی تر بەدەمارەکانماندا بخاتەوە گەڕ و لەنێو شانۆییەکی پڕ دەلالەت و پڕ ئاماژە و جوانیدا سەرسامان بکات، هەم جارێکی تر ڕوحمان بەتەختەی شانۆوە وابەستە بکاتەوە.

ئەرسەلان دەروێشی دەرهێنەریش بەهەمان شێوە چ وەک ئەکتەر و چ وەک دەرهێنەر، ناوەناوە بەکارێکی پڕ داهێنان و ئەزموونێکی نوێ ڕامان دەچڵەکێنێ.

ئەم دوو بەڕێزە کە جارجارە یەک دەگرن و لە یەک نمایشی دەقێک بەرهەم دێت، داهێنانێکی جوان، بەرهەم دێت، کە لەوانەیە سیحری سەرەکی لەوێوە بێت کە هەردووکیان وێڵن بەدەوری داهێناندا.

کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف کە ئێوارەی ٦/١٢ لەسەر شانۆی هۆڵی گەل نمایش کرا زۆر مانا و دەلالەی جیاوازی پێشکەش کردین.

هەر لە سەرەتاوە قەرەباڵغی و حەجمی هۆڵەکە لە ئامادەبووان و ئەو حەسرەتی بەڕوخساری ئامادەبووانەوە دەبینرا بۆ نمایش کە بۆ خۆی مانای ئەوە بوو کە نمایش تانوپۆی سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا کێش کردووە.

هەرچەندە شارەزاییم لە بواری شانۆدا هێندە نییە کە ڕێگام پێ بدات نووسینێکی ئەکادیمی زانستی لەسەر شانۆگەرییەکە بنووسم، بەڵام بینینی نمایشەکە کۆمەڵێک ئاماژەی لا بەجێ هێشتم کە بەپێویستی دەزانم لەم چەند دێڕەدا بیاننووسمەوە.

لەوانەیە بەلای منەوە سیحری سەرەکی نمایشەکە لەوەدا خۆی ببینێتەوە کە پانتایی ئەو کاتژمێرەی لەسەر شانۆ جووڵە و دایەلۆگ هەبوو، بەردەوام پرسیار دەکرا، بەردەوام پرسیارێک بەرۆکی هەموومانی گرت: ئەحمەد موختار جاف بۆچی کوژرا؟ ئەم پرسیارەیە کە بەردەوام لەنێو ڕۆشنبیرانی کورد و لەنێو خوێندەوارانیدا دەکرێتەوە.

هەر هەمان پرسیار ئەو پرسیارەیە کە لەنێو وەڵامەکاندا چەندین دژە ئاراستە و دژە

بۆچوون هەیە، ئەحمەد سالار لەلایەک دەیەوێ لەکۆی سەرجەم ئەو وەڵامانەی هەن لە ڕێگای ئەم نمایشەوە بڕوا بەهەمەوومان بهێنێ کە پەنجە بۆ تەنها وەڵامێک ڕابکێشین و هەموو وەڵامەکانی تر فەرامۆش بکەین، بێجگە لەمە پرسیارێکی تر هەر بەدووی پرسیاری یەکەمدا دەهێنرایە گۆڕێ، بۆچی پاش پتر لە (٧٠) ساڵ گەڕاێتەوە لای ئەحمەد موختار جاف و لە هۆکاری شەهیدبوونەکەی دەپرسین؟ وێڕای ئەمە لە تەواوی نمایشەکەدا لەگەڵ بوونی پرسیاری سەرەکی کە هۆکاری شەهیدکردنی ئەحمەد موختار جافە بەردەوام کۆمەڵێک پرسیاری لاوەکیش دەهاتنە گۆڕێ و لەنێوان گەمەکردن لە کاتەکانی ڕابردوو و ئێستادا کۆمەڵە پرسیارێکی نوێ دەهێنرایە گۆڕێ، گەڕانەوە بۆ لای نالی... حزووری بەردەوامی ئەحمەد موختار جاف ڕاوەستان لەسەر ئێستا و سەرلەنوێ وروژاندنەوەی پرسیاری بۆچی ئەحمەد موختار جاف کوژرا؟ ئەمانە هەمووی تامەزرۆییەکی سەیری لای ئامادەبووان دروست کردبوو کە هیچ کام لە نمایشە شانۆییەکانی ئێستادا بەرچاو ناکەون.

وێڕای ئەمانە باڵادەست بوونی ئاهەنگسازی بەسەر تەواوی نمایشەکەدا بۆ خۆی هەر ئەو ڕێچکە هونەرییەیە کە ئەحمەد سالار لە هەموو کارەکانیدا بەکاری دەهێنێ.

ئەوەی کە دەمێنێتەوە و بەلای منەوە مایەی ئاوڕلێدانەوەیە ئەو بۆن گوڵاوە کوردەوارییە بوو کە لە تەواوی نمایشەکە دەهات، ئەحمەد سالار دەمانێکە بەم بۆنە کوردەوارییەی ڕاهێناوین، کارەکانی پێشتری بەتایبەتی ئاهەنگێک لە هەوارگەی یاراندا هەموویان بۆنێکی کوردەواریی ڕەسەنیان لێ دێ، بەشێوەیەک کە مرۆڤ لەم نمایشانەدا جۆش و خرۆشێکی کوردەواری نوێ هەستەکانی دادەگرێ، ئاهەنگەکان... جلوبەرگی کوردەواریی ... دیالۆگە کوردییە ڕەسەنەکان. زمانی شیرین و بێ گرێ و گۆڵی کوردەواریی ئەو مامەڵە کوردییەی لەگەڵ کێشەی سەرەکی دەقەکەدا دەکرا، هەموو ئەمانە وایان کردبوو کە مرۆڤ بەتەواوی هەستەکانی خۆیەوە لەوە بگات وەک کوردێک لە شارێکی کوردی و لەنێو هۆڵێکدا تەواوی هەستەکانی خۆی داوەتە دەست نمایشێکی تەواو کوردییانە کە دواجار لە کێشەی شەهیدبوونی شاعیرێکی کورد دەکۆڵێتەوە.

دواجار ئەوەی بمەوێ باسی بکەم ئەوەیە کە ئەرسەلان دەرویشی دەرهێنەریش لەم نمایشەدا لەگەڵ هێنانی کۆمەڵێک ئەکتەری گەنجدا توانیبووی سەرلەنوێ هەست و جوولەی گەنجانەی هەریەک لە مامۆستایان ئەحمەد سالار و عەباس ژاژڵەیی و قادر مستەفا بەجۆش بهێنێتەوە، بەشێوەیەک کە لە ماوەی یەک سەعاتی تەواوی نمایشەکەدا کەسێک



نەبوو هەست بکات ماندووبوون جوولە و ڕوخساری ئەو بەڕێزانەی سست کردۆتەوە.

کەواتە سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز کە جارێکی تر هۆڵی شانۆتان بۆ پڕکردینەوە لە تەماشاکەران، سوپاس بۆ وروژاندنی هەموو ئەو پرسیارانە، سوپاس بۆ جوولە و بزاوت و دەرهێنانی نوێیان، سوپاس بۆ بۆنی ئەو گوڵاوە کوردەوارییە.

## سلێمانی پێشوازی له (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف) دەکات

شاکار

کرانەوەی دەرگاکان لەبەردەمی هونەردا و ڕمانی ئەو دیوارە وەهمیانەی لەنێوان هونەرمەنداندا شەڕ بنیاتی نابوون بەیەکێک لە گرینگترین هەنگاوەکانی پرۆسەی ئاشتی دادەنرێت دەبێتە سەرەتایەک بۆ سارێژبوونی برینەکان و لێک نزیکبوونەوەی ئەو دووبەشەی نیشتمان لە ڕێگەی ئەو چالاکییە مەدەنیانەی دەتوانن تاڕادەیەکی زۆر لە زووترین کاتدا فەراهەم بن.

بۆیە لە دەستپێشکەرییەکدا یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان وەک جێبەجێکردنی یەکێک لە ڕاسپاردەکانی سێهەمین کۆنگرەی یاداشتێکی ئاڕاستەی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لە شاری هەولێر کرد و تێیدا ئامادەبووانی خۆی بۆ سەرلەنوێ پێکهاتنەوە و لابردنی سەرجەم ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونی ئەو ڕێکخراوەی ڕاگەیاندووە ئەمەشی بەجۆرێک بوێری و ئەرکی نیشتمانی لە قەڵەم داوە کە هەنووکە نیشتیمان لەوپەڕی پێویستیدایەتی.

سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان ئەم هەڵوێستەیان زۆر پۆزەتیڤانە هەڵسەنگاند و وایان لە مەسەلەکە ڕوانی کە بەرژەوەندییەکی سەد دەرسەدی هونەر و هونەرمەندانی کوردە و گەلی کوردیش ئەم هەنگاوە دەپیرۆزێنێ. بۆیە لە وەڵامی ئەو یاداشتەدا تیپی شانۆی سالار لە هەولێری دێرینەوە (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف)یان هێنایەوە سلێمانی و لەنێو ئامێزی گەرمی جەماوەردا پشووی دا.

(کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف) نمایشێکی ئاهەنگ ئامێزە لە نووسینی مامۆستای هونەرمەند (ئەحمەد سالار) و دەرهێنانی هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) و نواندنی (ئەحمەد سالار، نیاز لەتیف، ڕووبار ئەحمەد، ئیسماعیل قادر، قادر مستەفا، عەباس ژاژڵەیی و چەردەیەک هونەرمەندی تر بوو).

لە ڕۆژانی ٢٠٠١/٧/٢٥ لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی پێشکەش کرا. هەوڵی ئەمجارەی مامۆستا سالار لە دەقدا پەڕینەوەیە لە دنیای میراتەوە بەرەو جوڵاندنی چەند بونیادێکی جیاواز لە دنیای کەلەپووردا، هێنانەگۆی سرووتێک و جارێکی تر وێناندن و تاڕادەیەک گیان بەبەرداکردنەوەی بواری ئەوەمان پێ دەدات کە بتوانین ئەم هەنگاوە



بەجیاواز لەوانەی ڕابردوو تەماشا بکەین. (کۆتەڵ گێڕان) سرووتێکی کوردانەیە و عەشرەتی جاف بەداهێنەر و پەیڕەویکەری ناوبانگیان دەرکردووە کە بریتییە لە دروستکردنەوەی تاڕادەیەک سیمای کاراکتەری کەسی مردوو لە جلوبەرگەکانیا و دانی بەسەر ئەسپەکەیدا و گێڕانی ئەسپەکە بەنێو ئاواییدا و زیادبوونی شین و گریانی کەسوکار و هاوڕێیانی ئەو کەسە. ڕەنگە لەهەر ناوچەیەکیشدا بەشی خۆی داهێنانی خرابێتە سەر.

کارکردن لەسەر ئەم کەلەپوورە ئەو مافە دەدات بەمامۆستا سالار کە بڵێت لەم ساتەدا من جارێکی دی ئەزموونی خۆم لەگەڵ کەلەپووردا زیندوو دەکەمەوە و دەتوانم هەنگاوێکی جیاوازتر هەڵبێنم.

دووبارەکردنەوەی هەندێک کاراکتەر و ڕووداوی ڕابردوو بۆ زیندووکردنی دەق هەوڵێکی تری نووسەرە و بەشی خۆش ئاکام لەلای وەرگری ئاسایی بەدەست دەهێنێت بەڵام ڕەنگە ئەم کردەیە لای دەستبژێر هەروا سانا تێ نەپەڕێت و بەزۆر پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو دەقی تێبگات.

نمایش هەوڵێکی تری (ئەرسەلان دەروێش)ە بۆ دووپاتکردنەوەی خۆی لەنێو پانتایی ئەو بزووتنەوە شانۆییەی دەچێتە پێش خولقاندنی سرووتێکی ئاپۆرایی بەو مانا زاراوەییەی تەواو بەرامبەر (حفل)ی عەرەبی بێت زرنگی ئەو هونەرمەندە دەردەخات لە ناسینی جۆری شانۆکەی لەسەر ئاستێکی دروست و گونجاو بۆیە دەزانێ دەشێت بەدەر لە دووبارەکردنەوەی هەنگاوەکانی مامۆستاکەی جۆرێک لە شانۆی سرووت ئامێز بێتە کایەوە و هەمان کاریگەری لەسەر دەروونی وەرگریش جێ بهێڵێت و نەترسێت لەوەی دەتوانێ پەیوەندییەکی تۆکمە و توندوتۆڵ دروست دەکات. بەکارهێنانی سرووتەکانی شین کە لە کەلتووری کورددا تا ڕادەیەکی زۆر جێگیرن بەڵام لە ئێستادا ڕەنگە لە هەندێک ناوچەی زۆر تایبەت و سنورداردا هەبیت نموونەی (چەمەری) کە جوڵەیەکی شین ئامێز و لە ناوچەکانی لوڕستان و هەوراماندا گەشەی کردووە و کەم سنووری ئەو ناوچانەی بڕیوە. دروست کردنی کۆمەڵێک پێکهاتەی کۆمەڵی بەجەستەی ئەکتەر و هاوڕێیەتی کردنی ئەو جوڵانە بە(مفردە)ی دارێک کە چنگێکی خوێناوی پێوەیە بەهەموو ئیحالەکانی ئەو ئاماژەی چنگە خوێناویانەوە هێندەی تر سروتەکان پڕتر و سەرنج بەرتر دەردەخات.

هەڵبژاردەی جلوبەرگ بەشی خۆی ڕۆڵی لە بەخشینی مۆرکی کوردانە بەنمایش دا هەیە هەرچەندە بوونی جلوبەرگی کوردی جێی گفتوگۆیەکی زۆرە و دەشێت لە لێکۆڵینەوەیەکی

تێروتەسەلدا قسەی لەسەر بکرێت بەڵام گەڕان بەدوی دۆزینەوەی ستایلێکی بەرگی جیاواز هەنگاوێکی بوێرانەیە.

هیچ کات نمایشێکی تەواو نایەتە بەرهەم کە بەشی خۆی بواری قسە لەسەرکردنی تێدا نەمابێتەوە بەڵام لە ناساندی هەنگاوێکی وادا جێی ئەو هەموو گفتوگۆیە نابێتەوە.

نواندنی مامۆستا سالار و گەڕانەوەی دوای یانزە ساڵ دابڕان بۆ نێو شانۆکەی بەرامەیەکی تری بەخشیە نمایش. توانای هەریەکە لە (ڕووبار ئەحمەد، نیاز لەتیف، ئیسماعیل قادر)یش نکۆڵی لێ ناکرێت و دەبێتە جێی سەرنج. ئەزموونی درێژخایەنی هونەرمەندان (قادر مستەفا، عباس ژاژڵەیی) هێندەی تر بەرهەمەکە دەوڵەمەند دەکات و سەرجەم ئەو توانایانەی تر توانیان پێکڕا بەشداری لەو سروتە مەزنەدا بکەن.

لەم دەرفەتەدا هێندمان پێ دەکرێت وەک هەموو ئەو بینەرانەی تر پیرۆزی ئەم هەنگاوە بەرز بنرخێنین و بەو گەورەییە لێی بڕوانین کە ڕەنگە هەوێنی زۆر کاری زیندووتری داهاتوو بنێت کە لە ڕاژەی هونەری کوردی و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان دەبێت.



## ئەحمەد موختار جاف لە هەولێرەوە گەڕایەوە سلێمانی

هەفتەنامەی گوڵان

* دەگوترێ هونەر زمانی میللەتە، ئاوێنەی ژیانە، هونەر هەندێ جار لە گەورەترین سوپا بەهێزترە و هەموو سنوورە حاسێکان دەبەزێنێ.

هونەرمەندی مەزن ئەحمەد سالار کە سەراپای تەمەنی خۆی لەگەڵ شانۆدا بەسەربردووە و لەم بوارەشدا توانایەکی بێ هاوتای هەیە و نەک هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو عێراقیش. مامۆستا ئەحمەد سالار دەنگ و ڕەنگێکی ناسراو و مەزنە.

لەم ڕۆژانەشدا تیپی شانۆیی سالار شانۆی «کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار بەگی جاف»یان لە شاری سلێمانی کە زێدی مامۆستا ئەحمەد سالارە و ماوەی حەفت ساڵە لێی دوورە جارێکی دیکە هونەر هەستایەوە سەرپێ و شانۆ کڵاوەکەی داگرت و بۆ گەورەیی سالار نوشتانەوە.

بەپێی ئەم هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون سالار و تیپەکەی لەلایەن جەماوەری شاری سلێمانییەوە پێشوازییەکی ئەوتۆ کراوە کە ناکرێ بەنووسین باسی بکرێ، هاوکات هەزاران کەس لەبەر دەرگای هۆڵی نمایشەکە بەبێ ئومێدی گەڕاونەتەوە و شوێنیان نەبووەتەوە شانۆییەکە ببینن. مامۆستا (ئەحمەد سالار)یش لە نزیکەوە هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر پێشوازییەکە دەربڕی و دەڵێ:

پاش دابڕانێک لەنێوان هونەرمەندان ئەوەبوو وەک هەنگاوێکی گونجاو لە کاتی خۆیدا کە ئاشتبوونەوە و یەک ڕیزی و یەک دڵی و یەک گیانی لە ئارادایە، بڵێین و نەڵێین وەکو خواستی گەلەکەمان کە هونەر دەربڕیەتی ئەو هەنگاوەمان نا (ئەحمەد موختار جارێکی دیکە لە هەولێرەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی)، چوونەوەی بۆ سلێمانی خۆی لەخۆیدا چەند واتایەک دەگەیەنێ، یەکەمیان دەست پێکردن چەند هەنگاوێکە کە بەدوایدا دێت لەوکاتەشدا کە ئاگادارین، یاداشتنامەش لەلایەن (ی.ه.ک) ئاڕاستەی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان کراوە، و چەند بەرهەمی شێوەکاری لە شاری سلێمانییەوە ڕووی کردۆتە هەولێر، بەڵام ئەمجارە وەک بەدەنگەوە هاتن و بەتەنگەوە هاتنێک تیپی شانۆی

سالار کە تیپێکە زۆربەیان خەڵکی شاری سلێمانین لەو کەسانەن کە پسپۆڕن لە بواری شانۆدا و خاوەن ئەو ڕێبازە تایبەتی و شێوازەن کە ئاهەنگسازی کوردەوارییە، گەڕانەوە بۆ سلێمانی، لەوەدا پشتگیری بوو لە پرۆسەی ئاشتی وەکو لایەنی سیاسییەکەی ئەتوانم بشڵێم هەرگیز سیاسەت و هونەر لەیەکتر دابڕ نەبوون ئەگەر دابڕ بن واتە کێشە و ململانێکان لە ژیان دابڕ دەبن، ئایا شتی وا دەگونجێ؟ بۆیە دەڵێم هەرگیز لە یەک دابڕ نابن، واتە هەستکردنە هۆشیارییە بەسەردەم و بەکاتەکە، بەتایبەتیش من بەش بەحاڵی خۆم وەک هەموو مرۆڤێک کە شارەکەی و هەوارەکەی زۆر ئازیزە و زۆر گرانە و زۆر نازدارە، حەزم ئەکرد گەڕانەوەم بۆ شارەکەم کە وەک هونەرمەندێک لێی هاتوومەتە دەرێ وەکو هونەرمەندێکیش ئەڕۆم و چەپکە گوڵێکیشم پێ بێت بۆ جەماوەرەکەی کە ئاشنای یەکتربن و چەندین ساڵە و لە سەدان بەرهەمدا لە ڕۆژانێکەوە کە ئەو ڕۆژانەش هونەرمەندانی کورد هەموویان یەک ڕیز بوون، واتە بەراوردکارییەک هەیە لەنێوانی دوو کاتدا سەردەمێک کە هەڕەشە و مەترسییەک لەسەر بوونی نەتەوە هەبوو هەموو هونەرمەندان یەک ڕیز بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕۆژە، ئێستاش هەرچەند بیانەوێ هەڕەشەیەک بکەن لەم ئەزموون و دەسکەوتەی کە هێنانەدی خەون و ئاواتێکی دێرینە، دەبێ لێرەشدا گیانی یەک ڕیزییەکە لە جاران بەهێزتر بێت چونکە ئەمە دەستمایەیە و دەسکەوتە و زۆر شتی گەورەیە، لەبەرئەوە ئێمە چەند یەک بین ئەوەندە بەهێز دەبین و ئەوەندەش دوژمنانمان ڕەنگە پێی سەخڵەت بن و بەتایبەتی لەو کاتەی کە ئێمە پێویستیمان بەیەک دەنگی و یەک بڕیاری هەیە، بۆیە شانۆیەکەیش هەڵبژێردراوە کە لەم ڕۆژگارەدا پێشکەشی بکەین (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف) کە ئاوڕدانەوەیە لە دوو شت یەکەم کۆتەڵ لەبەر شێوازەکەیە کە کۆتەڵ دابونەریتێکی دێرینەی کوردەوارییە کۆتەڵ بەواتای پەیکەر بەواتا کەلوپەلی جەنگی بەواتای بەسەرکردنەوەی کەسێکی سەردار و سەرخێڵ و ئازیز کە کوژرابێ یاخود کۆچی ناوادەی کردبێ بۆ ڕێزلێنانی و بۆ پەرۆشی خەڵکەکە هەموو شین و چەمەرە و کۆتەڵی بۆ ئەکەن و لەم کۆتەڵەدا بەتایبەتی کۆتەڵی جاف و لەناو زۆر عەشیرەتی تردا هەیە بەتایبەتی کۆتەڵی جاف بەناوبانگە، لەوێدا وێرد و بابەت و سروودی تایبەتی هەیە واتە تقوسێکی تایبەتی ئەکرێ بەجوولانەوە و بەهەڵسوکەوتەوە کە جارێکی دیکە ژیاندنەوەی ئەو کەسەیە لەو کاتەدا بڵێین، ئەسپەکە و تفەنگ و ڕەخت و فیشەکی و شەدەی سەری و کەلوپەلەکانی بەسەر ئەسپەکەی دەنێن و لەو شوێنی چەمەرگەریا ئەیهێنن و ئەیبەن و بەسەریدا هەڵدەڵێن و شیعری تایبەتی و



ئاوازی تایبەتی دەگوترێت و هەندێ ئامێر لە هەندێ ناوچەدا وەکو جۆرەکانی دەف و تەپڵ و زوڕنا بەکار دەهێنرێت و زوڕنا چۆن بۆ شایی بەکاردەهێنرێت لە شین و چەمەرەشدا بەکاردەهێنرێت، بۆیە کۆتەڵ هەندێ توخمی تیایە لە بارە کە بەکاری بهێنم بۆ شانۆ ئەو شانۆیەی کە من دەمەوێ، شانۆیەکی کەلەپووری کوردەواری، خاوەن توخم و سیمای تایبەتی بۆیە کۆتەڵیش وەک کار و کردەیەکی میللی نیمچە درامی کە دەڵێم نیمچە درامی واتە هێندێ توخم و بەهای هەرەگرنگی درامای تیادایە، بەڵام بارودۆخی بۆ نەڕەخساوە کە ببێتە دراما، حەزیش دەکەم بڵێم یەکێکە لەو دابونەریتانەی کە زۆر کۆنە و ئەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵێک بەر لە ئیسلامیش، لەگەڵ برا شیعەکاندا جۆرێک هەیە لە عاشورا ئەوەی ئێمە جۆرێکی دیبە، شێوەی ئاواز و جووڵانەوەکان دەری دەخات لە ڕووی زانستەکانی دێرینزانییەوە یان سوسیۆلۆژییەوە یا ئەتنۆگرافییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر دێرین کە خەیاڵێکی داستانی یان هێمایەکی یان جۆرە ئاوازێکی سەرەتایی خۆی تیا دەبینێ، ئەمە لایەنی ئەوەی کە بۆ کۆتەڵ بەکاردەهێنرێت گرنگترن لەو بەهایانەی کە لە کۆتەڵدا هەیە بریتین لە لایەنی لاساییکردنەوە یاخود گێڕانەوە. واتە گێڕانەوەی شتێک کە ڕووی داوە، ئەو محاکاتایە کە (ئەرستۆ) بنیادی تیۆرە گرنگەکەی لەسەر هونەر و دراما داناوە کە پێی دەڵێن تیۆری لاساییکردنەوە، ئەمە جەوهەرە لە کۆتەڵدا.

